گۆڤاری

گەلاوێژ

گۆڤاری

گەلاوێژ

بەرگی حەوتەم

بەشی یەکەم

(کانوونی دووەمی ١٩٤٦– حوزەیرانی ١٩٤٦)

ئامادەکردن

سدیق سالّح ڕەفیق سالّح

عەبدولّلاّ زەنگەنە

سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق سالّح

زنجیرە: ١٧٥

کتێب: گۆڤاری گەلاوێژ

بەرگ: حەوتەم/ بەشی یەکەم (سالّی حەوتەم)

ئامادەکردن: سدیق سالّح، ڕەفیق سالّح و عەبدولّلاّ زەنگەنە

پاککردنەوەی کۆمپیوتەری: لان، دێرین، مێژوەرد، شەیدا

لەقالّبدان: لاس

ڕووبەرگ: ئەحمەد سەعید

تیراژ: ٥٠٠

ژمارەی سپاردن: ٢٩٥ی سالّی ٢٠١٦ی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

سالّی چاپ: ٢٠١٦

جێی چاپ: هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت

لە بلاّوکراوەکانی

بنکەی ژین

بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەلّگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی

عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی؛ شەقامی ١١ پیرەمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ بەرانان، تەلاری ژین- تەنیشتی مزگەوتی شێخ فەرید

تەلەفۆن: ١- ٠٥٣٣٣٠١٢٩٢ ناسیا: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یان ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ کۆڕەک: ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩ ژ. سنووقی پۆست: ١٤ بەختیاری

پێگە: www.binkeyjin.com ناونیشانی ئەلکترۆنی: info@binkeyjin.com

خەرجیی لەچاپدان لە بودجەی پرۆژەی (سلێمانی: پایتەختی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان) کێشراوە

بەرگی حەوتەم/ بەشی یەکەم

سالّی حەوتەم

(کانوونی دووەمی ١٩٤٦– حوزەیرانی ١٩٤٦)

گەلاویژ

گوڤارێکی ئەدەبی وثەقافی یە . مانگی جارێک دەرئەچی



ژمارە — ١ — ساڵی — ٧

١ـ گەلاویژ ..... پیرەمێرد

٣ـ گەلێکی گوڤارو رۆژنامە . شێخ محمد خال

١٠ـ دیمۆکراسی ..... ف . ه

٢٥ـ ڤیتامین ..... دوکتور عبدالرحمن

٢٨ـ سالنامە ..... محمد کریم قادر

٣٣ـ دیوانی گەلاویژ .....

٤١ـ گەلاویژ و خوێندەوارانی ...

٤٧ـ پەیرەکی ژمارە ..... ه . ل . ب

وە گەلی باسی خوشی تر لە خوێندەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

ناوونیشانی گیدویژ

بغداد - شارع الرشید : عمارة الدامرچی : آپارتمان - رقم - ٥ -

مدیری ادارە :

عزیز الدین سجادی

خاوەنی امتیاز ابراهیم احمد

— آبونە —

	فلس	دینار
آبونەی سالانە بۆ هەموان	٠٠٠	١
« « بۆ مەلایەز گەرت و قوتابیان	٧٥٠	
دانەی یە	٨٥	

آبونە بەناوی مدیری ادارەوە ئەنێری

پێشەکی آبونە ئەبی بدری

بنکەی زین
www.zheen.org

گەلاوێژ

گۆڤاریکی ئەدەبی و ئەقافی مانگی کوردی‌یە

ژمارە — ١ سالی — ٧ کانوونی دووم ١٩٤٦

گەلاوێژ

حەوتەی چوو

بنکەی ژین
www.zheen.org

پیرە میرد

فرزەندیکی ، دلیەندیکی نازدار ، یادگاری قەومیکی ناودار ، کەبەآهی‌زاری پیرانی نالەکار و کەرەمی کردگار هاتونەرووی کار ، حەوتەی چوو ، لەدەست شەوەی‌شووم وآلی بەدفەسال رزگاری‌یو ، شەوارەی نی‌یەرری نورەی ئاهەنگت وشەوجەرەو گویزەبانەیەتی ساکورگەل نورەی ئیوەیە ئاهەنگی شیفرتان بەرز بیت !

یاخو ، بەشبوەیەکی شاعیرانە بلیین ! گەلاوێژ تائیستە بەئەستیرەی (سوهەیل)ی سەر سیوەیل‌مان ئەناسی لەبورجی (دار السلام) ەوە

بەسەلامەوە رووەو روژەلات هەلهات . خوارو ژوور کوردستانی پرر کردلە نوور

بەو جیلوەیە گولی دلی کوردی گەشاندەوە

بەو تیشکوناوە نەی جەهلی رەواندەوە

وەك پەیکی رەهنومای کردگار بەم حەوساله حەوپەردەی آسمانی تەی کرد ، دیوی حەوسەری ریگری پەی کرد ، گەیاندیە پایەی عەرشی پەروەردگار لەویدا روژیکی روژی برەوی کوردی پەیدا کرد وتاریکایی تارمایی نەهاتی لابرد .

مزگینی روژەلاتە لەمەلبەندی روژەلات

تاوی هەتاوی زولمەتی زولمی شکاند هەلات

* * *

ئەمسال لەنەوروزی پیرەمیردا بەشەپی پیروزانەی و گویژەبانەی گەلاویژ بەجووی ئەبی و بانگی کوردی (خودی مەزنە) ی بەگویدا ئەدریت .

قسەی نەستەق

ئەو وتارە دوبارە مەکەرەوە کە بە تەپینی پیت وتراوە ، چونکە لە دەدا نوی ئەم چەشتە وتارانە رەنگە تەپینی دە یاراست نەین لەبەر ئەمە دوبارە کردنەوەیان چە خوت وچە ئەو کەسانە نوشی سەریشە ئەکا کە ئەیبیەن .

٣

کەلکی گوڤارو روژنامە

بەقەلەمی شیخ محمدی خال

گوڤارو روژنامە چاکترین شتیکن بو بیدارکردنەوەی کومەلە لەخەوی بی‌هوشی‌یەوە بوهوشیار کردنەوەی گەلە بەدردونەخوشی ، وەباشترین ماموستایەکن بوبی گەیاندیان وسەرخستنیان بو سەر چاپویەی ژیان ، وەزیکترین ریگایەکن بو گەیشتنیان بەآوات وآمانج ، وەیەکەمین هویەکن بوآگادار کردنەوەی لاوان بەچاکە وخرابە ، نەخوازەلاکە ئەو گوڤارو روژنامانەش لەلایەن چەن کەسیکی دلسوزی نیشتمان پەروەری ، ژیری ، خاوەن بیری پەرری پەرەوشتوخووی ، جهاردیدەی ، پوختەی ، قالی دەرهاتووەوە چاودیری بکری وریکت بخری ، وەبەپارەی ئەمو ئەو هەل نەخەلەتین و بی‌ویستانی آیین ونیشتمانی خویان نەفروشن ، ئەگەر راستت ئەوی لەباسی کەلکو قازانجی گوڤارو روژنامەدا زمان لال وقەلەم کولە ، تازانن چی بلین وچی بنوسن .

١ — هەر گوڤارو روژنامەیەکە لەرویەرەوستوتی جوبا باسی رەوشتوخووی جوان ئەکا وەیەك یەیەکت ئەبان رازینیتەوە ، وەهانەهانەی مەردوبی لەسەر ئەدا ، وەباسی بەدخووی ئەکا وەیەکت بەیەکت زیانیت بوهەل ئەژمیری وەجلەوگیری هەموو کەسیکی لی ئەکا .

٢ — هەر گوڤارو روژنامەیەکە باسی خویندنو خویندەواری ئەکا

وەلە کەلک و فارانجیان ئەدوی وەپیشانی هەموو کەسیکی ئەدا کە خوشیو وخوشبەختی ، وبەرزیو سەرفرازی هەموو کەلیک یەخویندنو خویندە ـ وارانیەوەیەتی وە یەبی خویندن هیچ کەلیک یەسرام ناگا ، هەروەکتبامی زیانی نادانیو نەخویندەواری ئەکا بەرەنگیکی وەها کە هەموو نادانیکی نەزانتی بگا .

٣ — هەر گوڤارو روژنامەیە کە هەموو جورە زانین (علم) بیك لەترازوودا ئەکیشی وەبەراووردی ئەکاو سووکی و گرانی ئەورانینیە پیشان ئەدا ، و هیچ کەسی زیانی گرانمایەی خوی لەزانینیکی هیچو پووچا بەحت نەکا وەبەزانینیکی وەها وەخەریك بی کە بەهرەیەکی زوری لی وەربگری .

٤ — هەر گوڤارو روژنامەیە کە بتوانی مەردوم تی بگەیەنیت کەخەریك بوون لەگەل هەموو جورەپیشە (صنعت) یەکانی ویستە ، وهیچ کەلیك یەبی برەودان یەپیشە وپیشە گەر گوزەرانی خوشی نابیت ، وە هەمبیشە لە ژیرباری هەژاریدا بقەی دی .

٥ — هەر گوڤارو روژنامەیە کەبەووتاری شیرین وە گوڤاری رەنگینی خوی دلی دلرەقان نەرم بکا وەدەستی دەستقووچاوان بکاتەوە ، وەهاتەهانەی دەولەمەندو پارەدار بدا بو کردنەوەی خەستەخانە وقوتابخانە ودروست کردنی پردورا کیشانی ریگاو ، دەست گرتنی هەژاران و لیقەوماوان وهەزاران شی چاکیتر .

٦ — هەر گوڤارو روژنامەیە کە بەنووسین وگیررانەوەی میژووی

بنکەی ژین
www.zheen.org

٥

آزایی بلووباپیریونەوەو ، وەچەکانیان شریتقەی مەردیپیو نەبەردی بداله شارەگو دەماریان ، وەکالای تەمەلیو رەسنوکی وتەن پەروەری داکەنی لەبەریان ، وەآگری دلیری وپیاوەتی هەل گیرسینی لەدلو دەروونیان ، وەچەکو قەلغانو زریی آزایی بپوشی یی یان .

٧ — هەر گوڤارو روژنامەیە کەیەک بەیەک باسی کەلکی هەموو جورە زانینیک بکا وەهانەهانەی مەردوی لەسەربدا ، چەلە جغرافیا و نقشەی زەوی دا ، وەچە لەچەرخە و خوڵ خواردنی ئەستیرەکان و هاتوچویانا ، وەچە لەکشتوکان وبازرگانیدا ، وەچەلەپیشەوریک خستنی وولاتا ، وەچەلە پەزیشکی و ریک خستنی ئەوملا ، وەچە لەپەروەرشوی گەباندنی روله وجگەر گوشەدا .

٨ — هەر گوڤارو روژنامەیە کە مێژووی جوان و رەنگاورەنگی گەلانی رابوردوو بگیرتەوە ، تا خاوەن سیاست پەشی خوی لی وەو بگری ، وەزانا و دانایان بەقەد خویان لیی بەهرەمەند وەبازرگانو خاوەن کشتو کال لیی پەند پەزیرین ، وەیەکە یەکەی کومەلەش بە چاویکی بایەتی لیی وورد بینەوە وئی بگەن ئەگەر ئەو گەلەی خاوەن مێژووە لەگەلانی زیندوی بەرزی خوشبەختی ، خوش گوزەرانن ئەوامایە و هویەکەی بدور نەوە ، وئەمانیش ریی ئەوان بگرن وە بەا بکو بەرەو بریان بدەنەوە بولی پیش کەوتنیان ، وئەگەر لەگەلانی مردووی پاشکە وتووشن ئەوا دوور کەونەوە لەپەی رەویان وە پاریزگاری بکەن لەمایەی ئەو مردنەیان .

٩ — هەر گوڤارو روژنامەیە کە بانگی حاکمان ودادرەسان بکا

بوداپرسی ، وە لەزمان کومەلە وە سکالا لەدەست کاربەدەستانی خراپ بکا ، وە پەردە لەسەر فرووفیل و بەرنیل خواردنیان هەلگری ، وە حالی ناهەمواری کومەلە بخاتە پیش چاو ، وە بیدابە گوێچکەی گەورە کاربە دەستەکانو سەرو کەمەزنەکانا تا زوو بەزوو بین بەدەم هاواریانەوە ، وە بگەن بەفریایان ، وە لەدەم سەگو گورگی هاریان سینەوە .

١٠ — هەر گوڤارو روژنامەیە کە هەمیشە زبانی مردوو زیندوو ، وە ووتارو گرفتاری جوانو ، ووتەو ووشەی رەوانو ، نوسینی بەرزو ، شیوەی نەوتەرز بلاو بکاتەوە ، وە بەرە پەردوونەی ناقولاس ون بکاو بیمرینی ، چونکە هەرزمانی وەکت گیاندار هەمیشە لەزاوز وی لی مردنانەبی بەمردوو ئەژمیرری .

١١ — هەر گوڤارو روژنامەیە کە بی بەجامی جهان نمالە پیش چاوی بیگانان بوگەلەکەی ، وە بەخوانبو بەرزبی خوی چاوورراو ، دعایە ئەی باش بکا بویان لەناوەوە ئەتانی ترا .

١٢ — هەر گوڤارو روژنامەیە کە بەریکو پیکی خوی آرەزووی خوندنەوە بەیدا ئەکا یەقونابیان و تازەخویندەوارانی کومەلە ، وە هوگری تەماشا کردنی شتی نوسراویان ئەکالەگەل وورد بونەوە لی .

١٣ — هەر گوڤارو روژنامەیە کە بە رامبەر بە توانج و لەشەری بیگانان آمادەبی وە ئەگەر بیگانەیەک پلارتکی گرنەگەلەکەی ، یانەنگیکی بە سەرا سەپان ، زور جوان بە بلگەو نیشانە بە دروی بخاتەوە ، وە یەقنگەوە بیخاتە کەندەلانەوە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٤ـ هەر گۆڤارو روژنامەیە کە ئەندامی پەرا گەندە و آوەکی‌ی کومەلەکو بکاتەوە و یە یەکیانەوە بنوسینیتەوە ، وەگیاتیکی تازەیان پی ببەخشی و زیندویان بکاتەوە .

١٥ـ هەر گۆڤارو روژنامەیە کە خوینەوارانو ساوەن بیرانی بەرز لەم پەررو لەو پەرری جیهانەوە یە یەکتری ئەناسی ، وەژیربیو بیرپی هەموو ژیریک بە یەک ئەگەیەتی ، بە رەنگیکی وەها کە هەموو لە یەک بەهەرەمەندبین .

١٦ـ هەر گۆڤارو روژنامەیە کە نەخوشان و لەش بەباران و کەفتە ـ کارانی کومەلە آگادار بکاتەوە یە بەزیشکانی وورپای پسپورر «متخصص» وەری نمونی‌یان بکابوی .

١٧ هەر گۆڤارو روژنامەیە کە یەچیپروکی جوانو ، قسەی خوشی بەرزی رەوانو ، شعری رەنگینو ، وتەی بەتویکل « نکتە » ی شیرین ، خوینەوارانی خوی بینیتە پیکەنین ، وە بە گالتەو گەپ دلی بیارو ، میشکی خەفەتباریان سبیل بکا ، وە چراپەکی رووناک هەل گیرسینی لە گوشەی تەنگوتاریکی دلیانا .

١٨ـ هەر گۆڤارو روژنامەیە کە دوستو دوژمنی گەل لە یەک جیا بکاتەوە ، وکالای فرروفیل دا دری و داررنی لە بەریان .

١٩ـ هەر گۆڤارو روژنامەیە کە خوینەوارانی ، دا نیشتووی نیشتەجی خوی ، بە گەشتو گوزاری جیهان خوشنودو دل ـ گوشاد بکا .

٢٠ـ هەر گۆڤارو روژنامەیە کە هەمیشە لە جوستو جوی دەنگوماسی جهانابی ، وە لە گەل لە لایەکی لایە لاوە سووسەی شتیکی کرد خیرا گەلەکەی آگادار ، وەشاردیی راستو دروستیان بوروونا ك بکانەوە ، وەبو ررا کیشانی قازانجو ، سودو پال تان بە زیان و شتی خرابەوە هەمیشە بویان تی کوشی .

بە کورتی ـ ، گۆڤارو روژنامە ، بو خوشیو خوشبەختی کومەلە ، دوور بینیکی جهان تما ، وە وورد پیلە «ذرە» بینیکی دوور پەیما ، رهبەریکی داپاك ، وەهاو دەمیکی آزاو بی باك ، پەزیشکیکی زورچاك ، و آموژگاریکی دل رووناك ماموستایەکی مهرەبان ، وەلە لەبەکی مەردوم پەروەران ، ایشکچی یەکی بیدار ، وە چەرخەچی یەکی هوشیار ، بیدار کنندەیەکی توستووان ، وە آزا کردەیەکی ئەمەلان ، لەکاتی ئەتهابی باجرا ، لە دەمی ترسوبیا برا ، بو زانایان سەرمایە ، بو دانایان دەس مایە ، بو بازرگانان رەهبەر ، بو پیشە گەران رری پیشان دەر ، بو خوندەواران بینایی دیدە ، بو خاوەن سیاستان دەستوری پەسندیدە ، بو بەهیزان رووناکی چاو ، بوزە بوونان هیزو هەناو ، بو شارستانیتی قەلای مسین ، بو آزادی ریگا شیرین ، بو سەرکەوتن پلەی رەنگین ، بو جوانیتی کالای زیرو بینە .

ئەگەر راستت ئەوی ، بەرزیو رەوانی گۆڤارو روژنامە ، وە جوانیو برەویان بەپی سەرکەوتنو ، پیش کەوتنو بەرز بوونەوەی گەلە ، تا کومەلە ژیر ترو بەبیر تربی ، گۆڤارو روژنامەی زورترو جوانتر ئەبی . وەتا کومەلە

خویندەوارترو شارستانیتر بی ئەوان ریکوپیکترو بە کەلکتر ئەبن ، وەتا کومەلە بە سەر چلە پویەی ژیانەوە ، وەک بلبلی هەزار داستان گویابی ، گوڤارو روژنامەی بە آسمانی خویندەواری یەوە وەک(کو) و (گەلاویژ) وورشە و پرشەو بریسکەو تریسکەیان دی .

کەوابو هیچ گەلی بەبی گوڤارو روژنامەی باش بە آمانجومەبەسی خوی ناگا ، بەلام وەک لە پیشەوە ووتمان بەو شرطەی کە خاوەنە کەیان مەرد بی نەک نامەرد ، وە بەندەی خواو دەروون « وجدان » ی پاکی خوی بی ، نەک بەندەی پارە و پیشە « وظیفە » ی ئەموو ئەو ، چونکە نامەرد زور زوو هەل ئەخەلەتی وە گوڤارو روژنامە کەی ئەکا بەفاقە و تەلە بو گرتنی گەلە کەی خوی، وەبو آرەزوویەکی بیگانان هەمییشە چاک بە خراپ وەخراپ بە چاک،راست بەدروو درو بەر راست،دوژمن بە دوست و دوست بە دوژمن ، پاک بە ناپاک و ناپاک بە پاک ، جوان بە ناشیرینو ناشیرین بە جوان ، قازانج بە زیان و زیان بە قازانج ، دوور بە نزیکو نزیک بەدوور هیزدار بەزەبون وەزەبون بەهیزدار ، بوون بەنەبوونو نەبوون بە بوون پیشان ئەدا ، بی گومان ئەم جورە گوڤارو روژنامانە ، نەبوونیان سەدەهەزار پلەلە بوونیان باشترە .

---

* کردەوەمان نیازی دلمان پیشان ئەدا وەک دەشت و شاخ بە رونا کی روژ رەنگاو رەنگ ئەبن .

* لە راستی تەنیا بە وتار هیوای چاکەت نەبی بەلکو بە کردەوە .

١٠

دیموکراسی

DEMOCRACY

« بی گومان خویندنەوە و زانینی باسیکی وا بو هەمو خویندەواری پیویستە ، هەر وەك ایرەدا نوسینی تەنهالە رووی علمیە کەیەوەیە لە خویندەوارانی خوشەویستیش وا رائەپەرەوین کە ئەوانیش هەر بە چاویەکی علمی بیخوینەوە و ئەگەر دەندی وشەی بیگانەشیان بەرچاو کەوت ئەبی لیمان ببورن چونکە گورینی اصطلاحاتی علمی نارەوایە »

ف . ه

بەر لەوەی یەکسەر بینە سەر باسی دیموکراسی و خرابە و چاکەی ورد بکەینەوە وا چاکە هەر چەند بە چاویبیاخشاندنیکیش بیت بزانین حکومت چیەو چەند جورە .

حکومت – Government چیەو چەند جورە ؟ :–

جاری ئەبی ئەوە بزانین کە حکومەت و دەولەت یەکی نین و جیاوارن ، دەولەت – State : یەو کومەلە خەلکە ئەلین کەلە شوینیکا دائەنیشن و پەیرەویکو و شخصیتیکی معنوی و سەربەستیەکی سیاسیان هەیە ، بەلام حکومت – Government ئەو ادارەیەیە کە دەولەت چی بوی بوی جی بەجی ئەکا انجا زور جار یا بە سەرەکی دەولەت یا یە سەرەکی

وزیرەکان یا بە وزیرەکان یـــا بەوانەی قانون تنفیـــذ ئەکەن پییان ئەلین حکومت .

حکومت چەند جورە ؟ :

حکومەت لەگەلی روەوە چەند جوریکی هەیە کە هەندیکیان بیجگە لەوەش ئەکرین بە چەند بەشیکەوە وەکو :ـ

یەکەم :ـ لەرووی قانونەوە دوو جورە :

١ ـــ زور داری :ـ ئەو حکومەتەیە کە حاکم یا حاکمەکانی لە سەر قانونیک نارون و بە آرەزوی خویان ایش ئەکەن .

٢ ـــ قانونی :ـ لە سەر قانون ئەرون پەریوە .

دوەم :ـ لە رووەی دەسەلات (سلطە) ەوە دوو جورە :

١ ـــ بەرەللا Absolu : ئەو حکومەتەیە کە دەسەلاتی تیا بە دەس یەکی یا چەند کەسیکەوە بە کەلە سەر قانونیک ئەرون بی ئەوەی کەسی تر بتوانی چاودیریان بکا یا ریگایان نیشان دا .

٢ ـــ بەستراوە Limite : ئەو حکومەتەیە کە دەسەلاتی تیا دابەش کراوە بە سەر چەند دەسەلەکدا کە هەر یەکەیان بوی هەیە چـــاودیری ئەویتریان بکات .

سەیەم :ـ لەرووی سەرەکی گەورەوە دیسان دوو جورە :

١ ـــ پاشایی :ـ ئەو حکومەتەیە کە تەختی حکداری تیا بەوراتت وەرئەگیری و ایمپراتوری ، فەیسەری ، سلطانی یش لەم جورەن .

بنکەی ژین
www.zheen.org

٢ـ جمهوریەت :ـ ئەو حکومەتەیە کە سەرەکەکەی یەکیك یا چەند کەسیکە بە هەلبژاردن بو چەند سالیك ئەبن .

چوارەم :ـ لەرووی سەرچاوەی دەسەلاتەوە سە جوری هەیە :

١ـ حکومەتی یەك کەسی : Monarchy .

٢ـ حکومەتی ارستوقراطی : Aristocracy .

٣ـ حکومەتی دیموکراسی : Democracy .

١ـ حکومەتی یەك کەسی : ئەو حکومەتەیە کە سەرەکی گەورەی تەنها یەك کەسە کە ئەمەش ئەگری بەسەیەشەوە :

آ ـ پاشایی بەرەللا : ئەو حکومەتەیە کە تەنها یەکیك پاشایەتی و ئەم پاشایەتیەش بەوراثەتە و لە سەر قانونیك ایش ئەکا کە خوی دایئەتی وە شورشی سالی ١٦٨٨ ی انگلیز و ١٧٨٩ ی فەرەنسەیو بەگژاچونی ئەم جورە پاشەیەتیەیو .

ب ـ پاشایی زور داری : پاشا کەی لە سەر قانون ناروا بەریوە .

ج ـ دیکتاتوری : تەنها یەك کەس حکمداریەتی و وەتەی ئەم حکمەشی بە هوی دین و لە سەر قانون بی بەلکو تەنها بە یشتیوانی (هیز) ە .

٢ ـ حکومەتی ارستوقراطی : ئەو حکومەتەیە کەوا چەند کەسیك لە دەستەیەکی ناسراودا حکمدارن بویە پی ئەلین (حکومەتی بەشی کەم) (اقلیت = Oligarchy)

بنکەی زین www.zheen.org

٣ـ حکومەتی دیموکراسی :ـ گەل خوی حکمی خوی ئەکا، بەلام ئەم حکم کردنەش سە جورە :

آ ـ دیموکراسی راستەوخو : گەل خوی یەکسەر حکمی خوی ئەکا.

ب ـ دیموکراسی نیایی : گەل دەستەیەك هەلئەبژیری کە لە جیاتی خوی حکم بکەن.

ج ـ دیموکراسی نیوەراستەوخو :ـ گەل دەستەیەك هەلئەبژیری و هەندی دەسەلاتی حکم کردنیان ئەدانی بەلام هەندی دەسەلاتیش بوخوی ئەیەلیتەوە.

دیموکراسی - DEMOCRACY

بنکەی ژین
www.zheen.org

ایستا دوای ئەوەی بەکورتی لە باسی حکومەت و جورەکانی بوینەوە دیینە سەر ئەو باسەی ئەمانەوی لێ بدوین کە ئەویش (دیموکراسی) یە.

زانیمان کە دیموکراسی سەبەشەو هەر چەند هەر بەشەی گەریت و بەجیا باس بکەین دوورودرێژە و لیرەشدا بەم ماوە کەمیەجێ تا بیتەوە بەلام هەر چونی بی جیا کردنەوە کەمی لە دیموکراسی و حکمی دیموکراسی ئەدوین و چاکە و خراپەی دینینە بەر چاو و نانەواویەکانی چیە دەری ئەخەین.

وشەی دیموکراسی لەسەرەتاوە وشەیەکی یونانیە و لە دوو یەشی پیکهاتوە :ـ

١ — Demos = بەمانای گەل یاخود خەلکە — People

٢ — Kratos = بەمانای دەسەلات یاخود توانایە — Power(١)

مەبەس لە کلمەی دیموکراسی لە زەمانی هیرودوتی میژوزانی بەناوبانگی یونانیە وە ئەمە بوە : ٥ ئەو رەنگە حکومەتە کە لەناو کومەلا ادارەی اهالی پیشان ئەدا کومەل بەفکری هەموان ادارەبکریت و حکم عائدی اکثریت بیت . ٥ (٢).

کە وابو حکمی دیموکراسی ئەو حکمە یە کە گەل خوی ئەیکا .

لەسەرەتادا دەسەلات هی گەلە بەلام گەل بە آرەزوی خوی لەسەر هەندی شەرت ئەو دەسەلاتەی خوی هەموی یا هەندیکی ئەدا بە سەرەکی یا شایەکی کە بە پی ئەو شەرتانە کاروباری ولات هەلسورینی .

ئەم دیموکراسیە بەرلەوەی بگاتە ئەم پایەیەی کە ایستا گەیوەتی ، بەرلەوەی بخزینە دەستوری ولاتانەوە و حکمی پی بکری لەپیشدا هەر لە بیردابو و بەیرکی فەلسەفە و سیاسەت ئەزانراو لەدرەی هوشیاربونەوەدا لە اوروپا لە ئەنجامی ئەو حکمە زورداری پرجەورەدا کە قەراڵەکانی قرونی وسطی ئەیانکرد بە پیدا بو ، وەلە آخرواوخری سەدەی هەژدەهەمدا

---

(١) لە قاموسی [The Winston Dictionary] یە وە .

(٢) نوسینی (جەیمس برایس) وترجمەی (ناجی عباس) لە گەلاویژی ژمارە (٥ — ٦)ی ساکی یە کە مەوە .

کە لە شورشی گەورەی فەرەنسەدا گەورەیی و خاوەن دەسەلاتی گەل بلاو کرایەوە ئەو جەلە ئەمیش سەلمێنرا و کەوتەکایەوە ، وا بو ، لە گەوینەیەکی ئەو بەیاننامەیەتان نیشان ئەدەین کە مجلسی ملی فەرەنسە بو بلاو کردنەوەی حقوقی انسان لە سالی ١٧٩١ دا بلاوی کردەوە :—

« وەکو یەک هاتنە دنیا و وەکو یەک ژیان حقی آدەمیزادە ، آمانجی کومەلانی سیاسیش پاراستنی حقوقی طبیعی ، ادبی آدەمیزادە ، ئەم حقانەش : سەر بەستی ، وەکو یەک بون ، خاوەن مولکو مال بون ، بەربەست کردنی زور و زەبر ، هەمو سەرچاوەکانی هێزی سەروک و حکم بەدەستان لە ملەوە دینە دەر ، چەفەردیک ، چەکە سیک ، توانی حکمیک بەکار بینی کە سەرچاوەکەی ملت نەبی ، هەمو هاو ولاتیەک خوی راستە وخو یان بەهوی وکیل و نائبیکەوە لە دروست کردنی قانونا حقی هەیە ، لەبەر ئەوە کە هەمو کەس بەرامبەر بە قانون وەکو یەکن وەکو یەک ئەتوانن هەمو کاریکی هوموایی ویا خزمەتیکی دەولەت بەجی بینن ، هیچ کەسیک لەبەر روا و فکر و عقیدەی ئایەتی خوی نابی تجزیە بکری گەلاویژ ٥و٦ سالی ١ »

بەم جورە ئەم پیرە لە بەرپی درەرچو و کەوتەکایەوە و خرایە دەستوری ولاتانەوە و لەسەدەی نوزدەهەمدا تاهات پەرەی سەند بەجوری بەشی زوری دەستوری ولاتەکانی گرتەوە و ئەم شەری گەورەی دوەمە هەروەک شەری گەورەی پیشو بو بە هوی سەرکەوتن و بلاوبونەوەی هەروەک بینیمان کە حکومەتە دیکتاتوریە گەورەکان

www.zheen.org

لەشەری گەورەی پێشودا وەکو (ئەلەمان ، ئەمسە ، مەجەر ، تورکیا و روسیا) وگەلی لە حکومەتە بچوکە کانیش هەمو بون بە دیموکراسی هەروا دوای ئەم شەرەش لە المانیا و ایتالیادا دیکتاتوریەت نەما .

بەلی لە گەل ئەوەدا کە کاتی ئەم بیرە (بیری دیموکراسی) بلاو بوەوە لە گەلی شوین دوشمنی بو پەیدابو و دوشمنەکانی بەربەرەکانیان لە گەلا کرد و ئەیانگوت : « لە ئەنجامدا دیموکراسی نامینی و هەر ئەم پەیروە تازانە — فاشسی و نازی سەرئەکەوی » بە لام ئەوە بودیمان کە بە راست نەگەرا .

— چاکی دیموکراسی —

دیموکراسی لە گەلی روەوە باشە و چاکەی هەیە وەکو :

١ — هەر وەکو وتمان لە حکومەتیکی یەکک کەسی یا ارستوقراطیدا چونکە دەسەلات هەر هی یەکیک یا هی چەند کەسیکە وە چونکە وە نەبی ئەم دەسەلات دارانە گەل خوی دایانین وە یاخود وە نەبی هەرچیەک بکەن چاکەی گەلیان لە بیرنەچی لە بەر ئەوە گەلی شتی خراپی وا ئەکەن کە بو گەل باش نەبی پەلام لە حکومتیکی دیموکراسیدا لە بەر ئەوەی لە سەرەتاوە دەسەلات هی گەلە وە گەل یا بەتەنیا خوی یا بەهوی ئەواتەوە کە خوی هەلیاشە بژیری یا بەخوی و بەوان کاروباری ولات هەـــە لئەسورینن لەبەر ئەوە بە دەگمەن کاریکی وا روو ئەدا کە بو گەل خراپ بی یا ایشی نکری وگەل لیی آگادار نەبی و پی ناخوش بی .

وردەوەوە : رەنگە هەندیك وانی بگەن كە حكم كردنی گەل زور گرانەو بێ چونكە(گەل) بە مانای دردو درێژی ولاتە ... بەڵام وانیەو حكم كردنی گەل زور ئاسانە ، چونكە لە پەرەوێی دیو كراسیدا (گەل) بە مانای بەشی زوری ئەوانەن كە حق حكم كردن یا هەڵبژاردن یا قانون دانانیان هەیە . هەر وەكو (بەیتێس براین) گەل : واتای ـ دەوس ـ بە معنای هەموو خەڵك نیە ، بەڵكو بە معنای فقیرو هەژارەكانە كە لە ئاو خەڵكا كۆمەڵێكی گەورە پەیدا دەكەن ، بەڵام زاناییان ئەمرو كە ئەڵێن هەموان وەك گشت خەڵك (ئەمەیستێن داوا و هەژار و وگەورە و پچوك و هەموكۆمەڵو ئەندامەكانی بەشی زورەو ئیدەوێ ئەڵێ بە حكمی بەشی كەم (حكمی اقلیت) ئێش تا ئەتوانێ بەشی زوری هەموو گەل بێت وەبە دیو كراسەكانی هەڵواردنەوە كە پێوبستە لەم حق حكم كردن و هەڵبژاردنەدا بۆ ئەوەی بەشی زوری گەل بگرێتەوەو ژمارەیش و سەربازیش و هەژاریش زیاتر لێ نەگیرێ كە وەكو ئیستا لە هەندێ ولاتە پێگەیشتوەكاندا هەیە و دەمێ دراوەتێ .

۲ـ هەموو كەس كەڵە دایك ئەبێ بە سەر بەشی ئەبێ وەبە پێی قانونی كردگار لە گەڵ هەموو كەسێكی ترا چون بە كەو هەموو كەس وەك یەك ملوكی سەیر كردنەوەو رەنگەای ئاش كردنی هەیە كە طبیعت داوەتێ وەبۆ ئەوەی ئەم قانونی طبیعەتە یەك نەچێ و كەس زۆری لێ نەكرێ پێویستە ئەمەیزاد لە ژێر نظامكاریێ كە بتوانێ ئەم مقوڵە طبیعیانەی

(۱) ترجەی ناجی عباس لە گەلاویژی (۵ ـ ۶) ی سالی یەكەمدا

خوی یەکاربینی ، گومانیشی نیە کە ئەو فەلسەفەتەنها فەقەی دیموکراسی یەو آمانجی دیموکراسی سەر یەستی آدەمیزادە .

٣ـ دیموکراسی ئەوەیە کە هەموو کەس و هەر کەسە خوی بە هوی خویەوە و بەناوی ئەوەوە کە انسانە حق و سەربەستی سیاسی هەیە و ئەم حقەی بەو ناوەوە نادرێتی کە لە فلان دەستە یا فلان هوزە .

٤ـ دیموکراسی لە سەر (چوتیەتی حق سیاسی) دامەزراوە یعنی هەموو کەس بی فەرق و فروق ئەم حەقەیان هەیە و هەر یەکەیان بوی هەیە کە دەستی لە هەاسوراتی کاروباری ولاتە کەیا هەبی .

بویە وەکو وتمان بینیمان کە دەولەتە یەکەیشتوەکان تا هات ئەم هەقەیان دا یە هەموو کەس تەنانەت ژن و سەربازیش .

بنکەی ژین
www.zheen.org

نانەواوی و خرابەی دیموکراسی

دوشمن و ناحەزی دیموکراسی وەنەبی هەروا دەسەپاچەوەدەم درواو دانیشتین و وەکو وتمان هەمیشە لە بەر بەرەکانیا بون لە گەلیاو هەر خەریکی ئەوەبون نانەواویەکانی دەرێخەن و گەلی توانجیان تی گرتوە و دیموکراسیش وەرامی داوتەوەو بە دروی خستوتەوە انجا بیزانین ئەم نانەواویانە چیەو دیموکراسی چی ئەلی :

١ـ هەندیک هەر لە سەرەتاوە رەخنەیان لی گرتوە و وەکو (دیگی) کە ئەلی : ٥ هەر وەک ناتوانین حکمی یەک کەسی لە پاشایی بەرەتلادا بە

حکیمێک قوتی دابێن هەروای وەتەبی هەڵ گرتنی گەل لە سەرەتاوە
ناتوانێ بێت و هەڵ گرتنی گەل مانای ئەوەیە کە بەشی زوریان هەڵدارن و
بە هیچ جۆرێک رەوانابێری کە هەم بەشی زوری هەبێ لەبەر ئەوەی بەشی
زۆرن حکم دارین ٥ . هەر وەک موسوڵمانێک جارێکیان وتوبە : ٥ هەشتم
قەدیمی ئەوە نان کە ژمارە بەشی دوو هەبێ لە هەر ئەوەی بەشی زۆرن حق
حکمداری وڵاتیان هەبێ ٥ .

بەڵام دێوکراسی ئەمان هەم ناگەیەنێ بەڵێنی چۆنکە
ئەمەیزاد بە سەربەخۆی لە دایک نەبێ و دابێت هەمو حکێکی هاوڵاتی
هەبێ کەمانە پێک دێ هەموڵەوڵ و خزمەتکردنیان و هەبێ ئەمە
حکومەت دا ئەمەزێ لە بەر ئەوە دیارە کە هەر گەل خۆی خاوەن
دەسەلات بێ هەر ئەو خاوەن دەسەلاتی نەبێ و خۆی بە ئەزموونی خۆی
هەم دەسەلاتە هەموی یا هەندێکی هەدا بێ بەکار بە دەستانەی کاروباری
وڵاتە کە جالە سوریەن .

٢ـ دیسانەوە ئەبێ : دیارە کە خاوەن ئەوانا کەمترە لەوانی
تر وە گومانی نیە کە حکم کردنی خاوەنێ و خاوەن توانایەک لە یەکێکی تر
باشترە یا پاشایەک کە پشتاوپشت تەختی بۆ دەمێنەوە وەبۆ حکمرانی ئامادە
کراوە باشترە لە حکمرانێکی کە ٥ ئێستا چونکە دێوکراسی بە هەڵبژاردنە
زۆر جار بەکێک ٥ چەند کەسێکی نەشارەزای هیچ لە بارا نەبوونە سەر
حکم ٥ بەڵام دێوکراسی چرامەبەر بەمە ئەڵێن : لە هەر ئەوەی دێوکراسی
بە هەڵبژاردنە بێری بە دەگمەن نەشارەزایەکی وا هەڵدەبژێرێ چونکە

ئەوانەی هەڵئەپژیرن هەمیشە ئەوەیان ئەوی کە یەکێکی وا هەڵبژیرن بتوانی و بزانی بەرەو خوشی و بەرزی بیانبا وە ئەگەر ئەوانەی هاتنە سەر حکم خراپ بون زوو خراپیە کەیان دەر ئەکەوی ئەوسا بە آسانی گەل لایان ئەبا و هی تریان ئەخاتەجی ا لە نظامی پەرلەمانیدا لە هەر ساتیکا نائبەکان یاوەریان بەوزیرەکان نەما وا وزارت ئەکەوی ...) بەلام لە نظامەکانی تردا چونکە بە هەڵبژاردن نیە زور تریکە کە بیکارەیەکی خراپ بیتە سەرکار کە لابردنیشی زور گرانە.

٣ـ دیکتاتوری لای وایە کە سەربەستی بەیان کردنی رأی ریی ایشوکار لە حکومت ئەبەستیتەوە. بەلام دیموکراسی ئەلی گەربیت و ماوەی بیردەرجستن بەدری گەل لە گەلی بیرو نەگیرو تجربەی بە ترخ بی بەش ئەبی و ئەو حەلەریگای خراپە کردنی حکومەت نا گیری.

دیکتاتوری ئەلی لە روژی نەنگانەدا بەهیرترین ملەت ئەوەیە کەلە هەمویان زورتر پەیرەوی ئەمر ئەکەن بەلام دیموکراسی ئەلی: ملەتی هەرەبەهیز ئەوەیە کە هەر یەکەی شتی وای زورتر بیت کە ئەهینی پیاو سوی بویدا بەکوژ (١).

٤ـ هەروا نا سەزەکانی دیموکراسی ئەلین: وەنەیی لە دیموکراسیدا ئەوانەی هەڵئەپژیرون و دینە سەر حکم بەراسی گەل هەڵبژاردین چونکە ئەو چاوەراو و دعایەیەی کە ئەکەوی بەپنی کوەەل و دەستەکانەوە

---

(١) باسی (ئەو باوەرانەی کەلە شەران) ژمارە (٧ — ٨) ی سالی دوەمی گەلاویژ.

کە هەر دەستەیە ئەیەوی بروابی کراوی خوی هەلبژیری ئەو دەیەو چارەراوە گەل بە هەلە ئەنا و لە ریگای راست دوری ئەخانەوەی بیجگە لەوەی کە ئەو پارانەی لەو روژانی هەلبژاردنەدا بو ئەم جورە کارانە خەرج ئەکری گەلی زەرەر لە ولات ئەدا وەکو لە هەلبژاردنی سەرەکی ولاتەیەك گرتوەکانی امریکا دا ئەکری .

هەر چونی بی هەر دیموکراسی باشە :

لە گەل ئەوە شدا کە ئەم ناتەواویانەشی ئەتدیتە پال بەلام هەر دیموکراسی لەوانی تر چاکترەو هەر ئەو لە ئەنجامدا لە سەرەوەیە چونکە :-

١- زانرا کە حکومەت و دەسەلات بو چاکە و پیشکەوتنی گەل داهیراوە اتجا ئەگەر ئەم دەسەلاتە درایە دەس یەکی کە بە آرەزوی خوی ایش بکاو گەل داینەنایی و نەوانی لایبەری دیارە کە ئەو مەبەسە ون ئەبی و نایەتەجی کە ئەم دەسەلاتەی بو دانراوە بویە واچا کە ئەو کەسەی دەسەلاتی ئەدرینی گەل خوی هەلبژیری و خوی بتوانی لای بەری .

٢- دیموکراسی لە سەر ئەو بناغەیەیە کە ئەلی : « هەمو کەس لە هەلسورانی کاروباری خویا سەربەستە » . کە حکومت دیموکراسی بووا گەل لە هەمو کردەوە و رەفتاریکی دانیایە چونکە ئەوانەی لە سەری کاران هەلبژاردەی خوین و ئەو قانوناتەش کەلە سەری ئەرون هەر کردەوەی خوین .

بنکەی زین www.zheen.org

٣ـ گومانی تیه که هه‌ڵمەتی حکومه‌تێک له نساو گه‌ڵێکی یه‌گه‌یشتوو
یه‌گه‌یشتوودا به‌دڵی ئەو گه‌ڵه‌و بو چاکه‌ی ئەو گه‌ڵه نەبوو‌ڵایه‌وه وا
سەر ناملێ نه‌ئه‌ی ئەو حکومه‌ته دیکتاتوریایه‌ش که ناوی (هیز) ەوه
دەسه حکم دوای ئەوەی خزمه سەر حکم بو ئەوەی بیتەوه خەریک ئەبن
هەمیشه گەل له خوباق رازی بکەن کەواو ئەمانیش هەر چەند له ژیر شەوه
بی هەر ئه‌گەرێنەوه سەر دەو کراسی

٤ـ هەر چونی بی و نەبی ئەم روژەدا حکمی دەو کراسی له باشترین
حکمەکانی ر ئەژیری :

جاری خو ئەوه (پاشایەتی بەرەڵا) یه‌که جارە دوای ئەوەی ئەم
هەموو شورشه به ناو پاکانەی بۆ دەکرا له هیچ شـوێنی نیانەوی
بیئەوەکایه .

بیزەوه سەر دیکتاتوری : هەر چەند ئەڵێن بو هەندی کات پیویسته
بەڵام هەر وەکو دەو کراسیەکان ئەیانگوت وا ئەمیش بەنگی کەوەی
دووەمه بەدڵی نەخستبوه که ئەو کاتەی دیکتاتوریەتی پیویسته وەکو:
اعلانی شەر ، بەڵامار ، دانانی پیـلان ، کاروباری خیرا و پەنهانی ...
ئەمانه دەر کەوت کەله ژیر نظامیکی دەو کراسیدا باشترو بی هەمەر ئەگەر
پیچکه ئەوەی که گەڵی جار دیکتاتوری ولاتەکەی دوچاری نەهـاتی
کەکا ئەمێنێتەوه سەر حکمی ئیستوقراطی ، له گەڵ ئەوەدا که ئەلێن ئەوا
نەی ئیمەدا ئەبن به حکمدار ئەو شارەزا و خوێندەوارە تایبەتانەی که
بروایان بی ئەکری بەڵام ئەمانەی ئەمه ئەلێن هیشتا لەوه نەگەیشتون که
بزانن ئەم شارەزایی و خوێندەواریەی که ئەمانی له خەڵکی تر ی جیا

ئەگەر ئەوەیە و بەچەپیوانیەکی ئاوەڵا ئەم جۆرە حکمەتگەلی شەرعدا
گەلەرمانی کردبێ بۆ ئەو گەلە دەستی تێدا کە رابێ و خوێندەواری تیا
بڕابێ بە بااڵی چەند خێزانێک بەڵام ئەم سەدەی بیستەمدا کەوا هەموو کەس
حەق زانین و خوێندەواری هەیە ئەم جۆرە حکمەتەی ناگرێ .

دوای ئەم وردکردنەوەیە ئەگەر کەسێ بڵێ ئەوەتا ئێستە کەمێ
کە هەر ئەڵمانی دێموکراسیە چێتی بەسەری و هەر ئەوەتا هەموو ئەو
جۆرە نائاسایی و بااڵترو بەکەڵکترە بەڵام ئیدی ئەوەش ڕاستە ئەم
دێموکراسیەی کە ئەڵمان دێموکراسی ڕاستەقینە نیە دێموکراسیەکە بێ
ئەوەی دێموکراسی ، ئەو دێموکراسیەیە کە هاوڕێی هەموو کەس ئەوەتا ئی
لێک جیا کردنەوە هەموو حەقێک ئایینی خۆی بەکار بێنێ ، ئەو دێموکراسیەیە
هەیەس لە بااڵو کردنەوەی ڕاستی و چونیەتی و بەدەستهێنان و بڵاوکردنی
چاکەی گفت گۆیەکە ئەو دێموکراسیەیەکە بەرکەوە کردنەوە کەڕی ئەک هەر
بەوەن ئەو دێموکراسیەیە بەکار دێنرێ ئەک هەر هەرەکەب بێ لە سەکانەزی
ئەو دێموکراسیەکە خۆی هەبەر ئەبێنرێ ئەک هەر هەنگی هەبێ و ڕەنگی
ئەبێ ئەو دێموکراسیەکە وەکو ابراهام لنکولن ئەڵێ: « حکومتی هەڵکەت
هەڵک هەڵیە سوڕیتی وەبو هەڵک هەڵک سوڕیت(١) .

---

(١) بونوسینی ئەم باسە بێجگە لەو نوسراوانەی پێشان دراون سەیری
ئەم کتێبانەش کراوە :

١ـ شرحی ئاڤۆی دەستووری (دوکتور مصطفی کامل)
٢ـ شرحی ئاڤۆی دەستووری (دوکتور عثمان خلیل)

لە باخی گولپك

پیری و جوانی

شاعیری بەناوبانگی ئینگلیز شکسپیر (١٥٦٤ ـ ١٦١٦

پیری و جوانی خوینە خوین
ناتوان بژین پیکەوە :
جوانی پرە لە خوشی ،
پیری پرە لە تالی ،
جوانی وەك بەیانی هاوینە
پیری وەك بای ساردی زستانە
جوانی وەك هاوین آزیە
پیری وەك زستان رووتە :
جوانی پرە لە یاری و گەمە
پیری هەناسەی تەنگ و کەمە
جوانی چالاکە و پیری گیرە :
جوانی گەرم و گورە ،
پیری سارد و سرە ،

بنکەی ژین
www.zheen.org

٢٥

ڤیتامین

مادەیەکی اساسیە لە خواردنی مروڤدا نەبونی لە خواردندا مروڤ توشی هەندی نەخوشی خراپ دەکا . میژوی دوزینەوەی ئـەم مادەیە بەراستی نازانری چونکە لە زور دەمیکەوە ئەوانەی لە دەریادا هاتوچویاز کردوە هەستـان کردە کە سکەوتی Scurvy و هەنـدی نەخوشی تر بە خواردنی تازە بە تایبەتی میوە و سەوزە چاك ئەبنەوە . ئـەم زانینە بە ایش کردنی سیر قرەدریك گاولاند هوپکینس و کامبیز فەنك کە اثباتیان کرد گیاندار تەنیا بە خواردنی چەوری و شیرینی و پروتین ناژی شکایکی عەلمی وەرگرت لەو ساکەوە زور لە پالەوانەکانی پزیشکی (طب) خەریکی دوزینەوەی ئەم مادانەن ، تا ایستا نزیکەی سی ویەك ڤیتـامین و مادەی لە ڤیتامین بچی دوزراوەتەوە پەلام ایمە لیرەدا تەنیا لەوانەی ئەدوین کەبو

جوانی سرکە و پیری دەستە مویە :

جوانی ، من ئەت پەرستم

پیری ، قینم لە تویە ؛

آە ! یارە کەم ، یارە کەم لاوە !

پیری من قیزت لی ئەکەمەوە

هو ، شوانە خوشەویستە کە ؛ یارە کەم

لەتافی جوانیا بە مەیەلە پیری بیگاتی

ژیان و ئەن دروستی مروڤ بە کاردێن

ڤیتامین A : لە ١٩١٢ دا بە هوی ماك کولەم وە اوسبورن و مەندەلەوە دوزراوەتەوە لە چەوریدا ئەتوێتەوە، پیوستە بو پاراستنی پیست و غشای مخاطی و جهازی عصبی و نموی لەش و پاراستنی لەش لە نەخوشی .

نەبونی ڤیتامین A لە خواردندا دەبی بە هوی هەندی نەخوشی پیست و چاو و شەو کویری ، کولور بونی دان ، نمو نەکردن و پەیدابونی لە گورچیلەدا .

ئەم ڤیتامینە لە رونی جگەری ماسی ، زەردینەی هیلکە ، کەرە ، سەوزە ، گیزەر و تەماتەو شیردا هەیە .

ڤیتامین B نەبونی ئەم ڤیتامینە لە خواردندا دەبی بە هوی نەخوشی بیری - بیری Beri - Beri کە زور جار دل لە گەلیا نابوت دەبی Heart Failure .

ئەم ڤیتامینە لە آودا ئەتوێتەوە . لە هەوین Yeast ، برنج و گەنمی نەکوتراو وزەردینەی هیلکە و شیری تازەدا هەیە .

ڤیتامین B نەبونی ئەم ڤیتامینە لە خواردندا دەبی بە هوی هەندی نەخوشی وەکو پیلاگرا .

ئەم ڤیتامینە لە جگەرو گورچیلە و هەوین و هیلکە و شیردا هەیە .

ڤیتامین C لە آودا ئەتوێتەوە نەبونی دەبی بە هوی سکەرفی و خوین پژان و کولور بونی دان .

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەم ڤیتامینە لەسیو ، لیمو ، پرتقال ، کاهو ، کەلاتە ، پیاز ، پاقلە ، پەتاتە سپیناخ و تەماتە و شیردا هەیە .

ڤیتامین D . ئەم ڤیتامینە بی دەلین Anti-Rachitic بەبوونی لە خواردندا کالسیومی ناو خواردەمەنی وای لی دیت بە کەلکی ایسقان و دان بیت چونکە تەیوبی ئەم ڤیتامینە Ricket کەتە خوشیکە ایسقانەکانی لەش نەرم دەکا و لە انجامدا خواردەبن بەیدا دەبی ، دان کونور و بی کەلک دەبی ، نمو کەم دەکا ئەم ڤیتامینە لەشیر ، زەردینەی هیلکە ، قەیماخ ، کەرە وروبی جگەری ماسیدا هەیە .

ڤیتامین E بوزاووزی کردن لە مشکدا زور باشە ، تەنیا کەلکیکی بی بو مروڤ ئەوەیە ئەو ژەنەی منداڵ نمری ئەدەن ئەگەر ئەم ڤیتامینە زور وەرگرن مدەی سلتیر بونیان تەواو دەکەن هەندی لە زانا کانیش دەلین کە ئەم ڤیتامینە کاردەکانە سەر گوتی پیاویش . ئەم ڤیتامینە لە زور خوا ـ ردندا هەیە بەتایبەتی Ambrzo of graios ، کاهو و گوشت و سەوزەو گوردا هەیە .

ڤیتامین K . خواردەمەنیکی بی ئەم ڤیتامینە مروڤ توشی خوین پژن دەکا وەخوینە کەی درەنگ ئەمەیی . ئەم ڤیتامینە بو خوین پژان و ئەو لەخوشیانەی کەلە منداڵی ساوادا دەبن بە هوی خوین پژاندن زور باشە .

ئەم ڤیتامینە لە هەمو درەخت و سەوزەیەکدا هەیە بە تایبەتی سپیناخ و کاهو و گیزەرو بەردو .

سلیمانی : دوکتور عبدالرحمن عبدالله

سالنامە تەقویم

بە بونەی سالی تازە وە ویستمان تأریخیکی کورتی سالنامە پیشکەشی خویندەوارانی خوشەویست بکەین.

(گەلاویژ)

کە آدەمیزاد کەوتە ئەوەی حسابی سال بکا. بە پیی سورانەوەی مانگ سالیان کرد بە دوازدە یە شەوە کە بەم ساڵە ئەلین (سالی مانگی) و ئەمەش بەوەدا دیارە کە لە زور زمانەکانی دنیادا مانگی آسمان و مانگی وەخت بەك ناویان هەیە وەك بە کوردی بە هەردوکیان هەر ئەلین مانگ لە زور زمانی نریشدا وەهایە.

بەلام کە خەلت کەوتە کشت و کال تەماشایان کرد ئەم سالی مانگی یە بو کشت و کال پشتی پی تایەسنری چونکە مانگی وا هەیە سالی ئەکەوتە هاوینەوە کەچی چەند سالیکی تر ئەکەوتە زستانەوە. بویە نا چاربون بگەرین بو حسابیکی ریکتر کە بە کەلکی کشت و کال و نووکردن و درویندەش بیت و سالی روژی یان دوزیەوە کە مانگەکانی هەمیشە لە گەل فەسلەکانی سالا ریك ئەکەوت. وەیسری یەکان ئەلین کە وا بە کەمجار تەقویمی روژی لە دولی نیلادا هاتوە بەوپی یە کە خەلکی ئەوی لە پیش هەمو کەسیکی تری دنیادا کشت و کالیان کردوە. بەلام ئەوی آشکرا بیت ئەمەیە کە لە سالی (٤٦) پیش لە دایك بونی عیسادا یولیوس قەیسەر، قەیسەری روما، هاتە ئەسکەندەریە. داوای لە (سوسیگتس) ئەستیرە ـ

ناسی ئەو چەرخە کرد کە سالنامەیەکی ریکی بو دورست کات ئایکا بە
تەقویمیکی رەسمی حکومەتی روم . ئەویش سالنامەی (یولیانی) بو دورست
کرد بە ناوی (یولیوس) ەوە تا ایمرو ئەو تەقویمە بە کار دەهینریت بو
سال پیوان . تەنیا لە سالی ١٥٨٢ ی میلادی دا (پاپا گریگوری)
سیانزەیەم دەست کاری بەکی کرد و تاریکیکی تیا بو راستی کردەوە تاریکی-
یەکەش ئەمە بو : بە پیی تەقویمی یولیانی ئەرز بە ٣٦٥ روژ و چارەکی
جاریک بە دەوری . روزدا ئەسوریتەوە و سالیکیشی بەوەندە داناوە و
ئەم چارە کە روژەی هەر بە چوار سال کردوە بەروزیک و خستویەتە
سەرمانگی فەبراو (شوبات) کە (٢٨) روژە و هەر بە چوار سال
جاریک ئەیی بە (٢٩) بەلام پاپا گریگوری بوی دەرکەوت کە هەمو
سالی ١١ دقیقە و ١٤ ساتیەی ئەوقە و ئەم فەرقەش هەر بە ١٢٨
سال ئەکاتە روژیک و کەچەند سالی بیەوی ئەم فەرقە آشکراتر
ئەبی و حسابی مانگ و چوار فەسلەش ئەگوریت جابو ئەوەی ئەم
فەرقە نەهیلیت هینای لە چەرخی یولیوس قەیسەرەوە تا (١٥٨٢)
ئەم فەرقەی کو کردەوە کردیە (١٠) روژ - بلاوی کردەوە کە (٥) ی
اوکتوبەر (تشرینی یەکەم) ی سالی ١٥٨٢ دابنریت بەروژی
(١٥) ەی اکتوبەری سالی ناوبراو و هەمو ئەوروپا ئەم پینە کردنەی
پەسند کرد و پەیرەوی کرد - بەلام ئەستیرە ناسان ئەلین کە هیشتا فەرقیکی
زور کەم لە تەقویما ملوە بەلام ئەوەندە نابەخدار نیە چونکە بە (٣٨٦٦)
سال انجا روژیک فەرق ئەکات .

بنکەی ژین
www.zheen.org

له مەوە ئی‌ەگەین کە سال چەند جوان بەش کراوە و ریکخراوە و چەند خەلات بەوردی لەگەل خەریک بون- بەلام هیشتا روژەکانی مانگ تاریکیی تیاماوە کە مانگەکان هەمو روژەکانیان نەوەندەی یەک نیە هەندیکیان ٣٠ و هەندیکیان ٣١ و خوبات ٢٨ ئەبی . دوبارە روژەکانی هەفتەش وەکو ئەبینن لە هەر مانگیکدا هەر روژیک لە کەون و جەژنی وا هەیە سالی هەمیە بو سالی دوای چوار هەمە یا پینجەمە .

لەبەر ئەوەی سالنامە شتی بە ئەقڵ بە و پیویستی بە هەمو هەلکی دنیاوە هەیە لە سالی ١٩٢٥ دا (کومەڵی گەلان) ی کون کورتکی تای بەی بو کرت و لە ٣٣ میلیەوە (١٨٥) ئیقتراحی بو نیردرا لەمانە یەکیان پەسند کرا کە هەمویان جوانتر بو کە ئەمی پیویستە سال بکریت بە ٣٦٥ ¼ مانگ و هەر مانگەش بە ٢٨ ¼ روژ کە هەر مانگە چوار هەفتەی‌خشت بیت بەم پیشنەیە ئەبینن روژەکانی هەفتە لە هەمو مانگیکدا بەر یەک روژ کە کەوت وەکو لای خوارەوە پیشان دراوە :

هەفتەی یەکەم	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧
هەفتەی دوەم	٨	٩	١٠	١١	١٢	١٣	١٤
هەفتەی سیەم	١٥	١٦	١٧	١٨	١٩	٢٠	٢١
هەفتەی چوارەم	٢٢	٢٣	٢٤	٢٥	٢٦	٢٧	٢٨

بەی ئەم سالنامەیە ئەبینن کە هەمو یەکەمیەک سەری مانگ و یەکەم روژی هەفتە یە و هەمو دوای مانگیکیش شەمەی چوارەم

هەفتەیەو هەمیشە هەمو روژەکانی ئریش هی هەمو مانگیك وەکو یەکن وەك روژی دوشەمەی سیەم هەفتەی هەمو مانگیك « ١٦ » ی مانگ بەلام ئەبینین بە بێی ئەم سالنامەیە سالیك ئەکاتە ٣٦٤ روژ و ئەو روژەی ئەمینیتەوە لە هەمو روی زەمینا ئەکریت بە جەژنی سال و ناوی تری نابیت و ناخرینە ناو نەقویمەوە . وهەر بە چوار سالیش روژە زیادەکەی لە چارەکە روژەکانی سال بەیا ئەبی ئەکری بە جەژنی چوار سالە و ناوی نایەتە سالنامەوە و گومان نیە ئەم اقتراحە جوانەی بەتەواوی حسابی سال و مانگ و هەفتە ساع ئەکاتەوە تا نیبت فرمانیکی جوان و یاش و پیویستە بە نای بەتی هەنگاویکی گەورەیە بەرە و یەکیەتی دنیا . وئەگەرچی بە هوی ئەمانی « کیمەلی گەلان » ەوە جاری بەکی کەوتوە بەلام ئەوەندە پیویستە لەوانە نیە لەبیر بچیتەوە هەر روژیك ئەبی کەعالەم هەمو بە بێی ئەو سالنامەیە بجولیتەوە .

محمد کریم قادر : کردویە یە کوردی

بنکەی ژین
www.zheen.org

بوزانین

ووشەی هەر هەنگە کەمان ئەم چارە ئەوانەن کە بە « ر » دەست ئەکەن . بەوبوتەوە تکا ئەکەین هەر کەسەچی بوریك ئەکەوی بو ناردن بومان ضربت زور سوپاسی ئەکەین .

سلیمانی : ابراهیم احمدی محامی

٣٢

بەراورد

لە سالی ١٩١٣ دا لە روسیا دا (٨٥٩) روژنامە هەبو کە (٧٧٥) یان بەزمانی روسی دەر ئەچوونو تەنیا دو ملیونو حەوسەد هەزار ژمارەیان لی بلاو ئەکرایەوە بەلام لە ١٩٣٨ دا ژمارە روژنامەی ولاتی سوڤیات گەیشتە « ٨٥٠٠ » یەعنی دە ئەوەندەی پیشو و لەمانە « ٣٧ » ملیون و نیوژمارە بلاو ئەکریتەوە بە « ٤٢ » زمان .

لە سالی ١٩١٤ ـ ١٩١٥ دا تەنیا ١٩٥٣ قوتابخانەی ئانەوی هەبو لە هەمو روسیادا کە « ٤٢٨٠٣ » ماموستا دەرسیان تیابە « ٦٣٥/٥٩١ » قوتابی ئەوتەوە بەلام لە « ١٥ » ئەیلولی ١٩٣٩ دا « ١٥٨١٠ » قوتابخانەی ئانەوی هەبو کە « ٣٧٧/٣٣٧ » ماموستا دەرسیان تیابە نزیکەی « ١١ » ملیون قوتابی ئەوتەوە لە پیش دەوری سوڤیتدا ژمارەی ژنانی دکتور نەئەگەیشتە « ٢ » هەزار ایترو نزیکەی « ١٥٠ » هەزار ژنی دکتور هەن لە یەکیەتی سوڤیتدا

لە « الدنیا الجدیدە » دوە

قسەی نەستەق

« ایمە هەمو بە چاکی و راستگویی و آزایی و روخوشی لە دایك ئەبین لە بەر ئەمە تەیی تا مردن هەر لە سەر ئەم پیشەیە بین ،

دیوانی گەلاوێژ

هەژاری کلول

سەلام

پیاویکی پیری بی‌پیلاووجل
لای لی‌بریبو سەردل و سپل
جامانەشرر و سەر بەبی کلاو
دەرپی پینـاوی و لە خام‌و لە جاو
فەرەنجی کون کون ، دراو ، شررو ورر ،
چلکن ، بونی بەهات وەکوجی گەورر
پەتی بو پشتین بەسراو لە پشتا ،
کولکە سەبیلیك لە قولی مشتا
هیندە خوی دابوە بەر آگری گرر
زەردبو سمیل‌وریش و جلەشرر
وورد وورد ئەررویی لە ژیان بیزار
ووچانی ئەگرت بن دار بەبن دار
پیم ووت ها ، مامە ! بوچی داماوی ؟
لەچی ئەگەرریت ، بوچی قوپاوی ؟

سەری هەلبری ، روانی بە بەرما ،
توزی حەیەسا ، بوم چوبەشەرما
ووتی : لیم گەڕی دەردی من زورە .
بەیان ناکری مەگەر بەتورە ؛
هەشت سەر خیزانم هەموو رەش و رووت
تامەزرو ، برسی بی زەوادو قووت
زنجە شرزیکە حیگەیان بە شەو
عاسمانو زەوی پیخەفن بوخەو
.... بردی بەپالە پەستو
خومو دوبزن ، دام نابوون بو دو
چوبنەلای م .... خوم و بزنم
رەیی نەبینی دوستو دوژمنم
بەیی پرس و را زورایم نوررە بو
حتیوی دامی تا تاقەتی چو
ئەوسا پی ی وتم سەگیابی ئەرەس
ملکانەی آغا نادەی بە هەوەس
آ .. ش لەوی بو سەری هەلبری
م .. هەر چاك بو نون ئرئەی خوردی ؟
بەرووتی مسکین قەت مەبە دلگیر
وەسیەتی آغای گەورە بە ...

بنکەی ژین
www.zheen.org

وەك كوتەل وا یە مسكین لی گەوری
هەتا بیكوژی لی هەڵدەوەری
تا باری قوڕس بی ، گول زور بكیشی
مسكین بڕۆ چاك دەم نەكیشی
بیم وت « فیدات بم جەنابی . . . .
تۆزی گوێی بگرە ، لێم مەبە داگیر
من جووتم نیە زەوی تاكیلم
ملكانە لەچی ، رەشایی خێلم ؟
. . . پێی وتم سەگباب بی عاری
رەشایەت ؟ كوانی بیگارو دیاری !؟
رەشایی وەك تو لەدێی ئێمو ئەو
دیاری ، بارەدار ، مریشكی قەڵەو
كوانی فروو ماست ، كوانی كەوڕون ؟
سەگباب رەشایی لەكوی وەكو تون !
لە ژێر بیگارا ساڵی ناسڕەون
بوچی وەكو تو خەریكی خەون؟
خوتو منال و بزنت آو ئەخون
لە ملكی منا زوو ئەبی بڕۆن
آوەخورانەو ملكانەم ئەوی
نابی لە ملكما بمینی شەوی

هەر من ئەزانم تو گورت چیبە
لاتان وەهایە . . . . . نیە !
روی کردە . . . فەرموی بزنەکان
یەکیکی بوتو و قاورمەی زستان »

* * *

بزانە دەردم چەندە گرانە
ئەمەی پیم وتی هەر یەکیکیانە
سەنەدیشم دا ئیمشەو بکەم بار
هیچ پەنام نیە ساخوا هاوار !
سەری هەلبڕی روی کردە حەوا ؛
نالانی پیرە وتی : ئەی خوا
بەکفری نالیم رەبی لیم نەگری
تویش هەر لایەنی دەولەمەن ئەگری .
ئەم دنیا پیسەت وەك وتم وابی !
آخو ئەوی کەت چیتری تیابی ؟

جەفا

گیانە جەفات زور نواند بە سەر ما
بەرگی بی‌مەیلیت زور کرد بە سەرما

زوونیشانت دام مەرگی پیش وەختم
خوم زوو ئەمزانی کە زور بی بەختم
بەلام هەق نەبو شیرین پەرەی گول
هیوای چەند سالەم بخەیتە ژیر گل
هیچ نەبی خومن مەجنونی تو بووم
ویلو پەتیارە و مەفتونی تو بووم
هەقنەبو ئیجگار وابم‌سوتینی
بەناسورەوە دلم دەربینی
نەترسای گیانە کسپەی زامانم
ئیش و نالینی جەستەی بی‌گیانم (١)
خوشی ژیانت بگوزریت بەتال
هەناسەی گەرمم بتکا بەزوخال (٢)
رەنگە نەیزانی شوخی نازپەروەر
کە دنیا بو کەس نامینی تا سەر
هەر چەند کەایستە وای لە خوشیا
وای لە دلشادیو تافی جوانیا (٣)

---

(١) و (٤) ئیش و نالینی جەستەی بی‌گیان جوان نیە چونکە مەشهورە (زامی ئەندامی مردو نایەشی) هەر بی‌گیانی و پەشیمان بونەوەی شیعری ئەودیویش یش . (٢) بەلامنەوە گرری هەنا سەم ... باشترشت ئەکا بەزو خال . (٣) لە خوشیا و لە جوانیا لە رووی قافیەوە هیچیان بە سەر هیجەوە نیە . گەلاویژ

بەلام سبەینی پیرو بی گیانی
ئەوسا ئەبینی چەند پەشیمانی
ئەبینی بەدەم ئیش و دەردەوە
بە سەری سپی و رەنگی زەردەوە
ماتو یەك كەوتەو دەست بە گوچانی
كزو كەساسی گویی آگردانی
ئەو سایە نووزی دلسوتاوە كەت
تارمایی شیتەی دلشكاوە كەت
هەمیشە یەخەت ئەگری تا مردن
تا سەرە مەرگ و گیان تەسلیم كردن(۱)
بی كەلكە تازە دوای ئەوەی ئەمرم
بە پەشیمانی بیتە سەر قەبرم
بی كەلكە تازە دوستی بی وەفا
چونكە تازەتوم داوەتە دەست خوا (۲)

هاوار

---

(۱) كە یەخت گرت تا مردن ، بەلای منەوە دیری دوایی پیویست نیە یا جوان نەهینراوەتەوە . (۲) وەفا ، و خوا ئەگەر بشی لە قصیدەیەكی دریژا بكرین بە هاوقافیە لەمە سنەویدا بە هاوقافیە كردنیان جوانی تیانیە ئەم لیكولینەوانەشمان بو پیشخستن و چا كردنە بو پەڵخستن و رو ـ خاندن نیە بویە ئەبی هاوار بمان بەخشی .

گەلاویژ

٣٩

وەسیەتی قانع بو کوتەکی

کوری (١)

روله وەسیەت بی کە مردم سەیری ئەم ئەشارەکە
هەفتەیی جاری بەماشای شوری ئەم گوفتارەکە
بابی خوت رەفتاری چون بو توش هەر ئەو رەفتارەکە
روله قازانجی عوموی و پشت لە خاوەند پارەکە
بیرە مەیدانی دلیری هەر وەکو شیری ژیان
جەرگی دژمن هەلدرە بررە وەکو تیغی دەبان
روله لافی فەیلەسوفی لی نەدەی هەرگیز بەدەم
نوکەری هەرگیز نەکەی بو حاکمی رومو عەجەم
چی لەدلتایە مەترسە بیخە سەرنوکی قەلەم
گوپی نەدەی روله بە جەورو ئیش و آزاروسنەم
راپەررە و بانگی بدەبو کومەلی کوردی زوان
بەرخی نیربو سەربرینەنەک لەبو دوشین و ران
روله دایم چاوەروانی هەلمەتی شیرانە بە
دوژمنیکی زوله کوردی نوکەری بیگانەیە
هەر بەهیوای دەنگ دلیری و ژینی سەربەستانەیە
کەوتە روژی خوی خەریکی تولەی رولانەیە

---

(١) لە کرکوکەوەم - صدیق بلوکینی ناردویەتی

گیانی شیرینت دەرینە بو دەوای دەردی گران
رو کەرە قەندیل و آکو هەربلی یانیشتمان

کەلور و سورسور و گەشکی و شاری کرماشانە کەت
بەختیارو مەندی و هەم شاکل و شیروانە کەت
ماهی دەشت و باجەلان و سانی هەورامانە کەت
پژدەرو بلباس و هەرکی و جافەتی و گورانە کەت

دەس بەدەس یەکتگرن بو یەکتری وەك پشتیوان
تی بکوشن بو ژیانی کوردو ناکی کوردوسان

روله کەم خویندن بخوینە خویندنە دەرمانی کورد
تی گەیشتن مەرهەمە بوزامی بی‌سامانی کورد
لایەررەی میژو ئەزانی چون بوون شیرانی کورد
باسی باباڵەردەلان و زەندی و بابانی کورد

ئەوروپا نوسیوە بوتو یەك بە یەك وەك داستان
توش بەچاکی رای گەیینە بو نەخویندەی کوردەکان

ئەو ژیانەکەی ژیانە وەك کەوی بەندی قەفەس
ژیر چەپوکی دافزی بی و ژیر دەسەی پیاوی تەرەس
پەت لەمل بی وراث بکیشی هەر وەکو تانجی و مەرەس
نامەوی ئەم جورە ژینە دەك خودا نەیدا بەکەس

قەفقەلی هەلقەی کەلەبچە هەلیرە وەك پالەوان
خوت و منالت بەکوشت دەبو رەواجی نیشتمان

بنکەی ژین
www.zheen.org

٤١

گەلاویژ و خویندەوارانی

«گەلاویژ گوڤاری خوێنەر پرست چی بەپێی بکە،
گەلەبیت چی بەلێی بکە، مکالات چی بەبوی بکە»

«کرکوك : مەلا ئەحمەدی مەلا قادر»

لە ژمارە (١١) ی ساڵی ٦ ی گەلاویژدا لە لاپەرە ٣٣ — ٣٩ دا نوسراوە جوانەکەی (نالی) تان نوسیبو کەلە ئەستەمولەوە ناردوپەتی بو سلیمانی زورمان لا خوش بو. مەلام داخم ناچی چەند هەلەو پەرراندیکی ئیلو وا لە خوارەوە هەندی لەوانەی من شکریی بودین بوتانی ئەنوسم ئەگەر پەسندتان کرد لە لاپەرەیەکی گەلاویژا بیخەنە پیش چاوی خویندەواران :

شیعری (٤) هەم لە گەلاویژا نوسراوە (گاهی دەبی بە روح و دەگەی باوەشینی دل) راستەکەی (جاری ئەبی بەروح و ئەگەی باوەشینی روح) .

ش (٧) لە گەلاویژا (هەم هەمعنانی آهم و هەم هەمعنانی ئەشك) راستەکەی (هەم هەمعنانی آهم و هەم هەمرکابی ئەشك

(ش ٩) دیری دوایی (کەتوی طاهرو ئەو طهور) نیە (کەتوی طاهر ئەو طهور) .

(ش ١١) (نورانی نوری سافه) نیه (دورانی نوری سافه) یه

(ش ١٧) (شاریکی پر کەرەم و عەدل) تیه ، (شاریکی گەرم و عەدله)عدل ـ معتدل ، لیرەدا ئەم شیعرە جوانە پەرینراوز :

خاکی مراجی عەمبەرەه ، داری رەواجی عود

بەردی خەراجی گەوهەرە جوباری عەینی نوور ،

شامی هەمو نەهار و فصول هەمە بەهار

نوزی هەمو عەبیر و بوخاری هەمو بخور

(ش ١٨) لەگەلاوێژ (اهلیکی وانە هەمو اهلی دانش و هونەر) راستەکەی (ئەهلی کە ئەهلی هەر هونەر یکن بزرگ و خورد) .

(ش ١٩) « سەیری بکە لە بەرد و دار و دیواری مەحەللەکان » تیه « سەیری بکەلە بەرد و لە داری مەحەللەکان » .

(ش ٢١) ئیستەش بە پەرگ و باو عەلەمداری (شیخەباس) نیه ، « راستەکەی ، ئیستەش بە پەرگ و بارە عەلەمدارە شیخەباس » دیری دوایی (کراوە) نیه ، گەراوە) یە .

(ش ٢٦) دیری دوایی « آیا ربیعی آهوە یا چایرەی ستور » راستەکەی « آیا ربیعی آهوە یا چایری ستور »

(ش ٢٧) « سەبزەی لە دەوری گول » نیه ، راستەکەی « سەبزە لە دەوری گول ... »

« ش٢٨» « قلبی منوەرە لە جەبینانی نازدار » نیە « قەلبی منەوەرە بە حەبیبانی نازەنین » .

« ش ٢٩ » دیری دوایی « یا حەلقەیانە وەك صوفی .. » نیـــە « یا حەلقەیانە صوفی‌ی ... » .

« ش ٣٠ » « ... درەختانی حەوشی مدرسە» نیە « ... درەختانی مەدرەسە » یە

لە دوای شیعری « ٣٣ » ئەم شیعرە پەرریزاوە :

ئیستەش پورە لە آهوی پەرر کانی آسکان
یا خوبرە بەمەلقەیەی گورك و لوورە لوور

« ش ٣٦ » « ئەو غارە یارە بی‌اغیارە » نیە « ئـەو غاری یارە ئیستە پرواغیارە ... »

« ش ٣٧ » لە گـەلاویژا نوسراوە « زارم وەکو هەلال و بەحیفم وەکو هلال : آیا وەکو مەزار و یەدلدا دەکەم عبور » راستەکەی .

زارم وەکو خەلال و تەحیفم وەکو خەیل
آیادەکەومەزار و یەدلدا دەکەم ختور

تیاز لە « خەلال » خەلیلەیە .

دوای شیعری نامەکەش کە « تەخەلومی » خوی تیا ئەلی نوسراوە کە ئەویش ئەمەتە :

حالی بکە بەخوفنە کە ئەی یاری سەنگدل

« نالی » لە شەوقی تویە دەنبری سەلامی دوور

« گەلاویژ » زور سوپاسی مامو-تا مەلا ئەحمەد ئەگەین بووردبو-
تەوە و لیکولینەوەی .

« سلیمانی : حەسەن عەلی » بەرنان چیە بەرامبەر بە بەکارهینانی
ووشەی « پیروزی » لە برینی « نصر » و « نەتەوە » لە برینی « قەوم »
لە زمانی کوردیا وەکو هەندی نوسەر بەکاری دەهینن .

« گەلاویژ » : ئیمە بەرەوای نابینین نەپیروزی لە برینی « نصر » و
نەتەوە لە بری قەوم بەکار بهینریت چونکە ئەوەی بیستومانە لە کورد و
ئەی بەین پیروزی لە جیاتی مبارەکی بەکار ئەهینیت وەکو لە جەژنا
ئەلین جەژنە پیروزەمان کرد ، یا ، جەژنت پیروز بیت . » یا یەکی جلکیکی
نوی لە بەر ئەکات پی ئەلین « پیروزت بی » یا لەحەمامدا بەیەکدی
ئەلین پیروز بیت » وەکو ئەبینن لە هیچ شوینی لەم شوینانەدا بەمانایەکی وا
بەکار نەهاتوە کە هەربونی (نصر) یشی لی بیت .

چنەوە سەر نەتەوە کەبەمەعنای نەوە دیا ، وەچەیەنا ئوانری بکری
بە قەوم چونکە لە کوردیا ئەوتریت « هەمو سەید لە نەتەوەی ایمامی عەلی
کەوتو نەتەوە ، یا ، فلان شیخ لە نەتەوەی شیخ عیسی و شیخ
موسی یە » ..

یا وەکو لە هەورامیانەدا بەکاردیت « من نەتەوەی کیخا مستەفاینە -
من نەتەوەی کوبخا مستەفام » وەکو تەماشا ئەکەیت لە هەمو ئەم شوینانەدا

بنکەی ژین www.zheen.org

ئەتەوە بەمانای « ئەوە ، وەچە » (احفاد) بەکار دەهێنرێت و ئەگەر بشتوانین بلین ئەتەوەکانی ئانگلوسا کسوز و ئەتەوەی قحطان بەمانای انگلیز و ئەمەریکا و عەرەب ناتوانین بلین ئەتەوەی کورد چونکە انگلیزو ئەمەریکایی ئەتەوەی ، یانەوەی ، یا احفادی ئانگلوسا کسونن هەر وەکو عەربیش ئەتەوەی یاتی اولادی قەحطانن بەلام کورد شخصی یا تیرەیەکی تری لە ئیمە بە دەر نیە تا ئەتەوەی بەلکو ایمەش و ئەوانەی پیش ئیمەش هەر کورد بون هەر وەکو ئەوان دوای ئیمەش هەر کورد ئەبن وەختی ئەتوانین پی یان بلین ئەتەوەی کورد کە خوانەکەرد ئەوان بگورین و لە کوردیتی دەرچن بینەشتیکی بر.

(هەلەبجە — ص . هەژار)

لە شیمرەکانت دوای دەسکاریکی کەم ئەمانەمان هەلبژارد .

خوا هەلنا گری ..... ٭ گیانم ئەمەندە بەرگەی خەم نا گری
بەزەییت بیتو سابەراریما ٭ بەنالەی سەختو دەردی کاریما
گوناهم چی یە بوچی نام دوینی ٭ بوچی بەناهەق دلم ئەشکینی
قولایی عەشقت گیرەوە لە جەرگم
رزگاری ناکا تایەروی مەرگم
نالەی پر بە دەم ، آهی شەوانم
هەموی بوتویە روحی رەوانم
ئەترسم آخری گری کوورەی دل
هەلت قرچینی جەبین یەررەی گول

شتیك كه پی ویسته بنوسری

گوپه ـ دلدار

وا ئه‌گیرنه‌وه كه روژیك كابرایيكی ره‌خنه‌باز گره‌وی له‌گه‌ل ده‌كریت گه‌رتوانی روژیك ره‌خنه‌نه‌گری سه‌دلیره‌ی بدریتی و یا ئه‌ی سه‌دلیره بدوریتی . كابراوای زانی كه زوبان گرتن زور سه‌هله ، له بهر ئه‌مه‌ی تیفگرین په‌یمانی دا كه روژیك ره‌خنه نه‌گریت .

روژه كه هاوین بو ، قرچه‌ی نیوه‌رو له موصل له سه‌ر دوكانیك دانیشتبو كه تازه زاواییكی جوله كه‌ی به به‌ر چاوا نی‌په‌ری به‌م هاوینه له‌ژیر كه‌وای تاقه و سه‌لته‌ی چوغه و عه‌بات ماهوی تك‌تك عاره‌قه‌ی ئه‌رشت كابرای ره‌خنه‌باز هه‌ر راست بووه و سه‌دلیره كه‌ی له ده‌ستی براده‌ره‌كانی نا ووتی « دوراندم .. باوكم ئه‌مه سه‌دلیره كه‌م .. و توخدا سه‌یریكی ئه‌م كابرا جوله كه‌ش بكه‌ن كه چون چونكه تازه زاوایه به‌م گه‌رمایه زستانی له سه‌ر شانی خوی بار كردووه .

ئه‌م په‌نده زور له گه‌ل ژیانی ایمه مانان دورنیه كه‌م كه‌س هه‌یه كه له‌م ژیانه‌دا زوبانی خوی پی رابگیری‌هه‌ر چه‌ندیكی زور به شادومه‌ندیه‌وه به هه‌مو به‌خت كردنیك رازین ، و هه‌روا فیر بووین كه گله‌یی قبـــول بكه‌ین و سه‌یری دواوه نه كه‌ین ، به‌لام زور به په‌روشه‌وه ئه‌لین كه‌ریك كه‌وته(صدفه)هه‌ندیك شتی وامان بوریك ده‌خا كه زور له حساب دوربی.

ئه‌مه ، به سه‌ر خوم دا هات . ئه‌ویش ئـــه‌و روژه‌ی كه شیعری لاله باسم پی دانا ، و ئه‌مه‌م تیدا گیرایه‌وه كه چون (كیخوا كا كه سور)

چیرۆکی ئەم مانگە

کەرەلوتی مەنوچەر

(١)

ه.ل.ب.

هاوینی (ك ..) زور گەرم بو منیش چونکە نەختی بە خووەم، بە گەرما گەلی فارس ئەیم بو یە دوری و ناخوشی زیم خستە لاوە هەر چونی بو خوم گەیاندە مالی (حەوهەر) ی آموزام لە (پیش) کە کویستانیکی نابات خوش و ساز گارە (حەوهەر) کە نزیکەی دوسال بو چاومان بە

کوری (لالەباس) ی کرد بە عەسکەر و لەکویە ضابط بە یالەپەستو (لالەباس) ی دەر کرد چونکە داوای بەو بەخشینی لی کردبو. لەو روژەدا (کاك حامد قادر) لەکوینەکەی ئیخوی و ریك کەوتە روژی بلاو بونەوەی ئەم شیعرە (کاك حامد) لەکویە ضابط تجنیدە. ئەنجا، ایستا انسان بلی چی؟ کاك حامدیکی هەمو لایەکمان ئەیناسین لەم کردەوەی کە باسم بو کردن زانراوە کە چەند دورە، بەلام بو ئەو لە (گوینە) لیرەدا لە سەرم بی ویستە کەلە سەر حقیقت و راستی بکەمەوە، ولاویکی دلسوزی وەك حامد لەم پەندو بالورەیە رزگار بکەم ئەلیم، ئەوانەی کە حامد ئەناسن ئەزانن کە ئەم باسە بو ئەو چە أساسی نیە، ئەوی کە ناشی ناسی، ئەیی بزانی کە حامد شخصیکە زور مثالی و بە هەمو معنای حکمەوە لەم چەشنە ایشانە دور و هەر دور بووە. بەلام چاکی حامد معنای ئەمە نابەخشی کەلە پیش ئەوا کارەسائیوا بە سەر پیریکی افتادەی وەك (لالەباس) دا نەعاتبی

یەك نە گەورو نوری بی خوش بو و دوای مەخیر هـــاتنیکی گەرم وتی :
وا دیارە زور بەخت عەبە چونکە سەیری کە شەکم هەیە لە دنیای (د)
کە خوشترین ئەوای ئەم ناوەیە ئەگەر مانتو نیت وەرە لە گەلمان.منیش بە
دوایە کەوتم ئەگەر شەو ئەوی نەمیناوە بەم.وتی باشەلە بەرتو نامینمەوە

یەکی زوهیشنا دنیا تاریك و لیل بو کەوتینەری بەر لە چیشتەنگاو
لە منیە چوبو بەدیوا نەختایی بە ماوەیان کابرای خاوەن فرنی گەلە گەمان
بو دەسی بـو دریژ کردی دیبە گەمان آ ـــەوەتە لەو دولەی پیش
دەماندا بەلام زەویە کەی لەمن دا گیر کراوە آ . ئەوەتە ، ئەو پەلە چنارەی
دیارە لە داوینی آوایی یەوە ئنجائەوە کانیەکی تیـایە هەر راست لەولای
پەلە چنارە کەوە زەویە کەم دەست پی ئەکات . نزیکەی نیوسـەعاتی بی چو
انجا گەیشتینە ئەو پەلە چنارەی ئەو ریشی خستە سەری دیمانکانی وآویکی
خوشی لە نزیکەوەیە دو بەردە نوێژ لەم بەرو لەو بەری دا نراون کارایەکی
کە لە گەنی پیری کوماوە لەسەر یەکیان دانیشتوە دەست نوێژ ئـەشوا
و بشتی لە ایمەیە بو یەریەوە خر کە لە یەکی پتەوی دەمو چاوکوچ ریشەکی
پرە دەستی ماش و برنجی قەلە مکراوی لی بەرداوە ئەوە تیلیـکی خشی بە
دو گالی قەنگەو آ گرزەرد هەلگە راولیوی سەروی دانیشیوە یانك و
چرغەیەکی سوری لە یەرایە بە دلی ئەو آ غایەیە کەویستویەتی گوتبورە لە
باخەلیانەوەستی . هەژدە هەزدە قسەی بو لە کرد یەلام کە ئیمە گەیشتە سەر
کانیە کەو سلاومان لی کردن ئەو بی دەنگ بشتی نی کردین وروی کردە
ناوپەلە چنارە کەو لەویوە دورد و بەریز وەستا جاوە بزەکانی وە کوهیشیلە
لە تاریکە شەوا ئەبریسکانەوە .

(جەوهەر) چاوێکی بە شوێنە کەدا گێڕا و ڕوی کردەس وتی :
ئەڵێت چی لێرەنان خوێن ؟ وتم : باشە . وتی : با باری بچین ئیشە کەمان
چی یە چی بکەین ئجا لە گەڕبنەوە باز ! بانگی کردە ژەندرمەکەی ـ
لەو جلانە بزمجانە و چیشتە کانان گەرم گەردوە ـــ ئادیێنەوە . کلپای
ملوەن فرمانـــ وەکو گەنیکی گەورەی بی کڵاوی بە (جەوهەر) هـــاتە
وەك فەرەنسە لە لویس و ئینگلیز لە شارل یان کرد بزانین چی ئەبیت ؟ چی بوئە ئەنجاما لە فەرەنسەدا ناپلیون حلەوی کاری گرنە دەست وە چەند سال دنیای توشی دەردی سەری و شەرر و شورر کرد ، و لە ئینگلیزە شاکرو مویل ئەوەندەی بەربەستی آزادی و سەربەستی کردن کە شارل کوژاراو هەر هەرایشی نە ئەکرد لە پشتەوە .

لە ئەنجاما چی تر ئەبیت ؟ پیاوی وەکو هەتلەرو موسولینی زوردار دینە سەر حوکم کە نەرەحمیان لە دلدایە و نەبەزەیی و کە هەرچی بە ئەوان و تیان دەستوری ولات و گەلە کەیان بیت راست بی یا هەلەبیت .

پەیژەی زور داری

ئەم دیموکراتیە تازە بەرەلایانەش باشترین هەل هەلئە خەن بو زور-داری . راستە هەمو کەس چون یەکن ، بەلام دەولە مەند ئەتوانی دەسە-لاتی خوی بە سەر خەلکا بسەپینی بە پارەهیزیان لی بکریت . نەوی بژن گیان لە بەری روی زەمین لە دەستی یەت دەولە مەند بیت ئەگەر هەچی هیزو بیرو هوش و توانای هەیە لە پارەکو کردنەوەدا خەریکی کرد ، بە پیچەوانەی پیاو چاك و بە ناموس و مەرد دوربین و دەست و دل پاك کە هەرگز بیزیان نایە . ئەو چەشنە ریگایانە بگرن ولاتیان لا بە لاوەگەلی چاترە لەوەی بەدزی و بەرتیل و ناراستی دەولە مەندبین .

(ماویەتی)



١٩

چەند ئاخافتنیکی

پیاوە ژیرەکان

وەرگیرو کوکەرەوەی

جلال خیلانی : لبنان

« جارێك لە بەرناردشوی نوسەری بە ناوبانگی ئینگلیز ئەپرسن : ئەم عالەمە چون ئەبینی ؟ ئەویش لە وەرامدا دەست بو سەرە روتاوە و ریشە دریژە پرشو بلاوەکەی خوی ئەباو ئەلی - لای من عالەمیش وەکو ئەم سەرو ریشەی من وایە زور هێنانە بەرهەم و خراپ دابەش کردن . »

« کارل مارکس ئەلی : ئەوە آزادنیە کە گەلانی تر یخانە ژیر دەست خوی .

« پیغەمەر (ص - ع) : زوری نەماوە هەژاری بیتە کفر .

« هەمو ئەرانین کە بەرناردشو چەند قینی لە پیاوە گەورە ئەرستوکراتیەکانی ئینگلیزە یەلام وا هەل ئەکەویت کە جارێك دەعوەتیکیان بو ئەکات لەویدا یەکی لەم ئەرستوکراتیانە لە بەرناردشو نزیك ئەبیتەوە و لە سەرخوی ئەلی : لام وایە باوکت جلك دروو بوو ، وانیە ؟ بەرناردوشو لەوەرامدا ئەلی : « بەلی ! » کابرای ئەرستوکراتی ئەلی : ئەی تو بوچ نەبوویت بە جلکدروو وەکو باوکت ؟ »

ئەو دەمە بەرناردشو رو ئەکا بەلایەوە و بەزەردە خەتەیە کەوە ئەلی .
ئەی باوکی توش پیاویکی زاناو هونەرمەند تەبو ؟ پیاو ئەرستوکراتی کە
بە لووت بەرزی بە کەوە ئەلی بەبی گومان . انجا بەرناردشو ئەلی : ئەی
کەواتە بوچ توش نەبویت بە پیاویکی زاناو هونەرمەند وەکو باوکت .

* ئەری خوتیاری هەژار تو کە ناوسکی زەوی هەلئەدریت بو
ئەوەی دای بچینی و برسیتی لە خوتو خیزانی رەشوروتت دوور خەیەوە ،
ئەی بوچی سکی ئەو زوردارە هەلنادرری کەلیتی دا گیر ئەکات ؟ بوچ
دلی ئەو کەسە هەلنادرری کە بەری رەنج و تەقەلاو چەوساندەوەت لی
ئەسینن ـ جمال الدین ئەفغانی .

* شیخ عەلی یوسف ئەلی :

هەر گەلی بەزمانی خوی بخوینی و عیلم وەرگری ئەو خویندن و
زانینە بە نەواوی بە ناو ئەو گەلە دا بلاو ئەبیتەوە . بەلام ئەگەر هاتو ئەو
گەلە بە زمانیکی بیگانە پیی خوینرا . هەر چەند کەسیکی فیری خویندن و
زانین ئەبی .

* ئەو کەسە آزادە کە داوای آزادی دیلان ئەکات . ئەو کەسە
ژیرە بیر لەشتیان ئەکاتەوە . ئەو کەسە دلشادە کەبو هەژاران
تی کوشیت . (جان پول ریختەر)

مەتەل

منداليك بە منداليكی تر ئەلی : « هو خالە ، من مامی تو ، بابی من
باپیری تو ! »

ئەگەر نەتزانی سەیری پاشی دیوانە کە بکە .

٢١

ئەزانیت؟

« هەریە کە لەم شیعرانەی خوارەوە هی کین ؟ کەنەزانی سەیری ئەم ژمارەیە بکە » .

(١) ـ گەردەپرسی حالی پەروانەی دلم، دوربی لە رووت،
والە سوتانا لە سایەی شەوچرای گوناتەوە .

(٢) ـ دل ئەبیتە قەترەیە خوین لە دیدەم سەر ئەکا
هەر کەرابوری بە دلدا سوحبەتی جارانی شەو

(٣) ـ هەتا وەك آ گری ژیرکان لە گەل یەك
ئەگەر توفان بی لە شکرتان بە پوشیك

(٤) ـ رورەشی دنیاو قیامەت ئەو نەفامانەن کەوا
هەجوی قەوم و میللەتی خویان بە پارەو نان ئەکەن

(٥) ـ گەل نەرەنجی لە خوینی ریژراوی .
نەخشی سەر روحە بەردی خوبناوی .

(٦) ـ میشی خالت نافری بەس باوەشینی کە بەناز
چونکە پابەندە بە شەهدی رومەتی زیباتەوە .

(٧) ـ بازاری دەهرە قیمەتی ئەشیا بەجیگەیە
میشی گەیشتە رووی نیگاری لە خال ئەچی

(٨) ـ کەس بە ئەشعارم نەلی خو کردیە ، خو کوردی یە .
هەر کەسی نادان نەبی خوی تالبی مەعنا ئەکا

(٩) ـ لە گوی‌ی گانوستوون بویە کە ریوی.
لە سەر ئیوە وەها شی گیرە وەك سەگ

٢٢

چون لە سیانزە سالیا ژنم هینا ؟

بەقەلەمی سەر کردەی گەورەی هیندستان: (ماهاتما گاندی)

زۆرم لا گراتە یاسی ئەوژن هینا ئەم بکەم کەلە ١٣ سالیا روی داوە. و هەر چەندە چاوم پە منالی ئەم بوەرەم ئەکەوپت ، ژن هینانە زووە ناوەختەکەی خۆمم ئەکەوینەوە بیر ، بەسبیلیان پی ئەبەم کەوا لەو پەنگەی پە ئیمەومانان دراوە رزگاریان بوە و ئیستەکەس زوری ئەوەیان لی ناکات کەبە منالی ژن بهینن .

هەر پە راستیش هەر چەندە سەر ئەهیتم و سەر ئەبەم هوبەکی ماقوول لە ژن هینانیکی زوو ، و ناوەختی وەکو هینەکەی خۆما شک نابەم. ئەو ئەوەی پە هەلە تەچن دیسانەوە ئەبیمەوە کەلە ١٣ سالیدا هەر پە تەواوی ژنم هینا واتی تەگەن کە ژنم دەست نیشان یا خوازبینی کردبیت !

لە (کاتیاوار) ژن هینان و خوازبینی کردن دوشتی پە تەواوی بە پەک جیاوازن و هەر پە کەیان راوەستیکی تایبەتی خۆیان هەیە . نیشانە کردن یا خوازبینی پەلینیکی پیشەکی پە باوکی کوور و کچ ئەیدەن پە پەک و پە هیچ رەنگی پەشیمان بونەوەی نیانیە . تەنانەت ئەگەر کوورەکە مرد

بەر لەوەی دەزگیرانەکەی بگوزێنەوە، بابچینەلای دایان هەر کچە دەزگیرانەکە یەبیوەژنی ئەمینێنەوە.

لەم کەین و بەینەدا هەر هیچ گوێی نادرێتە بیرو ئارەزوی منـــال خوێ بگرە کە بچار هەر ئاگاشیان لەو خوازبینی کردن و داخوازی یە ئـــەبیت کە کەسو کاریان بویان ئەکەن. من بەش بە حالی خـــوم زور لە دوایندا زانیم کە (٣) جار خوازبینم بو کراوە بی ئەوەی زانم کەی بوەو چون بوە. سەیر ئەوەیە دەزگیرانی بە کەم و دووەمم مردوون بی ئـــەوەی بیان ناسم و بە حال بیرمە کە خوازبینی کچی سەبە میان بو کردن ئەوسا لە حەوسالان تی پەرزی بووم. بیچگە لەمە نە بابەت ئەم خوازبینی دوایی یەشەمەوە هیچم لە بیرنیە. بویە لیرەدا هەر باسی ژن هیتانە کەم ئـــە کەم کە وینەیەکی دیرو تەواویم لە میشکدا ماوە:

سەیرا بووین، گەورە کەمان هەر زوو ژنی هینابوو کەس و کارمان دایین، کە برا ناونجی یە کەم و ئاموزایەکم و من هەر سیکان ژن بهینین. وەنەبی لە خوشەویستی ئـــەبو بیک هینانی ئارەزووی دلمان ئەمە بکەن نەبیا بو مەسرەف کەی و بار سووکی ژن هیتانی هەر سیکمانیان خستە پەک روژ:

ژن هینان، لای هیندوس، کاریکی ئـــاسان و سووک نیە بە کەسو کاری بووک و زاوا هەندی جار هەرمال و یران ئەبی! چونکە پـــارە و وەختیکی بی ژمارەی خویان لە ژن هینان یا کچ یە شوودا بزر ئەکەن. چەند مانگت هەر خەریکی جل بڕین و دوروون و جیازی ئـــامادە کردن

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەن هەر یەکەیان ئەبەویت پێش ئەویتر بکەوی لە زور و جوانی جیازو ناومال و جل و بەرگ و خوشی شایی و زەملوەنددا . هەروەها رقەبەری ئەکەن لە دورست کردنی خواردن و چیشتی چاک و رەنگدو رەنگدا .

بە زور گورانی بەژنان ئەلین ، بی ئەوەی گوی بدەنە دەنگ خوشی و ناخوشی ، ئەمەندەیان پی ئەلین تایا دەنگیان ئەنووسیت یانەخوش ئەکەون لەماندویەتیدا . ژن بەدەر و دراوسی تال ئەکەن بە ناوقیژو دەنگە دەنگ و ئەرک و بیگار ئەوانیش بەناچاری ملی بو کەچ ئەکەن ، چونکە ئەزانن چارەنیە زوبی یا دەرەنگ ئەوانیش ئەو کوستەیان ئەکەویت .

انجا دایکو باوکم وایان بە باش زانی کە ئەم هەمو ئەرک و مەسرەفە بخەنە پەک و بە جاریک بکریت ، دیارە ئەگەر ٣ شایی پیکەوەکرا لە ٣ زەملوەندی جیاجیا خوشتر پر بەزمترو کەم مەسرەف تریش ئەبی .

ئەوی ئەم بیری بە کومەل ژن هینانەی زیاتر جی گیر کرد ئەوەبوو کە باوکم و ملمم یەکجار پیرو پەک کەوتە بوبون و ئیمەش دوا کوریان بوین وایان لا خوش بو کە بەر لەوەی مردن پرریان بیاکاو خانەمان پی بشبوینی و شادیمان پی بکا بەشین بەم ژن هینانە سەکوچکەیە تیپر چاوی خویان روون بکەنەوە و دلی خویان شاد کەن .

بەکەن و پەلی جیازی ئامادە کردنا ئی گەیشتین کەوا روژی ژن هینانمان زور نزیک بوتەوە بەلای منیشەوە ئەوسا ژن هینان هەر نواندنی

جل و بەرگی جوان و رەنگاو رەنگ و تازە و ئەپل و دەهول لیدان ، شاپی و زەماوەند کردن، زیافەتی باشی لیواران خواردن و کچیکی یچکولەی ئەناسیاو بو باری لەگەلا مکەم و هیچی تر .. بەلام ژن مینان چەوچە پیویستیك ئەخاتە سەر ژن و میرد تا زور درەنگ ئەقلم یی نە ئەشکا . ئیستەکەش بە سەرهاتی روژی شاپی یەکەمم لە بیرە کە چون لە سەر کورسی ژن و میردی دانیشتین ، چون سویندی یەکتر خوشویستن و لەگەل یەکا راست بونمان خوارد ، چون ژن و میردە تازەکان توقل و شیرینی یان ئەکرد بە دەمی یەکتری یەوە .

ئیستەش لە بیرمە کە چون لەگەل ژنەکە دەستمان کردە پیکەوە ژیان، وەك دو منالی پاکی بی تاوان شەپولی ژیان فوری ی دابنە باوەشی یەکدی یەوە . هەر بەراستیش زور شەرمی و ترسنوك بووین تەم ئەزانی چون قسە لەگەل یکەم یاچی پی بلیم .

ئەوەندەی نەخایان هوگری یەکتری بوین و راهاتین چون بەرەواتی قسە لەگەل یەك مکەین ، لەگەل ئەوەشا کە هەردوکمان لە تەمەنیکدا بوین ، من هیچ دەغەلیم نەکرد لەوەدا کەدە سەلانی میردایەتی خومی پی بسەلمینم .

ئەوەم بیرچو بیلیم کە وەختی ژنیان بو هینام قونایی بووم ، لەگەل دوو برا گەورەکەم لە یەك قونا بخاتە ئەمان خویند ، برا گەورەکەم سالی لە ژوورمنەوەبو ، بەلام برا ناونجی یەکەم کە بە یەك روژ ژنمان هیناسالیك لە دوای منەوەبو ، بە هوی ژن هینانەوە سالی خویندنمان لە کیس چو ...

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەوەش سەمەتر بۆ نەوتخۆیە کەم هەر بە کەچارەکی وازی لە فوتابخانە هێنا .

ئەنیا هەر لە هێندوستانەیە مناڵ لەیەک وەختدا لە فوتابخانە بێت و خاوەن ژنیش بێ ، بۆیە مەگەر هەر خوا بزانی چەند لاوی هێندی دوای ژن هێنان وازیان لە خوێندن هێناوە . (وەرگێراوە)

تکا

تکالەو نوسەرانە ئەکەین کەووتارمان بۆ ئەنێرن پەیرەوی ئەمانەی خوارەوە بکەن .

١ ـ تایی بان ئەکرێت ووتارەکانیان کورت و پرمەعنایێت .

٢ ـ بە خەنێکی خوش و هەر لە دیوێکی کاغەزە کە بەمەرەکەب و بە ایتلایەکی راست بنوسن .

٣ ـ هەمیشە گەلاوێژ ترجمە پەسند ئەکات بە سەر نوسینا .

٤ ـ تا آگادار کردنێکی تر هەرچی نوسینی بۆ گەلاوێژ ئەنێرن بە ناوونیشانەی سلیمانیەوە بینێرن .

٥ ـ لە لایەن پارە ناردنی آمونەی گەلاوێژ و حسابانی داخلی و خارجی و ایشی گوفارەوە نوسین و مراجعە بۆ مدیری ادارەیە لە بەغدا .

سلیمانی : ابراهیم احمدی محامی

بنکەی ژین
www.zheen.org

٢٧

پیغەمبەر

بەقەلەمی شیخ محمدی خال

هەموو پیاویکی گەورەی هەل کەوتووی جهان کەلیی وورد ئەبیتەوە وە میژووی ژیانی ئەخوینیتەوە تی ئەگەی کە گەورەیی یەکەی هەر لە یەك رووەوەیە ، وەك (سقراط) و (فیثا غورث) ی یونانی و (کنفیسوس ی چینی و (شاملیون) ی ئەمریکانی و (میرابو) ی فرنساوی و (کاریبالد) ی ایطالیاییو (کوتم) ی هیندی کە هەر یەکیك لەمانە لە تاقە شتیکا پسپورر « متخصص » بوون .

بەلام گەورەیی پیغەمبەر (درودی خوای لە سەربی) وەك گەورەیی جهانی بی پایان وایە ، ئەمپەررو ئەو پەرری نا بینری،هەر روژەی گوشە ـ یەکی بوزانایان دەر ئەکەوی، وە هەر دەمەی لایەکی بویان آشکراو نمایان ئەبی ، کەوا بوو مەردوم نارانی لە چەروویە کەوە لیی بدوی

ئەگەر تەماشای بووردنو مهرەبانی و راستیو چاو پوشی و هیمنی و پیاوەتیو سەنگینی و بی دەماری و دل نەرمی و زمان شیرینی و لە سەر خوبی و دەستودە مودلپاکی و آزاییو نە بەردییو بەر چاوتیری و مەردوم نەوازیو داد پرسیو هەژار پەروەری ئەکەی ، ئەلیی : ـ ئەم پیغەمبەرە ـ یەکەمین کەسیکە لە جهانا کە سەر چاوەی رەووشتو خووی شیرین ، وە سەر مەشقی رەفتارو گوفتارو کرداری رەنگین بووبی .

ئەگەر تەماشای ژییرییو بییری بەرزو سیاستو ریك‌خستنی ئەم

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەموو ئیشوکاری گەورانە تەکەی کەلاوەی بیستو سە سالدا
کردوبەتی وە هەموو عیلو تیرەو هوزو خیلو تەپوە بەچوو خەزانی
دری بیکەوە خوسان وە کردنی بە کومەنیکی بەتین بیری ، بەتە آمانج وە
هەرچی ناکوکی و دوو بارەکی و نامەردیو ناپاکی هەیە لە ناویانا هەلی گرت
ئەلی : ـ ئەم پیغەمبەرە بەکەمین سیاسیەتک بووە لە جیهان کە هەموو
زانی خوی محت کردوە هەر لەبری نامیس خوری آدەمیزادا ، تا زانی
کە بەبی سوروشت و نەمیت و بانی قسەیەن لەگەل یەکا وە پچیتە نیو
دلی هەرووە نیادوە .

ئەگەر تەماشای خوا پەرستی تەکەی ، کە بە روز بە روژوەوە و
بە شەو شەو نویژی کردوە وە ئەمەنندە لەنویژا بە پیوە وەستاوە تا پی
هەموو ئاوسابوە وەلە سەعات روژمیر لەسەجدە دا ماوەتاوە و سەری بەرز
نە کردوە تەوە و ئەلی : ـ ئەم پیغەمبەرە بەکەمین خوا پەرست بووە لە جیهان
وەهیچی تری مەزانیوە تەنیا خوا پەرستی نەبی .

ئەگەر تەماشای آمادەیو خۆ ئامادەیی ئەکەی لە داوای پیلانی جەنگدا ،
کە چۆن بارو بنەوانەکانی ریک خستوەو دای هەبرانیوەتەوە کۆمەل کۆمەل
بە پی تەوژمدا هاتی کردوون وەلەکاتی گەرمبوونی جەنگدا خوی چوی
وەلە سەر کردەیەکی جەنگی چوەتە پاشەوە و سەنگی داوەتە پیشەوە ئەلی :
ئەم پیغەمبەرە بەکەمین جەنگەوەریکی قەوی دلیشخەر بووە وە
هەموو ژیانی خۆی هەرلە مکتبی جەنگیدا بەخت کردوە وە هەر لەم
رووەوە پیرۆز بووە .

ئەگەر تەماشای دەسوورو فەرمانەکانی ئەکەی کە بابەت پیغامبەر

گەوتی یەوە فەرموبەتی بەگوفتاریکی ریکوپیکو دل چەسپی وا کە هەموو کەسیکی دەست بلاوی بەرچاو فراوان بچینە دلو دەروونیەوە و پەی رەوی بکا ، ئەلیی : ـ ئەم پیغەمبەرە یە کەمین زانایەکی باشە کەوتی بوە کە هەموو ژیانی خوی هەر لەم روەوە بەخت کردوە .

ئەگەر تەماشای جمعە و منبری خطابی ئەکەی کە چواردە قرن لەمە پیش هەتی واسیوە وە وورد ئەبیتەوە لە ووتاری رەنگاو رەنگو گوفتاری گەرمو کورری کەلە سەر ئەو منبرە وە لە ناو کومەلاتی گەورە گەورەدا داویتی وە چوەتە ناو دلو دەرونیانەوە و کاری تی کردوون بەرەنگیکی وا کە زور لە شاعرو نووسەرو گەورە و سەر کومارەکانی عرب نەیان ویراوە بچنە کورری و عظو آموژگاری یەوە نە وەك دلیان نەرم ببیو مسلمان بین ، ئەلیی : ـ ئەم پیغەمبەرە یە کەمیین خطیب بوە لە جهانا وە هەر لەوروەوە پسپورربوە .

ئەگەر تەماشای پەزیشکیو حکیمی ئەکەی لەوکاتی نادانیو نەخویندە ـ واری یەدا وەلەو چولی گەرمیانی عربستانەدا کە هەرچی خویندنو خویندەواربی تیانەبوە وە سەرنج ئەدەی لەو دەستورە جوان جوانانەی کەلە طبادایناوە وە تازە ئەوروپایی یەکان پەیان بی بردوە ئەلیی : ـ ئەم پیغەمبەرە یە کەمیین پەزیشکیك بوەلە جهانا ، کە هەمو ژیانی خوی بەخت کردوە لە دوزینەوەی نەخوشیو دانانی ریگای پاراستنی ساغی وە هەر لەم روەوە زانایەکی هەل کەوتوو بوە .

ئەگەر تەماشای ریاضیاتو فلکیاتی ئەکەی کە چون قسە ئەکالە آسمانو زەوی و روژو ، مانگو ئەستیرەو ، بوونیان و رووناکی و هاتو چوو

بنکەی ژین
www.zhaan.org

چاوخشو خول خوارەنیسان دەلێن : ـ ئەم پێغەمبەرە بە کەمین فڵکی ـ
یەک بومە جیاوە وە هەر لەم رووەوە زانیو خاوەنی وە .

ئەگەر ئەماشای زانیێ چونێتی گوزرانی هەوای ناو ئاسمان و ئاو
ملس وطبقانی هوا ئەی ئەگەی کە چون قسە ئەکا لە هەورو سایەقەو
بەفرو باران و لەرزەو هەورە تریشقە دەلێن : ـ لەم پێغەمبەرە
بە کەمین زانایە ئەگەر سلەدا وە باوەڕ خوێ بە فرووڵ سەر کەوتووو
پەراوێزەی ئای زوورووی کردوە وە هەر لەم رووەوە ئاگادارێوە .

ئەگەر ئەماشای دانانی ئەو دەستور و قانونە جوانانەی ئەگەی
کەدای ناوە وە سەرا سەر پڕن لە بەختیاریی کامڕانی ئەمیزاد دەلێن.
ئەم پێغەمبەرە بە کەمین قانوون یەک بوونەک جیهانا وە هەرچی ژیانی
خوێ هەیە بە ئەوو بە ڕوژ بەختی کردوە لە دوڕ بەوەوداناڵی ئەم قانوونەدا
وە هەر لەم رووەوە هەل کەوتووەوەی ژین

ئەگەر ئەماشای هاکاڵی ئەکەی کە هەمیشە مسڵمانانی بە سیادیل لی
کردوە لە بابەت دەست خڕاو نوێژ و ڕۆژوو سج ز زکاتو کڕینو فرۆشتو
بارمتە دان و وەرگرتن و ئیجارە و نکاح و تەلاق و عیدو نەفەقەو رەضاع و
پەس کردنی میراث و دعواو بینات و قصاص و جنایەتەوە و وەرای ئاوە
نەبوەو دەلێن ـ ئەم پێغەمبەرە بە کەمین حقوقی یەک بومە جیاوە وە
هەموو ژیانی خوێ لە مکتبی حقوقا بەخت کردوە وە هەر لەم رووەوە
هەل کەوتوەکانی هەمتاوە .

ئەگەر ئەماشای جوانیی پەروەردگاری بەرهەمی هێنان و ئرینە و
ئەبەم و ئەی ئەگەی کەزانی وەک حضرتی بایشەی ڕۆکەیاندوە کەلە جوانی

گوچی پیغەمبەر لە ئەمەش هەڕەشەی ئایەوە ، گەچی ئیرەی ئایین ئیسلام
لە دڵی ئەوەوە وەر گیرابوو وە هەر خۆیان کە سەحابە گەورەکان ئەبان ـ
زانیانە ئەچون و پرسیاریان لەو ئایەتە کرد وە پیاوی وەک ئەبو بەکرو عومەر
عوثمان ، علی ، عباس ، معاویە و عەمروی کوڕی عاص ئی گەیاندوە ، کە هەموو
دو پاردەی میژوی جیهان بە ڕاستیو ڕەنگی و هوشیارییو ژیریو کار ـ
زانی بە داوو کارامەیی ئەوان پر کراوە ئەوە ئەلین ... ئیسلام پیغەمبەرد
بە کەمین کەسێک لە علی بەروەرشو بەردەم هیناوە کەوا ئەو عەجایبەوەـ
زانەی ئی گەیاندبو بەروە ردەی کردوە بەروونا کی ئایەتی ئیسلام شریفەی
لەمیشکیان داتا هەرو مان حوکمی بەخش کرد ، لەبری فەرمانی پیغەمبەرا
وەە ژانی ئەوا عربستانیان پاک کردەوە لە بتکانان وەلە جیای کوچ کرد ـ
نیش بە حەفتا هیجەدە سال بەداخی ئیسلامیان هەن دا لە چینەوە تیا
ئیسپانیاو فەرانسی دەریای ئەتلەس ، وەلە ڕۆژهەڵاتەوە تادەریای هیند کە هەموو
میژوو شناس جیهان وە هەموو فیلسوفزانایی کۆمەڵایەتی ئەو عالەمای
ئیجتماع ناکەس و سەراسیمەن لەبایەی ئەم بڵاو بوونەوەیە لەو چەن سالە
کەمەدا ، ئەمانە هەموی بە هۆی ئەو پەروەرشو بەردەم هیناوەبوە کە
ئەو پیغەمبەرە نازدارە کردویەتی ، هەر بەم ڕەنگە لە هەر گوشەیەکەوە
کەوردە ئەبێتەوە لە ئەوردی پیغەمبەر زیریو بیر بەڵی ئی ئەبا ، وەئیسـا
توانی بە دەوری بسوورێنەوە . کەوابو پیغەمبەر ئەو درودی خوای لە
سەرێتی ئەو پەکێکە لە خوا پەرستو گوشەگیر ، سیاسی ، سەربازی ، فەرما ـ
نەر ئەبێت ، خەلیف ، پەزیشک ، طبیب ئەبێت ، زانایەکی پیشە کاری و

کومەلایەتی ، ریاضی ، فلکی ، قانونی ، مرشدو مربی ، قاضی حاکم ، پیشەوا « امام » ، پاشایەکی امپراطور بووە ، هەر وەك پیغەمبەریکی پایە بەرزیش بووە . جاکەوا بوو دەربای گەورەیبو زانایی پیغەمبەر ئەمەندە فراوان و بی پەیە ، ئەگەر هەزاران زاناو فیلسوف و هەل کەوتوو داوینی بو هەل کەن ناگەتە ئەو پەردی .

چەدلیلی لەم دلیلە گەورەترو بەهێزتر هەیە لە سەر پیغەمبەریتی ئەم پیغەمبەرە . نەخوێندە واریکی جیان نەدیدەی بی باوکی هەژاری ، بی پشتیوانی ، بی گەیشتوو ، لە دەشتی چوڵی ، گەرمی عربستانا لە نیاو هوریکی جانەوەری ، کیوی ، بت پەرستی ، بی ویلی ، بی دەووشتو خووی ، خاوەن پرو پووچا اخلاقیکی وا بە سەر آدەمیزادا بینی لە ماوە بەکی زور کەما ، هەرچی عادتی آیینی و کومەلایەتی « دینی وملی » بەشی زوری گەلاتی سەر زەوی هەیە هەل گری ، وە عادتی آیینیو کومەلایەتی خوی لە ناو دلو دەروونیاتا بردوینی و جی گیری بکا ، وە بگا بە پایە بەك چوار سەدو پەنجاتا پینجسەد ملیون آدەمیزادو لە هەموو گوشەو کە ناریکی سەر زەوی یەوە شەوو روژی پینج جار لە نویژا ناوی پەرامبەر بە ناوی خوابیەن وە گەواهی « شهادة » لە سەر پیغەمبەریتی بدەن ، وە هەرچی زاناو داناو فیلسوفی تی گەیشتووی سەر زەوی هەیە لەکاتی ناو بردنی ئەم پیغەمبەرەدا لە بەر گەورەیبو یە سامی سەری شەرم و حیادابنەوینن .

دیوانی گەلاوێژ

وەرامی سالم

جانم فیدایی سیروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر
ئەی پەیکی موستەعید لە هەموراهی پرر خەتەر

ئەی میروەحەیی جەمالی مەهاسایی دلبەران
وەی شانە زەن بەکاکولی تورکانی سیم بەر

جاررو کەشی مەنازلی جانان لە خەلوەتا
فەرراشی فەرشی نەخشی بەهاران لە دەشتو دەر

مالش ئەدەی بە دەم لە دەمی خوابی سوبحدەم
هەم زولفی قیرەگونەو هەم چیهرەیی قەمەر

وەقتی تەوافی عارزی دولبەر شنویی تو
لە غزش ئەخا بە تووڕە لە سەر تا بە پی کەمەر

کەی دیتە خەندە خونچە دەمی بی وەزیدەنت
گەرتو نەبیت ؛ دەرەختی چەمەن ناگری سەمەر

ئیحاکونی جەمیعی نەباتاتی عالەمی
ڕەعنا کەشی لە تەربیەتی قامەتی شەجەر

ئابی حەیات و ئاتەشی ئەفسەردەیە دەمت ،
تەحریکی تویە گرر لە تەنورا کەدیتـــەد ر
باری بە سیروەکەت بشنی ئەنگەبینی گەز
گرتویە جونبشت بە هـــەم آغوشی نەی شـــەکەر
میحنەت ئەوەندە زورە دلم هیند، تەنگ بـــوە
دوودی هەنا سەکەی سەحەرم هەوری گرتە بەر
هیمەت کە ، چـــابوکانە بە ایجرایی مەتلەبم ؛
لەم سەر برو بەرید و لەوی بی وەکو تەتەر
بومولکی شـــامە ، نامەیی من سوی « نـــالی » یە
هەر حەرفی ئەو لەوەزعی ولایەت ئەدا خەبەر
پرسیویە زاهیرا لە رەفیقانی یەك جیهەت ،
ئەحوالی ئەهلی شەهرو رەفیقانی سەر بە سەر
لەو ســـاوە حا کمـــانی بەبە دەر بـــە دەرکزان
نەی دیوە کەس لە چەهرەیی کەس جەوهەرو هونەر
تا بو بە جایی مەتلەعی خورشیدی بەختی روم ؛
سوتا گیاو توشنەو خوشکیدە بو سەمەر
نا کەن هەوایی هیچ کەبابی زەلیلی شار
بریانە بەس لە ناری خەما پارەیی جگەر
جوز گاه گاه ناله له ئەیامی رومیا « ن »
نەمدیوە وابی لەعـــەدالەت بەنی بەشەر

«سەیوان» پررە لە شەخسی ستەمدیدە خوارو ژوور
هەر قەبری پرر خەمانە بە هەر لادەکەم نەزەر
جیی ترکەکانی روومە دەرو ژووری «خانەقا»
غافل هەمو لە جایی موریدانی باخەبەر
ئەو «حەوزە» پرردەبو کە وەکو چاوەکانی تو
تەغییرە آوی وەك دلی مەردانی پرر کەدەر
ئەو «دەشتە» جایی یاری ی یارانی «حوجرە» بو
یەکسەر مەقامی روومیە هەر وەك تەیی سەقەر
سووتا دلم بە حالەتی جوباری «سەر چنار»
لیلاوە چەشمەساری وەکو چاوی بی بەسەر (بصر)
زستانی ئەوەلین بو دررابەرگی «شیخەباس»
روومی ئەوەندە شوومە لە شەخسیش ئەدا زەرەر
وەك پیری کونەسالە خەمی داری «پیرمە سوور»
مەشغوولی لەغزشە هەمەجا پیاپی تا بەسەر
ئەو بەردەکانی ناوی ترا فنی شەخسەکەی
دایان بە شاخی دارەکەیترکی بی هوتەر
وەك چاوی پررغەمانە هەموو «شیوی آودار»
بەس موشەکیلە لە چەشمەیی ئەو قەترە بیتەدەر
ئەو سامەکانی آسکەبو «کانی آسکان»
ئیستە لە دەنگ و رەنگی و رومی پررە لەکەر

ئیمرو فـــەزایی بازی یەکە ، جایی رەهزەنە
لەو دەشتەدی لە غـــەیبەوە آوازی « ئەلحەزەر »

تادوزدی وەختی نیمەشەبن تورکی بی نیزام
دزدن هەموو لە خەرمەنی مونعیم وەکو شەرەر

شاریکە پررلە زولم و مەکانیکە پرر لەشین
جاییـــکە پرر لە شور و ولاتیـــکە پرلە شـــەرر

سەربانی پررلە کەژدوم و دیواری پررلە مار
کولانی پررلە رەهزەن و سەحرایی پررخـــەتەر

دل نـــایەنی بـــلیم چیە ســـامانی « حوجرە کەت »
هەر تـــاری عەنکەبووتە حیجابی بیروون و دەر

نابە سەدا پەنجەرە کەی جوزفیەانی جوغد
غەیرەز شـــەقامی موور نیە شـــوینی پی گوزەر

توخوا بلی بە حەزرەتی « نالی » دەخیلی بم
بەم نەوعـــە قەت نەکا بە « سلەیمـــانی » یا گوزەر

ئەم مولکە نەزمی نابی بەبی زەبتی واریسی
بی ئـــەو بە قـــەسدی ئـــەم تەرەفـــە بانەکا سەفەر

« سالم » سیفەت لەبی کەسیا بانەبی هیلاك
من کردم ئەو نەکا لە خەما خوینی خوی هەدەر

٤٥

بانگی بەیان

پیرە میرد

پیروایفتادە و رەنجوور و خەمبار
بی هیوای ژین و ژیان ، نالە کار

لە دەست بیدادی شای تەقیانووسی
تەأریخی مەرگی خومم ئەنووسی !

وەك دەرویشە کەی گولی زرپبار
کەول پوستی خوم کیشابوە کەنار

مەرزی کوردستان تارو شەوە زەنگ،
شاری خاموشان،بی دەنگ،بی آهەنگ

تەختی تەخت بوبو « بابا ئەردەلان »
کەلاوەی کاول « پەی کول » بەردەلان

ئینجا لەقاپی شای پەروەردگار
آهو هەناسەی پیران کەوتەکار ؛

ناگا ئاسوی شەرق بە شەبەقی نوور
وەك خوینی جوانان بوبەتارای سوور

من بویه ره‌نگی سوورم خوش ئه‌وی
مژده‌ی شـه‌به‌قی لی ده‌ر ده‌که‌وی
سه‌دای سه‌لاو بانگ آوازه‌ی شادی
ئه‌و شه‌وه‌ی کرده روژی آزادی

« له ژینه‌وه »

کویرچاو ساغ

سه‌لام

دو پیاو هاوڕی بون له ئیشو کارا
خاوه‌ن پیرو هوش ناسراو له شارا
یه‌کیکیان یه‌کجار پیاویکی ژیربوو
دا ناو دانیشمه‌ند پڕراو ته‌گبیر بو
واریکه‌وت کویر بو دانا دوو چاوی
داما له مالدا به‌دل داماوی
ره‌فیق چوبـولای ره‌فیقی دانـا ،
سه‌ر خوشی لیکرد که چاوی دانـا
له دوای سه‌رخوشی ره‌فیقی شیرین ،
سه‌ری هه‌لبڕی دانای دل خه‌مگین .
وتی : ئه‌ی ره‌فیق وه‌ها مه‌زانه ،
که‌من کویر بونم له‌لاگرانه !

دو عام بو بکه کەربی هەر دوو گویم ،
لال بی زمانم بشکی دەستو پیم
هەمو ئەندامان بی کەلك و کارە ،
بو دەردو زوخاو بارو سەربارە
کویرایی دابی بـا هەردوو چاوم ؛
دنیا نەبینم هەتا کو ماوم
چاومان بوچی یەکا کەمنو تو ؟
دەرپەرری سپی وەکو بلقی دو !
یەك پیاو نابینی بە سالی دو چاو ،
یەك سات ئەبینی سەد هەزار ناپیاو
پیستی تەپلی گویم واشی هەلینی
بەرەنگی کەریم کەس نەمدوینی !
نەبیسم باس و قسەی ئەم و ئەو
بی فـەرق بی لەلام روژو نیـوە شەو
بە کەرر و کویری سەرف کەم ژینم ؛
نە هیچ ببیسم ، نە هیچ ببینم
چاو پیاو نەبینی ، گویچکە نەبیە ناو
دەبا کەربی گویی ، دەبا کویر بی چاو !
دەرد بەدل ئەدا بینینی ناپیاو
وەك واتەی بی سود جەرگ ئەکابە آو .

٤٨

غەزەل

ئەدەب

ئەی یادی لەبت هەمدەمی شەوگاری درازم !
وە زولفی خەمت یەکبەیەکی مەحرەمی رازم !

شەوگارە لە خەودا بە خەیالی رو خ و گیسوت
گا مەجمەرە ئەفروزە دەمی چ ەنبەرە سازم

تیری موژە دلدوزە غەمی هجرە جگەر سوز
تو خوت بدە انیساف دەگەل کیهە بە سازم

هەر چەندە برابی کە اومیدم لەجەنابت
دیسان بەسەری زولفەوە پر دەست نیازم

مەی روخی زیبات بە ئەفسانەی زاهد
دەرناچی لە دل زەمەنی بیهودە چەلازم

مەحکومی بەندە بە شاە رەسمە بەلامن
محمودم و بەندەی سەری دووزولفی ئەیازم

کەعبەی ئەمەلی ئەهلی وەفا توی بە حقیقت
بنوارە چلون غەرقی بیابانی حجازم

بەم تەرزە کەتیرت لە دلی مەگوزەری کرد
زیبندەیە بەودەست و کەماندارە بنازم

هەر تاوە بە رەنگی بە « ئەدەب » خوی ئەنوینی
هاوارە لە نەیرەنگی بوتی شەعبەدە بازم

٤١

بەراستی ایمە، دل رەقین!

قلادزە : دلسوز

« صالحە زەولە » ی باوکی لە پارە کەوە مردووە و ، ایستە هەتیوە .

« رضا » مندالیکی ایسك سووك و خشپیلەیە ، هەر لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا ئەبی ، زور زرنگو ایش کەرە .

« آیشوك » ی خوشکی ، ئەوە دوو شەوە دەری کردووە ، نایەلی بچیتەوە ماڵ .

شەو لە چای خانە پاڵی بە کولە کەیك دابو ، دەی نواریە چرای چاخانە کە کەبە تەنك بە بن میچی چای خانە کە هەڵواسرابوو ، کزەیەکی تی ئەدا ، دەمی کزدەبوو ، دەمی خوش دەبووەو دەکەوە کفە کف : کەلەماشام کرد دڵم بوی کزایەوە . زانیم بەم مندالیەیەوە ، چ لە شنیك دەکاتەوە ، بی گومان گری یکی دژواری وا لە دلدایە ، خەریکە بەمیشکە بچکولە کەی حتی بکا !

ایم پرسی « رضا » دیارە امرو حوت بە گوریوە ، جلکە دوو کە لاوبو چلکنو چەورە کەی شا کرد کە باب چیەنیت ، هەر لە بەر دایە : » .

« بەلی ، « آیشوك » ی خوشکم دەری کردووم ، نایەلی بچمەوە ماڵ ، بوی بیم تەکرا خوم بگورم . » ، « بەلە ، ئەوە بوچی دەری

بنکەی ژین
www.zheen.org

گردووی ... و ... و نوران ، دهل ... و دهی شا گرد که بابچه‌ی بکه‌ی ،
چلکو کلن خربکه‌یه‌وه ، بچی شه‌کرو چایبر کو بالیش وه‌رگری ، تای
روژی هیچ رابوه‌سی ! ... ، ایستاش که‌من هیچ ر نه‌وه‌ستاوم ، له
سه‌یه‌ی زووه ، دووای نیوه‌رو له که باب خاک ایش ده‌کهم . و گه‌یام
پی ناوه‌تیق ده‌کهن . روژی ... ، ... قسی له‌وه‌ستام وه‌رده‌گرم ، هه‌مو
نیوه‌رو وه‌یانیش و ستا ... احد ... نو که بابکم ئه‌دای . ئه‌مرو ... ناردان
چوومه‌وه ... مال ... ، ... دله‌که‌م داپه‌خوشکم . له دووای نیوه‌رو سه‌عه‌ت
... تایانه ... یه‌کی سه‌وداپی پر ته‌هه‌نارم به نیوه‌پی بو ... گه‌زو ... ی
فروشتووه ، ئه‌وه‌نده‌ی پی گیرم ، هه‌مو پی یه‌م خربو . و ده‌نگم سه‌واوه
پای ... ۱۷۰ ، قاسم لی فروشت ، نیوه‌یم له‌بو خوم گیراوه و سو - که‌ن
دیکه‌تم داپه ... گه‌رو ... ی . نیگه‌ران و ... ، قسی خاسا گرانه‌که‌م
روپیه‌کو ... ۱۰ ، قاسی تریشم له‌بو ... ایشران ... ی برده‌وه ، که‌چی هه‌ر
لیشان قایل نی‌یه ... ، .

... بوچی ایو . چه‌ند که‌من ، گوزه‌ران ناکه‌ن ؟ ... ، ... ایه‌ جوان
که‌سین ، سه‌براو خوشکیك . ... ، ... ای برام ئوکیشی ... مولوده ...
چاچیه خوشکه‌که‌م ئه‌ی ملان دنیر ایش که‌سیکیش بی ده‌ی ... ،
جارو باریش ده چینه باریزان ، برا بچکوله که‌تم زور له‌من منداله‌ره ،
تو هیچ ایشی پی ناکری ؟

... ، ... که باوکشان مرد هیچی له‌و همی نه‌بیشن ، خزمه‌ت
شلیه‌ته ... ، ... ناوه‌ ... که‌ورنه‌کو ایبکیش بو همی ته‌هیه‌تووین ، بابه‌ان

ه‌ر ـ نا مرد ؛ ئەو باشتر لەگەڵ بوو ، یەمان هەمی بەڵێ ! ه‌ ه‌ ئەی
ایت گەلەگۆی ؟ ه‌ ه‌ چاوه‌ ڕێی بکەین تاوێ تارستان دەروا ، ئەو کاتی
ه‌ارا دەرمان دەکەن . ڕەنگە ئەم یەفارەی هەمومان بچێنێوە دڵی
(ڕاپم آوا) ێ ، دەچێنەوە لای باوەژە (زۆر خاش) ەکەیان . ه

ه‌ (ڕەتاڵە) کە خۆشکت دەری کردووێ ، ئەی ئەم ئیوارە ئاڵت
لەگەڵ خوارد‌ووە ؟ ه‌ ، بە خودای ماڵ وەستا (عزیز) ی ئامۆزا چوار
ڕۆژان بوو لە سەر کۆلیەیەکی دانام ، ئەو دەم بڕسی بوو ، خۆرا خواردم !
ئەی شەو لەگەڵ کێ دەفرۆی ؟ ، شەوێ دێی لە ئاوەندی بازار (بازڕ) ێ ،
لە سەر لاپەنێکی تەم چاخانەیە نوستم ، ئەم شەوێش خەوێکم ڕای ئی
بکەیتەوە !)

* * *

کە ئیوارە هاتی (ئیشوك) چۆکەکان ، دەڵە سەرمان ، ئەڵێ کە
بەڕۆ کە کێش ڕادەگەیەنێ چێژیان نیە . گەڵ جار هەر سەیرە بۆی ـ ئەرمەنە کە
هەرشـــانزە سال ، وە عوالله ١٢ سال ، وە ڕضا ١٠ سال ، وە (محمد) ی
ڕا بچکولە کەشیان هەشت سالان دەبێ ـ بە دەوریا قووت ئـــەبنەوە ،
ئەویش لە ئاوەندیان دا ئەنیشی ، هەر دوو دەستی لە ئـەژنو (چوك) ی
وەردەهێنی ، بە خەمگینی تەماشای ڕوخی سواندە کە ئـــەکاو لە سەری
کولانە کە ڕرا دەمێنی . ماڵەکانی چوار دەوری هەمو بە سەریان‌دا ئەنوڕن ،
بە نسبەت ئەوان زور دەوڵە مەندن ئەگەر ابوارەیەکی بە خیالیاندا بێن ،
بە فاپیك چیشت بە سەریان دە کەوە . لە بڕسان هەمویان پەلاماری ئەدەن

بە تایبەتی برا گچکە کەیان دەستو پەنجەکانی هەمو تیدەنی !!

* * *

ئەگەر کەسیکی نەختی دل نەرم بی ، بەزەی زور پیانا دیتەوە . بەلام بەراستی ایمە ، دل رەقین !

خیزانیکی وە هاسە چوار سەلکو بنك ، نانی روژیان پی پەیدا نەبی ، بی کەسو بی دەرەتان بن، آوریکیان لی نەدریتەوە. سەکورر لەشیان پیس- ببو پندیان بکەوتیو ئەسپی بیان خوا ، ئەمە چون پی دەگەن ، و ئولفەت پیکەوە دەگرن ، وە چون لەگەل یەکدا تەبا دەبن ، کەی دلیان بەولاتو ملەت خوش دەبی ، وە کەی پەی رەوی ئەم بەندوو باوەی دەکەن ، کەبە عەردی خارای دا بردووتە خواریو قاچو دەستی شکاندوون ؟!

چون پەردەی ناموس لانادریو بەد رەووشت نابن ، وە انسانی خراپو نا پەسند چون چاویان لی زەق نا کاو ددانیان لی ناسووی ، وەك گورگ چون پرر ناداتە ئەم بەرخولە کورپانە ، وە لە دووا روژدا چون (کوو) ئەوانیش نابنە دزوریی گرو پیاو خراپ ؟!!

بوچی ئەمانەو زوری وەك ئەمانە ، بە ترسیەتی سەر بنینەوە ، بە زوری بو خوا لینەوە ، بەجا هیلیو هەژاری بمینەوە ؟ آو خیرومە ندیك پیاو چاکیك ، کومەلیك ، ایما نداریك نیە ؟ چاویك بە کوو بو قوژبنی هەموو وولاتدا بگیری وەك ئەم بی تەواو بی کەسانە کو بکەنەوە و دەستیان بگرنو بیان لاوینەوە !

کاشکی لە هەر شاریکی ولاتمانا ، قوتابخانەیکی گشتی هەتیوە هەژا- رەکان ببووا یەفیری خوپاراستن ، خوبنـــدن ، نیشتمان پەروەری ، شت-

دروست کردن ، سەر بازی بکرایان ، ئەمجا ئەتان زانی لەم کەساسانە ، چی رولەپیکی ! شیر پیا کو آزاو ، دانو زانو وولات پەرستیان لی دەهاتەکایەوە ، کە وەك بەیداغیکی لەروژیکی پیروزدا بە سەر قوونکەیکەوە هەلیکریو بلەرینەوە ، ئەوها تاو تاو بانگیان قوناغ بە قوناغ دەروی !

بەلام ایستا لە لایەن زورمانەوە وەك شیریکی ژەنگاوی لە بەنا کەلدووان کەوتوون ، وەیا وەك بەچرە پشیلەی ساوای تازە چاو پشکووتوو ، کەلە شەویکی تاریکو سەردو قوراویدا ، فری درابە کووچەی کولانەیکا ، نەنوورانەوە ، بە میاوە میاویان مان دەکەوینە بەرگووی ، ونە دلان نوزی بویان دا ئەچلەکی «١»

«١» لامان وایە ئەگەرچی ئەم فرمانانەی کاك دلسوز دایان ئەنی بو چاری هەژاری لە نیاز چاکی و دلسوزی یەوەیە بەلام تابانەم کوتەوە بیت و تا کومەل لە سەر ئەم ری یەی ئیستەی بروا تە هەژار خانەوتە قوتا بخانەی گشتی هەتیوان چاریکی بنەبری ئەم دەردە کومەلی بە تاکات چونکە ئەو شتانەی ئەو گلەیی ئەکا لی یان بەری ئەم کومەل و ئەم جوری ژیانەی گەلن تا ئەم تەرینە نەگوریت ئیمرو دە هەژار و هەتیو بە سەر بکەیت سبەینی سەد دینەجی ی چونکە آو لە سەر چاوە وەنیلە گەلاویژ

وەرامی لاپەرە (٢١)

١ و ٦ ی ملا محمدی بی نوە کەبە ، ناری ٩ ناوی رویوە ٢ م . نوری ٣ و ٩ حاجی قادری کوی ی ٤ ـ احمد مختار جاف ٥ ـ زیرەر ٧ ـ احمد حمدی ٨ ـ نالی

گەلاویژ و خوێندەوارانی

« گەلاویژ گوڤاری خوتە پرست چی‌یە پی‌ی بکە ، سکالات چی‌یە بوی بکە ، گلەییت چی‌یە لی‌ی بکە . »

(کویسنجەق ـ ماموستای مەکتەبی دووەم محمد ئەمین مەعروف)

ئەو چیروکەی نوسەری بەناوبانگی سوڤیات (بوریس گورباتوڤ) کە بە ناوی (لەکاتی بی شەری) یەوە کرد بوتانە کوردی و بو بلاوکردنەوەی نارد بوتان بو گەلاویژ . داخمان ناچیت دو جار لە گەلاویژا نوسراوە ؛ یەکە مجار لە ژمارە (٤) ی سالی (٦) دا لەلایەن عثمان مصطفی وە بەناوی (نامەی سەربازیکی سوڤیتی) یەوە ، دوەمجار لە ژمارە (٧ و ٨) ی سالی (٦) دا بە ناوی (بەر لە شەرر) ەوە لە لایەن (ف ف . ، ب) وەکراوە بە کوردی . نەك هەر ئەمە لە ژمارە (٩) ی سالی (٦ یشدا . لە لاپەرە (٥٩) دا آگادار کردنیکی کاك ع . عزیز هەولیرمان نوسیوە لەم بابەتەوە کە گلەی دو بار نوسینی باسیکی لی کردوین بویە ئەبی لیمان بوورن کە ناتوانین سە یەم جار بی نوسینەوە .

جا یەم بو تەیەوە دیسان بکا لە نوسەرانی خوشەویست ئەکەین بەر لەوەی وەختی ترخداری خوبان بە بەرجەمە کردنی وتار یاچیروکیکەوە خەریك کەن کە بو گەلاویژی بیرن چاوی بە گەلاویژا بخشین نەوەکا بەر لەوان نوسەریکی تر کردبیتی بە کوردی .

(خانەقی ـ غازی عەسکەر کەمال)

ئەو وتارە نابایەی ، یە ناوی (وە جیزەیەك لە ئەهدافی و نەتیجی و تاریخی دینی عالمی) ە وە ، کرد بوتان بە کوردی ، و بو بلاو کردنەوەی بو گەلاویژتان تارد بو ، گەیشت داخمان ناچی ئەمان توانی بلاوی کەینەوە بو ئەوەی خومان و ئیوەش لە گەلی دەوردی سەری رزگار کەین جاتکا ئەکەین لەمەولا ئەو وتارانەی بومان ئەنیرن هەول بدەن دینی نەین.

(بەغداد ـ عوسمان مستەفا)

ئەو چرو کەی لە ژمارە ٣ ی سالی ١٩٤٥ گورفاری « الغد » ی فەلەسئینی یەوە کرد بوتانە کوردی زور جوان و پەسندە و بەدلی گەلاویژە بەلام بو ئەوەی بنوسریت ئەو زیاتر لە ئەسلەکەی بچیت و ئەوەندە دەستکاری نەکری و نای بەتی ناوەکانی نەکرین بە کوردی انجا ئەگەر وای ئەکەن آمادەین بو بلاو کردنەوەی.

(بیروت — جلال سعید خەیلانی) ئەو پرسیارەی کردبوتان (بوچی گەلاویژ بەلاتینی نانوسریت ؟ پرسیاریکی زور بەجی یە وەرامەکەی ئەکەین بە ووتاریکی تایبەتی.

پینجوین ـ حەلاو ١ ئەو نوسینەی لە ژیر عنوانی (خەو) دا نارد ـ بوتان لە ژمارە ٥ ی سالی ٦ ی گەلاویژدا لە لایەن م . محمود دوە لە ژیر عنوانی (لە دنیای خیالا) نوسراوە.

وەرامی مەتەلەکە

پیاویك کوریکی هەیە ، ژنیکیش کچیك ، ژنەکەمیرد یە کورد کەو کچەکەشی میرە پیاوەکە ئەکا . لەم ژن بەژنەدا هەریەکە کوریکیان ئەیمت انجا خوت لیکی بدەرەوە

٤٨

دەك شەرمەزار بیت!

احمد شالی

— — —

دەك شەر مەزاربی ، وەك شەرمەزاری بەلام هەر خوت نـــامنیش لەگەلتا زور شەوان بە داخی داختەوە شەوم کردەوە

ـ بەمە لە ئو فرمیسکی خوینی چـــاوما ، خـەفەتم برتو خوارد کە خەفەت باری .

بوچ لە أول روژدا دەرت نەکردم ؟

بوچ آورت لی دامەوە ؟

بوچ بەم روژەت گەیاندم ؟ ... بوچ بوچ ؟ .... وە بوچ ؟ آی ، کاشکی ، هەر ئەم دیتایە .

بو خوم وەك یەبولەیەکی بی باك وابوم ، ئەم گول آوە شـــیر نەکەیم ئەمزی کە تیر ئەبوم ئەرویشتم بەو گولەوە ئەنیشتمەوە ، بەلام ئەمیان لەویان بە هرەدارتر ئەبو .

ئەم بو ئەو تا گەیشتمەتو . ئوفسیرت کردم ـ بەلام دلداری تـــا ملی ری ی مردن گرتن ، بە دەستی خو ، خو کوشتن .

بەلی وابو ، وەوایە :

بە بالی نەرمی ناسکی وەك پەرەی گوائەوە نیشتمەوە تا گەیشتمە ئەو پەری پەرزایەتی ، لە ژیر سیبەری ناری جولانەوە تا پەرزترین آشیانەی

بنکەی ژین
www.zhenn.org

خوشیت بوبی کەوە نام ، بە سەر پەنجەی لاروله تجەی نازئەوە وەکو پەپوله پاپزەی دەم بەگەنم خوشیتم گرتبو بەدەمەوە لە هەر کوی پەك بویتایە گەنمت بوم .

آی چەند خوش بو :

بەرام بەر شەوی زلفت دانیشتبوم .

لە آگری کولمی سورت خوم گەرم ئەکردەوە .

لە سەر چاوەی چاوە کانت آوی چرای ژینم هەل ئەهینجا .

لە پیالەی آوی ئەزەلیم ئەخواردەوە .

سەرم بە هەنا سەتا گرتبو کە تورومیای گەرانی خوینی دەمارەکانم بو .

چرای شەوی تاریکم بوی ، ری پیشان دەری شەقامی ژین .

آگری دەورە دراو بە لە ژیر دەرهاتوی بە فروبارانو سەرماتوم بوی .

بە خوا بالابوم لە سەر لوتکەی ئەلاری ژین نیشتبووە .

موچرکم پیادی وەك بی ناو آو آو ئەلەرزم کاتی بیری شەوانی رویشتو ئەکەم نەختی میشکت مانگو کە بیر لە ژیر وەستانی ترپە ترپی تیشکی مانگی زیوینی جارانی شەوان بکەرەوە .

ایستاش بەلی تا ئەم کاتەش لە گویا ئەزرنگیتەوە دەنگی نابلیم وورشەی دانە سپی وورده مرواری کانت کەنە ترسا ئەیدا لە یەك بە لەرزەوە ایستا بەئی ایستەش وا کە وتوم پەرو بال سوتاو بەری فرمیسکی چاوم بەدەردەوە زوخاوی دلمی پی ئەشومەوە ، کزومات سەر شورو دەست بە ئەژنوە هیلانەتیك چو دانیشتوم ئەلاوینمەوە بوچی ؟

بو روژانی را بوردوم ، دەوازم لی بینە .

نامدوینی ؟ نام ناسی ؟ وە ئەش لییت نەم . نەم ناسیوی ؟! باوابی !

خوردی گریانیشم لی نا گری ؟!

بیرشت نەکەم ؟!

فرمیسکیش نەریژم ؟

لە سوچیکیشا خوم حەشار نەدەم کەنی پەریت چاو بکم بەوبالا شوخو شەنگو بالایەت بکەوی ؟! ؟!

ئەی چی بکەم ؟

دەبـــلی لیت خـوش بوم ! ٥ روا نا کەم ئەی دارەقی کافر دەك شەرمەزاری آفرەت آ گری سورت هیناوە ؟

ژین بیست سالەیە

لە روژی « ٢٦ » ی کانونی دووەمی « ١٩٤٦ » دا روژنـــامەی « ژین » ی تەژاکاو بە پیروزی و سەر بەرزی لە آسمانی کوردەواریدا پلەپلە بە آوازی دارفینی پرنیازی سەر کەوت ، بە نوزدە سال لە نوزدە بە هارا ژیانی خویو ئەدەبیاتی قەومیکی ژیاند ، لەو روژەدا ، بەزمیکی خسرەوی بو پی ی نانە « بیست » سالەی لە لایەن ماموستا پیرەمیردەوە لە شاری سلیمانی بو گیرا ، بەم هەردە فەرموی لە گەلی کەس کرد بو ئەم شادی یە : ـ

فـەرمو با ایوەیش بەشتـــانی تیابی

یا خوا زوو روژی وەهـای لە دوایی

ئەوانەی فریا کەوتن شادیان پی شادبو ، ئەدانەی دورەدەست بون دەرون و دیدەیان پی روناك بو . سوپاسی ماموستا پیرەمیردئەکەین .

بوپیکەنین

یەکەم ـ کورە کانت چۆن .

دووەم ـ یەکیکیان ژنی هینا و ئەویتریان لە سایەی خواوە چاکە.

* * *

ـ زینەب خان ئەهیزیت؟

ـ نـأ .

ـ ئەی تۆنەتوت خوازبینیم کردوە ؟

ـ با ، بەلام کەدیم مانگی ١٠٠ دینـار ئەدا بە ژنە جـلدروە کە یەشیان بومەوە .

ـ ئەی چی ئەکەیت ؟

ـ ژنە جلدرود کەی ماوە ئەکەم .

* * *

دو بەنگ کیش :

ـ دوینی لە قاتی چوارەمی خانوە کەمانەوە بە تەپـلی سەرا کەوتمە خوارەوە .

ـ هەی رو نەکرابیت ؟ انجا مردی یامایت !

* * *

ـ بوچی ئەچی بو باخچەی حەیوانات ؟

ـ ئەمەوی مەیمون ببینم .

ـ بوچی آوینەتان لە مالانیە ؟

* * *

کریار ـ بە تورەیی یە کەوە ـ ئەگەر ئەمە گوشتی مەربی کەواتە من بە چواربی ئەروم ؟

قەساب ـ سویندت بو ئەخوم بە گم کە گوشتی مەرە .

* * *

بانگوش ـ ئاویرم بچمە سەربانە یەررە کە ئەترسم پەیژە کەبشکی

خاوەن مال ـ گوێی مەدەری ئەگەر شکا پەیژەی ترمان هەیە

* * *

مفتش ـ ماموستا تو بو ئەوەندە لە منالەکان ئەدەیت ؟

ماموستا ـ بە تورەیی یە کەوە .

ـ شەیتان حەقە ئەستویان وردکەم چونکە هەر چەندە لە سونفا چاوم ئەچیتە خەو یە دەنگە دەنگ راستم ئەکەتەوە .

* * *

کوری بەتە لە فون لەگەل دەزگیرانەکەی قسە ئەکات .

ـ هەلاو .. ها .. گیانە ... لە مالیب

کارەکەرەکەیان وەرامی دایەوە .

ـ نەأ بەگم گیانت دەرچوە دەرەوە .

* * *

کور ـ تو سەری باوکت پیم بلی کەس بەر لەمن ماچی نەکردویت ؟

دەزگیران ـ ئەبە سەری باوکم . بەلام نازانم بو هەموتان هەر ئەم پرسیارە ئەکەن .

* * *

قسە خوشی لەمەلا ئەپرسی پیاوی مرد کوریك و کچیك و دایکیك و ژنیکی بو و هیچی لە پاش بەجی نەما چون میراتە کەیان بە سەرا دا بەش ئەکەیت . مەلا ئەلی : کورە کە هەتیوی ، کچە کە هەژاری ، دایکە کەی سك سوتان ، ژنە کەی مان و براتی بەر ئەکەویت و دەرد و بەلای تریش چی مایەوە ئەدری بە کە سوکاری تر .

* * *

کابرایەکی ایسك قورس ئەبی بە میوان لەمالی هاوری یەکی زور ئەمینتەوە تاهاوری کەی لی ی بیزار ئەبی روژی پی ی ئەلی ـ لام وایە ایستە مال و منالە کەت زور بیرت بکەن .

میوانە کە ئەلی ی ـ آی بەخوا چاو بیرت خستمەوە ئەنیرم بە دویاندا .

* * *

دەلاك : خاولیەکی پیس ئەدا بە می کابرای سەرتا شراودا .

سەرتا شراو : ئەم خاولیە زور پیسە .

دەلاك : بابە جەنابت لە هەمو کەسی پاکتر بی لە دوینیەوە داومەتە دەست نزیکەی سی کەس بە کیکیان ئەم قسە یەی ئوی نەکرد .

* * *

منال : دایە ئەری تو باوکت بە پارە نەکریوە

٥٤

دایك : ئەوە باوکت دیساتەوە ئەم باسەی بو کردیتەوە .

منال . ئا . هەر خوم بیر ئەکەمەوە بوچی چەند دیناریکی ترشیت نەدا میردیکی باشتر بکری ...

* * *

ـ چون داوای قەرزم لی ئەکەی کەلەوە پیش هیچ ناسیاویەك نە بەیمانانیە .

ـ چونکە ئەگەر بتناسیمایە قەرزت نەئەدامی .

***

دوکتور ـ ایمرو چونی ؟

نەخوش ـ برایەو فلسم پی نەما

دوکتور ـ کەواتە چابویتەوە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

* * *

ژن ـ بە قوندەرە فروش ـ من حوتیکی جوانم ئەویت .

ـ کەواتە راوەستە با حاوەن دوکان خوی بیتەوە .

***

آغا ژن ـ تو دوینی لای خوت چویتە دەری کە بجیتەلای دوکتور کەچی لەسینەما لەگەل پیاویکا چاوم پیت کەوت .

کارەکەر ـ آخر ئەوە دوکتورە .

ئەمانە نهال جلال صائب ناردویەتی

٥٥

لە باخی گولیك

ئەلبانیا

ئەلبانیا کەولاتیکە لە گوێی دەریای ئەدریاتیك گەورەیی (٧٥٧/١٠) میل مربع و دانیشتوانی نزیکەی ملیونی کەسە تەنیا میلەتیکی ئەوروپایی یە کەتوانیویەتی بی یارمەتی دەرەوە خوی لە کوتەی دیلی سەرفرازکات و داگیرکەرەکانی دەرکات نەك هەر ئەمەیەرە نگاری کون پەرستی و دەرەبەگە خائنەکانی ناو خوشی بو بەودەخشیکی کەم لابەنگرانی استعمار و خوین مژانی گەل و گیرەشیویانی لە رەگ و ریشە هەلکەندو دەستەیەکی دیتوکراسی گەلی دورست کرد کە هیواو آوات و آمانجی زوربەی خەلکی ئەلبانیا پیشان بدەن.

لە ٨ ی نیسانی ٩٣٩ دا کە ایمپراتوریەتی ایتالیا یەلاماری ئەلبانیای نابایەخی دا زور کەس وایان ئەزانی کە ئەلبا کزوبی دەنگ گەردن کەچ ئەکات بو کوتەی دیلی ایتالیا یەلام لە ئەلبانیادا خەلك آزادی و شەرفیان گەلی لالە ژیان و گیان خوشەویستر بو بویە بە نهین و آشکرا کەوتە رزگاری و پیشانی دنیایان دا کە مردن لە ریگەی میلەتا چاکترە لەژین لە زیلاتا ، وهەرگیز سەری یەرزیان بو فاشیست دانە نەواند کەلە تەموزی

١٩٤٣ دا بارەگای بەرزی مەزی رزگاری ئەلبانیا دروست کرا بەڵێ
ئەمە بەکەم جاری ئەلبانیا بوایە کاری ئازادیا بەدوا هاتبوایە .
« ئەنوەر خواجە » لاوێکی ئیشتیان پەروەر قوماندەی سیاسی ئەم
بارەگایە بەهۆل و تەقەلای مەردانەو فیداکاری پەیڕەوی خوێ گەیاندی
ئەك هەر سەر کردەیی لەفکر سەروکی حکومەتیش ، حکومەتێکی لە
دیموکراسی و کومیونیست و سوشیالیستەمام ئاوەدیەکان دروست کرد
کە بیجگەلە کون پەرست و دەرەبەگەکان ئاماخی بەشی هەرە زوری
خەلکی ئەلبانیا لەهیندەی و بۆیە کەمجار لە تاریخی ئەلبانیادا بڕاوەتی
جیاوازی دین و رەنگ و زمان پیاك هاتوە هۆکاری ئەم
حکومەتەی دەستەی دیموکراسی کەلە هەر ئەوەندە کە بەپشتی
ئاموەدا ئەلبانیای لە دەرەبەگی و کوت پەرستی سەرفراز کردوە لە
سیاسەتی دەرەوەشیدا ئاوەنگی ئەلبانیای بەرز کردەوە دەولەتانی
وەکو بەکەتی سوفیت و دەولەتە دیموکراتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا
پشتیان لەم حکومەتە دارە . ئەنوەر خواجەی قارەمانی ئەلبانیای تازەی
دیموکراتی لاویکی ٣٣ سالانە لە بارمی خویندەواری . هەر لەوەی
ناشیتەکانی ئەلبانیا دا گرگەزە « بە لچیکا » گەرابوە کە لەوی
سکرتیری مفوضیتی ئەلبانیا بوە ولە « تیرانا » پەای ئەخۆی ئەلبانیا ، بوە
ماموستا و کچیکی ٢٤٥ سالەی جوانی کەلە گەتی مارە کرد کە تازە
« توجیە » بەو ئەو شەرەی رزگاری یەدا کە ئەلبانیا بەرزترین پلەی
فیداکاری دا گرتوە توجیە بەکێی بۆ لە ئافرەتە هەرە بە جەرگ و
ئازاکانی و لە جوانی شەرتی ـ ئیستە سکرتیری میردە کەیەتی .

لەوساوە حکومەتی آزادی دورست بوە بەندەری ڤالونا و (دورازوو) (ساراندا)ی چاك کردونەوە و بە دەمانگ هەرچی تەلی تەلگراف و ئیسگەی کارەبا و لولەی ئاوی خراپ کراو هەبو هەموی چاك کردونەوە وری خستونەوە، وداینەوە بەر لەرانەوەی سالی ٩٤٦ هەرچی کان و پردی ویران کراو هەیە آواو چاکی بکاتەوە بیرە نەوتەکانی ئەلبانیا هەمو خراونەتەوە کار تا ئیستە بابی ٧ ملیون فەرانگی ئەلبانی نەوتیان فروشتوە بە یوگوسلاڤیا کە دوستایەتیکی تەواویان هەیە لەگەلیا.

تائیستە ٩٢٤ ی قوتابخانەی ابتدائی و ٤٠ ی تانەوی کراوە ـ تەوە و ١٣ روژنامەو ٥ گوڤاری تیادەر ئەچیت و ٣ ئیسگەی رادیوی ی نیایە. لە روژی ٢ـ١٢ـ٩٤٥ دا یەکەم جار لە میژوی ئەلبانیادا ژن و پیاو ئەوانەی عومریان لە ١٨ سال زیاتر بویە کەم هەلبژاردنی دیموکراسی لە ئەلبانیادا بە ئارەزو بەکی زور پەروشەوە رویان کردە سندوقی هەلبژاردن بو هەلبژاردنی ٨٢ کەس کە وەنگی ئەلبانیای تازە ئەریژن.

وەرگیراوە لە (اخبار الیوم وصوت الاهالی) یەوە

بوزانین

ووشەی فەر هەنگە کەمان ئەم جارە ئەوانەن کە بە «ز.س» دەست پی ئەکەن. بەویوەوە تکا ئەکەین هەر کەسەچی بوریك ئەکەوی بو ناردن بومان بنیریت زور سوپاسی ئەکەین.

سلیمانی: ابراهیم احمدی محامی

www.zheen.org

٥٨

هیچ شتیك نامریت!

لورد تەنیسون

کاتی روبار لە گورر ئەکەوی لە بەر چاوم ؟
وە با لە هەلکردن ئەکەوی لە بوشایی آسمانا ؟
وە هەور لە هاتوچو ـ
وە دل لە لیدان ئەکەوی آیا طبیعت ئەمریت ؟
نا ! نا ! ... هیچ شتیك نامریت .
روبار بە گوررە ،
با لە هەلکردنایە ،
هەور لە هاتوچودایە ،
دل لە لیدانایە ، هیچ شتیك نامریت .
هیچ شتیك نامریت ، بەلام هەموشتیك ئەگوررێت ـ
لە ناو ابدیتا .
ئەمەزستانی عالەمە ،
بە پایزو هاوینیەوە
کەرابوردوە گەلی لەمەوبەر ،
زەوی ووشك بوتەوە هەتا ناوەراستی ،
بەلام بە هار ئەوەی تازەدیت ،
بە هاریکی دەولەمەند و سەرە

٥٩

نایەلم برروی (١)

سنە : ناصر. آزا

نایەلم بررویت !

بوچی عیشق لە سە روژا بەم چەشنە دوایی دی ؟ !

بوچی دوایی دلخوازی بەم چەشنەیە ؟ !

یە ماچیك لە یەك جیا ئەبینەوە ؟ !

---

(١) لە ئەدەبیاتی انگلیزی‌یەوە وەرگیراوە .

با ئەهینینەوە هەڵکردن ، ئەوەر و خوڵ ، لیرەو لەوی ،

هەتا هەواو زەوی ، پر ئەکاتەوە لە ژیان سەر لە نوی .

ئەم دنیایە هەرگیز دورست نەکراوە ،

ئەگوریت وەتەبی لە ناوبچی ،

آوهابا هەر با هەلبکا ،

ایوارە و بەیانی ،

لە ناو ابدیتا ،

بە دریژایی ،

هیچ شتیك لە دایك نەبوە ،

وە هیچ شتیك نامریت ،

بەلام هەموشتیك ئەگورریت .

« بەختیار » کردویە بە کوردی

بنکەی ژین
www.zheen.org

نەأ . . . نایەلم بررویت ! !

* * *

نایەلم بررویت ! . . .

ئەگەر روجیار نەمانی دیایە :

یا پرشنگی گیانبەخشی‌ی نەیتوانیایە راستی لە بیر جیا کاتەوە . .

ئەم هیشت بررویت . .

* * *

نایەلم بررویت . . !

لەبەر ئەوە ئەو هەسارانە آسمانی بەهاریان پرر کردوە ایتە یان دیوە -

بە چاویکی وا کە تامی شەرم و آواتیان لی ئەخوازری . هەر لەبەر

ئەمە یە کە نایەلم بررویت ! . .

* * *

نایەلم بررویت ! . . .

ئەگەر چاوە ئواری مانگمان لە گەررانیا نە کردایە -

لە کانیکا کە بی سرکە لە ژیر پەلە هەوریکەوە ئەهاتە دەری -

ایستاشە هەر یەو چەشنە دەچیتە ژیر پەلەیەکی‌تر .

لە دوای ئەم هەمو شتە بیلم بررویت ؟ ! . .

* * *

نایەلم بررویت ! . . .

ئەگەر ئەو هەمو گولالە جوانانەمان -

پەر لەوە کە پەرر دەربینن نە ژاکانایە -

وەبمان هیشتایە بە بیری باشمانیان بزانیایە .
رەنگە بمتوانیایە بیلم برروی ! . .

* * *

نایەلم بررویت ! . .
من بە تالی گەلیکی نە زانراوەوە بە توەوە بە سراوم !
توش دیلی بە خوات ئەسپیرم ! ! . .
بەلام بنوارە .
هیشتاوای لە یاوەشما -
نایەلم بررویت ! . .

ئەزانیت ؟

• لە سالی ١٩٣٨ دا بەریتانیا ٤٥٢ ملیون دیناری داوە بە خوارە ـ نەوە و جگەرە و ١٢٥ ملیون لەری ی نوسین لە ووژنامەکانا سەرف کراوە و نەنیا ١٠٠ ملیون دینار لەری ی خویندندا خەرج کراوە .

• نوسەری بە ناوبانگی ئەمەریکا انا لوپرسترونگ دوای ئەوەی بە یەکیەتی سوڤیانا گەراوە ئەلی کارخانەی ترا کتەری ستالینگراد کەوتەوە گەرروتا ایستە ٤٣ هەزار ترا کتەری دورست کردوە -

• تیکرا سالی ١٢ هەرزوحال ئەدری بە پەرلەمانی بەریتانیا .

• ئەلین لاڤال ٥٥ ملیون فرانگی لە پاش بەجی ماوە کە نیوەی حکومەتی فەرەنسە ئەی باو نیوەش ئەدرینە ژنەکەی چونکە لە مارە ـ نامەکەیا نوسراوە هەرچی یەکیان هەبی نیوەییانە .

ایتالیایی ئەلین

«Proverbs of Italy» یەوە

* فەل چاوی فەل دەر ناهینی ٠
* دەست دەست ئەشوات و پەنجەشی پەنجە ئەشوات ٠
* کەربەئی یەبەئەگەر بینیت یەکومەلی پوشەوەو جاوەری بیت تەسوتی
* کەس لە آنا کەمتر خزمە نکارە کەی ناسیت ٠
* بو کویر ناشیت لە رەنگت بدویت ٠
* دار بەرز و یە یەکەم تەور نا کەویتە ئەرز ٠
* چا کترین ری بو ئەوەی مەنج بکریت مردنە ٠
* هەچی تازە بیت هەمیشە جوانە ٠
* کە هەژار ئەدا بە دەولەمەند شەیتان پی ئەکەنیت ٠
* ژیر ئەو لاوەیە کە هەمیشە بیر لەوە ئەکاتەوە ژنیک بهینی و ناشی هینی ٠
* کە پیاو هاتە کەوتن هەمو پیرو مەشایخ پاتی پیوە ئەنین ٠
* شیر زور کەس ئەکوژیت ، شەراب زورتر ٠
* خوینی سەرواز ئەرژیت و جەنەرال ناو دەر ئەکات ٠
* بو پیاو گەورە یەک دژمن زورە و سەد دوست کەمە ٠
* لە گوی گرتن ئەقل و لە قسە کردن پەشیمانیت دەست ئەکەویت ٠
* خرایە ملموستای ناویت ٠
* شەش پی زەوی هەموومان ئەکا یەقەی یەک ٠
* پیاویک هەنواسرا چونکە راستی وت ٠

www.zheen.org

خوتم نیشان مەدە

سابلاخ : دلشادی رسولی

خوشەویستە کەم : ئەگەر دوانیکت لە من دریغیە - - لە گەلم مەدوی، گیانی من بە آوازی دەنگی تو لە فرین دایە ، بەلام گیان شایانی ئەوە نیە کە بیم وملت بو کەچ کەم .

ئەگەر خونیشاندانیکت لە من چاوە - - خوتم نیشان مەدە ، ئەمن بە دیداری تو دەژیم ، بەلام ژیان شایستەی پارانەوە نیە .

روو بیکی نموتەی فداکاری و بلندی نفس بی زورم لە کن خوشەویستە، ئەوانەی لە ریگای آرەزو ، دەست لە بلندی نەفس هەلدەگرن شایستەی خوشەویستی نین .

خوینی دل خواردن و روو سووری زور لە وە بالاترە کە بە آرەزوی نەفس بگەی و رەنگ زەردی .

ئەوانەی دل ساردو آرەزو پەرستن رەنگە جار جار کامران بن ، بەلام هەمو کامران بونیکیش واتای خوشبەختی نیە .

ئەی بلیسەی دل ئەگەر لە خوشە ویستیەوە هاتووی ، ئەی روو سوری و هەژاری ئەگەر لە پاریزگاریەوە پەیدا بوون ، ئەی نائومیدی ئەگەر لە ریگای بلندی نەفس هاتویە دی ، گیانی من ایوەی زور خوشدەوی ، ایوەین و خودا بەجیم مەهیلن ، تا ایوە هەین ژیانم لە گەل کەس دی بی خوش نیە .

ئەی دلیکی گەورە کە آهی سوتینەرت هەست ناکری، ئەی چاویکی

بیگو ناه ته ناتمت ئەستیرەی بەبانیش فرمیسکەکانت نابینی ، ئەی لیویکی سوور کە بە پیکەنینەکانت سوری دل دەشاریەوە ، ئەی ناوچەوانیکی پاك کە رەنجو غەمت نەکردونە چین چین ئانیشانی ئەمو ئەوی بدەی .

« لە بەر کەس مەپاریتەوە ، بە هەزاری بە سەری بەرق ، بە تەنیائی بمینەوە ، خووی گەورەو پاکی ایوە شایانی ئەوەیە کە لەو دونیایە بەستە گەرداوی بیت .

تولە بە تولە

مدیری قوتابخانەی « ارکلسو » ی بە ناوبانگ قەراری دەرکردنی بەکی لە ماموستاکانی مەکتەبەکەی دا بەر ئەوە کە هاتو چوی دوکتوریکی زور ئەکرد . زوری بی نەچو دوکتورەکە بە بیانوی ئەوەوە کە دەست کیشانەوەی ئەم ماموستایە لە ایش موکی ئەوی تیدایە اقامەی دەعوای لە سەر مدیرەکە کرد . هەروەها مدیرەکەش بە بیانوی ئەوەو ، کە اقامەی دەعوای ئەم دوکتورە لە سەری توشی اضطرابیکی عقلی کردوە اقامەی دەعوای لە سەر کردەوە و داوای « ٢٥٠٠ » دولاری لە سەر قەید کرد ، بەم جورە دەعوا کەیان بو بە تولە بە تولە .

قاسی

فریق عقراوی لە « موصل » و دەرەوەی هەمو جورە دەعوایەك ئەگرت ، چونەلای : لە « موصل » شارع النجفی

چیروکی ئەم مانگە

سەرگوزەشتیکی دلداری

دو چاو و بەیتیك

شەویکی سارد و تەرو توشی زستان بو ؛ لەو شەوانەی بەغدا بەدەگمەن ئەیبینی . بە جوتە لەگەل (فرامرز) دانیشتبوین . هەر یەکمان بادەی خوی لە بەر دەمابو . بەرە بەرە خواردنەوە سەرملو سولەی لە بیر بردینەوە . لەشمان گەرم دا گەرا . بەلام سەر یشمان تاوی سەند .

لە منالیوە فرامرز ئەناسم . زور سرشتیکی سەیری هەیە گاە لاویکی لە سەرخو ، بە هوش و ژیر ، هەتا دە جار لە بەر دەمی خوی سەرنج نەدا هەنگاوی ناهاویژی ، گاهیکیش لاویکی پر جوش و خروش ، بە هەمو مانای ووشەوە رومانتیکی ؛ لەوانەیە هەمو جیهان بگوریتەوە بە شعریکی جوان ؛ ووتەیەکی نەستەق و یان دیمەنیکی دل فرین . من پتر لام وایە سرشتی دوەمی راستەقینەیە ؛ ئەوی تریان زور و زەیری ژیان فیری کردوە .

حالاوی ئەمە سرشتی بی نابی توشی داوی دلداری نەبو یی . بو کردنەوەی دلیشی لەمە باشتر هەلم بو هەل ئەئەکەوت دانیشتنیکی پەنهانی ، دو دل بە کتر خوار و نەشئەی بادە .

روم تی کرد و ووتم : راستم پی بلی ، فرامرز ، آیا . هیچ تامی دلداریت نەچیشتوە ؟

یە رویەکی نیوە گژەوە ووتی . بوام ! ئەمە هەنگامی ئەم سکالایەیە ! ایمە هەر دوکمان وا لە دەروازەی لاوی تی ئەیەرین . پریسکەی تالی سپی سەرمان لە دورەوە ئەدرە وشیتەوە . دل نەهیزی دلداری ئیاملوە و نەئوانای بیر کردنەوەی دلداری کونی هەیە .

ووتم . ئەشی دل هیزی دلداری تازەی نەمابی . بەلام بیر کردنەوە لە دلداری کون هەر چەندە ، رەنگە ، دل آزار بدا ، بەلام بی گومان گیان تازە ئەکاتەوە .

بەمە ویستم کەمی هوشی رومانتیکی « فرامرز » بهینمە جولە .

ووتی . من لام وایە بناغەی هەستی جوانیە . یەزدان ، بەو مەزنی و بلندی یەوەی ، ئەگەر مەبەستی جوانی نەبوایە ئەم جیهانەی بەم شیرینی یە ، بەم ریکی یە نە آفراند . پروانە مانگ ، یە پچوکی ، یە گەورەیی هەر جوانە پروانە خور ، یە هەلاتن و آوا بونی هەر جوانە . نالی چەند جوان ئەفەرموی کە باسی هەلاتنی خور ئەکا . « بە روژەردی هەلات و کەوتە کیوان ! » بو زور بروین . تماشایەکی درەختی باغە کەبکە . لە یەهاردا کە ئەژیتەوە چەند جوانە . لە پاییزدا ، لە هەنگامی گەلاریزانا ، بەو رەنگە زیرینە یەوە چەند جوانە . کریوەی بەفری زمستان ، شەسنەررە هیلەی باران ، جریوەجریوی ئەستیرەی شەوی هاوین ، هەر یە کەیان بەشی خوی ئەوەندە جوانە کە ، نەك دلی شاعریك ، دلیکی سارد و سەختیش بینیتە جوش

نهماله لاده ، تماشای خومان ، مرو ، بکه ، چی هه‌یه جوانتر له دنیـــه‌ی منالیکی ساوا ، له ناو پیشکه‌دا ، که به‌دهم دایـــکیه‌وه نه‌نماله ، هه‌لام ی گوناهانه، ی نه‌کانی؟ چـــه‌جای ی که‌نیز ، گریانه کهشی ، کرووزانه‌وه ـ کهشی سروه‌ریکی موسیقی نیـــایه ، ئه‌ی بشزانی که گوزران جوانی و یا هوشی جوانی لاداوا ، هه‌ر ئه‌و منالـه ساوایه ، کاتی ئه‌ی به پیریکی افتاده ، یان ئه‌گریه‌ی سی وهك زیو ، یان به‌ریشی ماش و برنجیه‌وه، دیسان هه‌ی خوی جوانی ئه‌مینی ، جوانی له‌گه‌ل هه‌ستیدا پیـــدابوه و پیوه‌ی نو ـ ساوه ، ئه‌وه‌نده هه‌یه هه‌مو چاویك نایبینی ، جاریه ئه‌لیم جیهان چه‌له آفریدیا ، چه‌له‌گوزران و ئه‌مانیا بناغه‌ی له‌سه‌ر جوانی و یا جنبشی جوانیه که گیان ئه‌به‌خشی به جیهان ،

وا دیاره ئه‌م وتاره دووره دریژه‌ی ، فرامرزه‌ی ووتك گریه و هه‌شی وایست له پاسخی پرسیاره‌که‌ی من گوریط بکا ، چونکه پیـــاش ئه‌وه پشویه‌کی‌دا و ناده‌که‌ی هه‌لگرت و بردیه‌وه ،

ووتم ، ئه‌مه چه‌به‌ودستیکی هه‌یه به پرسیاره‌که‌ی منه‌وه ؟ من چیم له‌تو پرسی و تو چیت بومن هه‌لگرت ؟

فرامرز به ئه‌سپایی باده‌که‌ی دانایه‌وه ، ئیلایکی چاوی لی کردم و بزه‌یه‌کی هه‌نه‌به‌که‌وه ، که‌لام وایه پریو له گالته‌پی کردن به ی ته‌گه‌یشتی من ، ووتی: به‌کیك جوانی ـ پرسینی آیینی ی چون ئه‌مینی توش دلداری ئیوه‌ی ؟ تا دل له‌قه‌سه‌ی سنگدا وه‌کو مه‌لی سه‌ر پراو هه‌لبه‌زیته‌وه له

دلداری نا کەوی تویزانە کوردەکان چەند ووشەیکی ماناداریان دوزیوە تەوە بو ئەمە دلداری ! ئەوی دلی هەیی ئەیی دلداری بچیژی . تو گوپی مەدەرە ئەوانەی دل لە لایان پارچەیکی لەشە کە تەنیا فرمانیکی فیزیولوژی ئەبینی . ئەوانە نە لە جیهان گەیشتون و نە لە ژیان .

وادیار بو دەرسی فرامرز لە بابەت آیینی جوانی پەرستنەوە زور ئەغابینی . منیش ئەم ویست زوبگەمە ئەنجام . جا روم تی کرد و ووتم ، تی گەیشتم کەوا پەزدان بو دلداری ، ویا وەکو خوت ئەلیی ، بو جوانی پەرستی آفراندوتی . بەلام من ئەمەوی سەرگوزەشتی دلداریت تی بگەم تەك فەلسەفەی دلداری .

فرامرز نەختی رەنگی هەل بزرکا، قومیکی تری دا لە خوارد تەوەکەی و ووتی : نیازت هەیە گوشتەو زوتی ئەم بریتە کوبە لابەری . بلوانی . بەلام تو چە سودیکت مست ئەکەوی لە گوپی گرتن لە میژویەکی پرلە دەر دو ناله ؟

نەختی بە شەرمەوە ووتم :

شەوی دریژی زستان بەچی تی پەریتین ؟

ووتی : ها . وەکو پاشا پەرەحمەت چوەکانی جاف حکایت خوانت ئەوی . دە گوپی بگرە . بەلی ! منیش آزاری دلداریم کیشاوە . بەشکو ایستایش ئەی کیشم . بەلام زامی ئەو تیرەی بیست سال لەمەو پیش پیکامی هیشتا ساریژ نەبوە . رەنگە ساریژ بوبی ، بەلام دل ناپەوی ساریژ بی چونکە یەکەم نیشانەی جنیشی دلداریم بو .

www.zheen.org

بیست سال لەمەوبەر لە تەمەنیکدا بوم کە ژیانم بە گەشتیکی خوش ، جیهانم بە سەیرانگاه ئەزانی . سەرەرای ئەوەش لە شـــاریکدا بوم کە ئەلی خواوەندی گەورە هەر بو دلداری و شعری آفراندوە ، یان ئەوسا بەلای منەوە وا بو . جا لەو تەمەنەدا ، لەو شوینەدا ، بو یەکێکی وەکو من کە لەم سرشتەدا بی پریشکیك بەسە بو ئەوەی بلیسەیەك بەرپا بکا . زوری پی نەچو ئەو پریشکەش پەیدا بو . پرشنگی چاوی پەری یەك بەرەنگارم بو و آگری دل هەل گیرسا . کە ئەلیم « پرشنگی چـــاوی پەری یەك » بە درو ، یا بە زوری مەزانە . چونکە بەراستی لە پیشەوە بە تەنیا هـــەر چاویم دی و هەر چاویشی بریناری کردم .

بە سەر یەکەم نیرا روژەها ، مانگەها تی پەری . بینینی دوراو دور تریك کەوتەوە . لە پشت دەرگاوە گفتوگوش دەستی پی کرد ، بەلام چە دەنگی ، چە آوازەیە ، چە شیوەی آخافتنی ! هەر ئەوەی کە آفراندبوی مەگەر بزانی .

بەم جورە مدتیك تی پەری . روژی لە روژان ، خواوراستـــان ، وینەیەکی پچوکیم چنگت کەوت . ئەو روژە جەژنم بو . خـــوا گەواهە ، بە تەواوی تەم ئەویرا سەرنج لەوینەکە بدەم . ئەترسام کەم و کورتی یەك ، ناشیرینیکی تیـــا بدوزمەوە و ئەمە رەخنە بدا لە تاب و تەژی دلداریکەم . بەلام ، لە گەل ئەوەشدا ئەم وینەیەم وەکو نوشتەیەکی خەجوستە هەلگرت . چەلە هەنگاوی دل تەنگی ، چەلەکاتی خوشیدا دەرم ئەهینا ، تماشام ئەکرد و تەراوی دلی ئەدا .

بنکەی ژین www.zheen.org

روژی هات دل لەوینە کە زیاتر پەریشانی خاوەن وینە بو . هەر چەند ئەمە آواتی بو کە نەپەتەدی ، بەلام دل ، لەو تەمەنەدا لەوانە نیە گوی بداتە شتی وا . زور چاك ئەم رانی ئەمە شوینی کلاوی باردو کەوتن بو ، وەلی ، ئەلبی چی ، دل وای پی خوش بو .

یەم جورەش مدتی تی پەری ، و سودی ئەم هەمو تەقـــەلایەی دل پا ـ چەکا غەزیکی دەست ـ نویشی دلدار بو . ئەمە نیشانەیەکی چاك بو . وا دیار بو بەرە و ئەنجامیکی باش ئەروین لە بیتینی دو چاوی مەستە وە بو وینەی ئەواوی ، بو پەیامیکی پچوك بە دەست خەتی خوی ...

بەلام چارەنوس شتیکی تری بو هەلگر تبوین . لە کاتیکا کە یە تەمای یەك گرتن بوم کوچی یار هاتە پیشەوە . لە ناکاو ئەو کەسەی چارەنوس کردبوی بە هاو حوتی یار فراری دا لەو شارە کوچ بـــکا . ئەئی ئەم کوچ کردە بو ئەو ، بەشکو بو ئەریش ، شتیکی آســـان بوی . وەلی بومن ، بو دلی زاماری من ، تەشتەری بو ایستایش شوینە کەی خوش تەبوتەوە .

روژی کوچ کردن هات ، خوم پی نەگیرا و روم کردە کوی یار . لەوی مات و غەمگین بوی دانیشتم . بیرم ئەکردەوە لەو روژە رەشانەی لە پیشەوەیە . چی بکەم ؟ چون فەراموشیم دی ؟ ناگاه دەست خەتە شیرینە کەی ، وینە جوانە کەی هاتە بیرە . لە بەر دەمیدا ، لە هەیوانە کە ، نسخەیەك لە روژنـــامەی « ژیانەوە » ی لی بو . یـــار لە پشتەیوانە کە دانیشتبو . وا دیار بو خەریکی خو کوکردنەوە بو ... پی اختیار دەستم

دریژ کرد بو روژنامه کە لەلایەکیوە ئەم بەیتەم نوسی :-

« بە یادگاری سەری زولفت هەلی ئەگرم کتابەی تو »

« لەلام وەك دەست خەتی شاعی (کلیم الله) یەنوسینت »

پاش نوسینی ئەم شعرە بە ئەسپایی روژنامەکەم فری دایە پشتەیوانەکە. لەمەمەبەستم وەرام وەرگرتنەوە نەبو. دل هاتبو جوش ، شتیکی پی نوسیم و ایشکی پی کردم. بەلام ئەوەندەی پی تەچو دەستیکی سپی بەفرین « تو بلی یدی بیضای بە تاو بانگ بوی !! » لە دەرگا کەوە دریژبو، روژنامەکەی بو فری دامەوە، دلم دا خوریا ترسام هەلی بگرم، وام ئەزانی کردەوە کەمی لا جوان نەبوە کوررەبوە و روژنامەکەی فری داوە. بەلام دل ، ئەو سەرچاوەی سروشە ، فەرموی « کورە هیچ نەبی دەستی یاری بەرکەوتوە ، هەتی تا گری ؟ » . بە دو دلەوە دەستم برد و روژنامەکەم هەلگرت . چی ببینم ؟! بەیتە شعرەکە ، بە هەلگیرراوەیی ، دوبار یار بەم جورە نوسیویتەوە .

« بە یادگاری سەری زولفم هەلی بگرە کتابەی من ، »

« لەلات وەك دەست خەتی شاعی « کلیم الله » بی نوسیم ! »

تو بی لە جیانی من چی ئەکەی ؟ یار لە سەر کوچ کردن ، دل خوینی لی ئەتکی ، و ئەم بەیتە هەلگەراوەیەش سەربار ...

ایتر توانای دانیشتنم نەما . روژنامەکەم پیچایەوە و خستمە باخەلمەوە ، سەردم نایەوە بو ماله جولەکەیەك کە چاروبار لەگەل هەندی برادەران لیی دا ئەنیشتین. شوینیکی ئەنیا و خاموش ، بادەیەکی بیر هەلگیر-

www.zheen.org

سین و یا هوش دامرکینم پی‌ویست بو . لەوی ، لە سەر کورسیکی شمق و شرر دانیشتم . شوشەیەکیان بو هینام و دەستم کرد بە خواردنەوە . گاو لە بەر خومەوە لە گەل دل ، دلی کوست کەوتو ، سکالام ئەکرد و گاو روژنامە کەم دەر ئەهینا بە چاویکی پرلە فرمیسکەوە بەیتە هەلگیرا- وە کەم ئەخویندەوە .

ئەم کوستە گەورەیە لەوکاتەدا وای هینامە جوش کە بەبی اختیار قەلەم و کاغەزم گرت بە دەستەوە و هەتدی شعرم نوسی کەبی گومان هەموی نالین و سەرزەلش بو . دوا بەیتیم لە بیرەیە ئەمەبو .

« دنیا نەبە هەشتە ، نە چەمەن زاری صفایە ، »

« شوینیکی بە آشوبە ، ژیانیشی جفایە . . . »

گیرانەوەی ئەم سەرگوزەشتە بە سوزە وا دیاربو فرامرزی تەواو پەشوکاند ، چونکە پاش ئەوەی بەیتەکەی خویندەوە هەتا سەیەکی دریژی لە هەتسک چوی هەل کیشا ، دەستی برد بو بادەکەی ، هەرچیکی ئیابو بە قومیک خواردیوە ، و بە سەر زەنوشەو ، روی نی کردم و وونی « با ئەم پەرەیە هەل نگیرینەوە هەلسە رادیو کە بکەرەوە بزانین دەنگ و باس چیە ؟ » هەلسام چوم بولای رادیو کەوە ، بەلام بە دل پەشیمان بو- مەوە کە بوم بە هوی کولانەوەی ئەم برینە کونە ، چونکە بوم دەرکەوت کە نالی و شیرینی بیست سالی دور و دریژ ـ هەر وەکو خوی لە پیشەوە وونی ـ هیشتا برینەکەی ساریژ نەکردوە .

بەغدا : ٢٤/١/٩٤٦

ر . ن

شرکەی شمالی بازرگانی و کشتوکال

ئەم شرکەتە لە سلێمانی دامەزراوە، وەلقێشی لە بەغدا، موصل، هەڵەبجە، قلادزە و پێنجوێن هەیە، سەبەمی ڤێش کردن و دەست خستنی قازانجی مادی و معنوی یە بۆ هەمو لۆڤەکانی ژووروو، چانەوبونەوە آمادەیە بۆ وەرگرتنی هەمو جورە ئەلوێنێکی تجاری و وەکالەتی تجاریتی بە فرمسیون بۆ هەمو تجارێک چە لە لقەکانی تر وە چە لە لقی بەغدا کە ناوو نیشانی ئەمەیە:

فرع شركة الشمال التجارية والزراعية المحدودة.

شارع الرواق رقم ٣٤ بغداد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

مطعم الشرق

چاکترین خاوێنترین لوقەنتەیەکە لە بەغدا، هەمو جورە خواردنێکی ناشتی ناتاب وەکو کە بابی سلێمانی، هیلکە، تکە، سەروپی تیدایە، هەروەها قەیماخ، هەنگوین، مربا، چاوی و شیریش.

شوێنێکی یا کوپوخت، نرخێکی هەرزان و خزمەتێکی بەدلی تیدا ئەکری، هەر ئەنیا جارێک رووت تی کردایتر دات نایە بچێتە شوێنێکی کە شوێنەکەی ئەمەی خوارەوەیە:

نزیک جامع «حیدرخانە» بەئەنیشت «صالون حلاقة الشرق» ـ دیە

باوەڕ پێکراوەکانی گەلاوێژ

لە

سلێمانی : عمر قەزاز و ابراهیم ملا عارف ـ لە جادەی تازە.

کرکوک : محمدی امام قاسم : تەکیەی شیخ خضر : شیخ طەشیخ سعید

خانقین : شەقامی گەورە : ملا عارف عطار

اربیل : مکتبەی هەولێر : شیخ محمد

بابلاخ : محمد صدیق حیدری

حمانیە : کوردش کومپانیە : بطلیمن الاول : عبدالله عزیز

رواندز : علی عبدالله : مکتبەی پێشڤەوتن.

تویسەرکان : [illegible] ملا

موصل : [illegible] : ملا صبغة الله مزوری

عقرە : شوکت طاهر

هەر کەس نیشکی تەبی لە لایەن ئەوەوە کە پارەی آبونە بسەا یا تاوربیشانی بکوری یا بی بە آبونە لە دولاتی خوێوە راستەو خوڤەو شوێنانەی سەرەوە آگادار بکا.

چاپخانەی معارف ـ بەغدا

گەلاوێژ

گوڤارێکی ئەدەبی وثەقافی یە . مانگی جارێك دەرئەچی

ژمارە — ٣ — سالی — ٧

١ـ فرمانی نووسەر . . . . رومان رولان

٩ـ گوردی [illegible] . . ڕ . ڕفیق

١٨ـ [illegible] گا . . . نووسەر

٢٤ـ [illegible] . . . . . . وەرگێ

٢٥ـ وتاق . . . [illegible] عبدالرحمن

٣٠ـ شەرو عیریە [illegible] سلاوی

٣٣ـ [illegible] گەلاوێژ . . . . . .

٤١ـ هەوزەکری . . . . [illegible] وتار

٤٦ـ گەلاوێژو خوێندەواران . . . . . .

٤٨ـ [illegible] هیندوسی . . . ف . ه

٥٠ـ [illegible] . . . . أ . عزیز

وە [illegible] [illegible] لەمجارەوە

ئومبراوە لە پوستە بە ژمارە ١٤٤٨

ناودەنیشانی گۆڤارەکە

بغداد - شارع الرشید : عمارة الدامرچی : آپارتمان - رقم - ٥ -

مدیری ادارە :

علاء الدین سجادی

خاوەنی امتیاز ابراهیم احمد

مدیری مسئول

محمود سنوی

— آبونە —

	فلس	دینار
آبونەی سالانە بۆ هەموان	٠٠٠	٩
« « بۆ مەلای مزگەوت و قوتابیان	٧٥٠	
دانەی بە	٨٥	

آبونە بەتایی مدیری ادارەوە ئەنبرێ

پێشەکی آبونە ئەبێ بدرێ

www.zheen.org

گەلاوێژ

گۆڤاریکی ئەدەبی و ئەقافی مانگی کوردیيە

ژمارە ـ ٣ ساڵی ـ ٧ مارت ١٩٤٦

فرمانی نووسەر

ڕومان ڕۆلان Romain Rolland

نوسەری بەناوبانگی فەرەنسە کەلە ١٩١٥ دا خەلاتی نوبلی وەرگرت (١٨٦٦ ـ ١٩٤٣)

ژینەی ژین
www.zheen.org

ئەگەر بتەوی باسی فرمانی نوسەری بکەیت لەکومەڵدا ، ئەبی جاری لە پیشا لەو ئـــەحواڵە ورد بیتەوە کە پیویستە نوسەر تیـایا بنوسیت و ئیش بکات . شتیکی تابلییت ئاسان و بی کەلکە باسی نوسەریکی ـ ئـــار ـ تیستیکی ـ تەنیا بکەیت کەلە ناو بوشایی‌دا بژی .

یا هەر بەو جورە باسی فەنی خوی بکەیت . پرسیـــاری راستەقینە لە پیش دەم ماندا ئەمەیە ، فرمانی نوسەریك لە کومەڵیکدا کە بە نـا کوکی چینەکان ـ Class ـ دارزاوە چیە ؟ »

لام وایە ئەبێ لێم بگەڕێن کەوەرای ئەم پرسیارە لە چاوی نووسەر ـ یکەوە بدەمەوە ـ چونکە پێشەی من نووسینە .

ئارتیستی ناو (قولەی دانی فیل – Ivory Tower)

واله چارەمان نوسراوە کەلە دەوریکا ژین کە شەرری چینەکان کومەلی پارچە پارچە کردوە . یەلام ماوەی ئەوەئەمان نادریت کە خومان لەم شەررە دوور خەبنەوە .

ابوەدا یەکەم کەلەبەر ئەکەوینە ریزی ئارتیستەکانەوە زوریان دەست ئەگرن بە کلاوی خویانەوە و لە شەررە کە دوور ئەکەوتەوە . نەنانەت فەن و پەیامی شی ئەکەن بە بیانووی ئەم گوشەگری و لە شەرر دوور کەوتنەوەیە . ئەلین : ئیمە پیاوی فەنین چیمانە بە سەر ئەم شەرر و شور ـ رەوە . وەنەبی بیانووە کەشیمان ئەوەندەبی چی بیت . کەس نیەبی لەوە نەنیت کە نەک هەر هەقە نگرەپیویستیشە لە سەر هەموو نووسەریکی راستە قینە کە هەمو هەول و تەقەلای خوی گرد بکاتەوە بو ژیانی دەروونی و پیری خوی . بەلام ئەم جوورە گوشەگریە مانای بە جاریک دەست نە دنیا هەلگرتن نیە . بەلکو خوکیشاتەوە بەکی وەختی یە بو ئەوەی هیزیکی کوبکاتەوە و بەو هیزەوە خوی فرری بداتەوە کوررەی فرمان . وهەر ئەم فرماتەیە کە نووسەرەکانی روژ آوا بە هەموو جوریک تی ئەکوشن خویانی لی بدزنەوە . « سەر بە خوی گیان ، سەر بەرزی نووسەر ، فەنی تەمر ، فەن بو فەن . »

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەمو ئەم قسانەی قسەنی (بورژوازی) [١] کەل و پەلی خۆگوریی سەر شانوی نووسەرەکان. وداری دەستیان. لەگەل ئەمەشا، بەراستی، لە دەدا نویان بە ترسەوە ئەژین، ترسی فرمان، ترسی شورش، ترسی ئەو گوررینە گەورەیەی ئەبینن وا نزیك ئەبیتەوە لیان. چونکە ئەی بینن وادیت ـ ئەوان لە هەمو کەسیکی تر باشتری ئەبینن.

ئارتیست ئەبی خەلك تی ی بگا.

زور جار لەگەل هاوورری ئەبیەم، کەلە ریزەی نووسەرە هەرە بە ناوبانگەکانی ئیمرودان، و کە بەنا چاری ملیان کەچ کردوە بو ئەو شورشە کومەلیەی وا بەری وەیە، گەلەی لەوە ئەگەن کەنوسینەکانیان کەم کار ئەکانە گەل. ئەمەش ئەدەنە پال کەمی هەستی بەستند کردنی نوسینی نەنی لە ناو خەلکا. بەلای منەوە ئەمانە ئەبی هەر سەرزەنشی خویان بکەن بو ئەم سەرتە کەوتنەیان. یە کەم پیویستی ئەو کەسانەی خویان بە هاوورری و هاو دەمی خەلك دا ئەنین ئەوەیە کە بەو زمانە قسە بکەن کە هاوورریکانیان تی ی ئەگەن. هیچ باوەرریکم بەو نووسەرە نیە کە ئەنیا جەند خویندە ـ وازیك لە نوسینەکانی بگات. کەلاو بووم، قسەکەی (تولستوی) [٢]

---

(١) Bourgeoisie چینی ناوتجی یە لە کومەلدا، کەنە خانەدانن و نە کریکار.

(٢) Leotolstoi لیو تولستوی نووسەریکی یە ناوبانگی رووسە (١٨٢٨ ـ ١٩١٠).

یم کردیوە ئاپینی خوم کە ئەلی ، « من حەز نا کەم کەبو لە سەد هەزار خوێندەوار کەمتر بنوسم . »

ئەتی وردیوتەوەی قوتابخانە گشتی یەکانی پارسەوە بوم دەرکەوتوە کە هەرزەکارە ناشی یەکان بەچە ئارە زوویەکی گەرم و کولولەوە گوی یان لە باسی (کلولەکان - Les Miserables) ی (فیکتور هوکو)[1] ئەگرت بە جوریك ئەو کومەلە خەلکە گوی‌یان ئەگرت و بیدەنگ ئەبوون ئەتوانم بنیم پیمان ئەکرا گوی‌مان لە ایدانی دایان بیت .

دیسان لە یونیفەرستی بە گشتی یەکان و قوتابخانەی کریکارە کانیشا گوی رایەلی و ئارە زوویەکی وام چاو پی کەوتوە بەرامبەر بە « بازاك ، زولا ، دکتر ، باسی ئەلفونس دودی)[2] و داستانە سەزنەکانی تولستوی هەروەها رابواردنی سە سەد سال بە سەر نوسینەکانی « مولیر »[3] دا

---

(1) Victor Hugo نووسەریکی گەورەی فەرەنسەیە (کلولەکەکان) جوانترین داستان یەتی « ١٨٠٢ - ١٨٨٥ » .

(2) Honore de Balzac داستان - نووسیکی فەرەنسەیە « ١٧٩٩ - ١٨٥٠ » ، Emile Zola داستان - نووسیکی گەورەی فەرەنسەیە « ١٨٤٠ - ١٩٠٢ » Charles Dickens داستان - نووسیکی بە ناوبانگی ئینگلیزە « ١٨١٢ - ١٨٧٠ » چاکترین داستانی « داڤید کوپەرفیلد » . Alphonse Daudet نووسەریکی مەزنی فەرەنسەیە « ١٨٤٠ - ١٨٩٧ » .

(3) Moliere نووسەری کومیدی کومەلایەتی بە ناوبانگی فەرەنسەیە « ١٦٢٢ - ١٦٧٣ »

یەکی ئەوەیان تەخستوە کە کاری بکاتە گەل هیچ چەپی نەبی لەو کارەی کردویەتە « بورژوا » و خانەدانەکانی « چەرخی گەورە »

ئەگەر « پرووست » (١) و « ڤالری » (٢) میانی خەلك نووسەرا ـ نیان دوورتر خستبینەوە لە یەك ئەمە مانای ئەوەنیە کە بە کجارەکی لە هوزبرابن . کە نووسەران خویان ئەم دەلاقەیەیان خستوتە بەینەوە وزلتر ـ یان کردوە باخوشیان چاری بکەن . ووا لە خویان بکەن خەلك تی یان بگات . هیشتا هەر وەختیان ماوە بو ئەو دەمەی کەتیا ئەکەوتە « ژوور ـ ئادەمیزاد » ەوە ، هیشتا وەختیان ماوە کەبو « هەلبژیرراوە » ئەرستو کراتەکانیان بنووسن ، ... ختو کەی فیزیان بدەن .

هەموو ئەمانە هیشتا وەختی ماوە بەلام ئەگەر بیانەویت هەموو کەس گوی یان لی بگریت ، ئەبی بەزمانی هەموان قسە بکەن . تەك بو چەند کەسە هەلبژیر راوەکانیان . دانیاش بن کە ئەمەیان کرد نەقەتە کەیان سووك ئەبیت نەناپەسند . دانیابن کە هوتەرەکەیان چەزەرەریك ناکات ئەگەر هاتو ریگەی قولبژیان گرت و بەشیوەی ئەو نووسی یان بو ئەوەی هەموو کەس تی یان بگات .

جەوهەری فەنی گەورە .

وە ئەبیت نیاز لەم قسانە هەر جوری بیرپیشاندان بیت بگرە بیرخو ـ شیەنی . ئەوی لیرەدا دەربارەی نوسەریك ئەی لیین هوتەرەکانی کەش

(١) مارسل پرووست داستان ـ نووسیکی فەرەنسەیی یە « ١٨٧١ ـ ١٩٢٢ » . (٢) پول ڤالری نوسەریکی فەرەنسەیی یە .

ئەگریتەوە . موتزارت Mozart کەبلیمەتیەکەی ئیستەش نازەیە ئەپزانی چوز خوی ئەکات بە مالی هەموو چەرخیك - هەموو دونەریکی گەورە Great Art لەوانەیە تا سەو ئارەزووی هەموو کەسی ئەخت کات ، ئەمەش چەبو تاسەو ئارەزووی ئیمرو و چەبوهی سەینی راستە . تانە تانەت ئەو بلیمە تانەش کە زور پیش وەختی خویان کەو توون رنگەی جەو هەری هونەریان هەلە بە کردوە . کە ئیمە پارچەیەکی ناباب دورست بکەین - درامایەك یا داستانیك - ئەوەندە پەسە کەرەسە کەمان نگرین بە دەستەوە وبچینە گیانی ئەو کەسا نەوە کە دورستیان ئەکەین . بەلام کە ئیمە ئەوە بین کە خومان ئەلین - شاعیر ، وینەگر ، هەیکەلتاش ، بەنا ، موزیقار یەکی بین لە ئەندامەکانی « پیشداری گیان » دەست ، چاو ، وگوی کومەل بین ئەوسا فرمانەکانمان لەهی خومان دەو ئەچیت ، ئەبی بەمالی کومەل . خوت بخەرە شوینی یەکی لەو هەزارانەی ، یە هوی تووە ئەبیسن ، ئەبینن ، ولەشت ئەگەن . خوت بخەرە شوینی یەکی لە هەموان ... ئەوسا دلنیا ئەبی کە هیچت لی کەم نابیتەوە . لە خویەتی یە بە نرخە نازدارە کەت ، بگرە بە هیزتر و مەردانە تری لی دەر ئەچیت . هەموو رەگەزە - کانی ئادەمیزاد ئەگریتە باوەش و هەمو لە شکرەکار ئەخاتەری .

دورست کردنی پشنی کە حەزلە فەن بکات

پیویستە لە سەر نووسەر و ئارتیست کە یەکەم هەنگاو بنین بو کەم کردنەوەی ماوەی میانی خویان و خەلك - پیویستە لە سەریان ئەو لە یەك گەیشتنە بیننەوەکایە کە نیشانەی هیزی « تراژیدی یونان » و

ئاڤرۆی دەوری ئەبزانت بۆ ، بەڵام ، فرەدا ، خەڵکێکی پیرۆبستە بەشی خۆیان پێك هێنن و فرمانی خوان جێبەجێ بکەن ، کە هەواڵی ئەخێی خۆشەواری گرمەڵیە کە ئەبن بڵاو بکرێتەوە .

کە ، ۳۰ ساڵ پتر لەمەوبەر ، دیسەم تیاترو Theatre بەك خەڵك بکەمەوە لە فەرەلسەدا ، گەیشتمە ئەو ئەنجامە کەو ئەوەی خەڵك بەباپی ئەبن ئەتوەبەکی گیان آزادمان هەبێ ، وبو ئەوەی ئەم ئەتوەبە جەز هەم ئەمە بکەن ، پیرۆبستە وەختێکی ئەواوی بێفرمانی یسان بە دەستەوە بێت ، وەختێك کە بەئیشی ئی ڕاتەوە ئەئڕابێت ، بەر یەك ئەبن کەبی ژانین و توانایان بەبیر و ئاوەڕی ئاقڵانو ڕۆڕو پوڕچ لە کەڵك ئەکوتی ئەتوەبەك کە خوی گەورەی خوی بێت ، و سەر کەوتو بێت لەم هەرایە دا کەوا ئێمڕو هەڵگیرساوە . (ڤاگنێر) ئەمانی ئەمە پەڵێت ، لە سەرەتادا فرمان هەبو .

ئەمەم دووسال بەر لە هەرای ۱۹۰۵ ئومێدو بڵاو کردەوە . لەوساڵ شەوە هەر ئەیڵیم و ئەی ڵمەوە بو ڕوژ آوای ئەوروپا . لە ڕوژنامانسا ، لە بەکیەتی سوئیتدا ، لە پیرۆبست پترە چونکە ڕوحیسا ئەتوەی خوی پێگەیاند . فرمانەکەی پیك هێنا .

بەڵام چونکە ئەم کارە پێشڕەوی لێ جوی ئەبوەوەی ئازاد کردنی گەڵەکەمان و دوورخت کردنی فەنیکە ئەگەڵ ، لە ئاو گەلدا و بوگەڵ ئیمە ، ئاڕتیستەکان ، ناچارین ڕولێکی کاریگەر بەجێ بێنن لە ڕەنگێ ڕشتنی ئەم فرمانەدا . ئەبن شوێنی خومان بگرین لە بەکەم ڕێزی مەیدانا

پرله چەك ، چەكی خومانە ، قەلەم ، فرچە ، تەشوی ، فرمانی ئیمە ، كەرە .
گیكی دریژی دا كوناوە لە ئیستەدا پیویستە دوی بزوینەری دەروونی
خوی كەویت .

ئایا ئەمە ئەوە ئەگەیینی كە ئارتیست ئەبی خوی بدا بە دەم شەپولی
ژیسانی كومەلی یەوە ؟ لەأ ، لەوە زیاترنا كەشكسپیر كەوتوتە ژیر دەستی
گیانی ئەو دیرودرنجانەوە كەلە « دراما » كانیا پەرەللای كردوون . لەگەل
ئەوەشا كە ژیانوتی لە داستانە كانیا ، جلەوی لە دەست بەر نەداون ،
رەنگی بورشتون ، خەتی بو كیشاون كە پەیرەوی بكەن . چونكە ئەوە
عەقی ئارتیستە كەلە خەیك دوورین تربیت و قوولتر بر روانیتە ئەو شتانەی
كە بە كیكی كە ئەی بینیت و بە سەری دیت .

لە بەر ئەمەیە كەیە ئارتیست ئەلین سەر كردەكانی لەشكر پاوە كو
ستالین پی یان ئەلیت ، « لەشكری هەلبژاردە » كە « موهەندیسی
گیانن . »

لە ناو ئاگری سوورا ئەبی گوی هونەر بیەتەوە . چونكە پیاو بە
دوورە و پەرز وەستان لەو گەلەوە كەوا كەوتوتەری ناچیتەریزی
« هەلبژاردە » هەلبژاردە ئەو كەسانەن كەلە پیش دەستەی خویانەوە مل
ئەنین بو ناو چەرگەی ئاگر .

لە (Modern Thinker) موە

٩

کوردی بەناوبانگ

دکتور کامەران عالی

بەدرخان

قادر خفاف

لەدێی (مقتلە) لە ژیك (جرابلس) لە شمالی (سوریە) لە سالی ١٨٩٥ لە دایك بوە . لە فامیلیایەکی پاشاهانەیە کە هەمو ئەندامیکی پیاوی گەورە و خوێندەواری ئەواو بون . گەلیکیان بەرباد و دەر کران بە هوی گانی بەرزیانەوە وە جزمەت کردنیان بەراستی لە ریگەی حقوقی وولاتە کەیانا ، جگەلەوەی زوریان کوژران و مال و ملکیان تالان کرا .

(دکتور کامران) لە (حقوق) لە (أستمبول) دەرچوە وەختی خوی ، لە پاشا زور بزیوی وە چالاکی ئواندوە لە بەر ئەوە زوریان لی کرد کە هەرا بکات بو (ألمانیا) وە لەوی پاژە سال بمینیتەوە . لە (برلین) خاوەتی پوول و پارە نەبو ، ئەچو قوماشی ژناتەی ئەکری وە بە دەستی خوی وینە وە نەقشی روژ هەلانی لە سەر ئەکرد وە ئەی کرد بە (سەر پیچ) بو ژنان . کچە ألمانی بە قازانجیکی باش بویان ئەفروشت . نەخنیك پارەی پیکەوەنا و ئەی خویند لە جامعەی « لیزگ » هەتا وەکو شەهادەتیکی

بەرزی وەرگرت لە « أقتصادی سیاسی » . وە بە ألمانی کتیبیکی لە سەر کوردستان دەرکرد لە سەر ئەوە « دکتوراە » ی وەرگرت لە بەر ئەوە پی‌ی ئەلین « دکتور کامران » . لە پاش پانزە سال « ألمانیا » بەجی ئەهیلیت وە ئەچیتە « پاریس » لەویس لە « سوربون » دوو سال ئەخوێنیت و تخصص ئەکات لە « فلسفە وە أدابی أفرنسی » . لە دوای ئەوە دیتە « قاهرە » وە لەو وەختەدا « جلادەت » ی برای لە « مصر » ئەبیت خەریکی گوڤاری « هاوار » وەکو مەلایەتی ئەبیت . لە « قاهرە » وە بەیەکەوە دینە « سوریە » وە هەتا ئەمرو « جلادەت » لە « شام » دا ئەنیشیت بەلام « کامران » لە « بیروت » دا ئەنیشی . لە « شام » گوڤاری « هاوار » وە « روناهی » دەر ئەکەن . لە « بیروت » روژنامەی « روژانو » وە « ستیر » لەگەل بەشیکی فرنسی « لە ژوور نوقسو » دەر ئەکەن .

کامران یەک پارچەی آگرم وەتا ڤگەیە کەلە چالاکی . هەمو ئەورپا گەراوە و لە گەلیک لە شارەکانا ماوەتەوە وەکو « لندن ـ پاریس ـ مارسیایا ـ کوت دازور ـ ژوریخ ـ لیزگت ـ مونیخ ـ روما ـ ئەبدا هتد » . عومری بەخشا سالە لەگەل ئەوەشدا هیشتا هەر گەنج دیارە . شەوو رۆژ خەریکە وە هیل ئەسوری وە خوێ هیلاک ئەکات بەبی ئەوەی دەنگی لیوەیس ئاسارد بیتەوە هەمو ئیکی جوان و بە گەلک ئەکات و هیچ ناشلیت من ئیش ئەکەم یا خود خزمت ئەکەم و هیچ پرو پاگەندەیەکیش بو خوێ ناکات . هەمیشە ئەیوت وولاتەکەی خانەیەر چاوی بیگانە وە خوێ بناسیت بە گەورەکانیان بو ئەوەی دەنگی کوردیان

گوی لی بیت ئەوەك بو ئەوەی ناوو نیشان بو خوی پەیدا بکات . یەکەم کورد کە خوی نشانی « ویندل ویلکی » دا لە سالی ١٩٤٢ دا ، دکتوم کامران بو لە بیروت وە بیرنامەیەکی پر معنای دایە دەست بە انگلیزی یەکی جوان خوی ریکی خستبو .

لە لبنان کورد زور کەم هەیە ، لەگەل ئەوەش دا کاریکی وەهای کرد ئەمە شەش ساله اذاعەیەکی کوردی کردوتەوە هەمو ایوارەیەك سەعات ٩٦٫٣٠٥ پروگرامیکی کوردی بلاو ئەکاتەوە لە رادیوی بیروتەوە . هەمو ایشیکی زور جوان بەریوە ئەبات لەگەل ئەوەشا وورده وورده کاسبی ئەکات تجارەت یکی بچوك وە ئەو پارەیەی کە دەستی ئەکەویت خوی پی ئەژینی وەچی مایەوە لە ریگەی (آبدیال) دا خەرجی ئەکات . پیاوە گەورەکان و کار بە دەستەکان هەمو جاری دینەلای و میوانداری یان ئەکات بو ئەوەی کورد ستانیان پیشکەش بکات . زور بە آسانی خوی کردوە بە دوستی گەلیك پیاوی گەورە ئەویش بە هوی ئەوەوە کەزمانیکی زور ئەزانی . بیجگە لە کوردی ، وەکو بابل عربی ـ تورکی ـ فارسی ـ فرنسی ـ انگلیزی ـ ئەلمانی ـ یونانی ـ وەزمانی ئەوروپای ناوەراست ئەزانی و قسە ئەکات . لەم زمانانە لە هەمویدا دەستی هەیە وە کتیب و گوفاری دەر کردوە .

بە فرنسی ئەم کتیبانەی دەر کردوە :

١ — مەتەلی کوردی لەگەل مقدمەیەك لە بابەت ئەدەبی کوردەوە .

٢ — پاشای کوردستان لەگەل مقدمەیەك لە شعری قارەمانی .

٣ ـ قاموسی کوردی بۆ فرنسی ، وەلە فرنسی یەوە . بۆ کوردی ٢٠٫٠٠٠ ووشە - یەزمانی ئەلمانی ئەم کتیبانەی دەر کردوە :

١ — بازی کوردستان : ژیانی ئەو کوردە مەردانە کەیو رزگاری کوردستان هەولیان داوە و لە ریگەی سەر بەستی دا خویان پەکوشت داوە ..

٢ — ژیانی پەفر .

٣ ـ کتیبیك شعری کوردی ترجمە کراوە بە ئەلمانی .

ئەوانەی یە کوردی دەری کردوە :

١ — حەوت کتیبی کوردی لاتینی بوقوتابی کورد .

٢ — ترجمەی هەمو قورآن .

٣ — ترجمەی حەوت سەد حەدیثی پیغەمبەر .

٤ — قاموسی کوردی بۆ ئەلمانی ، وە ئەلمانی بۆ کوردی . ئەمە لەگەل کتیبیکی تر لە بایەت کوردستانەوە یە ئەلمانی دەری کردوە ، لە ئەلمانیا یەجیی هیشتوە . نیازوابو کە لە ئەلمانیا لە سالی ١٩٣٩ دا بلاو بکرینەوە .

کتیبیکی تر بە فرنساوی لە بایەت « تەنر وە ئەدەبی کوردی » یەوە لە پاریس یەجیی هیشتوە کە نیاز وابو لە سالی « ١٩٤٠ » دا بلاو بکرینەوە .

جگەلەمانە ، گەلیك مەقالە وە نوسینی تری هەیە لە گوڤارو روژنامەکانی روژهەلات وە روژ آوادا یە حەوت زمان بلاوی کردوتەوە لە بایەت کوردەوە .

یەکەم جار کە چاومان یە « دکتور کامران » کەوت لە بیروت لە اوتیلیك دا لە ژوریك دانیشتبو، لە یەردەمیا پارچەکاغەز وەکتیب دانرابو وە لە دەور وەپشتی چەند (مەلا) یەك یە میزەرەوە دانیشتبون ، ووشەی کوردی‌یان بو ئەدوزی یەوە . ئەویش مناقشەی لەگەل ئەکردن وە جارو بار دفترەکەی دەر ئەهینا ووشەکانی ئەنوسی باسی کوردی عراقی لی پرسین لەگەل ئەحوالی چەند کەسیك لە عراق کە ئەی ناسین - ایمەش داوای وینەیەکی خوی مان لی کرد وەلە پشتەکەی شتیکی نوسی ، ایدر ناقەتمان چو وە یەجیمان هیشت . لە پاشا دەعوەتی کردین بو (قبولی قەرەخەرمان) بە یادی کوردستانەوە لە بیروت فیری کوردی لاتینی وە ئەلفباء یەکی داپنی کردمان بە کوردی خومان بو ئەوەی لە عراق بلاو بکرینەوە وەلە چاپی دا . جگەلەم هەمو کاروبارە دوو روژنامە بەریکوپیکی دەر ئەکات « روژانو و ستیر » و هەمو سالیك سالنامەی جوان بلاو ئەکاتەوە یە هەمو لایەکا .

دکتور کامران عومری پەنجا ساله ، لەگەل ئەوەشدا هیشتا هەر گەنج دیارە چوار شانەیەکی ریك و پیك هەمیشە بەم لاو بەولادا فرکەی دیت .

هەتا ایستا ژنی ئەهیناوە بو ئەوەی بتوانی هەمو هوش وە بیری خوی بخاتە سەر یەك شت ئەوەك ژن و منال بەشتی ترەوە خەریکی بکەن. جلادەت لە شام دا ئەنیشی گوڤاری (هاوار وە روناهی) دەر ئەکات ، لە کامران گەورەترە ، صحتی زور باشەوە زور چالاکە ، ریشیکی سپی توپزی هیشتونەوە . ژنەکەی رەوشەن زور تیگەیشتووە خویندەوار وە

www.zheen.org

کورد پەرستە - مدیرەی مکتبی کجانە لە شام وەلە ئەدەبی عربیدا زور دەستی هەیە - کوردی عراق باش ئەزانن وە ناسیاویان زورە لە عراق . ایجگار دل یان خوش ئەبیت کورد بچیتە لایان وە زور بە دەورو پشیدا دین . چوینە (چاپخانە) کەی لە شام زوری بی‌خوشبو وە چوینە ماڵە کەی لە گەرەکی کوردەکان لە شام .

نزیکی بیست هەزار کوردی لی‌یە . ئەوانیش وەکو ایمە دوا کەوتون وە زوریان ریش یان هیشتوتەوە ، خەریکی جولایی وە فەرش کردن وە وورده فروشین وە هەندیکیان زراعەت ئەکەن . مداڵەکانیان پی‌بی‌خاوس وە چلکن وەکو لای خومان،وە هیچ یان بە کوردی قسە ناکەن لە کولانە کاندا شەرە شەق ئەکەن . پیریژنیکی خەلقی سلیمانی گەرەکی سەرکارین لەوی‌یە سوال ئەکات ناوی باجی پیروزە ، بە کوردی خومان قسەمان لەگەل کرد وە وینەیەك مان گرت ئەی ووت بە قوربان وینەم بگرن بەلکو بوم ببیت بە شەناعەت . ایمان پرسی چی و گەیاندوەتە ئەم ناوە ؟ ووتی لە شەری گەورەی پیشودا چوم بو حەج لەو سەرەوە کەسم نەبو وەپارەم نەبو بگەریمەوە سلیمانی ناچار هاتمە شام و لەو ساوە هەتا ایستا لیرە سوال ئەکەم وە کوردی ایرە یارمەتیم ئەدەن ..

آیا جلادەت و آیا کامران ، کوردی عراق یان زور خوش ئەویت ، ئەلین چونکە کوردی عراق هەمو زیرەکن و هەتا ایستا کوردی عراق مان نەدیوە گیژوو یژبیت . ئەگەر پونیك وە پارەیەکیان دەس بکەوی ئەم دوو دانە ، لە ریگەی خزمت آیدیان دا خەرجی ئەکەن ، تەوەك

www.zheen.org

ریگەی خزمەت و آیدیال تسخیر بکەن بو پارە پەیدا کردن بـا خود بو ناو و کورسی . لەگەل ئەوەشا هەمیشە هەول ئەدەن وە خەریکن وەنا ـ شلین ایمە شت ئەکەین وە بە نەمای ئەوەنین ببینە پاشای کوردستان.

گەلیك جار لە بیروت ، داوامان لە دکتور کامران ئەکرد کە بە کورتی شتی لە ژیانی خوی مان بو بنوسی ، هەمو جاریك رەفضی ئەکردەوە و ئەی ووت تکا ئەکەم خوتان بەشتی پروپوچەوە خەریك مەکەن قەردەهیچ نیە کومەل شتە وە خەریکی وولات بن بزانن چی کورتی یەکی هەیە اجماعی ثقافی ، اقتصادی . بەوانەوە خوتان خەریك بکەن باشترە .

لە هەمو بیروت دا نزیکی پەنجا جەمال وە بویاخچی هەیە . ئەم ذاتە کاریکی وەهای کرد ، ئەم پەنجا کە سەی کو کردەوە و لە مەکتیبکی فرنسی دوو صنفی کردەوە بو ئەمانە کەفیری خویندن یان بکات . ایمەی ناچار کرد کە بە شەو بچین دەرس یان بی ببینەوە لە ساتی ١٩٤٢ دا . خوی قلم و دفتر وە کتیبی بو ئەهینان لە سەر حسابی خوی ، وەدەرسیشی ئەوونەوە لە پاش شەش مانگ ئەم بویاخچی یانە ، هەمو لەگەل مندالی هەندیکیان فیری نوسین وەخویندنەوەی کوردی بون وە حساب یان ئەزانی . جارو بار بو تشجیع پارەیشی ئەدانی لە بەر چاوی خومان ، وا ئەزانم هەتا ایستاش خەریکە لەگەتیان ، وە زور محترم و معتبرە لە بەر چاویان .

خویندەوار وە گەنجە کاتی لای خومان هەزار سال بن ، هەر لەگەل لە سەر میزی خواردنەوە گورانی یەکی ووت ، ایتر بەنەمای تەختی پاشایەتی یە .

١٦

آیا ئەزانی کەوا (١) ؟

دەوك : فوزی دلشاد

١ـ لە سالی ٥٨٥ ی پیش میلاد تاتیسی زانا هوی رودانی مانگ و روژ گیرانی لەگەڵ را کیش « جـذب » کردن بە مەقناتیسی بلاو کردەوە .

٢ـ لە سالی ٥٩٠ ی پیش ـ م ـ دەورەی نهضەی تمثال هەلکەندن لە لایەن یونانەکانەوە دەستی پی کرد .

٣ـ ٥١٥ ی پیش ـ م ـ فیثاغورس زانا خوری ئەرزی نیشان داوە وە بەراوەردی کرد ئەستیرەی زوهرە کەلە بەیاندا دەر ئەکەویت هەر ئەویش ئەستیرەی ایوارانە .

٤ـ لە ٤٥٠ ی پیش ـ م ـ اجیدوقل وونی کە ناوەوەی ئەرز پەیدا بوە لە هەندی موادی تراوە وە پەیدابونی را کیز هەر لەوەوە پە .

٥ـ لە ٣٥١ ی پیش ـ م ـ دانیشتوانی اروپا بەخیوکردنی کرمی آوریشمیان لە چینی یەکانەوە وەرگرت ، هەروا دروستکردنیشی .

٦ـ لە ٣٢٠ ی پیش ـ م ـ یوفراستینی فەیلەسوفی یونانی نوسینیکی لە بابەت گژوگیا « نباتات » ەوە نوسی وە یەکەم کەس بو کە باغچەیەکی دروست کرد .

---

(١) لە گوڤاری « فتاة الرافدین » ەوەر گیراوە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

٧ـ لە ٤٠٠ ی پیش ٠ م ٠ رومەکان مەقەستیان بەکار هینا ٠

٨ـ لە ٢٦٠ ـ ٢١٢ ی پیش ٠ م ٠ ارخمیدسی یونانی دەری خست کە هەر جسمی چوە ناو آوەوە قورسایی کەم ئەبیتەوە ٠ وە آوەدەی سوتینەر «لقراءة المحرقة»ی دروستکرد.

٩ـ لە ٢٠٠ ی پیش ٠ م ٠ دانشتوانی اروپا بە یەکار هیناتی لوکەیان زانی وە دەستیان کرد بە هیناتی لە هندستانەوە ٠

١٠ـ لە ٧٥١ دا اسلامەکان دروستکردنی کاغەز فیربون لە چینەکانەوە وەلە ٧٥٩ دا بە کەم کارخانەی کاغەزیان لە بەغدادا دامەزراند ٠

١١ـ لە ٨٠٠ م ٠ رومەکان بە یەکار هیناتی سابونیان زانی وە بە هوی ئەوانەوە اروپای بەکانیش لە سەدەی نوزدەهەمدا فیری بون ٠

١٢ـ لە حالی ٥٠٨ ی م لە ایتالیا بە کەم بانگ لە لایەن جولەکەکانی دانیشتوی لماردیاوە دروستکرا ٠

بنکەی زین
www.zheen.org

بوزانین

ووشەی فەر هەنگەکەمان ئەم جارە ئەوانەن کە بە «ش» دەست پی ئەکەن . بەوبونەوە تکا ئەکەین هەر کەسەچی یوریک ئەکەوی بو ناردن بومان بنیریت زور سوپاسی ئەکەین ٠

سلیمانی: ابراهیم احمدی محامی

دنیا هەر لە پیشکەوتنایە

یەکەم کەس کە ئەتومی شکاند

زانای ئەڵمانی (اولا هوهن) یەکەم کەسە کە ئەتومی بورانیومی پارچە پارچە کرد و بەم جورە بەردی بنچینەی بومبای ئەتومی دانا ، پار یەهار دەستەیە لە « کوماندوز » ی ئەمەریکایی و ئینگلیز فرراندیان و هینایانە ولاتی ئینگلیز ، لەوی لە گەل « ٢٠ » زانای کەی ئەڵمان لە کیلگەیەکی ٤٠ میل لە « لەندەن » دوور دانرا بوون ، وەکو میوان ، جارو بار زیلفەتیان بو ئەکرا ، خواردنە وەشیان ئەدرایە ، ئەهیرا هاتوچوی لەندەنیش بکەن بەلام لە ژیر چاو دیریکی تیژو ئاگاداریکی وردا بوون .

زانا کانی ئەمەریکا یە پەیرەوی کردنی بیری « هوهن » ئەو بومبای ئەتومەیان دورست کرد کە شاری هیروشیما و ناگازاکی ژاپونی سەرەو ژیر کرد . ئەلین « هوهن » ئیستە هینراوە ئەوە بو ئەڵمانیا ، سەیر ئەوەیە بە دریژایی ؟ ئەم بەینە لیجنەی « خەلاتی نوبل بی سەرو شوین بە دویا ئەگەرران کە خەلاتی نوبلی بدەنی .

دلی لەم لە شەوە بو ئەو لەش

« نیکولا سینیزین » ناو زانایەکی لاوی سوڤیتی دلیکی کەی خستوتە

لەشی یوق و چەند جاڵەوەریکی ترەوە و ئەم زانایە ئەلی « حەیـــوانی دو سەدل زور بە لەش ساغی لە لابراتوری ـ جیگای فرمان و تاق کردنەوە ـ یەکەما ئەژین » و ئەلی : یەکەم جار دلی دووەمم هینا خستمە ژیر چەرمی ملەوە ، ئەگەرچی لە گواستنەوە کەیا سەر کەوتم ، بەلام بەهوی گوردان و تیکچوونی ناوچەو گەرمی بەوە گیاندارە کە ئەوەندە نەژیا ، بەلام ئیستە شوینیکی بـــاشم بو دلی دووەم دوزیوەتەوە ، سی یەکم لابردووە و دلەکەم خستوتە جیی ، ئەم دلەش وەکو ترومپایەکی یاریەدەر کار ئـــەکاو باری ئەرکی دلی یەکەم سووک ئەکا . و بەم جورە ئەتوانری ئەوانەی تووشی نە ـ خوشی دل بوون رزگار کرین لە مردن جادتیکی تریان تیخری کە یـــاریدەی دلەتەخوشە کەیان بدات و تەبەلی خوین بوایتی .

خوینی دەست کرد

دوو زانای لاوی سویدی خوینی دەست کردیان دورست کردوە و بە دەرزی راستەوخو ئەدری لە رەگ و ئەم مادەیە لەبانی خوین گواستنەوە بەکار ئەهینریت و بە کەلکی هەمو کەسیک دیت گلیربونەوەی خوینی هەر جوریک ئەپی ببیت .

ناوی « دکستران » ە و بو ئەوەی بە ئاسانی بگوزریتەوە ئەتوانریت بکریت یەتوز و کەپسویست بو لە لاپەن دکتورەوە لە ئاویکی لە کولا ئەتو ـ ینریتەوە و ئنجا ئەدری لە خەلک .

شەمشەمە کوپرە و (رادار)

نوسەری لاپەرەی زانین لە روژنامەی « نیویورک تـــایمس » دا

ئەنوسیت : کە چەند ساڵە زانایان عەودالن بەدووی نهێنی شەمشەمە کوێرەدا کە چون بەئاریکی ئەفرێت ، بێ ئەوەی ترسی لە دیوارو بن میچ کەوتنی بێ بەلام چوار ساڵ لەمەو بەر ، لە ماموستایانی « پونیڤەرستی هارفرد » دکتور جیالامبوس و گریڤین دوای گەنی تاقی کردنەوە و لیکو لینەوە بویان دەرکەوت کە شەمشە کوێرە لە پیش خوێ یا دەنگێکی بەهێز ئەنێرێت و کە بەر ئەو دیوار یا بن میچە کەوت کە رووی تێ کردوە ئەگەر رێتەوە بولای خوێ و ئەی بیسی و خوێ لێ لا ئەدا و بەم جورە بەر هیچ شتێ نا کەوێت .

هەر لە سەر ئەم سەرەتایەشی « رادار » دورست کراوە - کە ئالە تیکە شەپولی کارەبا ئەنێرێت وە کە بەر تەیاوەیە کەوت لە ئاسمان گورج ئەگەر رێتەوە و ئەو ئالەتی « رادیوی » وەرگرە ئەی لە تەنیشت « نیرەر » ەکەوە داتراوە وەری ئەگرێتەوە ئنجا ئەو کەسەی بەدیار ئالەتەکەوەیە لیکی ئەدانەوە شەپولە کە بە چوون و هاتنەوە چەندی خایاندوە ، ئەی دوزێتەوە کە ئەو فرروکەی بەری کەوتوە لە کوێیە . بەم جورە سوبند خواران توانیان شەو بە شەو شوێن فرروکی دوژمن بزانن و بەر لە گەیشتنیان بەرەنگاریان بن

---

* نف لەو ژنو میردیە کە بە سەرزاری خوشەویستی یەکترین وە لە دنیشا لە یەك بیزارن .

* ئەگەر جاریك لە کاریکا سەرنە کەوتی مەیەلە ئەم سەرنە کەوتنە آمانجە کەت لە بیر بیاتەوە کە هەولی بو ئەدەی .

حەبەشی ئەلیین

* لە پیاو دەست پی کردن و لە خوا بڕینەوە ٠
* کلکی پلنگ مەگرە ، کە گرتیشت بەری مەدە .
* بادلت بسوتێ چاترە لە دەستت
* یەکێ هیز ئەدا و ئازادی زانین بلاو ئەکاتەوە
* گوێ بگرە و بیدەنگ بە خوات لی رازی ئەبێ
* کە دەمت لێکنا میشی تێ ناچێت ٠
* بەر لەوەی قسەبکەیت گوێ بگرە ، بەر لەوەی پاروو قووت دەیت بیجوو ٠
* کە نەخوش چابوەوە خوای لەبیر ئەچێتەوە ٠
* ئەوەی لەشیر بمێنێتەوە کەمتیار ئەبخوا ٠
* خزم و دەرمان لە تەنگانەدا هوت تێیان ئەکەوێت ٠
* سەگ لەکوێ بخوا لەوێ ئەوەڕێ ٠
* لەلووت بدریت چاو ئەگری
* بڕوانە دایك ئنجا کێچ مارەبکە
* نیشتمانی ژن میردە کەیەتی ٠
* کە کوتەکم بە دەستەوە بێت هەقیشم لە دەمایە
* کەمالی خەلك ئاگری تێبەر بیت تو وا ئەزانی پووش ئەسووتێ ٠
* مردن ئایینی نیە ٠
* میوان زیرە ئنجا ئەبێ بەزیو لە پاشا ئەبێ بە ئاسن ٠

لە « الکاتب المصری » یەوە

ئەو دنیایەی تیا ئەژین

یوگوسلافیا و دەستوری تازەی

یوگوسلافیا ولاتیکە لەگوی دەریای ئەدەریاتیک ، گەورەیی ـ پەر لە شەرر ـ ٩٥٠٠٠ میل چوار گوشەیی یە ، دانیشتوانی ١٣٫٩٠٠٫٠٠٠ ، کەسە کەلەمانە شەش ملیونو نیوی سرب ، چوار ملیونی کروات . ملیونیکی سلوڤینی ٥٥٠٫٠٠٠ ی هونگاری ، ٣٠٠٫٠٠٠ ئەلمان ، وئەوانی ـ کەی ئەلبانی ، بولغاری ، مەکەدونی وە قەومی کەن . پای ئەختەکەی شاری بولگرادە . یوگوسلافیا لە پیش هەمو شتیکا وولاتی کشتوکالە ! هەندی کانی مس وە قورقوشمی تیایە .

لە ١٩٤١ دا لەشکری ئەلمان بەلاماری یوگوسلافیای دا ، ئەگەرچی پاشا ـ پیتەر ـ رای کردە ئینگلتەرە وە لەشکری یوگوسلافیا شکا بەلام نیشتمان پەرستی وە آزادی پەروەری گەلی یوگوسلافیا نەپەزی ، هەمو دوشمنایەتی وەنا کوکی رەگەزە زورەکانی لەبوتەی شەررا توایەوە ، لەشکری رزگار کردنی یوگوسلافیا لە ژیر سەر کردەیی مارشال ـ تیتو ـ دا هاتە مەیدان و تەنگی بە ئەلەمان هەلچنی ، یوگوسلافیای لی کردن بە جەهەنەم ، تە بەردو کوشتار نەبرایەوە تا دوا سەروازی فاشیست لە یوگوسلافیا کرایە دەرەوە . گەلی یوگوسلافیا ئەی ویست دەست لە بەری

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەم سەر کەوتنەی هەڵگری و جاریکی تر خوی بخانەوە ژیر چنگی شاو دەستو پیوەندە سەرمایە دارەکانی دەوروبەری کە خوینی گەلیان ئەمژی وە لە سەر بەگژیەکادانی ملەتە جوی جوی کانی یوگوسلافیا ئەلەوەررین، لە روژی ... دا پەررلەمانی یوگوسلافیا بریاری لابردنی پاشایەتی وە دا مەزراندنی ... دابو، وەکوتە دەستور داتان بو یوگوسلافیای تازە ..

وەکو نامەنیری رویتەر « هەر یەرت عەریسون » لە بولگرادەوە نوسیویە ئەو دەستورەی کە جەریکە دابنری لەگەلی روەوە جاوازی هەیە لەگەل هی زور لەولاتان. لائیجەی ئەم دەستورە بەر لەوەی بدری بە پەررلەمان ئەخریتە پیش چاوی گەل کە لی بکولیتەوە و ئی ورد بەوە و هەر وەها لە روزنامەکاندا وینەیەکی بلاو کراوەتەوە کە هەمو کەس یا هەر کومەلو دەستەیەک بیخویلنەوە وە چەنانە واوی و کەمی و کوردی و زیادی تیا ئەبینن لەگەل ئەو بەندانەی گوررینی بە باش ئەزانن هەموی بنوسن بو وەزیری دەستور،

بە پی دەستوری تازە جەمهوریەت سەروکی نایی لە بریتی ئەو دائرەیەکی ٣٩ ئەندامی ئەبی کە ئەمیش پەک سەروک و شەش وەکیلی سەروکی ئەبی، کە هەر وەکیلە لەبریتی پەک لە حکومەتەکانی ناو پەکیتی یوگوسلافیا ئەبی، ئەمەش بویە وا دانراوە تە وەکو لە بەر سەروکی نا کوکی بکەویتە میانی ئەو قەومانەوە کە پەکیتی یوگوسلافیایان لی پەیابوە.

له دەستوری تازەدا بەندێك ماس ئەركی هاو ولاتی ئەكا : پێویست بێت له سەر هەموو هاوولاتی یەك بە پێی توانای خۆی ئیش بكا ، ئەوی هیچ نەدا بە كۆمەل هیچیشی لە كۆمەل پێ ناڕەوا .

لەشتێكی ڕێكا ئەم دەستورە وەكو دەستورەكانی تر نیە ، لیرەدا هەر وەكو باس كارو باری سیاسی ئەكات بڕگەی ژیانی ئابوری دا ئەق . بە پێی ئەم دەستورە هەرچی كانو كانگاو عەزی ئاوی و هوی هاتوچو وەدروست كردن هەیە لە ژێر دەستی دەوڵەتا ئەبێ لەگەل بازرگانی دەرەوە . بەڵام زەوی هەرچی هەو كەسە ئەبێ كە ئەیكێڵێ . سنوری داڕاوە بۆ كرێكار كەلەوە كەمتر نەبێ . هەر وەها ئاسایشی كۆمەڵ وەهەق لە چەسپاوەتە شدا ڕوژانە وەدەستی داوە بە هەموو كرێكارێك . هەموو هاو ولاتی یەك بێ جیاوازی زمان و ڕەگەزو دین وەكو یەكن . ژنیش هەموو هەقێكی سیاسی وماڵوری هەیەوە كو پیاو . وە لەتوانی هەو ندەی پیاویش كرێ وەربگرێ ئەگەر لەو قرمانەی لەیكاوەكوێ پیاوێ . بە پێی دەستور هەموو كەسێ سەر بەستە لە ناوەڕۆ كردن و پەرستنا . كلیسە لە دەولەت جوی كراوەتەوە . مادە ـ ٣١ ـ ئەڵێ : هەموو پێگانەیەك ئەتوانی پەنا بێنێتە بەر یۆگوسلافیا لەوە ختێكا كە دەر بە دەر ئەكرێ وە ئەگێ بێ هەڵ ئەچنری ئەروی هەوڵدا نیەوە بۆ یاداستنی خێاو كرانی بە ئازادی نیشتمانی یاخە بەر ئەوەی لەگەڵ كاری علمی و سەنعەتیدا خەریك بوە ئەماڵە چەند دێرێكن لە دەستوری تازە لە دایك بوی یۆگوسلافیا بە كەم زانینكی زانی تازەی .

وەرگێڕاوە

وناق ـ DIPHTHERIA

وناق بە هوی میکروبی کلیبس ـ لو فلەرەوە Klebs ـ Loeffler توشی مروڤ دەبی . تەخوشیەکی زور بە سامە ، لە هەمو تەمەنیکدا توشی دەبی ، ئەلام بە دەگمەن لە پیش تەمەنی یەك ـــالەدا توشی منـــدال دەبی چونکە هەمو منداڵیك بەرگەگری Immunity ئەم دەردە لەدایکبەوە وەردەگریت ، بە زوری لە تەمەنی ١ـ١٠ ساڵیەوە توشی دەبی . لە پایزو ـ زستاندا زورتر بڵاو دەبیتەوە .

چون بڵاو دەبیتەوە ؟ بە زوری بە هوی هەڵگری Carrier ئـــەم میکروبانەوە بڵاو دەبیتەوە ، ئەو دلوپە تەوردانەی کە بە پژمین و کوکین و پیکەنین و قسەوما چەوە بڵاو دەبیتەوە پڕ ئەم میکروبانە کە تەخوشیەکە توش ئەو کەسانە دکا ئەم دلوپـــانەوە بەر دەگەویت . زور بە دەگمەن بە هوی شیرەوە بڵاو دەبیتەوە میکروبی وناق بەجل و بەرگ و نوین و قەڵەم و دەفترەوە تا دەمیکی زورتەمینیتەوە ـ میکروبەکان لە گەروو قورگ و لوتدا دەمینیتەوە و ژەهرەکەی بە هوی خوین و لیمفەوە دەمژرینە لەشەوە .

نیشانەکانی : ـ وناق توشی سە جیگە دەبی یا جیا بە جیا وەیا پیکەوە ئەم جیگایانەش لوت Nasal ، قورگ Laryngeal و گەرون Favcial هەر چەندە جارجار لە هەندی جیگەی تری لەشدا بیراوە وەکو چاو وە یا لە پرینیکدا .

١ ـ وناقی گەرو Fauvial مدەی هەل هینانی لە دوروژەوە تا حەوت روژەد لەبر تەخوشیە کە دەر ئەکەویت . لە پیشا یەك دو یەلە لە سەر آلو پەیدا دەبی یە گورجی بلاو دەبیتەوە بو زمانە پچکولە ، ئەم یەلاتە وەکو بەردەواتە ، ئەم پەردانە بە قایم نوساون بە ئەندامەکانی زیریانەوە ئەگەر لابرین خوینی لی دی ، لوەکانی Slands مل گەورە دەبن ، دەم بو گەن دەبی . گەرمی لەش یا زور کەم پەرر دەبیتەوە یا وەکو خوی دەبی . لەو ناقی سوکدا روو سور هەل دەگەری یەلام ئەگەر نەخوشیە کە قورس بو روو زەرد هەلدەگەری ، ئەو وناقەی خوینی لی بیژی زور کوشندەیە .

٢ ـ وناقی قورگ Laryngeal یە کەمین نیشانەی ئەم وناقە گورینی دەنگە لە پاشا هەناسەدان زەحمت دەبی ، چولەمەی مل یەقولا دەچی ، ماسولکەکانی سنگ دەکەوتە چولەوە .

٣ ـ وناقی لوت Nasal . ئەم چەشنە عادتا لە گەروەوە تەشەنە دەکا یەلام رەنگە بە تەنیاش پەیدابی ، لەم چەشنەدا برینە کەلە ناو لوتدا دەبی ، ژانەسەر ولەرزین و رشاننەوەی لە گەل دەبی یا خود ئەم نیشانانەی نابی تەنیا آویکی زور وەیا کیمیکی زوری خوینەوی لە لوت دیت .

وناق کە جاریك توشی کەسیك بو پەر گەگریکی وەها پەیدانا کا کە جاریکی تر توشی نەبینەوە ، سەدی دوی ئەواتەی توشی وناق بون جاریکی تریش توش بونەوە .

هەتا مندال پچوکتر بی وەیا دەرمان کردنی دوا بکەوی مردن زیاتر

دەبێ ، هەندێ منداڵ بە توندی توش ئەم نەخۆشیە دەبن ، ئەمانە هەر لە پێشەوە گەروێن دەآوس و آو بە لوتیانا دێتە خواری ، نوەکانیان گەورە دەبێ و دەمیان بوگەن دەکا و خوێن دەزێتە پێستیانەوە ، ئەمانە بەدەرمان کردنیکی روریش بەرەحمەت چاک دەبنەوە .

تاقی کردنەوەی شیک : Schick Test بە هوی ئەم تاقی کردنەوە یەوە دەزانرێ کە منداڵێک بەرگەگری و ناقی هەیە یەنا ، ئەم تاقی کردنە وە بەش بە هوی er لە ژەهری و ناق بکرێتە ژێر پێستی قوڵ ئەو منداڵەوە دەبێ ، ئەگەر ئەو منداڵە بەرگەگری نەبێ جێگەکەی سور هەڵدەگەڕێ و دەآوسی ئەوسا پێویستە بەرگەگری بو ئەو منداڵە پەیدا بکرێت ئەگەر نەسێگەکەش هیچ پەیدا نەبوو دەبرد کە ئەو منداڵە توش و ناق نابێت و هیچی پێویست نیە بوی بکرێت .

خوپاراستن و بەرگەگری پەیدا کردن بو و ناق : ـ هەمو منداڵێک تەختی بەرگەگری و ناقی لە خوێنی دایکیەوە هەیە کە ئەمەش بەرە بەرە کەم دەکاتەوە تا تەمەنی یەک ساڵە لەوە لا پێویستە بەرگەگری بو پەیدا بکرێت کە ئەگەر باش بکرێت بە درێژایی ژیان دوام دەکات، چەند دەرمانێکی آمادەکراو هەیە بو ئەم آمانجە ئەمانەش :

١- T.A.M. Toxin - Antitoxin - Mixture

٢- T.A.F. — Toxoid — Antitoxin — Floccule

٣- F.T. = Formol — Toxoid

٤- A.P.T. — Alum - Precipitated - Toxoid

ئەمانە پێویستە دوکتور بەکاریان بێنێت .

ئەوانەی بەم دەرمانانە بەرگەگری پەیدا بکەن ئەگەر توشی و ناقیش بن زور بە سوکی دەیان گریت وە بە دەگمەن دەبی بە هوی مردنیان .

قوتابیان و ئەوانەی لەجیی قەلەبالغ دەژین پیویستە بەرگەگری بەم چەشنە پەیدا بکەن - دەرمان کردنی : - نەخوشە کە ئەگەر بەسوکی گرتبوی پیویستە نزیکەی سە هەفتە لە جیگەدا بکەوی ، ئەگەر بە توندیش گرتبوی تا هەشت هەفتە دەبی بکەویت . دەبی راست دریژ بیت تا چوارده روژ لە پاشا وردە وردە سەرپێی بودا بریت تاوای لی دیت دانیشی ، ئەگەر هەناسەی گیرا بوریەیەك بخریتە قورگیەوە هەناسەی لیوەبدا ، دلی نەخوشە کە دەبی زور بە وردی سەرنجی بدریتی و بەهیز بکریت .

دەرمانی راستەقینەی ئەم نەخوشیە Diphtheric Antitoxin و پەنیسیلینە ، لە پیش ئەوەدا نەخوشی و ناقدار اذن بدریت بچیتە نو خەلقەوە دەبی هیچ نەبی میکروبی وەنی لە لوت و قورگ و گەروبدا تا دو جار تاقی کردنەوە نەدوزرینەوە ایجا نەخوشە کە اذن بدریت .

سلیمانی

دوکتور عبدالرحمن عبدالله

www.zheen.org

محامی

فریق عقراوی لە « موصل » و دەرەوەی هەمو جورە دعوایەك ئەگریت ، چونەلای : لە « موصل » شارع النجفی

کوردوستان

— — —

کوردوستان روژنامەیەکی کوردی‌یە بەشیوەی موکری ، بە زمانی کوردی روژی ئەروژی لە شاری « مهاباد » بەصورتیکی رسمی دەر ئەچیت ، ایمە بە پوستە تا ایستە « ٧ » ژمارەمان وەرگرتوە .

باس و خوامی ئەم روژنامەیە ، چونیەتی کردەوەی کوردەکان و هەلسورانیان ، کوبونەوەیان بو کردنەوەی چاپخانەی کوردوستان ، نوسینی باسی زانایانی کورد ، وەرگرتنی دەنگوباسی دەرەوە بە هوی رویتەرەوە ، آمانجی قەومی ، ووتارو کوبونەوە بو هاندانی خەلکی بو کردنە بلوی خویندنی کوردی لە هەمو قوناخانەکانا ، هەمو جورە شعرە و ئەدەبیاتی کوردی وەگەلی شتی تر .

بەراستی ئەم روژنامەیە یەکەم روژنامەیەکی کوردی‌یە کەلە هەمو نائەواویەکی کورەواری یەوە قسە بکاو خزمەتی خوی بە هەمو لایەکی بگەیەنی ، انجا بەو بو نەوە ایمە پیرو زیانی لەو برایانە ئەکەین کە ئەم ئەرکەیان گرتوتە ئەستو هیوادارین هەر بژیت بەژیانی هەمو لایەک دیسانەوە پیویستە هەمو کوردیک بو هاندانی بەرپوە چونی ئەم روژنامە خوشەویستە خوی لە کردنە آیر نەو خزمە تکردنی تری یە دور نەگریت ، ناوو نیشانی ئەمەیە : ـ

مهاباد : چاپخانەی کوردوستان .

بنکەی ژین
www.zheen.org

له باخی گولیك

شەرر چیە ؟

(سەروازیکی ئەمەریکایی ، لە نـــامەیەکدا ، باسی ئەکا بو کوررەکەی)

کوررم !

شەرر بە سامژە لە هەموو ئەو شتانەی لە زمانەکانی دنیـــادا هەن . بی رەزاترە لەوەی ئەقلی یە شەر بتوانی و بنەبەکی بگریت .

لاشەی هاوروی یەکە ، هەمووی چاوترو کانـــدنی لەوە بەر زیپ و ریندوو بو وەکو تو ، خاوەن بیرو هیواو ئامانج و دواروژ ، بەلام ئیستە هیچە هەر هیچ !

چاوی سەروازەکانە لەدوای کوشتار وەکو ئاوی لیخدیان لی هاتوە بریسکەیان نیانەماوە . (شەرر) شارانە ، نەقەلای بیسوودی پشتاو پشتە ، بوەتە کومەلی بەردو خـــولە میشی پرش و بلاو ، نەأ ، نەأ ، هەر بوتە ویرانەی هەزار ساله .

پیکەوە ئازاری سەد ملیون دوست و براو خوشەویستە کە بیرای بیرای لە یەك برراون ، نیکچوون لە ناو چوونی نیشانەی سەر ئەو شەقامەیە بودوا روژ ئەچیت ، ئەو بی ئارامی یەیە کە هەمیشە گالتە ئەکات بە هیواو ئامانجی خەو بینان .

لە بیرت بیت کەبە نەواوی هەموو ئەم شتانەیەنەك بەوو شەو بە قسە .

گرەی ئەفینی بومبـــایە کە دەمێکی کش و مات لە دوایت . ئێجا
نوزەیەکی ئازاراوی یە لەم گەروەوە و ئەو گەردو ئەلی ـ یەریشانە .

ئالە ئال و ترکە ترکی بریندارانە ، ئەو یەنگەزەردە ـ رەشباوەیە سەر
رووبان لە کەویت . ئەو چرکەیە یە کە سەروازە تازەکان لە پێش کوشتارا
لەچرپکێن و ئەو زیرەیە بەزەیە کە بیدەنگی بە سامیان ئەزیرەزێت
لە باش مەتی پێسی یە ، گەردی یە . رەپێی یە .

ھەزارو ئیشێکی بێ پایانی ئەشە ، بێ زاینی ئینسانە بە جانەوەریی خوێ
ماندوو یەتێکی بێ بڕانەوەیە کە مەرگێ لە جاوا شیرینی یە .

ئەو کوشتارەیە کە پشیوی ی ترس و قین و مردن و کوێرەوەری تیا
پرکاوە کرد ئەیدەوە . ئەگەر گەلێ گەل لەھەمو لەمانەش زیاترە .

لەمانە راستی یەکانیت پرپێت ، گوڕم ، ئەک وشـــەکان لاوی لە
بیست سالان کەمترە کەلە پێش ئەوا (شەڕ) لە قوتابخانەدا بە شـــادی
ئەگەران ، یا چاو بڕکێ و دەستبازی یان لە گەل کچان ئەکرد لە باخـــ
گانا ، یا مەرد بوون دەنگ و باس سەر گوتن و پێشکوتنی خوایان ،
یە دەنگێکی نەرم و چاوێکی شادی لێ ھەلقولاوەوە ، بو ژنەکانیان
ئەگێڕایەوە ، یا باوک بوون بە لوتێکی بەرزەوە منالەکانیان ئەبی ئـــەو
یادی و گەمانە ئەکرد کە ھێزیان پێیان زانیوە ـ ئەڕز ھەموو ئەم بیادانـــ
نەبە کەفین و ترس زەوزە (چارە) ی پڕ کردوون لە نـــان و ناشرینی ،
دەروونی پڕ کردوون لە دڵڕەقی و نەبەردی بە سوێندوە ھەڵیان کوتاوەتە
سەر زەلامەکانی بەرامبەریان لەیانەویت لەشیان لەتێن لەتێن کەن .

ئەو شەل و گوچ و کویرو پەڵ کەوتانەیە کە ئەگەر رینەوە مالی و دلیان پڕە لە ترسی بە زەیی پیا هاتنەوە و سامی سەرنە کەوتن و قین ، قین ئەنانەت لە ژیان خویشی .

(شەرر) بە غەررو چونی بە ملیون سالی بە نرخە لە ژیانی ئادەمیزادە وە ودخت بە سەر بردنە لە هەنا سەبو هەلکیشانی ئەوەدا کەلە دەست چوو . روژ لە دوای روژ مانگ لە دوای مانگ ، و سال لە دوای سال تا هیوای جوان ئەگورریت بەشتیکی بی رەزای ناشیرین لەبیرت بیت ، لەبیرت بیت . ئنجا ئەم راستیانە لەگەل گەورەترین ژمارەدا کە ئەیزانی لە یەکیان بدە - ئنجا بیلیرەوە ، دیسان بیلیرەوە . ئەوەندە بیلیرەوە تالە تەختەی میشکتا هەنئە کە نریت وەکو نەخشیکی زیندووی کلپەدار .

بیرت بیت ، بیرت بیت ئیمە قسە لەچی ئەکەین ، نەوشەو نە سەرواز نەأ . هەر لە ئینسانی کوتومت وەکو خوت . ئنجا کە ئەم وینەیە لەمیشکتا نەخشی بەست بە جوریك کەلە بیر چونەوەی نەبیت . ئەوسا خوت ماندوو بکە عەودال بە بەشوین چاکترین ریگادا بو پاراستنی ئاشتی .

تەنیا هەر بو ئەم ئاماتجە ئیکوشە تالە ئوانانایە ، بە هەموو هیزی بیرو خوشە ویستی تەوە سرەوت و ئارامت نەبی تا ئەگەیتە ئەو کاتەی ئەتوانی بە هەر یەکی لەو ئینسانانە بلیت کەبو بەختیار کردنی ئینسان مردوون . « تو بیسوود نەمردویت . »

جین سلاتوف

گوفاری (تایمس)

دیوانی گه‌لاوێژ

بی‌تو!

مصطفی به‌گی کوردی

ده‌روون زامدارو دل غه‌مگینه بی‌تو ،
سـه‌رم گێژ و ته‌نم بی‌تینه بی‌تو .
خه‌وم بی هوشی‌یه ، به‌رگم بلاسه ،
خوراکم خوینه ، شادیم شینه بی‌تو
له چاو ئه‌شك و له دل ئاهم که ده‌ردی ؛
ده‌لی‌ی توفانی باو بارینه بی‌تو
جیگام سه‌حرایه، وه‌حشیم یاروها و ده‌نگ
دررك ڤـه‌رش و خه‌فه‌ت بالینه بی‌تو
سه‌رم سه‌متووره، سینه‌م چه‌نگه، دل ده‌ف
خه‌فه‌ت یارو مه‌قام نـالینه بی‌تو
که باب دل ، خوین مه‌یه ، ساقی فیراقت ،
قه‌ده‌ح چاو و مه‌زه‌م ئـه‌سرینه بی‌تو
ده‌روون گولزارو خوین گول، باغه‌بان دل ،
فیغان بولبول ، جه‌فا پـه‌رژینه بی‌تو

رەقیب روژش و ئەشکی دیدە سویرە ،
ژیان تال و ئەجەل شیرینە بی تو
زمستان مەیلەکەی پایزیرا کەم ،
بەهاری عومرەکەم هاوینە بی تو .
ئەوا من بووم بەشاو سولتان و والی
دەساتو خواوەرە نیم شینە بی تو (١)
کە هەمسایان لە ئاو نالینی کوردی
دوعای مەرگم ئەکەن : ئامینە بی تو

لەجوشی کوورەی..

لە جوشی کوورەی دەروونی پرتاب ،
دل ئەنالینی وەك تەلی روباب .
فرمیسەکی چاوم ئالە وەك شەراب .
چەرگ هەلئە قرچی ئەبی بە کەباب ،
بو چاوی مەستی یاری عیشوەدار
داری مبخەکە گولی دەرداوە ،
خەرمانی گولە یە نار خەملاوە ؟
یاری نسازدارە لە خەو هەلساوە !
دەئمالی پەشمی لەمل ئالاوە !
گولووەئەو شەنە سرین شەرمەزار

هەر بە یەك لەنجە یار بە سەر بەنجەی ،

ئاسکی کردە چول ، گەو چوو بو هەردەی ،

دراتی دەرخەست زەردە خەنەکەی ،

سەدەف حوی خستە ژیر بە حری بی پەی !

پیکەنی بە رژاء گەوهەر بە خەروار

گول و سوبل و نیرگمی شەهلا ،

عەرعەرو شمشاد ، ئاسکولەی خەتا ،

بلووری بی گەرد ، گەردنی مینا

هەموو بە جاری بازاریان شکا ،

ئەو سەروی نازە هاتە لەنجەولار

سوفی نودیتت وازینە لەمن ،

مل پانی ریش زل ، بنا گوی کولکن ،

بزو بونەفرەی پرو پیرە ژن ،

خوت لەمن مەکە توبە (دەوزن)

من بەقسەی تو چون دیتە ژیر بار ؟

بە ناپو بوتو بە هەشت و وزوان ،

حەوزایی بەهەشت حەلالە پیشان

تیایا بگەوزین تووشیخی ملیان ،

من بو جەهەنەم بو حوفرەی نیران

یالە من دوور بی شیخی ، ریش هەوسار

چەند ساله وەعزت فیزە و زەکاتە ،
برچی کون نەبو ئەم خەرافاتە ؟
بەرزبوونی وەتەن لات تورره هاتە ،
چاك کوردت فەوتان بەم خەیالاتە
بە عیلم و فنون تو بیرە گوفتار
سنمەتی دەستت دەس نویژو نویژە !
موعجیزە و کەشفت ریشی دریژە ،
سەرت لە راستی مەعریفەت گیژە ،
فیشال و درو بەس هەلبریژە .
خوت گیف ئەکەیتو وەك (.....)
کەشە - گوی ی راستی تولد کرد لە زەوی ،
کوررەکەی ئەیبا جبەی قول قەوی ،
میزەری سپی ، کەوشی پەسبەیی ،
بەبی عبادەت ئەمیش بی گەیی .
راستە میراتی کەربو کە متیارە
ئەو نەوغەزالە لە دەستم دەرچو ،
چی ئەوی لەمن مام سوفی بەد خوو ،
پەس یە بەس بیکا تەلیسم و جادوو
بی کەلکە لەلام مررە و حای و سوو
چل شەوی عومرە ئەلین سەگی هار

بنکەی ژین www.zheen.org

من وشوانیك

(بەختیار : زیوەر)

هوکاکەی شوان ! گویم لی‌یە لەوین دارە
ئەوی ئەبلییت ، نابلییتەوە دوبارە
بەو آوازەت میگەلەکەت سەرخوشن
سەرمەست ئەرون ، ئەلەوەرین ، بە جوشن
گورانیەکەت دلداریم ئەچونینی
بەرەی دەنگت تاسەی دوریم بودینی
خوزگەم بە خوت کەلە شارستان دوری
سەر بەست و دلپاك و شادو روسوری
دارە پەنجەی گەردون لە عاشقت کولە
بو خوت جیگات نزارو شاخ و دولە
بەلام بو ایمە پەنجەی وا دریژە
لە تاو دەردی سەری ئەو سەرمان گیژە
جار جار سەرمان ئەباتە ژوروی آسمان
کەچی لە ناکاو ئەمانخاتە زیندان
بە کەیفی خوی ئەمانگیری بە عەردا
کەس ناتوانی نەرواو شەقامی بەردا

بنکەی ژین
www.zheen.org

جهانی لی کردوین یه کوشکی رەنگین
ژیانی بو کردوین یه شانەی هەنگوین
هەمو لە دویان ویل و سەر گەردانین
تامی تامیان ئەدا و بی نازانین -
منیش هەروا بو شوین آوانی گونگون
سەرمی جەنجال کردوە خولیای گەردون
لە پەدبەختیدا کەوتومە کوتەلکو
لە دل پەستیمە وا هاتومەلای تو
ایستاش تکام ئەمەیە برای گیانی
پشویەك بە لە آهەنگی گورانی
بەلام انجا شمشالەکەت دەربینە
قوی پیا کەو ماموستایی خوت بنوینە
دەنگی شمشال وەکو وژەی بای گولزار
نەفروتونا ئەکا پەستی دلی زار
دەنگی شمشال موسیقای کوردستانە
کە گوی ی لی بگرم بو دەردم دەرمانە
ئەی کاکەی شوان ایجگار دەرون زو عالم
چاوەری ی دەنگیکی پەرزی شمشالم
لەو آهەنگەی کەمەل رابوەستینی
لا فاوی شادیش بو هەستیم هەستینی

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەزمیك تیدە پەستی ژیان و گەردون
لە ناو دڵا بیا ، بروات سەر نگون
کاکەی گیانی ! تو خوا وا چاوەروانم
قوربانت بم ، زوو کەو منیش میوانم ...

لە گولزارا (١)

کە من گولزاری روی توم بی لە سەری گولستانم چی
قەدو بالای تو خوشی بی لە سەروی بوستانم چی
کە عشقی تو لە سەرمایە لە تاتەی واعظانم چی
مقدر گەر تەبی آخر لە مەری مەروخانم چی
لە ناتە نالی نیوە شەو لە آهی بەر بەیانم چی
دلم دایم لە عەشقی تو نگارا مەست و حەیرانە
هەمیشە کاری شین و نالەو ئەفغان و گریانە
مەدالیاو مەتسەبی ئەو ، ماچەکەی سەر گولی جانانە
نیشانەی افتخاری من لە سینەم داغی هجرانە
بررو ئەی ناصحی مشفق لەروتبەو یا نیشانم چی
ئەوا دیوانە بوم قوربان لە عیشقی چاوی غەدارت
شەکەر هەرزان ئەکا ابرو نگار ایوی شەکەر بارت
لە باغی تەرگسی شەهلا نی یە وەك چاوی خەمارت
عەرەز وا بو مقابل کەم لە گەل گولرەنگی روخسارت

(١) چاپی سلیمانی

بنکەی ژین www.zheen.org

وەگەرنە بی قەدی سەروت لە سەیری گولستانم چی

تو خوا قوربان عەفو کە با کە سەد جار من گوناهم بی
خوا هەلناگری تا کەی هەمیشە اوفو آهم بی
ایتر شەرتیکە خاکی ژیری پیی تو من کولاهم بی
کە من محرابی ئەبروی تو مقامی سەجدەگاهم بی
ایتر وەك زاهدی خودبین لە مەو عیدی جنانم چی

دلم سوراخ سوراخە قەسەم بەو چاوە کەی کالت
هیلاك و محرو بی هوشم لە عیشق رومەتی آلت
دە لوتفیکە لەگەل مندا فدای ئەو دانەی خالت
شەوم وەك روژی روناکە لە شوعلەی رومەتی آلت
بەلی یەکیارە باوق بی لە ماهی آسمانم چی

مەحالە لەم دلەم دەرچی بە سەد دەردو ئەلەم مەرت
ئەگەر یەك زەررە تو جانا لەگەل مندا بەبی مەرت
غلام و بەندەنم مەربوتە روحی من لەگەل مەرت
بەنەی رەنگی قەلەك جانا لەد لمادەرنەچو مەرت
کە من یەك رەنگت و یەك نوعم لە تبدیلی زەمانم چی

هەمو عومرم بە سەر داچو دەمی ماچم نەکرد کولمت
دو زولفت هەر وەکو پەرژینی گول باخی سەری کولمت
گەلی بی ناقەتە « احمد » لەبوماچی سەری کولمت
بە من قەت نادری تفسیری آیاتی سەری کولمت
گرانە « طاهر » ٤ ١ بومن لە تەعریف و بەیانم چی

بنگەی زین
www.zheen.org

هەرزەکاری

هەژمن ووتار

دا بەش بو بوون بە سەر نزیکەی بیست پارتی جوی جویدا ، یەکیەتی کریکارەکانیش بەمەرەی ئەمان چوبو ، دەستەی کون بەرستەکان ناتەبایی دیموکراتەکانیان بو بوە هەل ، و کەمیان پارمەتی هەلتەر نەدا لە دا گیر کردنی ولاتەکەدا . ئیتر ئەبی بوچی شایانی سەر سوورمان بیت کە چوار پارتی لە چیکوسلوفاکیادا ـ پارتی سوشیالیستی گەل ، پارتی سوشیال دیموکرات ، پارتی کومیونیست و پارتی گەل یەک گرن و جەبهەیەکی قەومی دورست کەن ؟

لە بولگاریاشدا چەند موئەسەسەیەکی وەکو ئەمان ـ جەبهەی نیشتمانی ، لە رومانیادا ـ جەبهەی دیموکراتی قەومی ، لە هونگاریادا ـ دەستەیەک لە هەموو پارتی یە ناحەزەکانی ناسیشرم ، لە یوکوسلاڤیادا ـ جەبهەی گەل ، لە یونانیادا چوار پارتی یەک کەوتوو توبتراوە لە حکومەتی وەختی یەکیەتی قەومیدا .

ئەمەش ئەوە ناگەیینی کە لەم ولاتانەدا هیچ پارتی یا دەستەیەکی بەربەرەکانی — کەر . هەن — و سەریەستن لە قسە کردن و روژنامە بلاو کردنەوەدا و ئەگەر بیاتەوی ئەشتوانن لە هەلبژاردنیشدا بە شدارین . بەلام ئەبی ملی کی بگرین کە خەلک دووی ئەم دەستە و تاقمانە نەکەون ؟ و گویی نەدە نە سەر کردەکانیان ؟

لایەنگرانی دیموا کراسی روژاوا لەمەش فولتر ئەوشن . ئەلین ئەوی لە ولاتە رزگار کراوەکانی روژەلاتی ئەوروپادا هەیە « دیکتاتوری پارتی کومیونیست » ە و بەس ، و بیجگە لەو هەرچی پارتی تر کە هەن بو

بنکەی ژین
www.zheen.org

فەلەبالغی و بو رازاندنەوە شانویەکی دیموکراسی دانراون ، چونکە سەر کردەکانیان هەموو ئەندامی تای بەتی و زوریاش شارراوەی کومیونیستن . وتاقە پەلگەیە کە بو بە خەلك سەلماندنی ئەم قسانە .

پیشان ئەدریت ئەوە یە کە هەمو پارتی یەکان سەر کردە کونەکانیان گووریوە بە هی نوی . وەکو لە کوبونەوەیەکی تازەی پارتی سوشیال دیموکرات دا لە هونگاریا ، سەر کردەکەی پیشووی ، پیر ، کە ناحەزی هاریکاری (تعاون) بو لەگەل کومیونیست و پارتی یە دیموکراتیەکانی تر ، دەنگیکی کەمی هەبو لە هەلبژاردندا . و (سزاکازیك) یان هەلبژارد بە سەروك .

شتی کی وەکو ئەمە لە ولاتە رزگار کراوەکانی کە شدا روی داوە . لە رومانیادا ـ مانیو ، و یراتیانو ـ سەر کردە کونەکانی پارتی فەومی آزاد ، و فەومی چارانیست لە میژە بونە سەرداری یی لەشەکر . و زوریەی دو ـ کەوتوەکانیان بونە شوینکەوتوی سەر کردە سیاسی یەکانی تر ، کە کوتیان تبایە ـ وەکو تاتاریسکوی ئازاد و گەلی کەی تازە . لە یوگوسلافیادا ، ماچیك ، سەر کردەی پیشووی پارتی جوتیاری کرواتی ، کە دەستی لەگەل ئەلمانەکان و باڤلیچی دەست ـ نیژو جاسوسیان تیکەل کرد بوو ـ ایستە هەمو جوتیاریکی کرواتی فینی لی یەتی و ناحەزیەتی . پیاوی تازە هاتونە مەیدان بو سەر کردەیی پارتی جوتیار ، کە ایستە ناوی پارتی جوتیارانی جەمهووری کرواتی یە . لە زور لە پارتی یە دیموکراتیەکانی پولونیاشدا شتی وا روی داوە . ئەمە وایە . بەلام کی ئینکار ئەکات کە

وا یەکی لە هەقە سەرەتایی یەکانی دەستووری دیموکراسی ئەوە یە کە هەموو پارتی و دەستە و بەرەیەك بە سەربەستی سەروکی خوی هەلبژیریت و ، ئەگەر پیویستیش بکات ، لە سەروکی یخات ولای بیا ؟

ئەو فرمانە باشانەی لەولاتە ئازاد کراوەکانی روژەلاتی ئەوروپادا پیك هیناون ئەوە — ناگەیینن کە ، ئەم ولاتانە ، (کراون — یە — سوڤیت) ، وەکو زور لە بەندو باو کەرە ، درورپخەرەکان ئەلین . چونکە هەمو ئەزانین ، ئەم ولاتانە گشت دەستووری کومەلایەتی و ئیکونومی (اقتصادی) خویان لە جیی خوی ماوە ، کەلە سەرماوەن — مالی تای یەتی (الملکیة الخاصة) هوی دورست کردن بنیات نراوە . نە چاك کردنی قانونی زەوی وزار ، و نە یە — مالی — گەل — کردنی هەندی فابریقەو کارخانەی بە خەربار دورست کردن ، نە ئەو ری یانەی بو بەرهەلست کردنی بازاری رەش بەرەوی کراون ، هیچیان پیشان نادەن کە ئەم ولاتانە لە دەستوری کومەلایەتی و ئیکونومی خویان لایان دابیت . هەموو ئەزانین کە باس کردنی هەندی کارخانەی قورسکاری بە هی گەل ، دەمیکە ، لە ولاتی ئینگلیزیشدا هاتوتە ناوان . و دەرەبەگی و خاوەنیەتی زەوی زور گەورە سەدو پەنجا سال ئەبی لە فەرەنسەدا چاری کراوە .

سەر باری هەمو ئەمانە ، گوناهی هەرە گەورە و ناوانی رەحمەت نەگرەوە ، بەلای لایەنگرانی بیری دیموکراسی روژاواوە ، ئەوەیە کە ئەم ولاتانە یە دریژایی ری سیاسەتیکی دوستانەیان پەسند کردوە لە کارو باریاندا لە گەل یەکیەتی سوڤیت ، یەتایبەتی ، لای هەندی ئینگلیز و

www.zheen.org

ئەمەریکایی وایە کە تەم ولاتانە زۆریان داوە بە دەم بەکێتی سوفیەتەوە لە هاریکاری لیکۆنینی یاندا .

تەم قسەیە نیشانەی گرنی ئەمانە میژو و جوغرافیای زۆر جیاوازیان تێدا بەدیدەکرێت . هەر پیاو چاوێک بخشێنی بە سەر خەریتەی ئەورووپادا بۆی دەر دەکەوێت کە پەیوەندی لیکۆنینی لەمیانی ولاتانی وەکو رومانیا و هونگاریاو پولونیاو دراوسێ گەورە کەی رۆژهلاتیاندا چەند پیوێستیکی تا چارێیە تەمە لەروی جوغرافیاوە . لەروی میژو شەوە ، هەموو کەس ئاگەزانێت کە ئەبوونی پەیوەندیکی لیکۆنینی عادەتی لەمیانی بەشێکیەتی سوفیەتدا .

لە پاش بەستنی پەیمانی (فارسای) کە رووی لەو سیاسەتە ئاشتیەی سوفیەتەوە بوو کە ئەو (کوردانە) ی دەیانداوا کە سەر بحوکمبوون پەیرەوی بان بکرد . وکەزانیکی روونیش هەیە لەسەر ئەوەی کە تەم ولاتانە .

یەکێک لەمانە هەموی ، تەم قسەیە دەری ئەخات کە ئەوانەی ئەیکەن و بڵاوی ئەکەنەوە تا چەپڵەیەک گرنی ئادەنە یا کەی بەکێتی سوفیت. ئاخۆ دورست کرنی تەم بەنگەیانە چیان ئەوت تەگەر بروانیتەوە بکرایە لە سەر پەیوەندی بەستێکی لیکۆنینی لە میانی ، تۆ ، (لەگەڵ کێکا) ، (کەنادا) و ولاتە بەگژوەکانی ئەمەریکادا یا لە میانی هولاندە یا دانیارکەو بەریتانیای گەورەدا ؟ ئی گومان ئەو کەسە لەبن کوێرێت کەبن لەوە ئەبێت کەوا بەکێتی سوفیت ، کەشەش بەگ هەمو روری زەمین ئەگرێتەوە ، هەق زیاد کردنی پەیوەندی لیکۆنینی هەیە تەگەڵ دراوسێ رۆژهلاتیەکانی

روژاوا و روژهلاتی . ئمانەن قسەو تانەی لایەنگرانی بیری دیموکراسی روژاوایی . وەکو ئەبینین هیچیان جێی باوەر نین . لەگەل ئەوەشدا ئیشارەی جوڕە بیر کردنەوە یەکن کە ناشیت لە وەختی لێ کۆڵینەوەی کاروباری ناو دەولەتانی ئێرەودا چاوی لێ بپۆشرێت . وەئەی ئەم جوڕە بیرانە تازەش ن . لە دوای شەڕی گەورەی یەکەیش هەر لەم تاقم و کۆڕانەی ئیمڕۆ بیرو باوەڕیان بە هەڵە لایەنگرانی بە جۆشی بیری دیموکراسی روژاوا وە بڵاو کەرەوەکۆرج خوازانی دیکەیشت لەگەل خۆیان وەکو ئەوەی (هورتی هساب) لە هونگاریا ، یا لەگەل سەرچڵی یەکانی (پلسودسکی) لە پۆلۆنیا ، یا لەگەل (چانکوف) ی ئاشیست لە بوڵغاریادا . ئەوسا کەس بیری لەوە نەئەکردەوە کە خۆی بەکێشی و دیموکراسی روژاوایی یلە دیموکراسی روژهلاتی جوێ بکاتەوە .

هەموو دەورێکی ناخۆی بەگەڵیش بەپاش لەزارا بەو شێوەیەی سیاسەتێکی دوژمنانە لەگەل یەکێتی سوڤیت بەردەوی بکات . ئەمە لەو ڕوژانە دا وکە زۆر لە پیاوە سیاسی یەکانی دیموکراسی روژاوا بەردەوی ژیریان دا لەنا کە تەوقێکی سیمی بگێڕن بەدەوری یەکێتی سوڤیت دا ئیمڕۆ لە روژاوادا کەس جەز ناکات بیر لەم پەڕژینە بکاتەوە .. وەئەی گەمەش شتێکی سەیر بیت ، چونکە بەواوی لەم سیاسەتە نابوت بوو خەڵک لە بەرچاویان کەوت و ڕوایان پێی نەما . لەگەل ئەمەشا زۆر بیر هەیە لە سیاسەتی ناو دەولەتاندا ئیمڕۆ کە بە کاشکرای ئیشارەی سیاسەتە سەیرە کەوتوە نابوتە کەی پاش ڤارسایی دەولەتەکانی روژاوای پێوەیە ..

خوشم ناوییت (١)

بو ئەو گیانیا کە لە گوێی سیروانا ، لەبن سیبەری بەررو قەزوانا
خوشم ناویت ! ناه ! نا خوشم ناویت !
کەچی لە گەل ئەوەشا ماتەمین دام ئەگریت کە دیار نابیت
بەخیلیش بە آسمانی شینی جریوە دار ئەبەم کەتو ئەبینی
وە بە بینینت داشادو بریقەدار تر ئەبی

(١) لە گو ڤاری « المعلم الجدید » ەوە کچە کورد ، ن ، س کردویە بە کوردی .

بینە سەر یەکیەتی سوڤیت ، بەدل و بە گیان لە گەل هەزی دیموکرا ـ تیدان لە شەری نەهیشتنی فاشیستی و سرینـــەوەی شوین چنگە خویناوی یەکانیدا . سوڤیت ، بە پێی رەوشتی کوێی کە حورمەت گرتی ســـەر بە خوبی و ئازادی ولانە بچوکەکان و دەست نەخستە کاروباری ناو خوبی یانەوەیە هەمیشە پەبرەوی سیاسەتی ئەکات کە یاریدەی حوکمی دیموکراتی بدات لەو لانە ئازاد کراوەکانی روژەلاتی ئەوروپادا .

ئەم سیاسەتەش وە نەبی هەر بو ئیمەو دروامی نزیکە کاتمان باش بیت ، بگرە بە هوی ئەم سیاسەتەوە سەر کەوتمان بە سەر فاشیزمدا جیگەگر ئەبیت و رەگ دا ئەکوتی ، و ئاشتی ناو دەولەتان پیش ئەخات پیشکەوتنی کومەلایەتی و سەر کەوتنی دیموکراسی دینیتە مەیدان .

لە (ورلد دا نجەست) ی ئینگلیزی وەرگیراوە

خوشم ناویت ، بەلام نازانم بو هەرچی تو بیلیت دەوایە
گشت کردەوەیەکت پەسەندو جوانو بولنـــدە
گەلی جاریش بە پەنهانی هەناسە هەلئەکیشم
چونکە ئەوانەی خوشم ئەوین وەکو تونین
من توم خوش ناویت ! بەلام چاوە بریسکە دارەکانت کە پرە لە
سرپەو چرپە
لە هەمو چاویك زیاتر لە نیوەی شەودا دینە بەر چاوم
هەروەها رابەریکن لە بەینی خوشی و ناخوشیما
لەو چاوانە زیاتر کەمن دیومن ئەیانبینم
من توم خوش ناوی ! کەچی کە ئەرووی من دەنگت نابیسم
بیزارم لەو دەنگانەی کە نایەلن گوییم لە دەنگدا ناوەی بی
دەنگت بی کەلە گوییما دەنگ ئەدا ئەوە
ئەگەرچی غاوەی ئەو دەنگانەش خوشەویستم بن
من ئەزانم توم خوش ناوی ! بەلام لە گەل ئەوەیشا آخ !
زور کەمن ئەوانەی بروا بەدلی راستم ئەکەن
هەقیشیانە بروا نەکەن و زەردە پانگری
چونکە چاوم بریوەتە ئەو جنگایە کەتوی تیا ئەژیت

گامی

شیخ رؤفی شیخ محمود وعبدالمجید یاوەر
پیکەوە لە سلیمانی و دەرەوەی هەمو جورە دەعوایەك ئەگرن

١٦

کەهەر چار نەبیت بمرین ...

(کلودماکی)

کە چار نەبی هەر بمرین ، با ئاگامان لە خومان بیت وەکو بەراز نەمرین ،
رادوو نەنرینە شوینیکی ساکاری پی دەشتەوە . .
سەگی هاریش گەمارومان بدات ،
گالتەی بەوچارە نووسە پیسەمان بیت .

کە چار نەبیت هەر بمرین ، با مەردانە بمرین .
تا ئەو خوینە پاکە بە ترخەمان بە فیرو ئەریژریت ،
ئەوسا ئەو جانەوەرە دررندانەی بەرهەلستیان ئەکەین .
ناچار ئەبن لە مردنا قەدرمان بگرن .

هاوریینە ! پیویستە روبەرو بەرەنگاری دژمنی هەموان ببین .
با ئازابین ، ئەگەرچی زالیشە بە سەرمانا .
با لە بریتی هەزار لیدان ؛
بە کجار لی بدەین ، لیدانیکی کوشندە .

چی نیایە ، کە گورر بەرامبەرمان دەمی دا بچرینی ؟
ئەوەستین رو بەروی ئەم دەستە گوناهبارە ترستو کە ، وەک پیاو .
پشت ئەکەینە دیوار و ئەمرین و .
شەرر ئەکەین . . تا ئەمرین شەرر ئەکەین .

ودر گیراوە

١٧

گەلاویژ و خویندەوارانی

« گەلاویژ گوڤاری خوتە . پرست چیە بی ی بکە ، سکالات چیە بوی بکە ، گلەیت چیە لی ی بکە . »

(سلیمانی — کریم محمود) :

ئەوەتەی لە گەلاویژا ئەم لاپەرەیە دانراوە نە گلەیی یەکی یەری وجی و نەسکالایەکی بە سوز و سویم تیا نە خویندونەوە . یەلاشمەوە اوبالی ئەمە زوری ، لە گەلاویژ زیاتر ، ئەچینە ئەستوی خویندەواران . چونکە ئەمە لاپەرەی ئەوانە . جا لەبەر ئەوەی ئەمترسم کە هەندی لەم خویندەوارانە گلەیی یەری و جی و سکالای بە سوز و سوی بان کردبیت و گەلاویژ بوی نەتوسی بن وا خوم هەندی قسەی هەق بو ئەنوسم بزانم ، یە کەم ، ئەبان توسی ؟ ، دووەم ، ئە گەر یەجی بوز بەیرەوی یان ئەکات یان نە !

بو ئەوەی باسە کەم زور دریژ نەیتەوە تەنیا باسی ژمارە (٣ — سالی — ٧) ئە کەم :

ئەوی توزی لەم ژمارەیە وردبو بیتەوە لام وایە ئەم گلەیی بانەی دی یە بیرا

١ — غەلەتی چاپی زور تیایە ، و ئەو بیاتووەشم بە دل نیە بوتریت پیت — ریز کەرەکان کوردی نـــازانن . چونکە لام وایە تەختی زیاتر وردبوتەوە زور لە هەلەکان ناهیلیت .

٢ — لە پیشکەش کردنی ژمارە (١ — سالی ١) ی گەلاویژا نوسراوە « یەکی لە نیـــازی گەلاویژ ئەوەیە کە ماوەی تیگەیشتوو پیگەیشتوو زاناکانی کوردیدا لەم بابەتەوە — چەشتی نوسین — بیری

خوان بنوسن بەشکو لەم پاشا گەردانی نوسینە رزگارمان بێ ، لەو
رۆژەوە تـــەم مژدەیەم خوێـــندووە بە ئاوڕەدوومەوە بزانم ئێگەیشتوو
بێگەیشتوو زانا کانی کورد پرێن چیە لەم بابەتەوە . بەڵام چـاوم ڕواو
لەوتارێك بەوەڵاوە کە لە ژمارە (٥و٦) ی ساڵی ٥ گەڵاوێژا (پاشا گەردانی
کوردی) بووە لە لاپەڕە (ع -) ەوە نوسرا بو هیچی تر نەدی . هـەوی
ئەمەش ڕەنگە ئەوەی ، ڕای هەندێك ، کە کوردی بەم پیتانەی ئێستە
ئاسان ناتوسرێت وڕەوانیش ناخوێرێـتەوە ، و هەر ڕەخنی لێگەل چاك
کردنی نووسین بەم پیتانە بدرێت بێ سـودو بەر نەبێت . کە ئەوسا ئەی
بو یەڵانێی نەنوسین ، ئەڵێن ئاڕو وەختی ئەوە نیە ، یا ئەشە باوەختی ئەوە
نەبێ ، بەڵام ئەی ئەم هەڵسکە ئێی بـ کوردی نەنوسن تـا ئەو وەختەی
ئەتوانین تیایدا یەڵانێی بنوسین ؟ ڕاستە ئەمە هیچ بەکێ مەنتق وماقول
نیە . لەبەر ئەوەی خەڵك هەر نەنوسن ، وئەبەر ئەوەی — وەکو ئەڵێن —
ڕۆژی یەڵانێی توسینیش نێ — پرسیارێکە هەموان بدرێت کە ڕێ و شوێنێکی
باش دابنرێت بو نوسینی کوردی کە منـــاڵ زوو فێری بێت و بە ئاسانی
بنوسرێت و بەڕەوانی بخوێرێتەوە . ڕەنگە خەڵك بیانوێڵن بە دەستەوە
بێت بو ئەمەش ، بەڵام گەڵاوێژ کە گۆڤارێکی کـوردییە و بەم جۆرە
پێشـــانە ئەنوسێت ئەبو هیچ نەبێ و جۆرێك نووسین (إملا) بو خوێ
دابنێت و پێرەوی بکات بو ئەوەی هیچ نەبێ لە گەڵاوێژا (پاشا گەردانی
نوسین) نەمێنێ جارێك (منصب) و جارێك (مەنصەب) نەنوسرێت .

٣ — ئێجا پێنە سەرنەڕەواوی وتارەکان :

١ — ئەوەی لە لاپەڕە ١٦ — ١٧ دا نوسراوە نوسینێکی نا کوك و

ناله بارە لەبو ناوەن گوفار دەستکاریکی ئەداوی بکات .

ب— وتاری (یو گوسلافیا و دەستووری تازەی) مزگەنیکی خوش ئەدا بو خوێندەوارانی ئەیالەیت گەلاویژ دولیکی کاریگەری هەبی لە ری پێشاندانی لاوان و گەل دا بەلام داخەکەم کە دو شیرایا چەند وتەیەکی لە پەرێزاوە نازانم ئوبالە کەی بخەمە ملی، لاپەرە(٣٣) دێری (٣) یەم تەماشا کەن نووسراوە (لە دوژی . . . دا پەرلەمانی یو گوسلافیا بردباری لادی پاشایەتی و دامەزراندنی .. دابو) هەندی جار نوختە دانەنریت لە باتی ئەو و مانەی ناو بردنیان قەدەغەیە ، بەلام وا دەرنا کەویت کە ئەم نوختانە بو ئیزافە دانراین . زەنگی بیستاو بەراویژ بزانی کە ئەوی لەلایەن پەرلەمانی یو گوسلافیاوە دامەزراوە (فیدەرێشن جەمهوری — یەکی گەلی یو گوسلافیا) یە بەلام لەکوی ئەتوانی بزانیت کە لە رۆژی (٢٩ — ١١ — ١٩٤٥) بش دامەزراوین

ج— لە غەزەلە جوانە پرسوزەکەی حکوردی دا لام وایە شیعری (٤) یەم غەلەتە راستەکەی ئەمەیە : « جیگام سەحرایە ، وەحشیم یارو هەمدەم دڕندەی وەرش و کوچک پاپێنەی تو »

د— ئەو شیعرەی لە لاپەرە ٣٩ — ٤٠ دا نووسراوە لە ژێر ناوی (لە گوڵزارا) گەلی غەلەتی تیایە یەکەمیەتی لە ٣ نیوە شیعرەکانی ئەحمەد بەگدا ، هەندێکیان تەلەتی گرامەری (قیراعدی) وەکو ئەلی (دلم سوراخ سوراخە ئەسەم بەو چاوە کەی کالت) لێرەدا چاو بە ٣ جور تەعریف کراوە یاراستر ئاسێزاوە کە کام چاوە بە (ئەو ، کەی ، کالی) کە ئەمە ناوەرۆکە ئەبی بێیت ئەسەم بەو چاوەکالت ، یا ئەسەم بە چاوەکالە کەت ،

یا قەسەم بە چاوی کاڵت .

وە هەندێکیان غەڵەتی فەنین زور جار قافیەی ٣ نیوە شیعری بە کەم لە گەل هی چوارەمدا یەك نین : وەکو لە گەل (. . . ئایانی سەری کولمت) دا وتراوە (ماچم نەکرد کولمت ، . . باخی سەری کولمت . . . بو ماچی سەری کولمت) کە ئەم سە نیوە شیعرە نە لە گەل یەك و نە لە گەل نیوە شیعری چوارەمدا هاوقافیەنین . و ئەبو ئەگەر بیەویت (. سەری کولمت) لە هەموویاندا بلییتەوە ، یاوەکو شاعیران ئەلین . بیکابە (رەدیف) ، ئەبو دوایی هەر نیوە شیعرەکەی بەر لە (سەری کولمت) وشەی وا بونایە کە بە (ئاتی) داویان دیت . خو ئەگەر بیەویت (کولمت) بکابەرەدیف ئەبی لە هەر ٣ نیوە شیعرەکەیدا وشەکانی پیشەوەی هاوقافیەبن لە گەل (سەری) دا .

هەلای زور خوێندەوار خوشە هەموو جاریك دولابەررە (بو پیکەنین) ی تیابیت بەلام پیویستە زور ئاگادارین کە چە قسەیەکی خوش دو جار نەوترێتەوە وەکو (خەسوە دوکەرتەکە) ی ئەمجارە .

ایتر هیوام هەیە کار بە دەستانی گەلاویژ لیم زویر تەبن و ئەم قسە هەقانەمیان لارەق تەبی .

(گەلاویژ) زور سوپاسی کاك (کە کریم محمود) ئەکەین و هەول ئەدەین لە مەولا چی لە گلەیی پەکاتی روو ئەکاتە ایمە تەی هیلین و هیواشمان هەیە خوێندەوارانیش چی روو ئەکاتە ئەوان کەمی کەنەوە . و دیسانەوە ئەی لینەوە کە هەموو کوردیك ئەبی بەراستی گەلاویژ بە گوفاری خوی بزانیت و دلنیابیت کە گەلاویژ لەرە یەوەلاو لە خزمەتی ئەو زیاتر هوو مایەو پشت و نیازی کەی نیە .

www.zheen.org

بو ئەستیرە تاقانەکەی[1]

کوردوستان «گەلاویژ»ی خوشەویست!

گەلاویژ! لە رووی گەلەپیەوە ئەم ووتارەت پیشکەش ئەکری، تکایە لە لایەرە بەرخەکانتا بلاوی بکەرەوە.

لەو روژەوە کە لە آسوی هیوای کوردەواریدا سەرت دەرهیناوەو گوشەت کیشاوە ـ خوا هەقە ـ پاریزگاری سەمەو شرافتی خوت کردوە، راستورەوان پیویستی خوت بەجی هیناوە، وە گویت نەداوەتە چاوو

---

(١) لە بەر ئەوە کە ئەم گوفارە سەربەستە بەتوسینی هەمو جورە شتیکی ئەدەبی وەکو چون هونراوی «لە جوشی کوردی ...» لە ژمارەی پیشوا نوسرا وا ووتاری «م. کوردی»ش هەر چەندە گەلی تەنگەی گەلاویژیش ئەکوتی بەبی دەس تیدان نوسرا، انجا ئەگەر خویندەواران سەیری ئەو دووباسە بکەن ئەزانن کە گەلاویژ لاینگری کەس تیە، ئەمینینەوە سەر ئەوە کە خاوەن ووتارو گەلی کەسی تر ئەنین ئەیوایە ئەو هونراوەیە تەنوسرایە چونکە تماسی عاطفەی گەلی کەسی کردوە. بەلام ئەگەر سەیری هونراو و ووتاری خاوەن ووتار بکەن ئەزانری تەمە هیچ تماسیکی عاطفەی تیدا نیە چونکە بیجگەلەوە کە هەمو مسلمانین و بردوامان بە آیینی پاکی اسلام هەیەوە بیجگەلەوە کە یەنجەی دەس هەمو وەکو یەك تیە ئەم دوو فکرە یەربەرەکانی آرایە نەك بەر یەرەکانی اشخاص.

ئەو ئەدەبیاتانەی کە ایستە بەعی روژەلات ئەنا سرین «اعانی» ابو=

داود دروو دەلەسەی ئەمو ئەو ، وە دەمار علاقەت ئەوە بە مەر هیچ
لایەکەوە ، وە هیچ شتیك نەبوە کەتو لەم ریگا مقدسە لابدا ، وهیچ
بەر هەلستیك نەبوە کە بتوانی ریگات لی بگری و سەرت لی بشیوینی ،

= فرجی ئەسفەهانی وە « عقد الفرید » ی « ابن عبدربه » ی ئەندولوسی
دروشا کەیی بە ئوبانگن وە وەرگیرراونەتە سەر هەموو زمانەکانی
ئوروپا ، کەگەر پیاو سەیریان بکا ئەو وەختە بەداوی ئی دەگا کەچی
وەرئاوەپیاو شتی وای تیدا بدرچاو ئەکوی کە هەرگیز ئی بەر
ئەبی چونکە بە ساقی دینی ئەزانی ، خو ئەگەر تۆدی بەکەی « احمد
کوری عبدالله » ی « مصری » کە بەرگی « معجم الادباء » ی خوریتەوە کە
بەرامبەری بە قرآن پی کردوە ـ دیارەشت لەوە کەوەرەتزانی ـ پیاو هەر
لە عصبیەتا شیت نەبی ، لەگەل ئەمانەشا هەر تومراوت و مسلمانیش
تومیوانەوە ، طبعاً ئەوانە کەتومیوانەتەوە بۆ ئەوەیان ئەتومیوەتەوە کە
دڵیان لە مەرو بالای مەری پڵە کێکی دان چونکە بارەوایان بە دکرەکانیان
کردبی ، بەڵکو بۆ ئەوەیان تومیوانەتەوە کە ئاتارەکەیان ما چاك بان
خراپ وان نەبی وە فکری راست و چەوت دەر کەوی .

ئەوەندە هەیە وەختە گرفە توانی بلیت : ئەوانە کتێبن وە بکتێبی
ئەدەبیات ناویان مەنەوە گوتارەکەی ایە گوتارە ، گوتاریش لەسەر ئەم
کتێبە ، ئەتوانین بلێن گوتارەکەی ایەش بێجگە لەوە کە گوتارێکی ئەدەبی
نیە ئەگەر شتێکی ترمان هەیە شتێکی تیدا بدوزین ئەو وەختە هەیان هەیە
ناشوکری نەبێت کتێبی علی و ئەدەبی و ئەفیان هەمو هاتوتە سەر ئەم =

بەم بۆنەیەوە بوینەمایەی افتخارو پیوەنازین ، هەر لە بەر ئەمەشە کەلە ناو دەرون و سەر سەری هەمو کوردیکی دنیا کاجیگات بوخوت تەرخان کردوە .

بەلام داخی گرانم جار جارە لووتی قەلەمت وا هەل ئەئەنگوی ، وەشتی وا ئەنووسی وەك شیشیکی سوورەوە بو ئەی کەی یەجگەری

— گوتارە ، هیچ شك لەوە دانییە کەلە هەمو دەوریکا هەمو جورە عالم و شاعرو ئەدیبیکان تیدا هەلکەوتوە وە بە هەمو چەشن فکری خویان دوتوە بەلام لە بەر ئەوە نەنوسراون و چاپ نەکراون لامان وایە ئەم شتانە یە کەم هەنگاوە کە هاویژراوە چەند خوش بو ئەگەر کو بکرانایەوە و چاپ بکرانایە ایستە کە ایمە بانخویندنایەوە ئەو وەخنە ئەمازانی چی ووتراوە و چی کراوە . خو ئەمەش اینکار نا کریت کە کورد بە بی ی ئەفانەتی وەخت شان بەشانی دراوسیکانی هەر هاتوە و بگرە زیاتریش بوبی وە ئەم ئەفانە ـ تەش وەختی خوی لە ملاو لە چوار دیواری حوجرەی فقیانەوە دەرچوە . ایتر بروا یەمە نا کریت کەسی باوەر بەمە نەکات وەلە هەمو دلیکیەوە قسە بکات .

دیسان هەمو ئەزانن کە گەلاویژ لە سەرەتای بلاو بونەوەیەوە تا ایستە خزمەتی کردنی آیینی پاك و پیروزی اسلامی بە یە کەم واجبی خوی زانیوە وە ئەم آیینە پاکەی کردوە یەچرا بو روناك کردنەوەی ئەو ریگایە کە کورد ئەگەیینی بە آمانجی بەرزو پیروزی وە کەم ریکەوتوە ژمارەیەکی لیکدانەوەی « تفسیری قرآنی کریم » ی تیا نەبوبی وە یا لە =

هەموو کوردیکی دلپاکا ، یا وەك شمشیریکی کاری وایە کە بیدەی لە نەوقی سەری .

لەم ژمارەیەی پیشوونا لە ژیر عنوانی : ـ (لە جوشی کوردەی ..) چەن شعریکت بلاو کردوەتەوە بەبی (امضاء) ـ کەبە دەستوری گوڤارو

= آیینی پاکی اسلام وە ئەنجامی چاکی نەدوابی ، چونکە ساغ بوتەوە یەکەم شتیك کە ئەبی بە هوی پیشکەوتنی گەل آیینە وە ئەو گەل باکەساتا کەلە آیین لایان داوە سەرگەردان وە بەریشان بون و ناوونیشانیان کوژاوەتەوە ، ئەبینین ئەوروپایی یەکان هەر چەندە آیینیان لە سیاسەت جوی کردوتەوە بەلام لە گەل ئەوەشا بە پیویستی ئەزانن کە هەمیشە چرای روناکی آیین بە هەلکراوی بمینتەوە وەشان بە شانی پیاوە هوتەرمەندەکانیان قەدری پیاوە آیینیەکانیان گرتوە چونکە ئەزاند کە گەل هەر چەندە پیشکەوتو بی هیشتا پیویستی هەیە بە آیین بو پاراستنی لە خرابە . هەروەها بوبان ساغ بوتەوە کە گەلی رەوشتی چاکی وا هەیە کە ئەنیا بە هوی آیینەوە آدەمیزاد ئەتوانی اوگری بی وەك بەزەیی هاتن بەلی قەوماوان و هەژاران ، خوشەویستی هاو ولاتی وە پاراستنی دەستوری خیزانی وە گەلی کردەوەی پەسەندی تر .

ئەگەر بە نیازیکی پاك سەرنج بدینە شعرەکان ئەبینین مەبەسی ناوەنە کەی سکالایە لە هەندی لەوانە کە ایستە لە کوردوستانان کەیە ناتەواوی ئەم آیینە پاك و ناوینەی اسلام ئەگەیینن بە گەلی کوردی هەژاری داماو توخوا لە سەدا چەندی ژنو پیاوی کورد کە ئەجیتە سەر بەرمال =

روژنامە ئەم تەحرە شتە یی امضایانە هەر بەهینی ئەو ـ کوفاریا روژنامانە ئەناسری کە ئەی نووسن ـ .

خاوەن هونراوە هەر کەسیکە وە کوزەهری کردبیتەناو هەنگوین ،

= بونویژ مەعنای « الحمد لله ... » ی تی گەیزاوە وە مەبەسی لە نویژ ـ کردن چی یە وە روژو گرتن بە کەلکی چی دی ؟ . کەی دلسوزانە آموژ ـ گاری ئەو کەساتە کران کە هەمو سالیك بە هەزاران لە کوردوستانەوە مالو ـ منالی خوبان بە رەجالی ئەهیشەوەو ئەچن بو حج وە ئی گەیزان کە تیرو تەسەل کردنی خوبانو خیزانیان وە دەست گرتنی لی قەوماویکی دراوسیان، پی گەیانی قوتا بیەکی کەم دەست وە یاریەدانی روژنامە وە گوڤاریك کە بو پیشکەوتنی گەلیان هەول ئەدا گەلی لەو حجانەیان کە زیادن لە فرضە کە چاکتر وە لە پیشترە چەلای خوا وە چەلای آدەمیزاد ؟ ؟ . :

لە کوردوستانا شیخ ومەلا ـ ژمارەیەکی کەمی لی دەرچی لە چاو ئەوانی ترا ـ باقی کەی لەیەر ئەوە بە تەواوی هیشتا لەرەئی روحی یان لە علمە کە وەر نە گرتوە زورشتی بی مانای شەرعی و اجتماعی هەیە بە چاکی ئەزانن وە سەیر کردنی ئەسراری کەونی بە خراپ نەگەل ئەوەدا نازانن کە هەتا آدەمیزاد زیاتر لە نهیتی ی ئەم جیهانە ئی بگا زیاتر گەورەیی خوای بو ساغ ئەبیتەوە وە زیاتر باوەری بە آیین قایم ئەیی .

ایتر آمانجی گەلاویژ هەر خزمەتی کوردەواری یە چە لەروی آیینەوە وە چە لەروی ئەفاقەتەوە . لە پاش ئەوە کە خوینـــدەواران ئەم ایضاحەیان خویندەوە ایتر لامان وایە دلگیرنابن .

گەلاویژ

پنکەی ژین
www.zheen.org

بلمێتەی دوهێنی نابێتە ئاو هەمانەوایە ، یاری لە پێشەوە چەن شەرێکی دڵداری وای هونیوەتەوە کە هەموو کەسی بەلاماری بداو بیخوێنێتەوە ، ئنجا لە پاشا بەدزەوە وورتە وورتە هێناوێتە سەریاسی خلیفە و شیخومەلاو جیاو میرەر ، وە لە دوایێدا بو سەریاسی سەرفتەوزکاة وە بە خراپە دانانیان و بە پرووپوچ دەرکردنیان .

وا دیارە کە ئەوەن هونراوە وەکو هەرگیز بوێن خوێندنی نەکردبێ وایە ، تەگینا تەگەر هەزار یەکێکی فلسفەی سەرفتەوزکاتی بزانیایە وا نجوێی تەڵەکرد وەڵەوەندە بە تاسەوزەروورەوەڵی تەخوێندنەوە ، تو خوات لە چە ئینیسکا ئەم جورە خڵمەتە وەڵەم کەڵکە نیگرایێ هەبە ، تەگەر ئیسلامەکان هەموو بەگوێی بکەن کە هەزارێک بابێ ئەوایەک نەبێنی ، ئنجا دوای ئەمە بەکارای شاعیرێن ئەرێنیو ئەرم دانەوێنی چونکە خوێ بە سەرفتەوزکاة بێ گەیبەوەوەران گوش کراوە ، کەچی ئیستاێان ئەدوێ و بێبانا هەڵ ئەخوێنێ و بوێی لە کوێی هەڵ گەرێتەوە گەرێ نەبێ ئنجا خوا خەرکا ئەمیش بەم زوانە تووڵەی تەکۆکاسکی ئەبێ بەئامیجی .

ئەمەوێ لە رووی بەڵگە و دڵیل و ی نقڵیەوە بڵێمەوە بە ئەمیا چونکی : ـ (خوانید آیەی توحیدرهبان کیسارا . . قیس چەداند حالی ذوقی حرمونی را)

ئەوەن شەر هەر وەکو قوڵ هەڵ کردەوو ئەیی مالیوەتەوە بو سەر ، سەرفتەوزکاة وە بو چاوورراوی کون کردنیان و بەدانیان وە بو بێ بەش کردنی هەزاران ئەم کەڵکە هەر وەها چوبێتە سەر کەڵی شیطان ئنکاری نەص قرآن وە بە زوریەتی خسوێ کافر تەکا وا لەزانی کە ئەمەی کرد ایتر

دەست ئەدە نەیەتی وە لەریزی شکسپیر یا آدیسون یامارکوتی دای ئەنین
تەأ ، تەأ وانی بە برا .

ما تو خوا گەلاویژ لەم کاتە تەنکو چەلەمەیەدا کە قەومەکەت
پیویستە هەموو یەك دلو یەك زبانو یەك گیان بن ، وە دەست بدەنە دەستی
یەك بو تەهیشتنی دوو بەرەکی و ناکوکی ، وە بەیمانی برایەتی بیەستن ، ئەمو
ئەوشتی وا بی جیی زل ئەنوسن تو بو بلاوی ئەکەینەوە ؟ ! ! ! وا شاعر
وەکو بەکری گیرابی بو فردی دانی قتیبل بو ناوگەلە کە ساسەکەت وە
بو دا گیرساندنی دوو بەرەکی لە ناویانا ، وە بو بریندار کردنی دلی
سولوی اعظمی ملتەکەت ، تو بوچی روو بەرەی یاکی بی خەوشی
گوڤاردکەت چاکن ئەکەی ؟ . نازانی ! کە ئەم جورە کەسانە ئەموست
بەستەن ، گیرە شیوینن ، بەدی عشیرتن .

وظیفەی مەلا وشیخ آموژگاری کردنە بو دانی سەرقترەو زەکاة وە
بو دەست گرتن و کومەکی و بەکیتی و برایەتی ، وە هینی کایرای شاعریش
بە خراقاة دەد کردنی ئەمانەیە و دانانیانە بەشتی کونی ـ دوور لەمدنیت ،
انجا وەرن ایوەو خواتان ناوبژی کەر « حکم » بن کام لایان دەستی
هەول و قاچی پیشکەوتنیان گرتوە ؟ .

تو خوا پیم بلین کی هات قنبلەی ذریەو طائرەوە رادارو رادیوو . . .
هند دروست بکاو مەلای هەژار یاشیخی بەسەزمان دەستی گرتبی و بلی
مەی کە گوناسە .

لە هەموو آیینیکا کومەلی مەلاو روحانی و کومەلی ستمکار و پیشە
گەری تیایە ، هەر یەکە واجبی خوی گرتوە ، وا مەلاو شیخ هەزاران

سالە واجبی خوبان بەجی ئەهێن و هیـــاویانە ، بەم ـ شاعیری بەڕێزیش بجی لـەم لای بێ بەولاوە ، کێ دێی لی گرتوە ؟ ، ئەگەر بەکێ دەســـتی هێنایە بەری ئەوسا هاوار بکاو ئەم قورە بپیوی .

بە درێژایی سال رۆژنامەو گۆڤارو مێژووی پێگانە خوێندەوە ، ئایێن جوولە کە یا گاوور یاعیسوی یا بووداییەك سکالای مەلایەکی خوی بکایا جنێوێکی پی بدا ، بەڵکو بە پیچەوانەی ووتەی شاعر — هەموو بەرچاو خۆمن لە لایان . خۆزگە ئەم زانی ئەم لە مەلاو شێخ ، یا ئایینی یا سکی ئیسلام ، یا لە ئەکادیی بەرزی قرآن چە خرایەو گەرەندێکی دیوە ؟ ؟ ؟

کاکەی شـــاعیر ! بۆ گەخوت بە ملت بەرست ئەزانی وە قوربی پاشکۆیی گەنەکەت لەپیوی ، لە گەڵ هەڵە و خرافات و پرۆ پوچیەکت لە مەلاو شێخەکان دی ، وەرە پیاوانە بۆزمانێکی بەربی شرین ، وە بەدڵێکی پاکەوە بۆیان بگەیەنە ، وەرە بەسەری جلالی خـــوت شرینەی مەدنیەت بدە لە میشکیان و بیان جێنە سەر ڕێی ڕاست ، نەگبەتانە خۆتەوەیە گەنشەر دوو شتێکی وا ئەتوسی گەسی عاتفەو دیانتر بەڵێ هەرە زەوی مانەگات بکا ، دبارە هەموو بەرین لە خوشتوبم مەدنیەتشت ئەگەر ڕێتر بە خوات بروانە ئەمەی کەمن نوسیومە لە چاو ئەوەی کە وا لە سەر زبانو ناو دڵی ملیۆنەکان لە بابەت ئەم قسانەوە قەرمە بە دەریایە ، کە وانە پیاوی چاپە ڕێتر ڕوس بە وە هەروەك ئاوی خوت تەمزاوەی هێنە هـــەر بیەند زور کەسیش ئەزانێ کێی وە ئەتوارو خووت چبە و چۆنە ، داخی ئەوەم نایچی کە شاعرێم بە شعر جوابت بدەمەوە شیوریوم بە کوردیەکی جاڵانە پەم دەرامەت پێشکەش بکەم .

سلێمانی : م . کوردی

٢٩

وەرامی

لاپەررە ٣٤ گەلاویژی ژمارە ٣ سالی ٧

لیمانی : قوتابی شەوی

بهاء الدین نوری بیدل

ناووت نازانم ئەی خاوەن ووتار
جەرگ هەلقرچاوی چاوی مەستی یار
چستە لە شیخ و لە سوفی هەژار
نامەی کردەوەی خوت بینەرە دیار
تیمان گەیینە کەنوت

ایشت ئەوەنە بو گەلو وەتەن
تەبیت ئەکەن بە مأمور مەخزن
وەختی ئەمرهات گەتدم دا بەش کەن
تەنەکەی دومەن ئەکەی بە چوار مەن
گوایە تولای خوت وەئەن پەروەری

لادیییەکی رونی داماو بی چارە
یەک ایمزای بو تەکەی ئەلی : کوایارە ؟
لومەیشت ناکەم چارت ناچارە
معاشەکەت هەر بەشی قومارە
ئەی بە بی عارەق چاون دەربەری

بنکەی ژین
www.zheen.org

کام شیخه ئەگری هەزار روت‌ولات
لە تەکیەکەی دان بەخیو یان ئەکات
هەزار لە دزی و چیزی لائەدات
بە دل نەوائی و بەخشش و بەرات
میرم فەرمو تو کەلکی کی ئەگری ؟

کەی تو بیت کوترا لەری‌ی وولاتا
تاخوینی شیخیش تەرژی لە لاتا
تی بگەی تووایت لە خەراناتا :
سائی دەست‌دینی بە بەرو دواتا
سائی سەرخوشی و لە سەرپو کەری

ئەگەر بە گوندە و بە سمیل تاشین
بە دزی و بەرتیل بە بادەنوشین
عەقیدەت وابەکە رزگار ئەبین
نیان بگەینە تا ایمەش وا بین
ئەگەر بەراستی بوگەل تو کەری

فەرین بژی فیلسوفی هوز
ماوەن قەلەم و شاعری دلسوز
واخوی فیدا کرد لەری‌ی بەرزی هوز
بە وونەی جوان و بە اشعاری قوز
کە جوینی شیخەو وصفی دلبەری

بنکەی ژین
www.zheen.org

آفەرین شاعر وا یە شعری جوان
بە قسەی ئەستەق هاتینە مەیدان
بازاری شعری (رسافی) ت شکان
چوینە ناو دەریای فلسفەی قرآن
بی پەردە ئەلیم یەکەم شایەری

ئەوا ئەستیرەی بەختی کورد هەڵات
شەوق و روناکی خستە ناو وولات
لە تاریکەشەو کورد رزگار ئەکات
ئەی ئەفرین لەچەرخ تو بە کورد ئەدات
کورد چون کورت نەبی کە تو رابەری

ئەگەر بەنانی رەق و نیسکینە
نوسین وی ئەبویت شەهادەت بینە
تومەرەی کەسەی گەوردت بنوینە
ئەوسا بە ئەعنە سەرمان نشکینە
ریوی گەرد ئەبی لە کون وەر گەرری

قسەی ئەستەق

* کە ژنیك قسەت بو ئەکا، بزانە بە چاوچی ئەلیت ڤیکتور هوگو
* فرمانی نوسەر ئەوەیە راستی بی و هیچی تر أ. ه. گرای.
* هەموکەس حەز بە آشتی ئەکات یەلام کەمیان حەز بەو شتانە ئەکەن کە آشتی یان پی پیك دیت. توماس کیمبس

قسەی بەکەلك

• چاك بێ کەسێکە روشنائی یەکی نەو بەدی ئەکات ، بەدین گەوجێکە روشنائی ئەبینی و بروا ناکا بابن

• زور جاربوبە یی لە هەلەی بچوکمان ئەتبین کە لە خەلکی بگەیین هی گەورەمان نیە لاروشفوکو

• کە قەمچی یەکەم بەس بیت شیرنایەتە ناوان ، و کە شیرەکەم بەس بیت قەمچی یەکەم دەرناخەم مەعاویە

• مەعاویە ئەلی : ئەگەر مویەك بە خەلکەوە ببەستی هەرگیز نایەلم بپچریت ئەلین چون ؟ ئەلی : کەرایان کیشاشی ئەکەم ، کەشلیان کرد رای ئەکیشم .

فیلیکی چاك

شەویك سات ٣ دوای نیوە شەو کابرایەك لە درگای دکتوریك ئەدا و زور لە دکتور ئەپاریتەوە کە زو بگات بەو نەخوشەلیفەوماوەدا ، کەماله کەیان (١٠) میل دورە لە مالی دکتورەوە و حالی زور شەقە . دکتوریش گورج خوی کوئەکاتەوە و کابرا لە تەنیشت خویەوە سواری ئوتوبیلەکەی ئەکات . کە ئەگەنە ئەو شوینەی بوی ئەچون . ئوتوبیلەکە رائەوەستینی کارادا نەبەزی و بە دکتور ئەلی دکتور بەگ هەفت چەندە ؟

— نیولیرە .

— هافەرمو . زور سوپاست ئەکەم . بەراستی کەمە . نیولیرە کەمترە لەو کری یەی ئوتوبیلچی یە کە داوای لی ئەکردم بو ئەوەی بمینیتەوەمانی .

دیوانی گەلاوێژ

بەهاری

ئەری لە تەختی یەندەنا * بوە یەمیرغوزار
لە دول و شیوو چیمەنا * رەوانە جویبار
لە میرگ و دەشت و گولشەنا * شەماڵە بی قەرار
چیە ؟ چە باسە گوڵرووان * یە دەستە چەشنی ئاهوان
بەراز و عیشوەو دەوان * هەمو لە دەوری شار —
ئەرون بە کەیف و بی جەخار

ئەری مەلائی زەرد و سوور ؛ * لە بوشی ئاسمان ؛
هەمو بە دەنگی پڕسروور ؛ * یە شەو وە یا بەیان ؛
چیە کەدینەوە لە دوور * یە دەستە بی وچان ! ؟
لە ین چیاو کانیاو
بە رەنگی شیری تازە ساو
جگە لەوەی ئەدا لە چاو ؛
لە وەردوناو بەیار * بە پیچ و دەورەدیتە خوار

یەلی بەهاری نازەنین * کە کەوتە ناو ولات
لە ئاسمان هە تازەمین * ئەگوڕری کائینات ؛

بنکەی ژین
www.zheen.org

مەل و گوڵ و دڵی حەزین ! * هیوا پەیا ئەکات

لە هاژە هاژی ئاوی چەم ،

لە پێکەنینی گوڵ بەدەم ،

ئەبیستری و ئەلین بە جەم :

کە دەستی کردگار * بەرێکی دەر ئەمانیگار

منیش هەموو دەی لەلام * بەهارە فەسڵی خوش

بە نەشئەیی دڵ و غەرام * ئەکەومە عەیش و پوش ،

ئەمانە خوشەلام بەلام * لەکن سەری بەهوش ؛

بەرامبەری جیهان و ژین

لە بو ئەوەی کە باش ژین

ئەبی بە عەول و راپەرین

بە رەنج و ایش و کار * بەهار بکەین بە دوو بەهار

بەختیار زوەر

گەرچی تووشی ..

گەرچی تووشی رەنجبەر بیو حەسرەت و دەردم ئەمن ،

قەت لە دەس ئەم چەرخە سپلەنا بەرم مەردم ئەمن .

عاشقی چاوی کە ژال و گەردنی پڕ خال نیم ؛

عاشقی کیوونەلار و بەندەن و بەردم ئەمن .

من لە لومەوتانەو زنجیرو دار باکم نی یە .

لەت لەتم کەن ، بەکوژن هیشتا ئەلیم کوردم ئەمن .
گەر لە پرسان و لەبەر پی جلکی ئازرو رەق هەلیم .
نوکەری بیگانە تا کەم تا لە سەر عەردم ئەمن .

(لە هاوارەوە) (هیمن)

شەدری پیشو

حمدون(١)

ئەم روژە چەروژیکە کە عالەم شلە ژاوە
هەر کەس بە جەماری جگەری قیمە کراوە
هەر شەش جیەتی گریوە اشوبی مصیبت
میشولە مجالی نی یە دەرچی لە هەواوە
وەك تەرزە ئەباری بە هەموو دەم ئەسف و غەم
هەوری غەرەبی قری خودا توندو بە تاوە
گیرودەیە ئەم عالەمە هەر کەس بەسیاقی
کەوتونە کەشاکەش بە قوماندەی امراوە
ئەم ظالمی سفاکی سەفەربەرلگە ایمرو
نامەی فەرەحی داوە بە دەم بادی فەناوە

---

(١) مەلا حمدون بە کوری لە دایك بوە و بە کوری ژیاوە ، ئەو شتانەی ئەم باسی ئەکا وەنەبی لەو شتانە کەمرین کە مەری باسی ئەکا

دەشت و جبل و کیوو جزیرە و هەمو دنیا
گول گول بوە رەنگینە بە خوینی شهداوە

وشك و تەرری ئەم سطحی کورەی ئەرزە بە جاری
شەق شەق بوە مجموعی بەدەم سەیفی قضاوە

نیك و بەدەی ئەم عالەمی اسلامە بە جاریك
کەوتونەتە زنجیرەی ئەنواعی بەلاوە

ژاندرمە ئەسوریتەوە هەر وەك سەگی برسی
بولاشەی ملەت بە قرروقینی غەزاوە

کەر شەوقی زەورینی نیە حەتا لە بەهارا
ترسی هەیە نەك بیخەنە ژیر باری قضاوە

فەوتاوە لە بەر سوخرە ؛ کەرو قازو یابو
جوشتر سەقەت و شەل بوە ؛ گاپشتر شکاوە

بەژەوردەیە گوزاری ارەم بولبولی شادی
روحی لە عەزابایە بە سەر خاری جەفاوە

پرر گەردی غەم و دەردە سەعاتی دلی عالەم
رەقاس و جەررو زەمبەلەك و چەرخی شکاوە

«...»ی غەم و «.....»ی خەفەت هەر دوو بە جاری
هاتونەتە سەر مأمەنی عەشرەت بە سوپاوە

تەیارە یە ئەسپابی شەرروفتنەوە دائم
جەولانیە ئەلی هەورە یە سەر مەرکەبی باوە

یالوئی هەلوشیوە ، لەگەل دیتە تحرك
عالەم لە نظریا یەمەسەل پوررى خوراده
شەو روژە لە بەر یەرقی قلیج و رم و سوئی
لەمعەی قەمەتورەش یەدەلی عەکسی هەتاوە
هەر لحظەیە سەد لەك چەلە مؤمن چەلە مشرك
واصل بە دووجیمن (١) بە عطاو بە خطاوە
پاپوررو سەفیتەو پەلەم و کەشتی و قایغ
آمادەیەی حەربن بە هەمو مصلحی آوە
لەو روژەوە دنیا هەیە تا ایستەکە بیشك
یەم غایەیە قەت وانە بوەو وانەکراوە
ئەم دینە لە پیشا بە مثل چەشمەی زەمزەم
بی غەش بوە ایستا کە ئەلی عەینی قورراوە
یا رەبی لە بەر حورمەت و اکرامی « محمد »
رەحمی بکەیەم باقی اسلامە کە ماوە
« حمدی » دلی یەخمیری فەرەنگی غەمە ایمرو
بەربونی بەفەتحی فەرەجی بەسرەوو فاوە

---

(١) جنت وجهنم

گوێی شل کە

گوێی شل کە بڕا ئەم غەزەلە نوسحەت و پەندە
وا نیمەگە بەیتی لەبە ، مەی کەبە خەندە

روحم بەفیدای ئەو کەسە میلەت ئەپەرستی ،
بیزارە لەمەحکومی و ئازادی پەسەندە

هەر کەس کەدەگەل میلەتی خوی نبەتی چاپی ،
زاتیکە کە عالی نەسب و فیکری بلەندە

ئەم میلەتە مەحرومە لە ئازادی و شادی ،
ئەوارە لە بووم و وەتەنی بونە پەرزندە

دەخلیشەوە سەحراو دەرو دەشت و بیابان
وەك غووتی بیابانی و حەیوانی چەرندە

قسمیکی وەکو عەقرەب و وەك مارو روتەیلا
مەیلی بەگەزینە وەکو حەیوانی گەزندە

باعیس ئەمەیە بیکەس و سەردار و رئیسن
هەر بویە شە ئەم ئیشە کە گەندیدە و گەندە

گەر موتەفقا دەس بدەنی نەی کەنە قەلبی
یەك قووەتی پێلازمە ئەم پەندو کەمەندە

توفیق لە خوداوەندە لە سەر ئیوە قیامە ،
یەك حەملە بەرق فرسەتە وەك شیری دردندە

ئەو سەددو تەلیسمانە بە گورزان بشکێنن ،
لەت لەت بکەن ئەم قەیدە بە شمشیری بڕرندە
ئەو لەزەتی ئازادی و حورریەتی نەصە ،
سەد مەرنەبە شیرین نەلەم شەکەرو قەندە

(لەژینەوە) مەلامارفی کوکەیی

خوزگەوابوایە

سەرسام

دەمێکە چاوەڕێم بو دل فرێنی
بەلامارێ دڵم باولیم بسێنی
بەلام داسوزی دل بی ئەپشکێنی
کەگوشەی چاوی پر نازی هەلێنی
بە جاری دەرد و آزارم ئەمێنی
گوڵی سەر کولمی آرای ژیان بی
بە چاو تانەی گەلاویژی یەیان بی
ئەبی شوخی بی آشوبی جهان بی
جوانی ئەو بە شاذی بی گومان بی
هەمو جوانی لە روی سەردانەوێنی
لەگەل کەس آشنایی کەی نەبوبی
گریەکی تر بەلای دلیانەچوبی

رەوشتی جوان و پاك و سادە خوبی
لەگەلما پەكدل و پەك آرەزو بی

ئەگینا زورە جوان یاخەم رەوینی

كە ویستم دەس لە گەردنیابی ، وا بی
كە ویستی سەر لەبەر پی یا ترابی
ئەگەرچی من گەدلو ئەو پادشا بی
لە سەر بریاری دو دل پەك رەوابی

لەگەل لیوی ما ئەولیوی بینی

ئەوەك هەر من ئەویش فرمانی پیم بی
لە بانی یاسەوان دەرمالی جیم بی
لەكاتی دوریا ئەو چاوەریم بی
لەتوررەو آشتیا هەر چاوی لیم بی

لەری ی رازو نیازا دانەمینی

بەراستی دوری « سەرسام » ناتەواوی
خیالت بەرزە خوشت پەستو ناوی
ئەوەی باسی ئەكەی وابوی سوتاوی
بە خەو نابینی بەخوا ناكو ماوی
مەگەر چەوتی زەمانەریكی بینی

٤١

جەژنی نەوروز

تازە یە تازە ئەو یە ئەو

ئەمە سە ساڵە لە پایەختا لە سە روژا سە جەژنی نەوروزمان کرد ، ووتار و قسە لە جەژنی نەوروزەوە زور کراوەو گوتراوە پیویست نی یە دووبارە بکرینەوە ، بەکی بەوی لە وە بگا کە جەژنی نەوروز چی یە سەیری گەلاویژەکانی سالای ٥٥و٦ بکا ئەرخی جەژنی نەوروز و قیمەتی تأریخی نەوروژی بو دەر ئەکەویت ، لیرەدا هەر باسی ئەوە ئەکەین کە چون ئەم جەژنە کرا ، جاری لەبەر ئەوە ئەم جەژنە گەنج هەلیسوردران بزانین گەنج چی یە ؟ :—

گەنج بناغەی قایم و کولەکەی بەهێزی میلەتە ، خو کە خوێندەواریش بو چرایە بو تاریکی و خەزنەیە بو بی تەواوی ، ئەمە لە هەمو قەومیکا ، بەتایبەتی زمانی کوردی اتباتی ئەمە ئەکا ، چونکە لە سەرەتای زمانی دانانا کوردی لاوو جەحیلیان ناو ناوە بە گەنج ، گەنجیش هەر لە کوردیدا بە خەزنە ئەلین ، ئەو مناسیەو گوررینەوە لە بەیتی ئەو دوو ووشەدا شوینیکی تر علمی آیری ئەوی ، لیرەدا هەر ئەوەندە یە سە کە گەنج خەزنەیە و خەزنەش گەنجە ، بگەرینەوە سەر باسەکەی خومان :—

گەنجە خوێندەوارە کوردەکان کوررانە چاکیان لی بەلادا کرد بو چی یەچی کردنی جەژنی نەوروز ، روژی پیشتر کارتی چاپکراویان بو بانگیشتن بلاو کردەوە .

لە روژی ٢٢ — ٣ — ٩٤٦ دا هەمو گەنج و خوێندەوارو پیاو ماقولە کوردەکانی یەغدا لە گەل خاتوتەکانیانا وە گەلی لە پیاوە گەورەو وە زیرەکانی عراق لە سەعات چواری پاش نیوەرودا لە « قاعەی ملك فیصل » کوبوتەوە ، هەر کە پیاو روی ئەکردە ئەوی خیرا دوو گەنج بە پیریەوە ئەهاتن بەرو خوشی یەوە لە گەلی ئەچون ، انجا دوو گەنجی تر بە زەردەوی کە نیتەوە لیان وەر ئەگرتن و پیشی ئەکەوتن هەتا جی‌یان بو دیاری ئەکرد ، کە دا ئەنیشت دو گەنجی تر جگەرەی دا گیراویان پیشکەش ئەکرد و بەخیر هاتلیکی گەرمیان ئەکرد .

بەم جورە ئەو حالەمە کو بوتەوەو بەپی کەتن و گوی گرتن لە ووتارو آوازی نقامات و موسیقی و سەیرکردنی هەمو جورە هەلپەرکی و یاری یەکی کوردی رایانیوارد هەتا سەعات شەش و نیولەم ماوەدا کەیك و کولیچەو چاوو شیریان هینا یەجوریکی زور ریك و پیك دەر خواردی داتیشتوەکانیان دا ، داتیشتوانی ئەو قاعە گەورە یە کە بەشی روژاوای پیاویکی تری نە ئەبردو بەشی روژەلاتیشی ژنیکی تری نە ئەگرت ، هەمو نیکرا چاویان بریبوە ئەو لاوە کوردانە کە بەجلو پەرگی کوردی یەوە لە دەشتایە کەی بەردەمیانا هەمو جورە هەلپەرکی و یاریەکی کوردیان ئەکرد وە گوییشیان دایوە ئەو ووتارو گورانی بە کوردیانە کە لە بابەت جەژنی نەوروزەوە ئەو تراو « میکروفون » بە سەریانا بلاوی ئەکردەوە .

انجا لە سەعات چوارا ئەم بروگرامە دەست پی کرا : —

د	س		
٠٠	٤	کردنەوە	لەلایەن فاضل محمدەوە
٥	٤	موسیقی و نەشیدی نەوروز	« بری مندالی وردەوە
١٠	٤	ووتار لە سەر نەوروز	« مکرم تـالە ـ بانی یەوە
٢٥	٤	موسیقی تایبەتی	« جمیل بشیرو هاو ـ ریکانی یەوە
٣٠	٤	سە جورە هەلپەرکی کوردی	« لاوانەوە
٤٥	٤	وەرگیررانەوەی ووتارە کە بە عەرەبی	« صالح رشدی ـ یەوە
٠٠	٥	موسیقی و نەشیدی کوردوستان	« گەنجانەوە
١٥	٥	سە جورە سەما کردنی کوردی	« «
٢٥	٥	موسیقی تایبەتی	« جمیل بشیرو هاو ـ ریکانی یەوە
٣٥	٥	گورانی کوردی	« علی مەردانەوە
٤٠	٥	شعر بو نەوروز	« برزوەوە
٤٥	٥	مارشی کوردی «دەمی راپەرینە»	« لاوانەوە
٥٠	٥	گورانی کوردی	« فوزیە محمدەوە
٠٠	٦	سە جورە سەما کردنی تری کوردی	« لاوانەوە

www.zheen.org

د	س		
١٠	٦	موسیقی تایبه‌تی	له‌لایه‌ن جمیل بشیرو هاو. ریکانی یه‌وه
٢٠	٦	مارشی نیشتمانی (کەس نه‌لی کورد مردوه)	« لاوانه‌وه
٢٥	٦	سوپاس بو دانیشتوان	« فاضل محمده‌وه
٣٠	٦	سه‌لای شاهانه به موسیقی	« —

هه‌روه‌ها له هه‌ولیر به هه‌مه‌تی گه‌نجه‌کان ، له کفری به‌هیزی نه‌و جه‌وان احمـد به‌گی بابان ، له روژی ٢١ و ٢٢ ی مانـگی هه‌رمی پشکوان ، کورگه‌ل تیکرا چون بو سه‌یران . بو به‌جی هینانی جه ژنی نه‌مری قه‌ومی کورد'ان ، یانی جه ژنی خوشه‌ویستی نه‌وروزگیان .

له هه‌ولیر کار به ده‌سته‌کانی حکومت و سه‌روکی خیله‌کان ولاوان حاضری ئه‌م شادی‌یه بون ، به خویندنه‌وه‌ی ووتارو شعرو ووتنی نقامات‌و گورانی کوردی له سه‌عات دوی پاش نیوه روه‌وه تا سـه‌عات « ٧ » رایانبواردوه ، له‌م ماوه‌یه شدا چاومیوه و خوارده‌مه‌نی له گه‌رانابوه .

له کفریش پیاوانی حکومت و هه‌مو پیاو ماقولی خیله‌کان کو بونه‌ته‌وه به‌رمبازی و هه‌لپه‌رکی و تفنگ ته‌قاندن ئه‌م جه ژنه‌یان گرتوه .

کوگای سه‌رچنار

ئه گه‌ر ئه‌تانه‌وی پاره له جی‌ی خویا خـه‌رج بکه‌ن بچنه کوگـای سـه‌رچنار که خاوه‌نه که‌ی اسماعیل عبدالله‌یه له سه‌ر جاده‌ی تازه ، هه‌مو ورده بابه‌تیکی وای تیایه که به که‌لـکی قوتابخانه‌و خورازانه‌وه بی .

وێـەی کۆرگەلی کوردە لە شادی جەژنی نەورۆزدا هەڵپەڕن
بە کردەوەی وێنەگری گەلاوێژ ابراهیم عیسی وێنەگیرلوە .

بوپیکەنین

تازە پیاکەو تویەکی شەر رادیویەك ئەکریت کە ئەیکاتەوە لە سەر ئیستگەیەکی ئەوروپایی ئەبی هیچ نی تا گات پەژنەکەی ئەلی :

ـ ئەو پیاوەی رادیو کەم لی کری هیچ دینی نیە خەلەتانی رادیویەکی ئینگلیزی پی فروشنوم .

* * *

پیاویکی کورتەبنەلە بەنیشت بەکیکی کەلەگەتی ریش دریژەوە ئەبی لە ترامیکی قەلەباتا ئەویش لە ترسی ئەوەی تەوەکو بکەوی تونگ دەست پەریشی کایرای دریژەوە ئەگری .

دریژە کە ـ ریشم پەرنادەیت .

کورتە کە ـ بو جەنابت لەم محەلەیەدا ئەبەزیت .

* * *

لادی‌یی ـ کاغەزنیە بە ناوی منەوە ؟

مأموری پوستە ـ ناوت چی‌یە

لادی‌یی ـ شتی کی سەیرە ئەی ناوم لە پشتی کاغەزە کەنەنوسراوە ، بو ئەپرسیت ؟

* * *

ـ وەرە بە سەر داتیکت بو بگیرمەوە هەر ئەمریت لە بەر پی کەنین .

ـ دەراوە ستەبابچم خەسومت بو بانگ کەم گوی‌ی تی پی .

ـ پیاویك کاغەزیکی دایە خزمەتکارە کەی کە بیخاتە سنوقی پوستەوە دوای نەختی خزمەتکارە کەی ئەگەر دەوە ئەویش تی‌ی ئەپرسی :

ـ ها ! نو سراوە کەت خستە سنوقی پوستەوە ؟

ـ بەلی ها ئەوەش زەرفە کەیەتی .

دراوسی بەژنی دراوسیکەی ـ بوچی ئەوەنـــدە لە مـــیردە کەت ئەدەیت ؟

ژن ـ توچینە بە سەرەوە ؟

دراوسی ـ جوق من چیمە بە سەرەوە .. ئەندامم لە کومەلی بەزەیی هاتنەوە بە حەیوان دا .

قوتابیەك لە امتحانا لە (مجموع) وەهەندە سەدا اکمال ئەبی . هـەر چەندە باوکی ئەی بینی ئەماشا ئەکا هەر لە هەندە سەداتی ئەکوشی ئەویش بە تورەیی کەوە پی‌ی ئەلی ـ هەمو روژیك هەر لە هەندە سەدا تی ئەکو ـ شیت ئەی بابی روژیکیش (مجموع) یخوینیتەوە .

دایك ـ کوریك بە ئەلەقون هەوالی پرسیت

کور ـ کوریکی کەلەگەت نەبوا !؟

سوالکەر ـ لەری‌ی خوادا پانتولە کونیکم بەری غانم

غانم ـ میردە کەم لیرەنیە بابیتەوە ئەوسا سەر بدەرەوە

سوالکەر ـ ناغانم خو شەرت نیە پانتولە کەی پی‌یم بدەیتی .

خەسو ـ بیرتە ئەو روژە من هاتم چەروژیك بو ؟
زاوای خاوەن مالی پیسکە ـ روژی رەش بو .

* * *

آغا ـ تو تا کی کەوشە کون ناهینی !
خدمتکار ـ قوربان دروت فەرمو سەد جوتیش ئەهینم .

* * *

پیاوی بە یەکیکی کەی وت :
ـ من لەما لەوە هەر خوم حسیبم
دووەم ـ منیش وەکو توم چونکە ژنە کەم چوە بو شار بو مالی باوکی .

* * *

ماموستا — ئەری کورە توبو ئەوەندە دریژیت
قوتابی — ئەفەندی ئەوە دایکم بزوی بە دارخور مادوە کردوە بویە !

* * *

جاریك دوکانـــداریك ئەبینی گوی دریژیك لە بەر دوکانە کەیاتو بیوە ئەچی بە چاوەشی بلدیە بلیت چاوەشە کەش کەیفی ئەبی پی ئەلیت ـ برا کەتو خوت خاوەن دوکانی برو بینیژە . کابرا تورە ئەبی و بە چاوەشە کە ئەلی ـ باشە بەلام وتم ئەوە باشترە لە پیشا پرس بە کە سوکاری بکەم .

***

بەنگکیش — ئەفەندی سەعات چەندە ؟
ئەفەندی — سەعات (٥) ی ئەوی بو (٥)
— کەوانە بلی سەعات هیچە و بی بڕەوە .

وەجاخزادە و ناوەجاخ

بەقەلەمی شیخ محمدی خال

یحیی کوری خالدی بەرمەکی ئەلی هەر کەسی ئەگەر بە پیشە « وظیفە » یا پایەیەك لە خوی گوررا ، وە دەعیەو دەماری پەیدا کرد ، ئەوە معنای وایە کە پیشە کەی یا پایە کەی گەلی گەلی لە سوروشتی خوی بەرزتر و جوانتر ، وە ئەو کە سە زور ناوەجاخە ، وە ئەگەر نەگوررا ئەوە معنای وا یە کە سوروشتی خوی لە پیشە و پایە کەی گەلی گەلی بەرزتر و پە فەررتر ە ، وە زور وە جاخزادەیە .

زور کەسی وا ئەبینم بە پیی ئەم دەستوورە ناوەجاخە ، بە دەنگە جویەك ئەزەررێ ، وە زور زو لە خوی ئەگوررێ ، تا پیشەو پایەی نیە ، یا پیشەو پایەیەکی پەستو بچوکی هەیە ، ئەوا پیاویکی زور باشی ، قسە خوشی ، دوست پەرستی ، نیشتمان پەروەری ، ایش کەرە ، بەلام کە لە گەل روزگاری پەست پەرست آوورریکی لی دایەوە ، ایتر گەزی چی و جاوی چی ، ئەگەر جاران ناسیبیتی ایستا ئەیەوی نەت ناسیتەوە ، ئەگەر جاران روی تی کرد بی ایستا ئەیەوی پشتت تی بکا ، ئەگەر جاران بە پیکەنین و گەرمو گوررێ یەوە بە پیرتەوە هاتبی ایستا ئەوی بە سارد و سەررێ یەوەلا بکاتەوە بەلاتا ، ئەگەر جاران بە چاویکی سەنگین و گران تەماشای کرد بی ایستا ئەیەوی بە چاویکی سووك تەماشات بکات ،

ئەگەر راستت ئەوی ئەم جورە ناوە جاخانەوەك هیندی سەگی سپلەی نارەسەن وا نەکە لە گەل لغاویان کرا پە سەرا خویان بە ئەسپ ئەزانن

ئەحیلینن ، نازانن ئەگەر سەریان بگا بە پاشایی لەبەر چاوی پیاوی تیگەیشتوو ئەوان هەر وەك خویان وانە ، یەو رەنگو بویەیەی کە لیان دراوە ، وە یەو رەشمەو شەقە بەندەی کە یە سەریانا کراوە ، وە یەو لغاوو زینەی کەلی یان کراوە ناگوررین .

وەجاخزادە تا گەووەتر بی زبانی شیرینتر و ناوچەوانی روونتر و دەروتی فراوانترو دلی مەرە بانتر ئەبی ، وە لی ناوە جاخ بە پیچەوانەی ئەمەیە .

وەجاخزادە دەست مایەو دارایەکی ئەگەر بیی هەمیشە بلاوی آکانەوە لە ریی خویندەواری ولا بردنی هەژاری و دەست گرتنی داماوان ولی قەوماوانا ، بەلام ناوە جاخ وەك زەروو هەر خوینیان ئەمژی .

وە جاخزادە وەك موم آگر لە خوی بەر آدا بو ئەوەی مەردوم لە روناکیەکەی یەهەرەمەندیی ، بەلام ناوەجاخ آگەر لە خەرمانی هەژاریك بەر آدا بو ئەوەی کە خوی جگەرەیەکی پی دا گیر سینی .

وەجاخزادە بە چرای زانینەوە پیش گەلەکەی خوی ئەکەوی ، وە ریگای ناریك و شەوی ئەموستە چاویان بو روناك آکانەوە ، بەلام ناوە جاخ ئەگەر نوروسکە یەك ببینی دوی لی ئەکاتا ئەیکوژینینەوە .

وەجاخزادە ئەگەر بیگاتە بە لەکو کونوور زیرر و زیوی بە سەرا بریژی هەل ناخەلەتی وە کاریکی وای لی ناوە شیتەوە کە زیان بە یەکیك بگەیەنیت ، بەلام ناوە جاخ بە آفەرینیك گەلەکەی خوی ئەفروشی ، وە بو پایەو ناویك ئەیکوژی و ژیرپیی ئەخا

وەجاخزادە لە پیناوی سودو قازانجی هەموانا ئەگەر خوشی توشی زیان و دەردی سەری بی پێی خوشە ، بەلام ناوە جاخ وەك گەری دیزوایە حەز بە توبینی خوی ئەکا بو ئەوەی کە خاوەنە کەی زیانی پی بگا .

وەجاخزادە لە سەرپیستی خوی کە ولی کەی ، لە بیرو آمانجی خوی لانادا ، وەلی ناوە جاخ وەك ریشولەو گولەبەروژە وایە هەر دەمەی جوریك ئەلی وە هەر کاتە رو لە لایەك ئەکا .

وەجاخزادە تا لە پیشتربی کە سوکار و خزم و خویشی و دوست و برادەری لە لالە پیشترو بە نرختر ئەبی ، بەلام ناوە جاخ هەزار دوستی گیانی بە گیانی ئەگوررێتەوە بو پارەیەکی کەمی هیچو پووچ .

وەجاخزادە تا لە ژوورتر بی خوی نزمتر ئەبینی ، وە تا دەولەمەندتر بی بی دەمارتر ئەبی ، ئەگەر جهانی بدەیتی لە خوی ناگورری ، بەلام ناوە جاخ بە دەنگە جوبەك ئەزەرری .

وەجاخزادە نامەردی و ناپاکی بی ئەنگە ، بەلام ناوە جاخ شانازی یان پیوە ئەکا .

وەجاخ زادە بی دینیش بکا لە پەردە بەکی شەرمو پیاوە تیدا ئەیکا ، بەلام ناوەجاخ و ای ئەکا کە ناموسی بی حیایی سا ، وە پەرروی ئەنگو بەد ناوی دا بدروی بە سەرشانی بی باوەرری و بی آیینی دا .

وە جاخزادە لە زانانرو آگادارتر بی خوی بە نادان ئەزانی ، وە لی ناوە جاخ کە لەگەل دو پیتولەتیکی خوبنـد ایتر خوی بە پیشەوایەکی فیلسوف ئەبینی ، وە وا ئەزانی کە لە خوی زانانر نیە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

پیاوی ناوەجاخ نا لە پیشەو لە سەر ایشە لەگەل بت بینی نات نامی ، کە لەگەل لیکەوت کوتوپڕ ئەتناسیتەوە ، تا کاریە دەستە وەك داری ئەرروایە هەر چەند ئەکەی دا ناگیرسی کە لەگەل بوی دەرچو ، کوتوپڕ ئەبی بە پووشوو ، گر ئەگری و کلیە ئەسینی ، نا لە سەر کورسی یە دەم و قەلەمی یە ستراوە و نووساوە ، کە لەگەل دابەرزی یە خوارەوە ، کوتوپڕ هەر دولای ئەکرینەوە .

ئەگەر تا ایستا لەبەر سادەی مەردوم ئەم ناوەجاخانە تەناسراین ، وە ئەم پیشە پیسانە نەبیتراین و چوینە سەر ، لەمەولا ایتر ناچنە سەر ، چونکە مەردوم هەمو چاوودل و زمانیان کراوەتەوە ، ئەگەر آدەمی زاد لە هیلەك نەدەن لە بیژەنگو قەلیبیری ئەدەن ، وە پیاوی دووروی نایاکی ناوەجاخی پیشە بەرستیان ناوی ، بە کیکیان ئەوی کە وە جاخ زادە ، وە دەربارەی کومەلە دلی وەك آوینە پاك ، وە گیان و دەروونی وەك چراروناك ، وە دەست و زمانی زور چاك ، وە لە بیدەماریدا وەك خاك و آبی ، وە هەمیشە بە گوفتار و کردار خزمەت بکا ، وە هەول و تەقەلابدا بو هەل سوراندنی کاروباری باش وە بە سەرومال دریغو کوتاهی نەکا لە رێی یارمەتی و دەست گرتن و بەرز کردنەوەو سەرخستنی کومەلەدا .

تخاصی

فریق عقراوی لە « موصل » و دەرموەی هەمو جورە دعوا بەك ئەگریت ، چونەلای : لە « موصل » شارع النجفی

٥٣

ئەوانەی سووکن

کار بە دەستن

— ٢ —

جورج بەرناردشو

پارەکو کردنەوە لە هەر ریگایەکەوە بێ ، بە سەرمایەداریەتی یا دیموکراتیەتی ئەبێ بە شەیتانی عالەم چونکە ئەو قانونەی (گریشام) دروست ئەکا کە ئەلێ : —

« پارەی بێ فەر پارەی چاك لە ناو دەربار ئەکا » ، هەر لەمە شەوە یەکە خاوەن پارەو دەس دەدار دەسەلات یەیدا ئەکا لە کاتێکا کە یەکێکی چاك رەوشت پاك ئەخزینە مالەوەو کەس باسی نابیەو خەڵك هەمیشە لە دەولەمەن ئەترسن و بە سەر هەژارا زالی ئەکەن ، چونکە دەولەمەند خرابەی لە دەس دێ بەلام هەژار خوی لە خرابە ئەدزیتەوە انجا بویە خراپترین پارەش بلاو ئەبیتەوە بەلام ئەمە بە پیچەوانەی قانونی « مانەوە بو باشترینە » وە یەکە ئەم قانونە لە سەر بەر بەرەکانی و توانای میشك دانراوە نەوەك لە سەر پارەو دەسەلاتی کە ئەبیتە هوی دەسەلاتداری دەولەمەند .

پیوانەو هوی زورداری و باخی بون بە گوررانی روژ و عقل ئەگوردی ، هەندی جار یەهوی دینەوە ئەبێ وە هەندی جار آیدیالیکە کە هەمو کەس هەولی بو ئەدا وەکو آشتی گشت لایەك یا لە دەس هەژاری

بنکەی ژین www.zheen.org

رزگار بوز یا هەمو کەس لە ساماندا وەك یەك بوز ایتر بەمانەو یە گەلی قسەی پوچەلی و ای تر پیشەوا کان گەلی بی بی دەنگ ئەکەن و بەرە و ئەو آمانجەی کە خویان ئەیانەوی ئەیانرەنین و لەم ری یەشدا هەمو جورە خوبەخت کردن و ایش کردنیکیان لی داوا ئەکەن تا وەکو بگەن بەو مرازەی کە خویان ئەیانەوی و یە باشی ئەزانن یا بو پشت گرتی ئەو کومەلەی آشتی گشت پیك دیتی ، بەلام کە هیچ نەملو هەموشتی برایەوە ئەوسا ئەوەی کە لە دلاویستویانە هەمو درو دە لەسەو هەلخە ـ لە نانتی قسەکانیان دەر ئەخا . سیاسیە کانمان زور باش شارەزای ئەم ریگایە بون و تاپیان بکری یاری بە عقلی گەلی قور بە سەر ئەکەن ئەو گەلە کەساسەی کە وایان لی هاتوە دلیان بەم درو و دە لە سانە خوش ئەبی لە کانیکا کە ئەو پیشەوایانە یەو تالانیە کە لە گەلە کەی خویانی ئەکەن و لە سەر حسابی ئەوان ئەژین .

بنکەی ژین
www.zhin.org

ئەتها لە سەدا پینج

کەوابو ئەبی چی بکەین بو جلەو گرتنەوەی ئەم خوانەناسە زور دارانەی کەوا نازانین چون بیانگرینەوە بیانکەین یە پەند ؟

ئەمە یە لە تاو پردنیان نابی و لە ناو بردنی ئەمانە نەهیشتنی عالەمە چونکە ئەواتەی ئەتوانن ایش بکەن و قراری بدەن ئەتها لە سەدا پینجی عالەمن بەلام یەگانە ریگا ئەمەیە : ـ چون ئەتوانین وا بکەین کە قراری ئەم زور دارە بو گشت کەس کەلت یەخش بی ؟ ئەمە هوە ئەبی کە لە گەل بگەیەنین فەرق لە میانی قسەی پف هەلدراو و ایش کردنی پرسودا چیە :

ئەگەر هات و ئەمەمان ئی گەیاندو و ئەمەویان ئەکەین بە پیشەوا و ایش گەن، گورگ لە ناو خوایا بەکتری ناخون و ڕاوانی گەلە گورگ دارە کە لەڕاوانی مەڕو مریشک گەلی کراوە. گەوابو بیویستە منالەکانمان والی بکەین ایش گەر بۆ مەلکی یە ایشەوە بەسەند بگەن تەوەک بە قسەوە ئەم سا ئەم زور داراتە ئەو مەراتەیان لە بەر دەستایی کە مەر بریقیان زور آسانە بەاسکو لەگەل ئەو خاوەن عقلا ئەدا ئەبن کە حسابی هەموشتیک ئەکەن لەگەل ئەو دەستانەدا کە یارمەیسان ئەدەن بو پیک هینانی ئەو آرەزوە پاشایەی کە هەیانە و مەبەستە بەکتری بەواو ئەکەن، تە ئەو آسەتوانی دەس لە یارمەتی ئەمان هەلگری و نەهیلن ئەوانن وازلە دیگاو شوین خوزیەوەی ئەو بیڤن.

ئەهیشتی سەرمایە داری

ئەمرو دوسیا ئەبەوی لە ڕیگای پەرەوی اقتصادی گشتیەوە ئەمە بەرێتە سەر، ڕیگای ئەو پیاوە ایش گەرە پیک هینەرە دادا کە پیاوە پیاو آسایەکان بۆ هەلاوشی لەلایەکی تریشەوە وە ئەبی لەگری و بی دادا هەر دو گیان وەک یەک تەماشا بکا وە ئەو خاوەن عقلانەی کە لە دروست کردندا بەکار دێنین دوو چەندانەی خاوەن ئەلەکانی کە وەرئەگرن، وە ئەی ئەمەش بۆ یەبی، (ئەلسن) لەگەل ئەو هەمو سەر کوتنە گەورەی گەورانەیدا هیشتا لە امریکی دەولەتی پەرتانیای وە ئەبی زیاتر وەرگری.

دوای ئەمانە ایستا ایە (لە بەر دەم ئاوایە ناو وەک یەک بون) مان هەیە، ڕیویستە ئی بگەین و لەمو دواوە ماوەی ئەوە نەمین کە ئەمە هەر

یە ناوبی و بخزینە پشت گوی ئەوسا پیشەوای بەراستی دەر ئەکەوی بەلام بال شکاون چونکە ناتوانن سەرمایە کو بکەنەوە و خەلك لەرێی چاکی خوێندا بەکار بینن وە خوێان لەرێی خزمەتی گەلدا بەکار دینن ، وئەوەی کە پەرەوی دیموکراتی ئەمرو روی تێ ئەکا ئەوەیە کە (بتوانی خزمەتی بەشی زوری خەلك بکا) . ئەگەر ئەمە بوو وا ئەو دەرفەتە گەورەیەی کەلە مبانی ساماندا هەیە نامێنی و ئەوسا منیش بە خوشیەوە و پر بەدەنگ ئەلیم :-

انجا ئەی پیشەواکان با دەسەلات و پیشەوایتان بێ چونکە ئەگەر بیت رەگی خرایە و تەماع لەبن دەربێنری وە ایش کردن لە خرایە درك بژار بکری ئەوسا ریگای گەیشتن بەو هیوا و آمانجە بەرەللا ئەبێ کەلە دەمیەکەوە زەمانە گرتویە تا وەکو بمانگەیەنێتە ئەم نابوتیەی کە ایستا بیاین .

بنکەی ژین
www.zheen.org

بوزانین

ووشەی فەر هەنگە کەمان ئەم جارە ئەوانەن کە بە « ع » دەست پێ ئەکەن . بەو بونەوە ئکا ئەکەین هەر کەسەچی بوریت ئەکەوی بو ناردن بودان بتیریت زور سوپاسی ئەکەین .

سلیمانی: ابراهیم احمدی محامی

بەرەوگورد

لە دلیکی بریندارەوە

دیوانیە : ن . آری

چیبکەم لە دەس دەردی دەرون ، دەردەدار زورە لە دنیادا بەلا دەردی من وینەی کەس نی یە ، هەر چەند ئەکەمو ئەکوشم هیچ پزیشکی دەردەکەم نازانی و دەرمانم لای نی یە ، دەردەکەم ئەوندە گرانە کە باوەر ناکەم هیچ کیویك توانای هەلگرتنی هەبی وە هیچ بازوی مەردانەیەك بی خوی لەبەرا رابگری و نەچەمینەوە وە هیچ هیزیك هەبی بتوانی هەندی سوکی کا لەگەردونا ، سادەوران تویش توزی بە زەبی ، چینە ئەم دلەی تو خو آسنو بولا نی یە ئەگەر آسن و بولایش بوبایە ئەو لەبەر شەرارەی دلی پرتاوی مندا خوی لە گرتایە ، نازانم ئەم دلەی تو بوچی هیچ تەرم نابی وە بەزەبی یە هیچ دەردەدارێکا نایەوە وە هیچ بارمەتیەکی لەرو لاوازان ناداث بە پی چەوانە هەر رائەکا بولای زوردار ، ئەی دەوران دەورانی کەچ رەفتار (٢٠) سالە کیشەمە لەگەلتا ، خو تو نایەزی هەرمنم کوژراوی دەردو مەینەت ، هەرمنم دور کەوتەی براو هاو خوین و هاو وولات و هاو ریی ،

بیزارم ئەکەی لە ژین بەلی ئەزانم بیزارم ئەکەی بیزار ئەبم وە چرای رونا کی ژیانم ئەکوژیتەوە ، هیچ نا پارمەوە لیت ، بەرامبەر بە هەمو جەوریکت مل کەچ و هیچ نانالیتم هەتا ئەو دەقیقەیە کوتایی ژینم دی

بەر بەرەکانیت ئەکەم ، بەرە و آوات و هیـــوا هەنگاو فری ئەدەم ، بەرامبەر بە هەمو جەوریکت ئەنەرریتم ، ئەترکیتم ، گوێی لاوان پڕ ئەکەم تەلە کە بازیوفیلیان تی ئەگەم ، بەلی آخری هەر تو ســـەر ئەکەوی بەلام وا تی مەگە کە کوتایی ژینی منت هینا ایتر تویش سەر ئەکەوی نا . نا .

هەزارانی وەکو من بە داخەوە بچنە ژیر گل هەر وەکو چون ، بی ئەوەی بوتی گولی بکەن لە باخچەی هیوادا ، بی ئەوەی شەمالی یدا بەلو ـ نیاناوە لە سروەی آوات هیندی هەلمژن ئەچنە گوررەوە لە ناوسکی دایکی خوشـــەویستدا پشو ئەدەن هەمو کیشەی ژیانیان لە بیر ئەچیتەوە ئەم چوار چیوەی لە شە ئەسرەوی بەلا روحی پاك هەر لە آسمانی هیواو آواتا ئەخولیەوە بە دەم کزەی شەمال و سروەی نەسیمی ایوارەو لە خەوو بە خە بەریدا بە بونی خوش و دەنگی خوشەوە خوی ئەدا بەلوتو گوێی لاوی لە بەزی هەلکەوتوی کوردوستاندا ، هەتا تو یەکی ئەنیتە گورر کوردوستان هەزار لاوی بە هەزاروبە کەلکتر دینیتە کایەوە کەوا قولی مەردانەی لی هەلئەکەن وەکو هەلیان کردوە بەرەو هیواو آوات ئەررون پول پول هەمو قورئوتەپەیەکی تەزانی تەخت ئەکەن هەتا ئەگەنە ســەر چاوەی ژیان ، هەتا ئەگەنە سەرلوتە پوپەی آوات هەتا لە باخچەی آزاییدا گولی هیوانەپچررن ، هەتا لە چیمەنی شادیو پەکیەتی و خوش بەختیدا لە تەك دلدارا دەس لە ملان دا نەنیشن ، هەتا لە مەیدانی راستیو پاکی و نیکوشیندا بە پڕ تـاو زور کەس یەجی نەهیلن ، هەتا چاو روشن تەکەن بە دیمەنی نزارو لالە زارو تافگەی ســەر قەلبەزەی و چیـاو دەشت و گولالەی دیمەنی جوانی رەنگدا و رەنگی وولانی خوشـــەویست ، انجا

٥٩

بوکچه خوینده‌واره‌کانمان

پیشکه‌شی بوکچه خوینده‌واره‌کانمان ... دایکانی دواروژ

صلاح الدین قفطان

هه‌مو ئه‌زانن ترخی هه‌مو میله‌تیك به دایکانه‌وه‌یه ، ایوه‌ش که وا ایستا له سه‌ر چه‌قی ریگای دایکینین ، هه‌ر هه‌نگاویك که بو پیشه‌وه ئه‌بنین دواروژی میله‌ته که‌تان له سه‌ر ئه‌و هه‌نگاوه به‌نگه ، سایا به‌ره‌و روناکی بی یا به‌ره‌و تاریکی .

مه‌به‌ستم له‌م چه‌ند دیره ئه‌وه‌یه ، که هوشتان بخه‌مه سه‌ر ئه‌وباره راسته که پیویسته هه‌مو کچیك بیگری ، ئه‌و باره که ئه‌بی به‌هوی آزادی . وه سه‌ر به‌رزی‌ی میله‌ته که‌تان . وه ئه‌و ریگایه که له به‌رتانه بو گه‌یشتن به‌م آمانجه به‌رزه . زور کوورز و سه‌خته‌وه ئه‌بی زور به ژیری و هیمنی بیرن . زور شایانی دلگیریه ئه‌بینین کچه خوینده‌واره‌کانمان به‌هوی کورت بینی خویانو ، تی نه گه‌یشتوبی دایکو باوکیانه‌وه له‌م ریگا پیروزه لایان داوه ، به جوریکی وا که به ناچاری ئه‌لین ئه‌گه‌ر هه‌ر به

ئه‌و سا ، له ، ده‌وران ، ئه‌گه‌ر ایمه له گورریشامین هه‌ر شادین و روحمان له‌م خوشیانه هه‌ر به شداره ، ئه‌وه‌مان له‌م مه‌یدانه‌وا رمبازی ئه‌کا .

جا با ایمه به ده‌ردی تو وه هه‌ر سه‌ر بنینه‌وه و هه‌ر به‌ره‌و گورر بررویین .

شاهبازی خاکی کوردم ایسته که هاوریی قه‌لان

بازو قه‌ل که‌ی بوه‌ته هاوریی چی بلیم سائه‌ی زه‌مان

نه خوینده‌واری ئاناپه‌وه باشتر بو وه‌یه که‌لکتر ئه‌بون چونکه خوینده‌که‌یان — ئه‌گه‌ر یدیی یوتری خویندن — ته‌نانه‌ت وا جباتی کچیکی نه خوینده‌واریشی نه بیر بردونه‌وه .

کچانی میله‌تیکی دوا که‌وتو ، هه‌ژار و به‌دبه‌ختی وه‌ك کورد نه جیاتی ئه‌وه که به هه‌مو هیزیانه‌وه خوو بدونه خویندن ، وه به‌یره‌وی ئه‌و آموژگاریانه بکه‌ن که کچانی میله‌ته پیشکه‌وتوه‌کان شوینی که‌وتون ، وه به چریکی نازه‌وه هه‌ول بدن بو پاك کردنه‌وه‌ی ری‌ی پیشکه‌وتنی میله‌ته‌که‌یان ، که‌چی ئه‌بینین وا جبانی خویان خسنونه‌لاوه وه خوئن داوه‌ته سه‌ر کو کردنه‌وه‌ی وینه‌ی ژنو پیاوه ده‌نگ خوش وه سه‌ما که‌ره‌کان (ممثل وه ممثلات) وه دوستایه‌تی گرتن (فاش کردن) له‌گه‌ل ژنه معلمه‌کانیانا . وه بو ده‌ستکه‌وتنی وینه‌ی ده‌نگ خوش وه‌یا سه‌ما که‌ریك هه‌ولیکی بیداد ئه‌ده‌ن و ، بو بیتینی ژنه معلمه‌یه‌کیان سه‌ر به هه‌زار مالدا ئه‌که‌ن ، وه هه‌زار (فیول) ئه‌چن .

آیا دایکو بوکی ئه‌م کچانه نازانن ئه‌م چه‌شنه کرده‌وانه بیری خوینده‌واری وه نیشتمان به‌روه‌ری له میشك لا ئه‌با ؟

آیا نازانن کچه‌کانیان به خودانه سه‌ر وینه کو کردنه‌وه وه شوین به کتز که‌وتن ترخیان سوك ئه‌بی ؟

آیا نازانن ئه‌گه‌ر کچه‌کانیان به به‌ستی و تی نه‌گه‌یشتویی بمینه‌وه میله‌ته که‌شیان هه‌ر به به‌ستی و پاش که‌و تویی ئه‌مینیته‌وه ؟ .

لام وایه هه‌ست به‌م حاله ئه‌که‌ن ، به‌لام چاوی لی ئه‌پوشن نه‌ك

کچەکانیان دلگیر بن . وە ئەگەر کەسیکیش آموژگاری یان بکا ئەچنەوە بەگژ دەمیاوە یا ئەگەر بەهوی ئەم بی باکیەیانەوە لە قوتابخانەدا بگەڕێنەوە سەر زەنشتی مدیری معارف وە ژنە معلمەکانیان ئەکەن ، وە لە گەلیاکا تیک ئەچن چونکە کچەکانیان دەر نەچون ، کەچی کە روژی میوانداریی (قبول) آشنایەکیشیان هات کچەکانیان پیش هەموان ئەکەون ئەگەرچی بو سەیی امتحانیشیان هەی . .

بەلی : دایکو باوکتان تی ناگەن ایوە هوشتان بینەوە بەر خوتان وەلیکی بدەنەوە بزانن ولاتەکەتان چەن پاشکەوتوە وە تا چە ئەندازەیەک پیویستی بەهەولو تەقەلای دایکو کچی تی گەیشتو هەیە . کچەکانمان بە زمانیش هیچیان نەهیشتوتەوە لە نیشتمان بەروەریدا وە ئەلین : کە روژی خوی هات فروی نیشتمان ئەکەوین . لە وەلامی ئەمەدا ئەلین نیشتمان پەروەری بە فیشال نیە یە کردارە وە ساتی ایوە بەرامبەر نیشتمان تەنیا خویندنەوە لە مەیدانی خوندنا ولات کەلەکتان لی ئەبینی .

لە عراقا ملیونو نیوبک کورد هەیە هیشتا کچیکی لە قوتابخانەیەکی بەرز دەرنەچوە ، هیشتا کور ، ژنە دکتور یامحامی وەیا معلمیکی بەرزی تیا هەل نەکەوتوە ! . .

ئەی کی ئەم هەمو دەردو زامانەی کورد دەرمان بکا :
کی کوتە لە قاچی کورد دا مالی ؟

کورد بە ئەنیا پیپی ناکری بەلکو پیویستە ایوەش خوتان بکەن بە چرا تا کو گەنجو پیری ولاتە کە بەر بیی خویان ببینن وە ریی هەلە نەکەن وە

لەگەل کورانا قولی ایش هەلکەن وە بە هەمو هێزتانەوە بیرو هوشتان بخەنە کار بوساریژ کردنی برینەکانی نیشتمان وە ئەن بەهوی دەلاقەی تازە لە لەشی نیشتمانا .

واز لە دخوازی بینن لەگەل ژنە معمەکانتا ناوە خوو مەدەنە سەرکو کردنەوەی وینەی گورانی بێژ وە سەما کەران ، جونکە ئەم جەشنە کردەوانە هەر وەك کەلکتان ناگری ئەبی بەهوی مال ویرانی و سەر گەردانی بو خوتان وە بو میلەتە کەشتان ، وە ئەگەر لە سەر ئەم ماله برون هەر رەنجیك کە لە ایوەدا دراوە وە ئەدری بە هیچ ئەروا وە هەمیشە میلەتە کەتان بەش خوراوە مال ویران ئەبی .

ئەم آموژگاریانەم بو هەمو کچە کوردیکە بی جیا کردنەوە وە هیوام هەیە بە دلیکی ساف وە خاوین لە برایەکی کوردی هاو خوینتانەوە بیگرنە گوپی . وە ئەبی زانی لە ژیاندا هوتەر بو ئەو کە سەیە کە ئەتوانی بی بە ئەندامیکی بە کەلك بو خوی وە بو میلەتە کەی ، وە لە سەر روی زەمینا هیچ میلەتیك نیە وەك میلەتی کوردلی قەوماو وە باشکەوتوبی ، وە تا چە رادەیەك پیویستی بە ئەندامی خویندەوار وە بە کەلك هەیە .

ایز گوناهی نەتەوەی تازەی کورد وە نیشتمانی کورد ئەکەوتە ئەستوی ایوە . . . شەر مەزارمان مەکەن .

محامی
رشید باجلان
لە خانقین و دەرەوەی هەمو جورە دەعوایەك ئەگری

نمونەی کوردی رەوان و پەتی

ژن

ع - ت .

گول بو چیمەن ، ئەستیرە بو ئاسمان ، ژن بو کومەل دانراوە .
بە راستی کومەلی بی ژن وەکو درەختی بی بەر ، ژینی بی هیوا ، ئاسمانی بی ئەستیرە ، روباری لیل وزاری بی زەردەخەنە وایە ، بەلی بە راستی ئەو کومەلەی تیبلایی چاوی گەشی ژنی لیوە دیار نەبی ، ئەو کومەلەی دەنگی ناسکی تیژی ژنی تیانەبیتری ، ئەو کومەلەی دەمی بە پیکەنینی ژنی لی دوور بیت : نەك هەر ئاشتی و شادی ، ئەتوانم بلیم ژیانیشی لی دوورە .

چە جیاوازی یەك نیە لە میانی ئەو کومەلە و گوررستاندا کە وا ، جوانی ژنانی لە ژیر پەچە و ژیری و تیگەیشتنیانی لە ناو چوار دیواری خانودا شاروا بیتەوە !

کە ئەلیم ژن دەستیەکی شکاو ، پەك کەوتوویەکی بی دەسەلات ، بیریکی کولتان نەیەتە بەرچاو ، کی ئەی مریی ؟ کی دەستە پارچەی ئەکا ؟ کی ئابروی ئەتکینی ؟ کی داوینی بەرنادا ؟
کی تەقرەی ئەدا ؟ ... ایمە (پیاو) .

ژن بازوویەکی نەرمی هەیە ، بەلام بە هیزە کە سەولی گەشتی ژینی کومەلیك بگریتە دەست ، لە دەریای ئەنگانە رزگاری ئەکات . ژن

(ژاندارکه) له شوانی مەررەوە بوە شوانی فەررەنسە، ژنی لە بەندیخانەی ماڵەوە کیشایە مەیدانی کوشتار، بە دەنگی ناسکی خوی بانگی راستی وولات پەرستی راهیشت، بوە درەفش هەڵگری دڵاوەران لە ری ی بارزگاری ولاندا. ئەوسنگەی بو بە خووە گوشینی سەرجیگەی تەنیای دڵداری گونجابو بلیسەوکلبەی ئاگر گرتیا نەباوەش.

ژن دەرپایە کەمەنگ، گیژیکە سەری پیاوی لی دەرناچیت، هیزیکە ولات ئاوا وویران ئەکا بە پی ی ویستی پیاو ا ئەگەر ویستمان ولاتیان پی ئاوا بکەینەوە ئەی فیری خویندن و نوسین یان بکەین، بەیلین بژین، بە چاوی هاوڕی و هاو دەی ژین سەیریان بکەین تا کو بینە دایکیکی تیگەیشتووی دلسوز، براین چی یان هەیەوچی یان لە سەرە، بتوانن روڵە پەروەردە بکەن، پیاوی بگەیین بورا گرتی پایەی بەرزی نیشتمان، کچان گوش بکەن وەکو خویان بینەدایکیکی تیگەیشتوو تەندامیکی پیگەیشتوو لە کومەڵدا - خو ئەگەر ویستیشمان ولاتیان پی ویران بکەین، ئەوا هەر وەکو هەن بیان هیلینەوە، بە چاوی جا تەوە - ریکی بیفەرر بیان روانین، داری لە سەر سەگ بی و دوو لە سەر ئەوان، هەمیشە لە کونی مال خزاین، بیان فروشین بە مبرد، بیان نبژین بە زیندوویی وولاتە کەشمان هەروا ویران بمینینەوە.

لە (یادگاری لاوان) ی ١٩٣٣ وە

چیرۆکی ئەم مانگە

قومارکەر

« بێ گومان هەمو ئەزانن قومار چەندە خرابە و کەم کەس هەیە دان بەمەدا نەتی ئەناتەت ئەوانەی کە ئەشی کەن چونکە بیجگە لەوەی کە ژیان تال ئەکا ، صحت تیک ئەدا و ئەو کە سە لە ایش و کار ئەکاو خوشەویستی نایەلی و برا لە برا ئەکا و مال ویران کەرە .. بیجگە لە مانەش لە رووی اقتصادەوە قومار کەر هەر دوراوە چونکە ئەوەی کە ئەیباتەوە بە هی خوی نازانی و بی لیکدانەوە نەخشان و پەخشانی ئەکا هەر چیە کیش ئەدوریتی وا هی خویەتی ئەدوری و ئەروا انجا بو ئەوەی ژیان و دوا روژو ئەنجامی قومار کەر یکمتان نیشان دەین وا پە سەرا هاتیکی داستانتان بەم چیرو کە بو ئەگیرینەوە کە هی نوسەری بەناو بانگ (لازار فتش) ە و لە گوفاری (الطریق) دا بلاو کراوەتەوە »

ف . هـ

کە ئەم بە سەرهاتە رووی دا من منداڵ بوم ، هەر چەند زور باش و بەوردی هەمویم نایەتەوە یاد بەلام هەر چونی بی و چەندیم لە بیرمابی بوت ئەگیرمەوە :

دایکم گەلی لە باسی منداڵیمانی بو گیراوەمەوە . بەلام باوکم هەر وەکو خوی بی دەنگ بو کراسیکی یان و پوری لەبەرا بو خەنجەریکی کرد بو

بەلایەکی پشتینە کەیدا و کیسە توتنە کەش بەلا کەی تری و هەمیشە سەبیبکی داری دریژی پی بو ، بە دەم گیرانەوەی بە سەراهاتە کەیەوە ئەتوانم بیت بگەیەنم کە ئینسانیکی زور سەیر بو ، ئاو چەوانە موتربو گرژە کەی ارادەیەکی بە هێزی دەر ئەخست ؛ بە سەر هەموماڵ امری ئەکرد ، ئای بو ئەوەمان کە گوێی لی نەگرتایە یانەختی دەرەنگ بچوایە بە دەنگیەوە ! . . ئەویست هەموشتی بە ئارەزوی خوی بکری و کەسیشیان نەماڵەتوانی بەر هەنسی بگەین ، کە رقی هەڵسایە لیوی خوی ئەگروشت و کفت بە لاتاوەیا ئەهاتە خوارێ و رووی گرژ ئەکردو چاوەکانی پرشنگی آگری شەریکی لی ئەبوەوە ، ئەم جەلاەدا ئەگەر بهاتایەو بە کیسکان بوریایە یەدوبی زور بە ئارامان ئەزانی ، هەرچەندم من بە منداڵی بو چ ئەوەندەی لی ئەترسام ؟ گوایە لی داز ئەبو ترسەی خستبوە مەبەر ؟ ئەڵام وایە ترسە کە هەرهی چاوەکانی بوو ، چونکە کە چاوێ لی زەق بکردبایەوە هەمو زەمەنان ئەچو ، زور تووڕە بو ، باوەزرێ کەم ئەدە لە گەماڵەکەی خوش بوێ بو ،

هەمو شەو دەرەنگ ئەهاتەوە ، لە گەڵ هاوڕێی کانیا دایکە بوارد ، ئیە منداڵ بوین ئەمانە زانی بو چ وا دەرەنگ دێتەوە بەڵام ژیانی لە دایکم و خوشکە کەم تاڵ کردبو ، دایکم ئەیزانی ، چونکە شارەزای بو ، کە وە نەبی زور بخواتەوە کاشکی تا ئەتوانی پەیوار دایەنەوە و ایتە و خوشی بەم دەرەوە گرفتار نەکردایە ، دایکم بە شەو خەوی نەبو ، شەوی روژ نەکردەوە هەر چاوەڕێی هاتەودی بوو تا هیلاک ئەبو بوی ئەگریا ، بو ئەو حاڵەی تێ نگەیشتبو ، بو ئەو هاوڕێی خراپانەی نوشیار بو بو ،

شەویکیان زور درەنگت هاتەوە بەلام دایکم گوێی نەدایە ، شەویکی تر کە لە شیری یەباتی ئەخوێند کە هاتەوە لەگەل ئەوەشا دایکم لێی نەپرسی ، بەلام کە دی سعاتە کەی بێ نەماوە پێی ووت :

ـ دیتاری ! . . ئەوە کوا سعاتە کەت ؟

ئەویش رووی گژ کرد و توورەیو و بە مونیە کەوە پێی ووت :

ـ ناردومە چاکی بکەنەوە .

ـ خو زور باش ایشی ئەکرد .

ـ کویرنیم ، ئەگەر باش کاری بکردایە ئەمزانی .

دایکم ئەم باسی سعاتەی بو خوشکە کەم گیرایەوە ، تێ گەیاند کە باوکم روەونەهانیەك ئەروا و ئەوەندەی پێ ناچێ هەمو سامانە کەش دا ئەنێ . دوای شەوی یا دوو شەو باوکم کە هاتەوە شەپقەیەکی تازەی تەسەرابو ، و فوردونیکی زیرونیشی لە دەساو دەمانچەیەکیش بە قەدەوە بو ، و بە روو خوشی هاتەلامان و سعاتە کەی دەرهێنا وەکو بیەوی بزانی سعات چەندە ، دایکم پێی ووت :

ـ بردوتەوە ؟

بەلام گورج ئەم خەتایەی راست کردەوە وونی : ـ ئەلیم چاکت کردوتەوە ، سعاتە کەت چاك کردوتەوە ؟ .

ـ بەلی چاکم کردوتەوە .

ـ ئەی ئەمە چییە ؟

ـ فوردونیکی کونە روو کەشی آلتون کراوە .

ـ لە کویت بو ؟ . ـ لەگەل شەپقە کەدا کریومە ـ هەردوکیان

هەرلای یەك فروشیار ! . — بەلی .

ـ ترخی چەندە ؟

انجا باوکم یە مونیە کەوە سەیریکی کرد ، دایکی بی چارەیشم لە وە زیاتر کە بی دەنگت بی هیچی بو نەمایەوە ، باوکیشم دەسی کرد بە جل گوررین ، منیش لە ژیرەوە سەیرم ئەکرد کە روانیم کیسە پارە کەی دەرهیناو خستیە سەر میزە کەو بە دایکی ووت !

ـ ئەم پارەیە هەلگرە و خوشی رووی کردە چیشتخانە کە تا وەکو پارویەك نان بخوا .

دایکم هەر وەك دەس یەری بوشئیکی گلاو دەسی بردو کیسە کەی هەنگرت و روی کردە خوشکم ووتی !

ـ چی لەم پارەیە بکەم ؟ تا بینی ی خراپی و بەد یەختیە ، ئەو شەیتانەی کە داویە بی گومان هەر خوشی ئەیبانەوە ، لەو روژەوە باوکت تووشی ئەم هاوریی خراپانە بوە گوررا وە ، وەکو خوی نەماوە ، یە خوررایی تورە ئەبی ، ژیانمان لی بوە یە دوزەخ ، یە یەرمانەوە نەماوە .

ایوارەیەکیان کە باوکم هاتەوە چەند پیاویکی لە گەلا یو رووبان کردە تەویلە کە . لە دواییدا باوکم هات و چوە ژورە کەی خوی و دوبارە چوەوە تەویلە کە انجا دایکم یە دەنگی بەرز ووتی :

ـ ئەسیە کەشمان لە دەس چوو ! . . قازاجیکی زور باشە ! . .

بو سیەی شەو باوکم چەنـــد هاوری یەکی لە گەل خویدا هینایەوە . دوای دانیشتن جگەرەو قاوەو چاو میوەمان بو بردن . ، زوری بی نە چو

دوکەلی جگەرەکانیان پەنگی خواردەوەو وەك پەلە هەوری ژور سەریانی
لە ژورەکەدا داگیر کرد . ایەش خزانە ژورەکەی کەوە ، لە ترسا .
نقەمان لە خومان بڕ ببو ، خەمبار سەرمان کرد بو بە یەکا ، لە وە زیاتر کە
جار جار گوییان لە خشەی کاغەزی یاریەکە و زرەی پارەکەیان ئەبو ،
هیچی ترمان نە ئەبیست . ئەوەندەی پی نەچو باوکم هاتە ژورەوە ئەوەندەی
ئەرەق کردبوەوە هەمو لەشی نیشتبوە سەر آو ، یەخەی کراسەکەی
ترازانبو ، موە پرەکانی سەرسنگی بە دەرەوە بوو بە دایکمی ووت : پارەم
ئەوی . دایکیشم بی دەنگ ، بەو دلە پرەوە هەستا ، چی ویست دایە ،
دوای ئەوە باوکم سویندی خوارد کە ئەمە دوایی جارە پەت بو پارە .
پارەکەی خستە دەسە سرە کەیەوەو رویشتەوە ، دوای ئەمە یەکدو جاردیم
کە ئەهات و بە قولی کراسەکەی ئەرەقی دەمو چاوی ئەسرری و ئەیگوت :
خیرا ، خیرا ، هەر چیمان ماوە ، پارە ، پارە ! ...

ـ هەر چیەکمان ماوە ـ هەر ئەوەیە ، ٢٠ دوکی زیرر و هیچی تر .
دایکم لە داخا ناسست بو ، خوشکەکەم دەسی کرد یە گریان و جاکی برام لە
جیگا کە راست بوەوە و هەمومان لە سەر ئەرزەکە لیی دانیشتین و
پیکەوە بە دەم گریانەوە هاوارمان ئەکرد : دایە . ئەویش دەستی هیتا بە
سەری من و جاکاو چەند قسەیەکی کرد و هەستاو چوە یەردەم ئەو وینەیەی
کە بە دیوارەکەوە هەلواسرابو ، چەندمومیکی لەبەر دەمیا داگیرسان
ووتی : — رو لەکانم ، هەستن ، لە خوا بپارینەوە تا ئەم بەلایەمان لە سەر
لابا ، دەنگی تا بلی زولال بوو ، چاوی وەك ئەستیرە ئەدرە وشایەوە ،
لەبەر دەم وینەکەدا یە چوکا هاتین ، بەلام جاکی برام روی کردە دایکم و

بنکەی زین
www.zheen.org

پشتی له وینه که بو ، هـــهر دو چاوی بریبوه چاوه‌کانی ، ئەو چاوانه‌ی به دهم هەنسکەوه فرمیسکی گەرمی بیا ئەهاته خواری . هەندی له خۆیا بارزاینەوه ، ئێجا دایکم هەندی لەو گولانه‌ی هەلگرت که له پشت وینه‌ـ که‌وه دانرابوو به دڵیەوه چو هیندی به دەرگا که‌ی ژووری باوکیا ، هەر چەند لەو ساتەدا هێنه گەپیتم که دایکم مرازی لەمه چی بو ، بەلام هەستم به وه کرد که دڵم له‌خۆی دوون بوەوه و ئەو ترسه له سەرمان رەویەوه ، له بر دەنگی له دالانه‌که‌وه هات :

ـ نەنه ، ایژ بابی نا کەم - دوای ئەوه دەنگی بی و هەراو به گریه‌کا چون هات .

دوای رویشتنیان باوکیان ئەوی ، وەکیان لی نیشتو ئەو بردبیەوه . سەیی چیشتەنگاو که نه هەرم بوەوه رۆیتم هەموشتی ماتو دوگڕه‌ دایگیتم ایو بەبار ، دەنگت زەردەخەرەکاو و چاو بر له فرمیســـك دانیشتبو . خێرا جیله‌کانم لەبەر کرد که هاتم بروم له درزی دەرگا که‌وه سەیریکی ژوره‌کەم کرد رۆیتم ، مزه‌ که له ناومراستاو کورسیه‌کانیش لەم لاو ئەولا کەوتبون کانەزی بابه‌گەش پەرت و بلاو بو بوەوه ، تەپله‌ که‌ـ کانیش بریون له آغزه جگەرەو هیشتا باوکم هەر لەوی بو ،

ئەوەندەی پی نەچو هاته دەری و رووی کرده ایمه ، شەپقه‌که‌ی به سەر دەموچاویدا نه پیبو ، قژی له ملاو ئەولاوه هاتبوه دەری ، سیبله‌کانی به سەر لیوپلمات بو بو ، وا دەرئه‌که‌وت که له تەنها شەویکدا پیر بربو ، بەلام چاوه‌کانی هەروەکو خوی مابو ، باوی سەیری کردین ئێجا پاشەو پاش

گەررایەوە و روی ، روەومالی (ئیلیا) ی هاوری ی ، لە دوایدا کورە ـ کەی ئیلیا بوی گیررامەوە کە وا باوکی لە گەڵ باوکما لە بایەت شتیکەوە دواون، بەلام ئیبان نەگەیوە کە چی ئەلین و قەلەم و کاغەزی بو بردوون و شتیکی نوسیوەو هەردوکیان ایمزایان کردوە بی ئەوەی بزانی چیبان نوسیوە.

ئەو شەوە دوای ئەوە هەمومان نوستین (خومان کردبو بە نوستو)، باوکم هەستاو یە کە یە کە چاوی پیا گیرراین ، خەنجەرە کەی هەلگرت و چوە دەری ، بەلام دایکم روەو بیرە کە شوینی کەوت ، ایمەش بە برس و لەرزەوە چاوە رری ی بەلایەکی زور گەورەمان ئەکرد بقەومی ئەوەندەم گوی لی بو دایکم لی ی ئەیارایەوە و بی ی ئەوت : —

ـ دیمتری ! . . چی ئەکەی ؟ .

ـ ماری ! . . برو . . هەرەسم هینا ، بە دەستی خوم مالی خوم کاول کرد ! . .

ـ ئەمە چیە دیمتری ؟

ـ هەموشتیکم کرد بە قومار .

ـ هەر چیە کت کرد بی بە قومار هەموی هی خوتە .

ـ هیچم نەما .

دایکم بە دەنگیکی نەرمەوە :

ـ من گوی نا دەمی .

ـ بەلام ئەی ئەسپ و زەوی و مال و ملکە کەمان ؟

ـ ئەسپە کەمان تازە توانای رویتی نەماوە و زەویە کەشمان بوە بە زونگاو (٣) دوک ناکا . . . گوایەبو ئەمانە خوت ئەکوژی ؟ باوکم

بنکەی ژین
www.zheen.org

لی‌ی ئزیك بوەوە ، چاوی بڕیە ئەو چاوە پاکانەی و بە سەرسامیەکو شەرمەزاری یەوە بە گوێی ناچرپان : —

ـ خانوە کەش ! . .

ـ خو خوت زیندوی ، ئەبەر ئەوە نایی گوێی بدەیتی .

ـ ماری ! . . ئەوە ئەلی‌ی چی ؟

ـ پیم بلی کی بە خیوەمان ئەکا ؟ زەوی یار تو ؟ .

ـ تو ، تو ، ماری ! . .

قسەکەی تەواو نەکرد دایکم دەستی گرت و لە سەر قسەکەی خوی روی :

ـ هەر وا بیر بکەرەوە ، وەختی بوین بە ژن ومیرد خانومان نە بو ، خو ایستا خانویەکیشمان هەیە تیا دانیشین . فرمیسك هەروەك دلوپی شەونم لەبەر شەوقی ئەو مانگە شەوە بە چاویا ئەهاتە خواری و هەر وا وونی :ـ

ـ بوچ ، بو لە دەس چونی یارە خەم ئەخوی ؟ ئەو قەرزانەی کە هەتە کوبان بکەرەوە ، ایمە ایستا لە ئەمەنیکاین کە بتوانین ایش بکەین و هەول بدەین و بژین و بە سەر هەمو قورتیکا سەر کەوین هەر چەند سەخت و گران و ناخوشیش بی .

ـ ئەی منالەکان لام وایە دوای مردنم هەزاران ئفو لەعنەتم بو ئەنیرن ، ئەوەتەی لیان جیا بومەتەوە وا ئەزانم زەمانیکی زوری پی چوە

ـ برو بابیانیینین (دەسی را کیشاو وەکی مندالیکی ساوا هینایەوەمالی ولەم کانەدا سعاتە کە سعات ١٢ ی نیوە شەوی لی دا ! . .) .

شرکەی شمالی بازرگانی و کشتوکال

ئەم شرکەتە لە سایانی دابراوە، وەالیشی لە بەغدا، موبەل هەلەبجە، قلادزە و پینجوین هەیە. مەبەسی ایش کردن و دەست خستنی قازانجی مادی و معنوی یە بو هەمو لواکانی ژوورووە، چانەیونەوە آمادەیە بو وەرگرتنی هەمو جورە کەلوپەلیکی تجاری و وەکالەتی تجارەتی بە غومسیون بو هەمو تجاریك چە لە لەدەکانی تر وە چە لە لقی بەغدا کە ناو و نیشانی ئەمەیە:

فرع شركة الشمال التجارية والزراعية المحدودة.

شارع الرواق رقم ٣٣ بغداد.

بنکەی ژین
www.kurdiyeh.org

مطعم الشرق

چاکتر، خاوینتر لوقەنتەیەکە لە بەغدا، هەمو جورە خواردنیکی ناشفی ناباب وەکو کە بابی سایانی، هیلکە، تکە، سەرویی تیدایە، هەروەها قەیماخ، هەنگوین، مربا، چاوی و شیریش.

شوینیکی یا کوپوخت، نرخیکی هەرزان و خزمەتیکی بەدلی تیدا ئەکری. هەرتەنیا جاریك و روت نی کرد ابتر دلت ناپە بچینە شوینیکی کە شوینەکەی ئەمەی خوارەوەیە:

نزیك جامع «حیدرخانە» بەتەنیشت «صالون حلاقة الشرق» مەیە

باوەڕ پێکراوەکانی گەلاوێژ

لە

کرکوک : محەلەی امام قاسم : تکیەی شیخ خضر : شیخ طەشیخ سعید

خانقین : شەقامی گەورە : ملا عارف عطار

اربیل : مکتبەی هەولێر : شیخ محمد

سابلاخ : محمد صدیق حیدری

حمانیە : ٨ کومپانی : عبداللە عزیز

رواندز : علی عبداللە - مکتبەی پێشکەوتن .

کویسنجق : عثمان خوئی صاحبی ملا

موصل : محلە باب الجدید : امامی مزگەوتی عمری : ملا صبغة اللە مزووری

عقرە : شوکت طاهر

هەر کەس ایشیکی ئەبێ لە لایەن ئەوەوە کە پارەی آبونە بسمەا یا ناوونیشانی بگوری ؛ بێ بە آبونە لە دولانی خۆیەوە رامشدو خوتەم شوێنانەی سەرەوە آگادار بکا .

چاپخانەی معارف — بەغدا

www.zheen.org

گەلاویژ

گۆڤارێکی ئەدەبی وشەقافی یە . مانگی جارێک دەرئەچی

ژمارە ٥ — ساڵی — ٧

١ـ لە خلیجەوە تا آرارات . میستەر هابارد
١٠ـ پیوستی میوانداری . . . حال خفاف
١٦ـ ژیان چی یە . . . . . فیکتور هوگر
١٨ـ دنیا هەر بە پیشکەوتنایە . سارەنەگەی
٢٥ـ بەغدای روژانی راپوردو . قادر خفاف
٣٣ـ دیوانی گەلاویژ . . . . . .
٤١ـ د . د . ت . . . . . دکتور هاشم
٤٤ـ شعرو شاعر . . . . شیخ محمدی خال
٤٩ـ بو کوردەکان . . کچە کورد . نازەنین
٥٢ـ گەلاویژو خوێندەواران . . . . . .
٥٥ـ شەرەفە . . . . . دوو قایق
٦٥ـ چیرۆکی ژمارە . . . ن . أ

بەگەلی باسی خوشتر نەخوێنەوە

نوسراوە لە پوستە دە ژمارە ١٤٨٥

بنکەی ژین
www.zheen.org

ناوونیشانی گەردوێز

بغداد - شارع الرشید : عمارة الدامرجی : آپارتمان - رقم - ٥ -

مدیری ادارە :

عەلی ئەلدین سجادی

خاوەنی ئەمتاز ابراهیم احمد

مدیری مسئول

محمود سنوی

---- آبونە ----

	فلس	دینار
آبونەی سالانە بۆ هەموان	٠٠٠	١
« « بۆ بەلاتەیەکی دەرەوەی قوتابیان	٧٥٠	
دانەی بە	٨٥	

آبونە بەناوی مدیری ادارەوە ئەنیردی

پێشەکی آبونە ئەبی بدری

www.zheen.org

گەلاوێژ

گۆڤاریکی ئەدەبی و ئەقافی مانگی کوردی‌یە

ژمارە — ٥ سالی — ٧ مایس ١٩٤٦

لە خلیجەوە تا ئارارات

« چەند لاپەرەیەك لە کتێبە تایبەکەی (میستەر هابارد) یەکی بە ئەندامە ئینگلیزەکانی تیژتەی راکیشانی هیلی سنوور لە نەیی ئیران و تورکیادا لە سالی ١٩١٣ ـ ١٩١٤ . »

کە لە بەغدا دەرچوین روورە و (قەسری شیرین) ی سەر سنوری ایران رویشتین ، یەکەم روژ بە باقوبە و قزرمات و خانەقیدا تی پەرین کە بوکرین و فروشتنی برانسیت مالیکی زور لە سەر ئەو ریگایە دانراوە کە بو پیا رویشتنی گاریە دەست ئەدا ، بو ایوارە بە سەر پردیکا کە ئەلین خانیکی فارس لە سەر روبارە خوررەکەی ئەلوەند دروستی کردوە بو پیا پەرریتەوەی زیارەتکەرە شیعەکانی ایران بو زیارەتگاکانی عیراق پەرریتەوەو

لە خان دابەزین ، بو روژی دوهەم بە گاریە کەمان کەوتینە ریی بو قەسری شیرین و یەلای زور گردی نزمانی پەرین کە کە لاوەی کوشکی کونیسان بە سەرەوە بو .

ئەو قەسری شیرینەی دیمان شاریکی جوانە لە قەدپالی شاخیکی زور لیژایە کە لوتکە کەی بە (ئاسار) ی هەنتیکە راژاوەتەوە ، شەنامیکی بە بەردی ورد راخراو بە لابیکیا ئەروا و چەی ئەلوەندیش لە پاش ئەوەی بە بنەی شارە کەدانی ئەبەرری ئەچیتە ناو باخی هەنجیر و هەناروزەوی بە گەنمەکان و دەشتی بە پیت و ئەو گردە سورانە کە ئەگەن بە شاخەکانی لای روژهەلات .

ئەو ئاساراتە کە ماوەیەکی زوروی لای ژوروی شارە کەی را کرتووە شوینی شاریکی گەورە و ئاوەدانی چەرخی ساسانی یەکان بووە و ئەوەی ایستا لیی بە دەرەوە مانی جوگەیکە کە بە ماوەی نومیل ریگاوە لە ئەلوەندەوە ئاوی بو شارە کە هیناوە شوینە کەی تر عانوکی گەورەیە ئەنین ژوری تەختی شایەکانی ساسانی بووە ، نەموی خوارەوەی چوار گوشەیە کە هەر چوار لا کەی دەرگای گەورەی هەیە و نیشان ئەدا کە دەرگای شا لە هەموکانیکا بو هەموو مسکینەکانی لە سەر پشتە ، دیوارەکانی بە بەردی گەورەی هەلنە کەتراو و قوریکی زور یەیز کراوەو پەرژینیکی بو کراوە بو ئەو فوبە (گومەزە) زلەی لەکانی خویا دای پوشیوە .

ایش سنور لەم فوناخەدا گری ی هەرە دژواری لیژنە بو ، چونکو ایتر ئەو گردانە ئەمان کە کرابون بە چاو ساخی ایش ، ایستا لەم گردانەوە

ماوەیەکی زۆر کە بڕیبە لە هەردیکی پر لە دەغل و دان و چاندراو هەتا
ئەو زەوییە شاخەی کە بە خەتێکی راست دابڕێن بە ئاوەڕێژ و سنوورێکی
سروشتی دا کێشراو هەتا ئەگاتە ئاراراتی ، لە بەر ئەمە لە سەرلێوانە
پڕیست بوو کە خەتێکی سنوور بە باو ئەم زەوییە دەغڵ و دانەدا راکێشێ و
هەروا بەیانێکی تاریکی دانی بە زەوی (چیا سورخ) ی ئەوتێن کەبە
دەست شەریکەی ئەوی تر لە سەر ئێنگلیزی بەوەبە ، ئێوارە هێری جیاوازی
ئەخشەکان کەلە ئەستەمبول ئەم بەرەلستانە لا براو دەست کرا بە ایش .

لە دوای قەسری شیرین دومان کردە دەشتی زەهاو لە سەر ڕێی
کرماشان و بەو شوێنەدا ی بەرخوێن کە بڕی لەلێن (تەنگی هەناب) و
گەراوێکی گەورێ هەبە ، کاتی گەیشتینە چۆڕی مەبەس خێوەتان لە سەر
گردێک هەبوا کە ئەرواتی بە سەر دەشتی زەهاوی جوان ئاوەڕاوا ، ئەم
دەشتە لە هەموو لایەکەوە گردوانکەی وردو دوورەی داوە کەلە پشتیانەوە
ڕۆژە چیای پەک لە دوای پەک تەنوێ ، ئەم چیایانە تادوورلە کەوێنەوە
بەرزتر تەبێتەوە ، لای ڕۆژ هەڵاتن مان کەلاوەکانی شاری زەهاوو کە
چەند سالێ لەمەو پێش تاو دان براوە ، ئاوچەکانی دەوروبەری ئەم دەشتە
هەڵبەندی تیرەیەکی بە ناوبانگی کوردەکانە کە پێیان ئەلێن (گوران)و لە
سەر تایفی (علی الهی) ن و هەتا (زەردا) لە شاخی ئالەهوان زۆر
لە لا پیرۆزە .

جوانە دەشتی (سەرکانە) لەگەل دەشتی زەهاوا لە پەک گەدەن بڕانم
سەرکانە لە زەوی وزارا لە زەهاو پەرین تر ، کاتی بە دیان کرد کەوا

لەو بەفرینەوە بۆ خیومەکانان لە داوێنی شاخی بامۆی بەرزی مەلبەندی پلنگێ. لە ماوەیەکی کەمی خیومەکانماندا دێی بەکۆلەکەی (پشتە) بۆ گەلە ئێکی بەرەو هێندێ نەخشی سەر بەرد هەیە ماموستای گەورە (شێل) لای وایە کۆنترین نوسراوێکە لە هەمو ئاسیادا، لەگەل چەند ساچێکا لە دەورەی بۆی چوم کابرا منی بەلای شانە دیوارێکی بەردا برد کە هیچ شوێنی نەخشم پێوەنەدی بەلام ئێرە گەیاندم کە لە سەر شانیا سەر گەورەی سەر بەردە کە کاڵی وام کرد تەپیم لە سەر گەندێکی پانی بەکەی (١٨) ئینچە و چەند هەنگاوێ بە هێری چاو ساخە گەیاندیا رویشتم هەتا لە بەر دەمی نەخشیکا وەستام کە بە دوێی لە سەر لیواری گەندە گەورە ماوەی لە دوێی و ڕۆژیار نەبو، تەختە کە وێنەی شایەکی چەکدار بو بە تیر و کەوانەوە و دێبلك لە بەر دەمیا بەرێزودا هاتوە و ئێی ئەپاڕێتەوە و قەراخەکانیشی بە زمارێ نوسراوی داخە کەم لە بەر تەنگە بەری شوێنە کەم نەتوانی وێنەی بگرم، گوردەکان زۆر بەخێی ترسان لەو ئاوە بو هەڵدان بەلام نەمان دۆزی بەوە.

ئێ کە شایانی باسکردن بێ ئەوەیە کەزمانی عەرەبی و فارسی لەم ئاوەدا بە بڕی دوان دێ و لە کوردێ زۆر کوبت لە هیچ ئاڵی، کاکی خیومەکانان گواستەوە بو (بامو) لێرەی سکوڕ بەرد و چەپی سەردانە پێنی کوبت کە ماوەی سەرۆژ ڕێگایە، بە کەم ڕۆژ بەداوێنی بامۆدا بە دو چەنگەی بەرو و باخی هەنارا رویشتین، دو هەم ڕۆژ کوتینە ئاوەدێی (زێنکان) و ڕۆژی سێهەم سەر شانیك کەوتین کە تەمان ڕوانی بە دەشتی خاردوزا. لەو شوێنە بەرزەوە توانیان زۆر بە ئاشکرا ئەم دەشتە

بان و بەرنە پرلە گرمە چیتن کە بەبێ مانیشتوان و بۆژانە ـ وەی ئارەستانیی شادەکانی جەرخی کۆنی پیشان ئەدا ، هەر وا شـاخی هەورامانی بە بەفرداپۆشراویشمان بینی هەلای رۆژهەلاتەوە ، کەلی گەیشتینە سیروان هیندێ لە کوردەکانان دی کە سەلـەکیان سواری کەلەك نەکرد و ئەبان بەراندەوە ، ئێمەش بریارمان لەگەل دان کەلەکی بە پێنج قرانـ لیان بگرین بەلام بۆ رۆژی دواتی بەشیان بۆ نەوە داوای کەلەکی لێمەبکەن کرد ئێمەش نەمان دا و لە بواریکی تەنگەوە بەربەوە و دەشتێن بۆ هەلەبجە ، لە پاش ئەوەی چەند رۆژێك لەوێ مانەوە رومان کردە شاخەکانی هەورامـان کە دێزی لە مەرواندەوە تاسنوری ژۆرووی تورکیا (٥٠) میلە و شاخێکی زۆر سەخت و هەلدرگەیە ، زۆر شیوو دۆل و بەرزایی تۆچی هەیە ، تەرەبك کەلە لە ئەم شـاخانەدان بـەرەی هەورامین ولایەن وایە کەلە نەتەوەی کارەمانی ایران رۆستەمین زیاتری ئیلاتەکەیان لە سەر لوتکەی شاخەکان وەلـەژێك کانیاوی شیرەکانا دروست کراوە بەم بۆنەیەوە لۆژە بۆیەك هێنـانی مەبەستگەی خۆش زۆر دەردی سەری بۆ .

بقاچرا (بەڵێ) ـ ٣١ مایس ـ ئەم بەیانیە هەلەبجەمان بەجێ هێشت دو ساعاتی پیشومان بە ناو گەلی شیانی سکوردەکانا رویشتین کە هەریەکەیان قەراخ چەمسکۆمیە و باخی پرلە هەنـار دەوروبەری داوە زۆر جار لە دێیەکەدا گوڵاوێ گەورەم لەبینی کە دار سیبەر لە سەر گرتوە وەلە چەمەکەوە ئاوی بۆدێ ، کوردێن بەرەی نەشیراوی لە دەورە ریز کراوە کە بەرزاییان سە بی لەبی ، ئەمە چەمەکانن لە

سەری دا ئەنیشن قسە لە گەڵ و چەنە لە گیشن و سەیری ویەی خۆیان لە گەن لە ئاوە گەدا . لە پاش پینج سەعات و نیو بە شیوێکان بەرەو بن بە ئاو داری گوێز و گوڵە بامە لە ژێر سایەگەی دا بەراسپاری دێی بەڵە ، مانگای بەڵە بن میچی نرم و خانو لە سەر خانو تا ئەروا بەرز ئەبێتەوە ، کە چونە ناو دێ بە لای چاخانەیێکا ڕابوردن لادێیێ بە گوردە گایان بینی بەجێ ڕەنگاو ڕەنگی لە گەڵ شیرینەوە کە دێەی دڵفیسی لەم شوێن و خەڵکە دێەی ووڵاتی ژاپۆن هێناوە بێ چونکو زۆر لە بەنز ئەچن .

٦ حەزیران — ئەم بەیانیە لێرە دەرچو بۆ داچەقاندنی گوڵە گە ـ بەڵە لە شێوی (ئەوبە) دا کە دوو میل لە دێی گەورە دورە ، خەڵکێکی بەرژەنگیان لە داری تۆپۆ ئەم شوێنە کردوە و بۆ ئاوەدانی ئەو زەوییە کە ٤٠٠ — ٥٠٠ پی لە ژوور شیوەکەوە بێ گیایان لێ گیشاوە و کردوە بە باخچەیێکی دڵگیر . خۆ ئیشکار ئەوا وردەوردە ئەیکا بە زیاتر خۆشی گەورە . سەعات هەشت گەیشتینە ئەوبە و بەلای تەکیەی دەرویشەکانەوە دێیەکانا ڕابوردین کە دابشتبوون چایان ئەخواردەوە و خەڵکەکانیشیان بە شانەوە بوو ، منیش لە پێش ئەوەدا سەیر گەوم بۆ بەرزی بەکان چوم لایان دانیشتم و دو پیالە چام خواردەوە ، ئەوجا بەخێرە ژوورێکی چوار گۆشەی لە ناوەوە بۆ دانیشتن سەکۆی نی دروست کرابوو و لە سوچیکەوە تا گردانیک بۆ سەماوەر هەڵکەزابو و چەند پیالە و کەوچکیک و لە گەڵیێ دەست شتن دانرابوو لە دوای خواردنەوەی دو پیالە یا لە گەڵ ئەم براوەتە ڕۆیین و ڕۆخوشانە گوتە ڕێی تا گەیشتە سەر ئوستکەی

دانه‌که‌ی که‌ تەرزانی هەمەر دوای سەیروانی دانگرا، له‌ دوره‌وه‌ دەیه‌وی
بەدی کرێ، نازانم بۆ بۆی بچم، هەلام چاو ساغه‌ کورده‌کەم نەدەبیست،
واڕانم له‌ هەر دوژمنایەتی ناوخۆیان بۆ.

ئا ئەسا که‌ گەڵۆیه‌ ناوەڕاستی کوردستان بوو به‌ گەمەجارۆکه‌ی
کورد، که‌ هێشتا جێی گرتبوو، هەم وەک به‌ ئەسانیک بیتوانی ئەوا هەموو جاو
جوان بڵاڕیک باتولیکی پرچرچ و لوچ و چوخەیەکی له‌ بەردابه‌ که‌ زۆر
له‌ چاکەتی هەڵپەرێن ئەبیانی‌یەکان ئەکا، هەر بەسکی زەنگاو زەنگێو
پشتینێت ئەبەستێ که‌ هەموو جۆره‌ چەکێکی هەڵگرتبێ، له‌ هەر شەماڵه‌
شەوه‌ کورته‌ چەکی کورت نیدی ئەخستوو (بەستبوو) له‌ بن ئەکا بۆ ئەوەی
له‌ زەمانا کاتی کرێیه‌ و پارێزگاری لێ بکا.

ژنان هەتا کچه‌ ئەگەر جوانه‌ جوانه‌ بڵاڕی بێ ئاچی له‌ بەر خۆیان
ئەبێ باوماڵ و منداڵ بەخێو کەن و له‌ بەر کردەوانەو جڵاوەی که‌ هەر بۆ
پیرۆز دەست خودا و کورت ئەکردەوەی قژیان وەکو کچەکان ئەمانه‌
ئەیته‌ هۆی دیار بوێ جوانی‌یه‌که‌یان. یه‌کێ له‌ خێڵی ژنان ئاوەڵناوەی
پیرۆزیه‌ و سەرو بەرچی ژنان کلاوێکی ئاوریشمه‌ دەورەکانی موروی
سوروشین و پارچه‌ پارەی زێڕ و زیوی پیا ئەدرووێ و بۆ هەڵبەر
ڕانی ژنه‌ گەنجەکەسەری ئەوێشم ئەکێ ـ سەرکەوی‌ای له‌ سەر ئەبەستێ
به‌ ڕێی باوەری من ژنان له‌ ناو ئەم گەڵەدا که‌ ژیان ودەکو به‌ندەی کردوو
ئەماشا ئەکەن ژیانێکی به‌ ئامه‌، ئەم ئیوانەدا ژنانی خۆیان به‌ گەشتی
ئاوباخ و دایکەکان به‌ ئەش رەسق و کچەکان به‌ باری ڕائه‌بوێرن.

بیاره — ٤ حەزیران — بیاره دی بیکە لە ناو دولیکایە ، بە ئاوی زور و جوگا کانی کە باخە گوویزە کانی پی ئاو ئەدری زور لە دوئی ئەویلە ئەچی ، (نو) ی سیپی لیرە زور ئەچیری بو وشك کردن و فروشرانی بەرەکەی . لیژنەی سنور لەم دی بەدا بەتیك مایەوە لە بەرگیرو گرفتی لی دوان ، چونکو سنور لە دی ی (هانە گەرمەلە) بە ناو زەوی و زاریکی ئاوداری بە پیتا ئەروپی و کوردەکان تەیان ئەهیشت لەویوە بروا منیش لام وابو هەقیانە چونکو ئەتواترا سنور بریە چەند میلیك ئەولای ئەم دی یە بو سەر ئەو شاخانەی ریگای پیا روبشتنی نیە و بوسنور زور بە جی یە .

لە کاتیکا لیژنە خەریکی گوفتوگو بو دو جار سەر شاخەکان کەوتم یەکەم جار بو بینینی شاخی کوردوستانی روژهەلات و گولی مەریوان (زریبار) و دوهەم جار بو چەقاندنی گولەکەی سنور . پیرەمیردیکی کورد زوری پەلەقاژە کرد کە بەشی لە خاکە پیروزەکەی تەدری بە تورکەکان بەلام هەوەکەی ئەو بەسەزمانە کەلکی نەبو و ناردیانەوە بودی کەی خوی و ئەوەی ریاری لە سەردرابو هیبرابەجی .

ماوبەتی

قسەی نەستەق

* بتەوی باسی شەرەفی بەریتانیا لە سیاسی بەك بگەینی لی ی سەخت ترنیە ، روورتر لەوە ئەچی باسی روژ آوابون بو کویریکی زك ماك بکەیت .

ك . ب ئەکوتل

٩

زانیوتە ؟

* ئەو روژە دوور نیە کەبە هەموو دنیا بلیین (دی کەی خومان)

* روژیك دیت توپ و تانك ئەخریتە موزە خانەوە و نەتەوەمان ئەچن بو سەیری و ئەلین باو و باپیرمان بەمانە براکانی خویانیان ئەکوشت .

* لە ١٩٣٠ دا لەچین (٥) ملیون کەس لەبرسا مردن ئەمەریکاش هەر لەو ساڵەدا ١٠٠ هەزار قارگون (واعون) کەنمی لە ناو برد ئەوەکو ترخی گەتم بشکی .

* جاران ئیمپریالزم چینی یەکانی یەطیاك بیهوش ئەکرد و هانی ئەدان بو کرین و فروتنی بو ئەوەی ئاگەی لە خویان نەبی و ئەویش بە ئەدەزووی خوی لیان خورریت ، ئیستاش هەر لەسەر ئەم ری یە ئەرروا تەنا ئەوە هەیە کەتایا کەکەی گوردبوە بە بەلین و پەیمانی خوش خوشی درو .

* لەمانادا هیچ جیاوازی یەك نیە لەمیانی ملیونەرو دزدا تەنیا بە حەرف لە یەك جوین .

* ئەگەر گاجوتەکەی ئاغا نەخوش کەوت گورج یەیتاری بو بانگت ئەکات ، بەلام ئەگەر جوتیارەکەی نەخوشی کەوت دەری ئەکات .

* دراو یەکەم دوزینەوەی بەهیزە کە بەری ماندوویەتی پیاوی بی ئەکرریت ، بویە ئەبی ئەم دوزینەوەیە تەفروتونا کریت .

پی‌ویستی میواندارى

نوسەرى : چیرالد کیرش
وەرگیرى . جمال خفاف

ئەم هاوارە ئەسپایی‌یە لە (جالیکو) وە هەرکە گوێی لە گیرەی گوللەیەک بو ، خـــوی دا بە زەوی دا رابەرە کەشی لەولاوە بەبی سرپە کەوتبو .

ئەوەندەی پی‌نەچو کە دەنگی گوللەی تفەنگی لە شاخەکانا دەنگی دایەوە، و جالیکو بە دوربینە کەی زور گەرا بەلام لە شینایی آسمان و ناویرە زلە دا گیرساوە داخ بوەکانی ئەلبانیا زیاتر هیچی نەدی .

ترس کەوتە دلیەوە ... چونکی ئەیزانی سە سعاتی تر روژئاوا ئەبی ، و پی‌ویستیە بەرو شنـــایی ئەستیرەوە بروا بەر بوە ... بەلام خو (پیش رەوە) کەی بە روژ بە ئەواوی شارەزای ری نەبو، ئیستا چون خوی بە شەو ری ئەدوزیتەوە .

---

* سەرمایەداران ، بو پاراستنی دەسکەوتی خویان ، ئاگری شـەرر هەلئەگیرسینن ،بەلام خویان دوورە و پەریز لی‌ی ئەویستن، فەقیرو هەژاری ئی‌فرری ئەدەن بە ناوی نیشتمان‌پەروەری‌یەوە .

« لە (عەمارە) م ۱۰ . کردویە بە کوردی»

توزی لەیەنا بەردیك خوی بوسەدا ، بەلام لە پاشا وای بە چاك زانی کەلە لاشە کە دور کەوینەوە تەوە کو کوژەرد کەبیت بو چەك و فیشکەکانی ..
بە گا کولکی لەوجی بەد وومە خوی دور خستەوە ... هەمو جنگ و پلی هاتە خوین ئارەق بەدەمو چاویا هاتە خوارەوە ، ری یەکە پیچاو پیچ بو لەم بەر دەوەبو سەر ئەو بەرد نزیکەی دوومیل روی ، بوی ئاشکرابو کەری یەکەی هەلە کردوە ، وەوا هات بە بیریا کە ئەم شاخانە تابرریتەوە و لە پەنای هەمو بەردیکا بەلایکی گەورە خوی مات داوە .

بە درپژایی شەوروی ، لە هیلاکیدا خەوی لی کەوت ، بودوا روژ کە هەستا دەستی کردەوە بە رویشتن هەتا زەردە پەرو لە پرریکا هەروەکو شیت لە خوشیدا دایە هاوارو پیکەنین ، بو ؟ چونکە تارمایی خاتویکی بەدی کرد ...

بە لارەوە لارەوە رووی تی کرد ... شوین پی کانی هەموی خوینـاوی بو ، لە دەرگای دا دەرگا کە کرایەوە .... بەی پەروا بەی هوش کەوتەزەوی ...

* * *

گوی ی لە نووزەیەك بو ، کەبە خیرهاتنی ئەکات ، دەنگەکە وا هاتە گوی ی وەك لە بیرایی ... ئیتر هیچی تری نەبیست تا پاش ٢٤ سعات ، خوی دی کەوا شوریا ئەخوات ، و جاوی بردیوەتە پیرەمیردیکی ئەنبانی ، بالا بەرزیکی بەهیز دیار ، ترس نیشتە گیانی ، ویستی هەلسیت ، پیرەمیردەکە پی ی وت .

بحەسیرەوە ... ! جالیکو لە بەرخۆیەوە وتی :

من ئیتالیم ... ناوم ملازم جالیکویە ... !

پیرەمیردە کەوتی — هەرچی یەك بیت ... تو میوانی و من خاوەنی ... هاتویتە دەرکی ماڵەکەم ... لە زیر بنیچە کەمایت ، لە هیچ مەسلەمیرەوە بخو ، بحەسیرەوە :

جالیکو وتی — ئاخر لەوی لە شەرران ...

پیرەمیردە کەوتی — ئەزانم قوربان .

جالیکو وتی — کەوانە من دیلی توم ؟

ئەلبانیە کەوتی — بە پیچەوانەی ئەوە ... تو میوانمی ... لە ناوچی یە کەما ئەنوویت ، ژنەکەم تیماری قاچی کردوویت . ئاردوومە بو جگەرە و خواردنەوە بوت بکرن ... ئەوە پیلاویکی تازە ، ئەوە کراسیکی خوری ، لە بەریکە ، ماڵەکەم بی تویە ئەتوانی چەند آرەزوونە یمینیتەوە ، وەختی کەویستت بروویت ، ئەوە ولاخەکەم سواری بە ... هەتا وەکو لە زیرسی بەرمایت ، بە گیان و بەدل ئەتپارێزم ...

جالیکو زوز سپاس کردو وتی — : بەلام بی ویستە بگەریمەوە بو ناو شەرو ...

ئەلبانیە کەوتی — گەورەم آرەزوی خوتە ... ئەی توزی نان ناخوی ؟

لە چەپلەی دا ، نوکەری هاتە ژوری بە خواردەمنیەکی زورەوە .

جالیکو دەستی کرد بە خواردن ، تیری خواردە ، زانی کە هیزی هاتونەوە بەر ، انجا هەوالی شەرری پرسی ؟

ئەلیانیە کە وتی — مەلیك زوخر رای کرد و ئیتالیا سەر کەوت :

جالیکو لە دل خویا وتی — ئیستا زانیم ئەم پیرە بوچی وا خزمەتم ئەکات دو بە گەورەیەکەوە وتی .

— دلت هیچ ئەکا ، هەتا گیانم ئیایت . قەت ئەم چاکیەتم لە بیر ناچیتەوە ...

ئەلیانیە کەوتی : — وا ئەزانم لەمەو پیش پیم وتی ، کە میوانی ، بەراستی زور بەد بەختی کە ئیتالیایت .

جالیکو دا چلەکی وتی — بەد بەختم ؟ کابرا وریا بەزانە ئەلی چی ؟

ئەلیانیە کە گوی ئەدایە وتی — ئەوە مەیدانی شەررا دوشمنی پی ویستە بەرامبەریت بکەم کەمیت . بەلام کەیت خستە ئەم دیوەر ـ گا کەمەوە ، ئەبینە میوانیکی زور خوشەویستم ، چونکی میراندارەی لای ئیمە هەر عادەت نە بەنکو قانونە ...

لەم وەختەدا جالیکو گوی لە شیوەن و گریان بو لە دەرەوە ، دی کەدو پیاو بە دارە مەیتیکەوە هاتنە ژوری ، لاشەیەکی لە سەر بو .

پیرەمیردە کەبە غەمبارییەوە وتی — ئەوە کورە گەورە کەمە ... بیبەنە ژورەکەی تر ... گەورەم لیمان بیورە عاجزمان کردی ... چوار برای تری لە پیشەوە کوژراون ... ئەنجا رۆی کردە ژنەکەی ، کەوا لە خەفەنسانا ئەنەرزی و فرمیسک وەك باوانی بەهار بە چاویا ئەهاتە ، خوارەوە پی ی وت : — ئاقریت بی دەنگ بە ... میوانمان هیە ...

جالیکوونی : — وازی لی بینه ، ئازانی دلی دایك چونه ؟ بەلام تو ... بەنەواوی لات وایە کە ... ؟

پیرەمیردە کە سەری راوەشان کەرا دەر ئەکەوت هیچ گومانی نیانیە ...

جالیکوونی — لەعنەتی یەزدانی لی بی ... کی ئەزانی ؟ رەنگی منیش یەکی لەو چوار گورەنم کوشتی ... چونکی شەرریکی تونگ بەرپا بو منیشی تیا بوم ... کی ئەزانی ؟

ئەنیانیە کە ویسانەوە پی وتەوە — : تومیوانمی .. دات هیچ نەکا ..

جالیکوونی : — من لە هیچ ناترسم ... بەلام وەکو پیاویکی پاك و بە هونەر ـ شرف خوت ئەزانی چەغوشی یەکی نیانیە کە ... !

ئەقیانیە کە ، سپاسی دل ئەوانی کرد و پی وت : — بام باسی بەسەر ـ هاتویەکی وات بو بکەم :

— لەم ناوەدا پیاویك بو ، ژنی دراوسیە کەی خوی کوشت ، بەلام لە جیانی ئەوەی را بکا ، چو خوی قرری دایە مالی ژن کوژراوە کەرە و نەهاتە دەری و تیا ئەژیا .... بەلی تیا ئەژیا ... نزیکەی بیست سال ئەو پیاوە هەزارە نەی توانی تولەی خوی بسینی ...

فکرە کەت باشە ...

جالیکوونی : — خراپ نیە ... بەلام پی ویستە خوم گوکەوە بو رویشتن ... !

پیرەکەوتی : — گەورەم ئارەزووی خونە ... ئەگەر ئەتەوی

www.zheen.org

بوروی ئیسماعیل ئەو ولاخە زینە زیوەکەی لی کەو تیشووی دوروژی پیا هەڵیاسە.

کە هەموشتی کوبرەوە، جالیکووتی: — بڕوبا بڕوین.

... ەبردە کەوتی — باپ هەتا سەروی یەکەیم لە گەڵتا:

• • •

شان بە شان رویشتن بەریوە، تیشکی روژ بلاو بووە ... پیرە بە دەنگیکی بەرزو، تیرانەوتی: — ئەمەدوا هیلی زەویە کەمە ...

جالیکو ئاووریکی لی دایەوە، لە ترسا زریکانی، چونکی قولەی دەمانچەیەکی بە دەست پیرە کەوەدی:

پیرەوتی — ئەو پیاوەی ژنی هاوسی کەی کوشتبو (٢٠) ساڵ لە ماڵە کەدا دانشتبو، روژێک هاتە دەوری بو ناو باخە کە ... خانەخوی کەی لە پەیمانەکەی رزگار بو، لە پەنجەرەکەوە چاوی لی بوتی خودی بی‌ی‌وت، نوزی خوت بکە، ئیستا هیچ حەقت نەماوە بەسەرمەوە. وەجز ئولە سەندنمە، و بە بەک تەقە کابرای لەو تاوەدا گەوزاند لە خو ...

جالیکو سەری راوە شان، لە بنواتی هیچ بابت.

پیرە کەوتی — بگرە! هەر تیشکەی لە چیاتی کوریکم!

دەنگی پینج گوڵە، لە کەلەکانەوە دەنگی دایەوە جالیکو بە بی گیا کەوتە زەوی پیرە، بە قاچ تلوری کردەوە بەو شاخەدا هەبرون بە هەبرون بو ...

ژیان چیه؟

فیکتور هوگو
بەدەستکاریکی کەمەوە کراوە بە کوردی

روژی لە روژان پولی مەل لە سەر لق و پوپی درەختی ئەیان خوێند، لە سانیکدا کە مەستی خوشخوێنی بوون بە کێکیان وتی: ئەری ژیان چیە؟ هەموو سەریان سوورما لەم پرسیارە سەیرە، کەلی لێکیان دایەوە. تا یە کێکیان وتی: «ژیان گورانی یە».

میروولە یەك لەو لاوە تەقەلای ئەدا خوی لە ژیر گل دەربینی: هەر کە سەری دەرهاتی و روشنایی بینی وتی: «نەأ با ژین تێکوشینە لە تاریکیدا»، لەو لاوە گولێکی تازە.

پشکوتو زاری را گرتبو بو هەنگێك کەماچێکی خاوین و گەرمی بکا وتی: «ژیان خودەرخستن و شادی یە». هەنگێکی تر بەلایا روی ووتی «نەأ بلی ژیان روژێکی خوشی هاوینە».

میروولەیەك لەو لاوە لەتوپەلیکی لە خوی گرانتر ئالابو هەلی گری، ماتەمیشی ماندووبی دایگرتبو وتی «من لە تێکوشینێکی سەخت و ئەرکێکی گران زیاتری تیانابینم.

بەدو ولاخە کەیەوە گەرایەوە مالی ... گوی ی لە گریان و شین و شەپوری ژنەکەی بو ... خویشی دایە پرمەی گریان.

هر لایه‌ی باداری یکی زیگلی ، یکی بیدی یا گه هه‌وری خه‌ی سه‌ر
دووی پی‌ده‌وپیته‌وه ، وه‌خته‌ بوگوده‌ی قوده‌ری تاو بسیر کلو گوی
دا بریژه‌وه ، گه‌ر خه‌مت و ره‌مه‌لی جان نه‌وایه ، ئاخیکی هه‌لکیشاو
وتی « ژیان فرمیسکه » .

بزیک ئاسمانی هه‌وری هه‌ره ، هه‌موچیکان و ته‌ی‌وت « ئه‌م ، دروت
گرد ژیان هیزو تازادیه » .

له‌ پاش به‌خش ئاریکی هه‌لاتن هیند ، خه‌و بزی خسته‌ میش و ره‌گه‌ز
هه‌وزه‌ویز له‌ان و پیچی ده‌مخته‌ان هه‌ووکان و وه‌یل وت : « ژیان
خه‌وه‌ » .

شاووه‌ی بینه‌نگی و هه‌نگ وکش و مات بو ، هه‌لن ژیان بوه‌ .
قسه‌تی‌یک چرای ژووره‌که‌ی خوی کوژانده‌وه و هه‌ستیه‌کی
هه‌لکیشا وتی : « ژیان نوقمبوه‌ » .

هه‌ره‌کاریکیش به‌ خیوه‌ی هه‌ل هه‌لدیو ، قسه‌ی له‌ یادمان
داوین بیساندا به‌گه‌وه‌ دهسیاری ، هه‌ر بردی ، خه‌م و به‌شیلی ، ده‌رزی
ده‌رزه‌ی دلیوه‌ ، هه‌رهاتکی‌ان ، گرده‌ی وت : « ژین تاریکه‌ وه‌ک
ته‌خن ناو ، خه‌ریکه‌ نابه‌دی » .

به‌نیش به‌شه‌ش هه‌مت ره‌یرت . « ژین گوریه‌ که‌ ، گریته‌وه ،
نهیز به‌ که‌ ناشکرا بای ، شوره‌ ده‌رگه‌وت ، دنیه‌ ، روشن بوه‌وه ، چه‌ان
ده‌ستان چه‌ه‌ که‌ زه‌وه‌ هه‌لگه‌ران ، هه‌ل ، ده‌ره‌وانی ته‌رزی ژیلوه‌ی
ملی کرده‌ ، هه‌موو لایه‌ک ده‌نگی لیه‌ایه‌وه‌ و ته‌یوت : « ژین ده‌ست ـ
پیکردن و گیش کرده‌ » .

له‌ (یادگاری لاوان) ی ۱۹۳۳ دا

دنیا هەر لە پیشکەوتنایە

دەستکەوتنی هێزی ئەتۆمی لە ئاودا

کەزانا کانی ئەمەریکا و ئینگلیز هێزی ئەتۆمیان دوزیەوە ، لە مادەی (پلوتونیوم) بە دەستپاز کەوت کەلەمە عدەنی (لورانیوم) دا هەیە . ئەم کانە خوی زورە لە ژیر ئەرزدا ، بەلام هەروا بە ئاسانی و هەرزانی (پلوتونیوم) ی لی دەرکەیە ، ئەنانەت ئەلین دەرهێنانی یەك پاوەن تریکەی (٥٠٠٠) لیرە ئەکەویت .

لە بەر ئەمە زانایان کەوتنە گەرزان بە دووی مادەیەکی تردا کە ئەم هێزەی لی بە دەست بەین . بو ئەمەش بیریان چوە بو هەرزانترین شت لە دنیادا ، کە ئەویش (هەیدروجن) ە کە یەکیکە لەو ناقە دو مادەیەی ئاویان لی پەیدا بوە ...

بەقسەی زانایان ئەگەر شوانزیب هێزی ئەتۆمی لە هەیدروجنەوە بە دەست بخریت ، ئەو هێزە هەزار ئەوەندەی ئەو هێزی ئەتۆمی یە زلتر ئەبیت کە لە (پلوتونیوم) وەر ئەهێنریت ، کە هێزی ئەمیش (٧٫٥٠٠٫٠٠٠) ئەوەندەی ئەو هێزەیە کەلەوەندە خەلوز یا نەوت دەست ئەکەویت .

دیارە کە هەیدروجن لە هەمرو مادەیەکی تر زورترە لە دنیادا ، و بە هوی ئەو هێزی ئەتۆمیەوەیە کە روژ لەم مادەیەی وەری ئەگریت وەها گەش و پرشنگدارە و کلیەی دیت . روژ و هەمرو ئەستیرەیەکی

گەش یا هەیدروجن تیایە و یا هەوریکی زوری هەیدروجن دەوری داوە وئەم بوخاییە فراوانەی ژوورسەرمان ئەوەقدە هەیدروجنی تیایە کە هەرگیز لە بیرانەوە ئەیەت روژ کە هەیدروجن ئەکات بە سەرچاوەیەك بو هیزی ئەتومی بە جوریکی سست و تیکەل و پیکەل ئەم گوررینەی بو پیك دیت و نەتیا لە سەدا بەکی ئەو هەیدروجنە ئەگورریت بەهیز. لەگەل ئەمەشدا ئەم هیزە نیسبەتەکەی زور زورترە لە چاو ئەو هیزەدا کەلە یورانیوم بە دەست دەکەویت . لە هەزاردا بەکیکی ئەو قایبت .

زانایان ئەلین ئەو هەیدروجنەی روژ یەکاری ئەهیقیت بەشی چل بلیون سال درەوشانەوەی ئەکات .

ئاشکرایە کە گوررینی هەیدروجن بە هیزی ئەتوم چاکتر و بە کەلتترە لەهی یورانیوم ، بەلام زانایان هیشتا نەیان ئوز بوەتەوە چون ئەمە ئەگریت .

دکتور جون هویلز کە ماموستایە لە ئاکادیمی (بەرنیستون) دا ، و لە دەرهینانی هیزی ئەتوم دا لە یورانیوم دەستی هەیە ، ئەلیت جاتر ئەوەیە جاری لە (بروتون) ەوە دەست پی بکەین . هەندیکی کە ئەلین بەکارهینانی (نیتوون) جاترە . وبیر نەوە ئەکەنەوە کە (بیشکی ـ کوزمیك) بەکار بهینن بو شکاندنی ئەتومی هەیدروجن .

بەلام هەموو ئەمانە هیشتا لە دەروازەی بیر کردنەوە دوور نەکەوتونەوە . کی ئەزانیت تاقی کردنەوە راستی ئەم بیرانە دەرناخات و مروڤ بە هوی ئەم هیزەوە باردیکی زل نادات بو پیشەوە ؟.

بنکەی ژین
www.zheen.org

فرروکیك (٧٥٠) کەس هەڵئەگریت

کارخانەی فرروك دورست کردنی هیوز لە کالیفورنیا ـ ئەمەریکا ـ کردوە بەدروست کردنی گەورەترین فرروك لەدنیادا . ناوی (هیوز هیرکیولیز) ە درژایی چوار جیوە کەی ٦٧ مەترەیە بەرزایی (٩) و پاتایی (٦) مەترەیە ئەتوانی (٧٥٠) سەرواز بە هەموو چەك و کەل و پەلیانەوە لە (هوتولولو) وە بەکوجانـــ بەرینە (توکیو) — پترلە (٦٠) هەزار کیلومەتر — و ئەگەر بکریت بە حەسنەخانەی ئاسمانی (٣٥٠) تەخوش و دکتور و بەردەست ئەگریت . هەشت مەکینەی هـــەیە . هیزی (٣) هەزار بارگیری هەیە . ئـەتوانی (٤٠) ئەن پەنزین هەڵگریت . بەتەواو بوونی قورسایی (٢٠٠) ئەن ئەبیت هەرچی بالەکانی (٩٧) مەترەونیوە . وەنیاز هەیە لە ئاشتیدا ئەم جورە فرروکانە بو بار هەڵگرتن بەکار بهیرین .

دەرمانیکی تازە

ماموستا (کراسینیکوف) ئەندامی ئاکادیمی زانین لە یەکیـــەتی سوفیندا دەرمانیکی تازەی دوریوەتەوە ناوی (ئیسەرگلین) د کە زور لە پنیسلین بە هیرترە و هەموو ئەو دەردانە چاك ئەکانەوە کە میکروبە ـ کانیان لەسیپەکان و ریخولەدا بنج دا ئەکوتن .

بو کەررو لال

(دکتور رالف بونەر) ی ئەمەریکایی ئـــەلەتیکی دورست کردوە بە هوی ئەوەوە هەموو کەررو لالیك لەمەولا ئەتوانیت بە ئەلەفون قسەیکات وگویش لە رادیو بگریت و لە هەمو قسەیەك نگات کە پی ی ئەوتریت .

ئەم ئالەتەش وەکو تایپ رایتەر وایە وینەی ئەو دەنگە ئـــەگریت کەلە تەلەفون یا رادیو کەوە دیت و کەرو لال ئەی بینیت .

چاری لەرزوتا

شیرکەنی (کینگت ـــ هودسن لیمتد) ی ئینگلیزی کە شارەزایی ـ یەکی زوری هەیە لە چاری مەلاریادا ، پسپوری زوری لەرزوتا ئیا ئیش ئەکەن: خەریکی دورست کردنی حەبیکی زورە بە ناوی (سانکوتان) ەوە کە گەورە ترین چاری مەلاریایە و لە هەموو ئەو دەرمانانە چاکترە کە هەتا ئیستەبو مەلاریا بەکار هینراون بەتاقە ٣ روژ نەخوش چاك ئەکاتەوە .

بەکار ترین میکروسکوپ

بە پی ی قسەی ئاژانس تاس ، زانایـــانی بەشی بینین لە (لنینگراد) خەریکی دورست کردنی میکروسکوپیکن کەشت (٢٥) هەزار ئەوە ـ ندەی خوی گەورە ئەکات . کەچی ئەو میکروسکوپانەی تـــا ئیستە هەن شت هەر (٢) هەزار ئەوەندەی خوی گەورە ئەکەن . و ئەلی ئەتوانیت وینەشی بەمو کەعەبی بگریت .

بوزانین

ووشەی فەرهەنگە کەمان ئەم جارە ئەوانەن کە بە (غ) دەست پی ئەکەن . بەوونەوە تکا ئەکەین هەر کەسەچی بوریك ئەکەوی بو ناردن بومان بنیریت زور سوپاسی ئەکەین .

سلیمانی: ابراهیم احمدی محامی

بوپیکەنین

لادی‌یی‌یەك بەماشا ئەکات مەلا کەیان هەر چەندە ئەیەویت شتی بخوینیتەوە لە پیشدا چاویلکەکەی ئەکاتە چاو لەمە وانی ئەگات کە بە هوی ئەو چاویلکەیەوە فیری خوینند نەوەوە دای ئەنی بی‌بو شار یەکی بو خوی بکریت . کە ئەگاتە دوکانی چاویلکە فروشەکە تەماشا ئەکا پیاویکی چاویلکە لە چاو روژنامەیە بەعەرەبی ئەخوینیتەوە ئەویش ئەپرسیت : چاویلکەیە لەوانەی کوردی ئەخوینیتەوە یە چەندە ؟

* * *

کابرا یەك زور تەخوش ئەبیت ژنەکەی لە ژور سەربەوەدا ئەنیشیت و بە کول ئەگری میردەش وا ئەزانیت بو ئەو ئەگری لی‌ی ئەپرسی — بو چی ئەگریت گیانەکەم ؟.

ژنەکە بە هەلسکەوە ئەلی : چون نەگریم دوای نوکی‌یە ٣ منالەوە ، مارەم ئەکات .

* * *

جاریك دەولەمەندیکی رەزیل چیشتکەری را ئەگریت . ئەوەندەی لا نامینیتەوە ئەروا ، یەکی لی‌ی ئەپرسیت — بو چی لای لا چویت ؟ — ئەلی چی بکەم .. چیشت لی نانی لەبیر ئەبردمەوە .

* * *

باوەرپی کراو — کا کە قەرزی گەلاویژت لا بە نایدەیت ؟!

ژن: ئیمان له‌گه‌ڵ ـ را من پاره‌ی هه‌وانه‌ت نادەم

سه‌هام ـ گه‌لاوێژ و مرگرتن هه‌وانه‌ی به پاره‌دانه‌ که‌ی هه‌وانه‌یه؟!

چواره‌م ـ پرامیوزه‌وه ئه‌رزکون ئه‌ی و ئافه‌رین !

* * *

دەوڵه‌مه‌ندێکی شه‌ڕ ئه‌چێت وێنه‌یه‌کی ژنی خۆی له‌گرێت، به کاڕای وێنه‌گر ئه‌ڵێت ـ که‌ی بیه‌وه‌وێ ئه‌وێنه‌گر ـ دوای ۳ ڕۆژی که

دەوڵه‌مه‌ند ـ بۆ؟ وێنه‌گر ـ ئه‌ی پیشوه‌وه.

دەوڵه‌مه‌ند ـ نه‌نه ئومه‌یشوه‌وه خومان ئه‌مانی جاڵشووری دواغان هه‌یه.

* * *

ژنێک له‌گه‌ڵ میرده کوره‌یه‌ سیفه‌ که‌ی له ئوقه‌ته‌یه‌ک نان ئه‌خوێ که هه‌ڵه‌ستی ئه‌وێ له به‌ر خۆی کاڕ ئه‌کا سه‌یر ئه‌کات تا کێ ده‌ست کێشی ئێ یه‌جی ماوه ئه‌گه‌ڕێته‌وه ئوقه‌ته‌که‌ له سه‌رمیزه‌ که ئای‌دوزێته‌وه دا ئه‌نوێته‌وه ئه‌ماشای ژێر میزه‌ که بکات(منال) ی ئوقه‌ته‌که‌ ئه‌ی ئه‌ڵێت : خانم بۆ میرده‌که‌ت نه‌گه‌ڕی ئاوه‌ته له ده‌مه‌وه چاوه‌ڕێته.

* * *

ژن به میرده‌ که‌ی خۆشه‌ که‌ی ـ عه‌یب ناکه‌یت ئه‌مه‌نده‌ به‌سه‌ر خۆشی دێته‌وه مانی ناتوانی به‌پیوه خۆت بگرێت.

میرد ـ ئه‌جا که‌ی به‌توی وتوه که‌من ئه‌مه‌وێ به پیوه‌ڕاوه‌ستم ـ من ئه‌مه‌وێ بڕۆم

یەکی ئەچیتە لوقەتەیەك لە خواردندا زمارێك لە چیشتەکەدا ئەبینی و بانگت ئەکاتە شاگردی لوقەتەکەو بێی ئەلی : ئەمەچیە ، چون زمار لە چیشتندا ئەچیت : شاگردەکە ئەلی : قەی ناکات ... تو سەری باوکت باش شوربا کە بگەڕێی لە پیریوە چەکوشکیشمان لێوت بوەیەشکو بیدوزیتەوە .

* * *

منال — دایە ئەم ژنە قولەت بو هیناوە .

دایك — روە هیناومەیی بەدایەتی خوشکەپچکولەکەت

منال — شیری ئەدانی یاقاوە ؟

* * *

دوژی یەرناردشوو لە حەسووی ئەپرسیت کەلە عومری هەشتا سالیدا ئەبیت : — کەی ژن وای لی دیت گوێی تەداتە پیاو ؟

لەوەرامدا ئەلیت : ئەگەر ئەتەویت وەرامیکی راست وەرگریت لە ژنیکی لەمن پیرتر بپرسە ...

* * *

دایك بە کوررەکەی ئەلی — لەمەودوا تو ئەبی لە ژوورەکەی تر بنویت ، لەگەل من نەنویت . کورر ـ بوچی ؟ دایك ـ چونکە گەورە بویت شوکور بویتە پیاو .

کورر — کەواتە باباوکم مچیتە ئەو دیو چونکە ئەو لە من گەورەترە .

٢٥

بەغدای روژانی رابوردو

Baghdad in Bygone Days

(بە قەلەمی کلودیوس رچ)

قادر خفاف کورتی کردوتەوە

کلودیوس رچ لە ساڵی ١٧٨٦ دا لە بریستول لە دایك بوە ، بەرلە شورشی فەرەنسە بە دوو ساڵ لە لایەن مامۆستایەکی بایەتیەوە فیری زمانی عەرەبی ، تورکی ، فارسی ، عیبرانی وەکلدانی کراوە بیجگە لە یونانی و لاتینی . هەر لە منداڵیەوە کەلکەلەی روژهەلات کەوتبوە سەریەوە : ئاوانەخواز بو روژی لە روژان بتوانی بچیتە روژهەلات ؛ خوی کوریکی جوان و ریك و پیك و زور زیرەك بو ، لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا (شیرکەی هیندی روژهەلات) ئەیکا بە سکرتیری چارلسلوك کە شابەندەری گشتی ئینگلیز ئەبی لە قاهرە . لە ١٨٠٤دا سواری پاپور ئەبی بەرەو روژهەلات ، بەلام لە ریگا پاپورەکەیان ئاگری بی بەرئەبی ، دینە (مالتە) لەوی چارلسلوك بە مردویی ئەبینی ناچار سواری پاپور ئەبیتەوە خوی ئەگەیینیتە (ئەستەمول) . لەو ناوەدا پانگزە مانگ ئەمینیتەوە بو ئەوەی فیری هەلسان و دانیشتنی تورك وە زەمانیان بی . لە ئەستەمول و ازمیر لەگەل فامیلیاکان تیکەلی بەبا ئەکات بو ئەوەی فیری (ئەتیکیت) وە عادەتی ئیسلام وە کاروباری دیانەت بی . شەش مانگی لە بەینی (ازمیر) و (حەلەب) دابو (شرکتی هیندی شەرقی) ایش ئەکات لە هاوینی (١٨٠٦) دا

www.zheen.org

گردیان به باریه‌دەری (گولوتیل میسیت) شاره‌زەری گشتی له ئاوره و
ئەسکەندەریه له زەمانی مەملوکەکاندا . لەوی خوی ئەکا به پارەدەری گەلیک
له گەورەی (مەملوک) ەکان . هەمیشه له گەلیان ئەچی بۆ سواری و
رەبازی ، جاروبار عەبا و کەوای ئەوانی له بەر ئەکرد . هەروەچی
ئەوانی نەبەست ، جگەلەوەی عەرەبیەکی زور چاك ئەیت . له ئەیلولی
(١٨٠٧) دا ئەچیته (بومبای) له هیندوستان به یی ئەمری شەریکە-
ئەکەی ، له بومباش ئەمینیتەوە لەوی جەزله کەچی ماکی بومبای(ماری)
ئەکات ، ئەمیش (ماری) به کچیکی هەژده سالانی زور جوان و زیرەك ئەی،
دچ هیشتا له ئەمەی چست و دوو سالیدا ئەی که ماری مارە ئەکا ، له
کانونی دووەمی ١٨٠٨ دا دچ ئەنیری بۆ بەغدا بۆ ئەوەی ببیته شەبە-
ندەر و فرمانی (استخبارات) بیبی و شەریکەی هیندی رۆژهەلات .
له هیندوستانەوە به پاپوری پەرەمبی له گەل ماری دینه بەسرەو لەویوە بۆ
بەغدا ، دچ به ئەمابو به بی‌ی ئەلف لەیلا چاوی به ئەفسون و جوانی
بەغدا بکەوی ، چاوی به گومەزی زەر و مناره‌ی زیوی به ئاسمانا چوو
کۆشکی رەنگاو رەنگ بکەوی ، بەلام بۆ ئەگەی بەغدایەکی پر له کولانی
تەسك و پیس و ئاوی زۆخاو و مالی بەخۆشو بۆگەن بینی که بەهەستی
تیابو نەجوان ، دچ له بەر ئەمری فرمانەکەی له ماوەکانی رۆژهەلاتدا
گەلی لێ کردەوە له قەفقاس ، سوریا ، ایران . جگەلەمەش پوستەی
ئەستەمول لەو ئەیارەدا بەسرە ، گەلی مار له گەل پاشای بەغدادا تیك
ئەچو و عەرایات ئەبو چونکو پاشا زۆر حوی له عەبدولی عەرابیە
ئەگەیاند . دچ به زیرەکی وزانایی لاوتی‌ی خوی کاریگەری کرد پاشا

لی بەرسی و لەگەل انیگلیزیشا ریك بکەوی .

لە سالی ١٨١٠ دا سەفیری تورکیا لە پاریس (رەئیس ئەفەندی) ناو دیتە بەغدا و داوای پارە لە پاشا ئەکات ، بەلام پاشا نای‌دانی و رەئیس ئەفەندی تورەئەبی و ئەگەریتەوە (موسل) و لەوی کوردەکان هان ئەدا و ئەیان تیرینە بەغدا بو سەر دوژمنە کوتەکانیان ، لە بەغدا شەر ئەبی و کوردەکان ئەچنە ناو بەغداوە دەست ئەکەن بە تالان . لە پاشا بە هوی (رچ) ەوە رەئیس ئەفەندی لەگەل پاشادا ریك ئەکەویتەوە و کوردە ـ لە بەغدا دینە دەرەوە ، پاشا بەمە دەس هەلنا گری و بە خوی لە شکرە ـ کەیەوە بو کوردوکان دیتە دەرەوە بەلام کوردەکان لە شکری پاشا راو ئەنین و (پاشا) ئەگرن و سەری ئەبرن . انجا عبدالله پاشا ئەکری بە پاشای بەغدا و شەرە کە ئەبریتەوە .

مبستەر رچ (٣) سال لە بەغدا ئەمینیتەوە و بەبی ئەوەی پولیك لە حکومەتەکەی وەربگری پارەیکی زور بو دەست و پیوەندەکانی خەرج ئەکات . لەگەل ئەوەشدا هەر چەند بو پارە ئەتوسی بو اینگلتەرە و بومبای هیچ وەرامی نادەنەوە ، لە داخا جگە لەوەی کە خوی هەمیشە نای لی ئەهات و سەری ژاتی ئەکرد و ئەوساش لە بەغدا داو دەرمان زور باوی نەبو و دەست نەئەکەوت ، بە شەو و بە روژخوو ئەداتە جگەرە کیشان و قاوە خواردنەوە .

رچ ئەوەندە زیرەك ئەبی هەرچی زمان و ئەتیکیت و رەوشت و خووی تورك و عەرەب و فارس هیندو جولەکە و ئەرمەنی هەیە هەموی

له خوپان چاکتردبوو ئەو هەرچی کتێبێکی تاریخی و جوغرافی و ئایینی هەبێ هەموی کۆئەکاتەوە و ترجومەی ئەکا بۆ ئەوەی کتێبێك له سەر رۆژهەلات دەرکا، له هەر لایەکەوە شتێکی بەنێکە پاخود (ئەمری) ئەوزیرەوە ئەهێنری بۆ رێچ و ئەویش بە پارەیەکی زۆر ئەی کڕی و هەلی ئەگری.

ئەو سایەشاری بەغدا پڕ ئەبێ له جاسوسی فەرانسە و ناپولیۆن له هەموو جێگەیەکی ئیمپراتوریەتەکەی عوسمانیدا ترسی خستبوە دڵی خەلکەوە. هەموو کەس باسی ناپلیۆن ئەکا کە گوایا ئەیەوێ بەغدا بکا بە پایتەخت بۆ داگیرکردنی هیندوستان.

رێچ خۆی بە پاشا (سلێمان پاشای یەکەم) ئەناسێنێ. رێچ زۆر گەلێ له دەست گەرمای بەغدا ئەکا کە ناچار ئەبێ شەو له دەرەوە خۆی بەلام له لایەکی کە شەوە بەغدایش زۆر له لا خۆش بوو له بەر زۆری میوەی فەیسی و سێو و تۆخ. رێچ ئەڵێ ئەبوو سەوزەوە تۆزی پەیدا ئەبێ بۆیە کەم جار له بەغدا بلاوی ئەکاتەوە، کاتی ژنە تورکەکان دێن بۆماڵی رێچ ژنەکەی ناچار ئەبێ جل تورکی له بەر بکات و عەبا بە بەیگزادەوە، له حەمامدا بۆخۆر ببوتێری و گولاو پرژێنری و ئاڵا بافڵاوە بخوری.

رێچ خۆلیای شوێنەکەی کۆن و شێخ عەتیکەی زۆر بۆ ئەبێ، ئەگەڵ ژنەکەی ئەچێتە (بابل)، هەرچی دێرۆزە و خەرتەی پێویستە هەموی وەر ئەگری و خۆی خەتی ئەگیشێ.

رێچ بە دەست گەرمای بەغدادەوە زۆر پەریشان ئەبێ، هەموو هاوین

سەری دێتەژان و ئای لێدێ و بەکی ایش کردو ئەناء جەز ئەکا هیچ ئەبێ هاوپیان بچن بۆ شانەکانی کوردستان و کەمێ فیشەکیان بێنەوە بەلام کێشەو هەرای بەغدا ڕێگەنادا لە بەغدا دوور بکەوێتەوە. بە هۆی زاڵ بوێ ناپلیۆن بە سەر هەمو ئەورووپادا فەرانسە دەستێکی زۆری بە سەر هەمو شارەکانی ڕۆژهەلاتە ئەبێ، بەلام لە مارتی ١٨١٣ دا خەبەر ئەزارێ کە ناپلیۆن لە موسکۆ بە شکاوی گەڕاوەتەوە، ئەمە بۆ ئەمان وەلامێکی زۆر خۆش ئەبێ و ئێ ئەگەن کە ناپلیۆن وەختێ هەر سەر کەوێ !..

ڕەج هیشتا لە ئەمەنی بیست و حەوت سالی دا ئەبێ کە ئەیەوێ بەختی خۆی لە گەڕمەو نەخۆش بەغدا دوور بخاتەوە، داوای ایجازە ئەکا و لە تشرینی یەکەمی ١٨١٣ دا لە گەڵ ژمارەکی خەڵکی آمادە ئەکا بچن بۆ ئەستەمبوڵ بە سواری وڵاخ. باخۆی بەغدا چەند شیر و لاوێکی زیرەی بە دیاری ئەداتێ و ڕاسپاردەیێ هەیە بۆ ئەمین ئاغا شارامەی کە بە سەرپاڵی ئەبەریت بۆ ئەستەمبوڵ. (هاری) جێی کوڕێکی ئەتەری لە بەر ئەکات لە گەڵ گەوشی سوور و فەلی یەکەسەروپێچکی ئەوتنە قورس ئەبەستێ ئەڵێی گانەکی خستوتە سەر سەری لە بەر ئەمین ڕێگا چەند سوارێکیش بۆ پارێزگاری لە گەڵ خۆیا ئەبەن. ڕەج چەند خەریتەیەک هێل ئەگرێ و بە کۆنەی ـ دوورخوێندنەوە ـ ناوخ دا ئەکێشێ، ئەو ڕۆژەی ئەمان ئەگەنە ناوخ، هاری ئەگەوێ جەژنی (حسین کوڕی ئیمام عەلی) ئەبێ. ئەو هاوڕێ گومەزێکی لێ ئەبێ گوایا حسین لەوێدا نێژراوە، زنجیرێکی ئاسن بە قوڵاپێکەوە بە گومەزە گەورە بەستراوە، خەڵکی دێ زنجیرە کە ڕاموشێنن دەستیان ڕا ئەگرن، ئەگەر زنجیرە کە بگەڕێتەوە ناودەستیان ئەبەوە بە

ئاوات ئەگەن ، بەلام سلیمان پاشای بەغدا هەرگیز هیچ جۆرە دڵنیایەکی نەکا و
هەرمان لەدا زۆرە کە دەر ئەهێڵێ لەبیات وڵاخی بێ ئەبەستێتەوە .

لە ئاوخـــەوە دێنە کەرکوک ـ پردی وڵای ئێرانەیلـ ئـــەگەنە
هەولێر . لەم ڕێگادا زۆر مەرەمی جەردەی کوردیان بوو ، حاجی قاسم بەگی
ماکی هەولێر لەگەڵ چارە شەکانی بە تەپڵ و دەفـــەوە دێن بە پێریانەوە و
ئەیان بەنە کۆشکەکەی حاجی ، بۆ بەیانی (٢٣ تشرینی یەکەم ١٨١٣) لە
هەولێر دەر ئەچن منداڵ و گەڵ وور بە هەڵ پەرکێ و دەف و بلوور بەری-
ێن لە کەن ، ئومەرۆ ئەگەنەدێی گەڵەک لە سەر چەمی (زێ) ی گەورە
ئاغای گەڵەک کە بەزیدی تەبی چەند سوارێکیان لەگەڵ ئـــەنێری لەرمی
جەردەی عەرەبی ئاوە و بۆ بەیانی نیوەرۆ ئەگەنە موسڵ . ئاریەکی
ناخۆشی خاتوونکانی هەمو دوکانەکانی بازاڕەکی پیس و کۆلانی تەسک ئەپێش ،
پاشای موسڵ گەیلک جێرەتیـــان ئەکا . لە ماوەی سێ ڕۆژ لە موسڵ دەر
ئەچن بۆ نسیبین و ماردین گەرمای ڕێگا پەرێشانیان ئەکات و ڕێچ ئەناو
سەرایشەکەی ئەگەرێنەوە . لە ماردین چەند ڕۆژێک لە مانی قەشەییک و لە
دیار بەکریش چەند ڕۆژ لە مانی قەشەییکیتر ئەمێننەوە ، لە هەردولا زۆر
خزمەت ئەکرین . لەوێوە بە ئەرخانە ، مەعدەن ، مالاتیە ، توکاتدا ئەگەنە
ئەستەمول . بەلام هەتا ئەگەن لە بەر ماندویی و بە فرۆکاران تەواو پەریشان
ئەبن ، چونکو رێچ تای لی ئەهـــات و ماریش نەخۆش کەوتبو کەچی
گوێیان نەئەدایەو هەر بە شاخ و داخا هەڵ گەران تا گەیشتنە ئەستەمول
لەوی سەفیری ئینگلیز سیر ڕوبەرت ئەنیریت بە پیریانەوە ئەیانباتە سەفارەت-
خانە و گەلی خزمەتیان ئەکا ، ماری چاک ئەبێتەوە و ئەی کەن بە بەزم و

٣١

شالور (١)

شقلاوة : محمد عبدالله خوشناو

ئەی باڵندەی جوان ، ئەی رەنگت خوشی جهان ، ئەی سوزی آوازت شادی‌یە و دڵان ، هەزاران کەس خوزگەت بی ئەبەن ، بەیانیان خوت ئەرازینیەوە بو پیریەوە چونی روژ ، خوت ئەڵاریتیەوە بو مژینی دەمی خونچەی مەد هەش .

ئە شالوری شوخوشەنگ من کە خوزگەت بی ئەخوازم بو ئەو سەر بەستی بەئە ، ئەبینم دەمی هەر گوڵیك بینی بونی ئەمژی ، رومەتی هەر گوڵوکیك ببینی آوی ئەنوشی ، سیبەری هەر چلیك ببینی بی ئەگەبی . وای دەنا منیش وەکو تو دەمم بە گوڵی خوم ئەگەیشت ، بەدڵ فراوانی چاوم ئەبریە روژم لە آسو ، لەبن سیبەری چلی هیوام ئەحەسامەوە .

ئەی شالور لیت ئەپاریمەوە لە بەرەبەیان بەزمانی دڵداران ، لە سەرچلی

(١) شالور مەلیکی پچر کە دەنگیکی زور خوشی هەیە گەلی لە بولبول ئەکا ، ئەم باڵندەیە لە کوردوستانا زورە بەتایبەتی لە خوەشناوەتیدا .

شایی . ماندوبی ئەو ١٥٠٠ میل ریگا ناخوشەی بە سواری ولاخیان لەبیر ئەچینەوە . .

بە هاری ١٨١٤ لەسەفارتخانەی ئەستەمول خەبەریکی زور خوش وەر ئەگرن کەلە خوشیان هەمو یا دینە عەلیەرین ئەویش باسی شکاندنی نایلیون و لە نزیك شالور بە دەستی سوند خواران .

ئەمامی باخان ، لە خوات داوا ئەکرد ئەو هەوایەی ئەمژی ئەو آوەی ئەبخویەوە ئەو دانەی بی‌تیر ئەبی ئەو گوزارەی ؛ ا چاورون ئەبی بە سەر بەستی بکا بە مەلیك وەکو تووتکا بە هاوبەشت لە بەیان و نیوەرو .

ئەی شالور لە گەل گرنگی روژ لە گەل کرانەوەی زاری خواچە لە گەل را پەرینی جوانان لە خەوی سبەینان ، بە آوازیکی سازی وەك رەندان ، بە دەنگیکی ناسکی وەك دەنگی بی کوناجی مندالان ، بە آهوسوزی وەکو سوزی لە خوا ترسی نیوە شەوان ، بە بی‌چرپە مەوەستە نادەگەییە ناپی بارەگای یەزدان . بگەیە بەزاتی پاکی آهی نەخوشیم ، داخی هەژاریم ، نالینی دەریە دەریم ، هاوار ژیردەستیەتیم

ئەی شالور بی‌بەشم لە هەوای فینکی جهان ، لە آوی ساردی بن بەردان لە گوزارو چیمەنی چەمەنان ، لە شاخ و دەشت و لە سەیران ، کەو نومە ناو گیژاوی آویکی بی آمان ، ئەی مەل ئزات گیرایە ، را لە فەقەسام چاوەریت ئەکەم تا پیکەوە بە سەربەستی لە سەر بستوان لە سیبەری داران ، لە سەر کانیاوی سەر سەران تو بە دەنگی رولال من بە دلی بی‌مەلاد تو بە بالی بالندە من بەبی پی‌ی بەندە . تو بو رومەتی گول من بو یاری هاو دل بلین و بروین ببینین بە سەربەستی .

محامی

عونی یوسف

لە هەولیرو دەرەوەی هەمو جورە دەعوایەك ئەگریت

دیوانی گه لاویژ

چه‌خوشه شاره‌زوور ...!

م . نوری

چه‌خوشه شاره‌زوور وه‌ختی به هاران
به کومه‌ل دابنیشن تیپی یاران
وه‌کو یولی یه‌یوله دابپوشن
اق و یوبی گولاله‌ی جوبیاران
یریقه‌ی یوله‌که‌ی ده‌سه‌ل لامل
وه‌کو ئه‌نجوم له ده‌وری ماهی تابان
له روو روو پوشی لادات و یه خه‌نده
بلاوینی هیوایی هه‌رزه‌کاران
به‌عیشوه‌و نازه‌وه خوت پی بناسی
بزانی دولبه‌ره‌و هاتوته سه‌یران
به چاویکی له شه‌رما که‌م هه‌لاتوو
بیچرینی هه‌ناوی دانگاران
چه‌مه‌ن که‌وتوته خه‌نده‌و من یه گریان
ئه‌نالینم وه‌کو هه‌وری به هاران

جوانانی چەمەن هاتونە لەنجـە
بە ئاوازی جگەرسوزی هوزاران

چەنیشتمانیکمان هەیە...!

نیشتمانیکمان هەیە سەیری بکەی ویرانەیە
گەرچی بو چاوی بەدو دوژمن یەوینـەی تانەیە
کاولی دەستی یە - وشیر . وکنەی بیگانەیە
ئیستە زور چاوی لە دەست و کوششی شیرانەیە .
چاوەریی دەرکەوتنی هەولیکی ئەم لاوانەیە
(خوایە هەرکەس دوژمنی ئەم کوردە دلپاکانەیە
ژیر کەوی ، کوستی کەوی تاماوە ساتی نەسرەوی
دووژمنی کوردان کەسیکە هەول ئەدابیتە.....
سوودی خوی تیکەل یە قەومی یەت ئەکاوەك ئاووشیر
زەررەیەك قازانج و بەرزی خوی لە چیدا بیتە پیر ،
سەد بکوژریت چاو بپوشی ، هەر دلی نەکری زوپیر
با هەژار چاوی دەری ، میرم سەروکی (....) یە
(خوایە هەرکەس دوژمنی ئەم کوردە دلپاکانەیە
ژیر کەوی ، کوستی کەوی تاماوە ساتی نەسرەوی)
خویندەواریکە کە خاوەن میزو قەرراشەو جەرەس ،
بو هەژار جرابی جنیوو توررەیی و لیـدانە یەس

سەد هەڤت بوون ئەکا گەر چارەکێکی بەینە دەس
بیینە سەر باسی قسەش کوردێکە زور فەریادرەس
قەومی پەت لای پەتمە ، تەنیا خزمەتی بو عانەیە
خوایە هەر کەس دوژمنی ئەم کوردە دلیاکانەیە
(ژیر کەوی ، کوستی کەوی ، تاماوە سانی تەسرەوی)
کاک تیجار سای سیپەریکی کرتوەو دانیشتوە ،
رەنجی سالیکم بەمولیو پاکژی بو بردوە
لووتی هەر خوارە ، ئەلی نامەرد دزیت لی کردوە
زوری وەک من کاسی بو ئەو ئەکا خوی تیاچوە ،
هەر ئەلی مسکین بەشی لیدان و یەندیخانەیە ،
(خوایە هەر کەس دوژمنی ئەم کوردە دلیاکانەیە
ژیر کەوی ، کوستی کەوی ، تاماوە سانی تەسرەوی
ئەو کەسانە دوژمن تووی نیفاقیان خستە ناو
ریگەیان نیکدا لە کورد بی ی میلەتیکیان نایەداو
بوون بە گورزی دەستی بیگانەو کەچی کوردن بە تاو
ئیستە کەس باوەر بە کەس تاکا لەترسی بەندوباو
کورد رەبوون و کوشتەیی ئەم چەشنە میکروبانەیە
(خوایە هەر کەس دوژمنی ئەم کوردە دلیاکانەیە
ژیر کەوی ، کوستی کەوی ، تاماوە سانی تەسرەوی)

م . ش .

٣٦

لەشەوا

کە روژ ئاوابوو ، شەو هات بە سەردا
هەموو گیان لەبەر لە شارو دەردا
لە پاش ماندویتی تەقەلای ژیان ،
ئەحسیتەوە بە نوستن : گیان

* * *

هەر شەوە گولان لە دەستە مویی
روژ ئەکاتەوە بو سەر بەخویی
بەشنەی فینکی نەیسمی بەیان :
ئەبوژیتەوە خونچە و گەلایان

* * *

کە ئیمە چاومان بە تاریکەشەو
هەموو ئەریژری بە کاچیوکی خەو
گەلی دلاتی پرر خورپەو خەتەر
هەیە بەوینەی یرینی نەشتەر
لەگەل لبدانا هەئتەقولی وەك آو
خویناوی گەش و حەسرەتو زوخاو
گەلی چاوانی پرر فرمیسکیش هەن
ئاوی نەمامی دلداری ئەدەن

www.zheen.org

گەلی میشکی تیگەیشتووان
نوی ئەکەنەوە رابوردووی زەمان

* * *

چەن لاوو جوانان بە ئەشکی خوینین
بە پرچی پەشیو ، بە دلی خەمگین
لە پەوروو کەوتون لەبن پاساران
لە بەر چەپوکی مەرگی بی ئەمان
دەقیقەیەك خەو ناچیتە چاویان
هەر ئەتلینەوە تا بەری بەیان

* * *

چەند هەزار لاوو نازەنینیش هەن :
لە ژیر دو بالی شەوا بی میحەن
لە گەل دلداری دەست لە گەردنا ،
لە ناو گولزاری خوشەویستنا
خەریکن بەگول ، بە خونچە چنین
بە بژاری خار ، دەم بە پیکەنین

* * *

لەو دەمەدەمی واپەسینی شەو
کە ئیمە چاومان چوتە شیرین خەو
بە خوینی پاکی ئالی شەهیدان
دامانی ئاسو رەنگ ئەکا بەیان

گەلی گیرودەی زنجیر وزیندان
هەموو وەك شیرو بیجوە شیران
بوری‌ی سەر بەستی و بەرزی میلەتیان
ئەو بەندو کوتە خەلانە لابان
لابان خستوە ریکەوتی زەمان
لە دوورترینی گوشەی خەیالیان
بە جوتی بالی پرد تین و تاوی
لە هیزی لاوی دوورست کراوی
لە تارو تیلی ئاسمانی ژینا
بی باکو پەروا هان لە فرینا
جار جار لە دەنگی بالەی هەژاران
لە سوزی گریە و شینی داماوان
لە ئیشی زامی دل بریندارانی
لە لالانەوەی جگەر سوتاوان
دیتە لەرەو لەرز گەدەوون بە یەکجار
ئەخرینە سەرپشت قاپی کردگار
هەر شەوە پەردەی پیشەی روزگار
بیشەی ئازارو بیشەکەی دلداری
کە گزنگ دەرکەوت شەوکەوتەفیرار
بالە سەر لەنەوی بو کریکاری

ئەخول (وەرگیراوە)

ئەی تازە جەوان

حبانیە : احمد دلزار

ئەی تازە جەوان گەر ئەتەوی ژینی بە خوشی
واز بینە لە سەر خوشی کەتو ژیرو بەهوشی
بو کورد بە پەروشی
پارە و شرف و عقل ئەدەیە مایعی کەر کەر
چیت داوە لە داوی وەرەقو رامیو پو کەر
جو بو کەرە جو کەر
تو تازە نەمامی چەمەنی باغی ژیانی
بەم تەرزە لە تەرزت مەدە دارو لە چەمانی
محکومی زەمانی
هوشت هەیە ساخوت مەخەناو بەحری هەژاری
هەرگیز مەبە خاوەندی خەمو شیوەنوزاری
بی هوشو قەراری
تاماوی ایتر خزمەتی گولزاری وەتەن کە
کوشش بە دەوام هەر لە هەقو دانیشوفەن کە
نەفرەت لە محن کە

٤٠

غەزەل

هەلەبجە : علی کمال باپیر

نەك بە تەنها تیری غەمزەت جەرگی کون کون کردوە
تیغی ئەبروت جەرگودلمی ئەنجن ئەنجن کردوە

با سەریشم دابنیم قابل نی‌یە دەس هەلگرم
خوامنی بوماچی ئەو لیوانە نەوسن کردوە

قەت اثرناکا لەتو هاوارو فەریادم یقین
خوا دلی توی یا لە پولا یا لە آسن کردوە

دەردو جەورو غەم هەموی بو پیاوە ، استادی ازل
روژی اول خیرو خوشی و شایی بو ژن کردوە

مشکلە بکردەوە هەرگیز گری بەخشم بەکەس
دەستی حق ئەم روشتەیەی بەکسەرگری چن کردوە

کەس نەجەمعی سیم و زەرر خیری تەدیوە روحەکەم
زور دەمی یا کو بە نویژی پیس و چلکن کردوە

یاری بی مهرم کمال‌ەی دەردی دوری و هجری خوی
بەك کەرەت وقفی دلی سەودازەدەی من کردوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

دنیا هەر لە پیشکەوتنایە

د.د.ت.

D.D.T.

حەفتا سال لە مەویەر زانایەکی کیمیا گەری ئەلمان مادەی (دای کلور - دای فینیل - تیترکلور یئلین - Di Chlor - Diphenyl - Tetrachlorethelene یە کورتی د. د. ت. یا دی. دی. تی دوز یبوەوە یەلام نەی زانی بو کەشتیکی وانە نرخە. سالی ١٩٣٩ کارخانەیەکی کیمیایی لە سویسرە بو مورانە کوشتن یە کاری هینا.

لە سالی ١٩٤٢ دانە نەواوی زانرا کە کاریکی عەجایب ئەکاتە سەر حەشەراتی نریش. بەم دوزینە وەیە زانین چەکیکی یەکارو بکوژی خستە دەستمان بو لە ناوبردنی ئەو حەشەراتەی دوژمنی هەرەگەورەی ئادەمیزادن کە ئەمانەش:

١ـ ئەسپی ی ئاسپاو و هاوزریمانە کە روژنی یە چاومان پی ی نەکەوت هەموو شارەزاین کە ئەم دەعیایە بیجگە لە ئیستراحەت تیکدان و هەندی نەخوشی پیست، تیفوس (رەشەگراتەنا) و (حمی الراجعە) سوورەنا و دوسە نەخوشی نریش بلاو ئەکاتەوە.

٢ـ کیچ ـ کە بیجگە لەوەی سرەوت لە پیاو ئەبرریت یە جوولە جوول و ئالوش، نەخوشی ناعون یش بلاو ئەکاتەوە.

٣ ـ میش ـ هـوی بلاو بونەوە و تەنیتەوەی گەلی دەردەوەکو (زەحیری ئـەمپی ، زەحیری باسیلی ، تیفوئید ، داگیرسانی ریخولەی منال ، و چاویەشە .

٤ ـ میشـوولەو هـوورە . نەخـوشی لەرزوتا ، زەردەتا Yellowfever ، Danguefever بلاو ئەکەنەوە

ئەجایی گومان یەکار هینانی د . د . ت . ئەم نەخوشیـانە زور کەم ئەکاتەوە لە سالی ١٩٤٣ دا لە ناپولی . ئیتالیا ـ رەشەگرانەی دا کەوت ، یەلام بە هوی د . د . ت بەوە کەبو ئەسپی کوشتن یەکار هینراو ، و بەر بەستی نەخوشی یە کەکرا و نەهیشترا کە تەشەنە بکات . هەروەهـا یەکار هینانی تەلایەن لە شکری سویند خـوارانەوە ، لە شەرر دا ، ژمارەی ئەوانەی زور کەم کردەوە کەلە شەرری پیشوترا رەشە ژانەتا و تەرزوتا بە هەزاران ئەیکوشتن .

د . د . ت . ئیستە هەر وەکو یە ئاسانی دورست ئەکریت هەرزانیش ئەکەویت .

بو ئەسپی و کیچ کوشتن سەدی (١٠) لەم لەگەل سەدی ٩٠ ی توزیکی تردا تیکەل ئەکریت و یە کراس و دەربی وجلی ژیرەوەی ئـەکریت ئیترتا ٦ هەفتە جلەکان بششورین ئەو هەر کاری خوی ئەکات .

بو سەر بکریت بە بەینی قژەوە ئەسپی تیاناهیلیت .

بو میش و میشولە سەدی (١٠) د . د . ت لەگەل نەوتی سپیدا تیکەلاو ئەکریت و بە پەمپ ئـەکریت بە ژوورەوە ئیترتا ٣ مانگ تەمیش ،

بنکەی ژین
www.zheen.org

تەمیشولە ، ئەهوررە و ئەکیچی ئیاناژی . بەم جورە ئەگەر ژوریك لە هاوینا دو جار ئەم تیکەلاوەی پیوە بژینریت ئیتر ئەم میرووانە(حەشەرانە) ئایەتە ئەو ژوورەوە .

ئیستە سەدی (٢) د . د . ت لەگەل بویەی دیوار تیکەل ئەکەن و دیواری پی بویە ئەکەن ئیتر تابویەی د . د . ت ی مابی لە ژورەدا ئەم میرووانە نە پەیدا ئەبن و نە ئەژین .

لەم قساتە بومان دەر ئەکەویت کە ئەم دەرمانە ژەهرە ، بەلام وەنەبی چەکاریکی خراپ بکات لە پیاو لەگەل ئەمە شدا ، واچاکە ، کە بە پەمپ ئەکریت . بە ژوریکەوە کەسی تیارانەوەستی باشەو لەمەش باشتر ئەوە بەتا ١٢ سەعات کەس لەو ژورەدا نەبیت .

ئەمە سە ساله د . د . ت . بەیابوە . بەلام ئیمە هەر لە گوڤارو روژ ـ نامەکاندا ناو و ناوبانگی مان ئەخویندەوە و زوری ئەم ناوبانگانە لەوانە بو کە حەلك بروای پی نەکات . بەلام ئەمسال نەختی لەم دەرمانە نیرابو خەستەخانەی هەلەبجە و بومز گەوت واو نیل و شوینە گشتی یەکانی کە وبو هەندی هەژاری ئەسپیون یەکارمان هینا . لە بیشەوە کەس گوی ی نەئەدایە ، بەلام دوای تزیکەی ١٠ روژ زور کەس بە هەلەداوان ئەهاتن بو خەستەخانەو ئەپاررانە بو دەرمانی ئەسپی و باسیان ئەکرد کە چەند بو کیچ و ئەسپی کوشتن چاکە . ئەمانە هەر بە بیستن بەلام ئەوانەی یەکاریان هیناوە ئەلین لە عومری خومان دەرمانی لەمە باشترمان نەدیوە بو ئەسپی

بنکەی ژین
www.zheen.org

شعر وشاعر

بەقەلەمی شیخ محمدی خال

شعر قسەیەکی ریکوپیکی زور جوانە کەلە دلو دەروونی هیندی خاوەن بییری خوادادەوە هەل ئەقولی بو سەر زمانی ، لە پەردە و کالا ـ یەکی موزیقیدا ، کەبە بییستنی مەردوم ئەکەویتە جونبوش و جووله جوول .

شعر سرووش (وحی) یکی دەروونییە ، لە آسمانی میشکەوە بە هوی فریشتە (ملك) ی بییرەوە دیتە خواری بو سەر زمان و قەلەمی شاعر .

شاعر هیندی جار معنای تازەی نەودیمەن دائە رریژی ، وە بییری زور جوان ئەهونیتەوە بەرەنگیکی وا کە هەموو ژییریك تیا سەراسیمیە بی لەم حەلەدا شاعروەك دەریایی ، غواصی ، یەك وایە کەلە بنکی دەریادا گەوهەر و بەردی بە نرخی وا دەر بینی ، کەشایستە و زیبندەی نقیمی

کوشتن ، لەمەوە دەر ئەکەویت کە کاریکی باشی هەیە بویە هیوام هەیە حکومەت هەول بدات بو ئەوەی زور لەم دەرمانە بهینی تاوەکو دەس هەموو کەس بکەویت و بەم جورە هوی گەلی تەخوشی نکوژ کەم ئەبیتەوە .

هەلەبجە : دوکتور هاشم دوغرامەچی

ئەموستیلەی پەنجەو گوارەی گوێی و ملوانکەی گەردن و سەرسنگی جوانان بێ .

یا وەك کیمیا گەریك وایە کە خاکێکی نایبەتی لە بوئەدا بتوێنیتەوە ، وەلە پاشـــادای وریژی ـ بە شووشە زیرریکی وا کە وەك چرا بـــدرەوشیتەوە ...

گاهی شاعر معنای هەرجایی « مبتذل » ئەهێنێ ، وەلە پـــەردە و کالایەکی وا جوانی رەنگاو رەنگا پێشانی ئەدا ئەلێی هێشتا نەووتراوە و نەپێستراوە ، لەم دەمەدا شاعر وەك سەنگ نەراشی وایە کەلە پارچە بەردێکی نارێك ، آدەمیزادێکی ریکوپێك داناشی ، لەوێنەی آفرەتێکی جوانی شەنگوشوخی بالا لا ولاوی ناوقەدباریك ، لە وێنەی پاشـــایەکی داد ـ پەرستی ، نیشتمان پەروەر ، یازانایەکی دانای ، پێشەوەر ، کە هـــەموو کەسی بەشانازی پەوە لە ژوورسەریەوە ، وە بەرامبەر بە خوی دابنێ بو جوانی ، یا بو یادگارو پەند پەزیرێ .

بەراستی قریحەی شعر شتێکی زور زور سەیرە کەلە دلو دەروون و میشك و سەری هێندێ کەسا هەیە وە لە گەل سوروشتیا نیکەلە .

شاعر ئەگەر بیەوی ئەتوانی بە شعری آگرینی خوی آگر بەر بدانە دلی هەزاران کەس ، وەلە خەوی بیهوشی بیداریان بکاتەوە ، وە کالای ئەمەلی و ترسنوکی داکەنی لە بەرەن ، وە بەچەکو قەلەتو زرێی مەردی و نە بەردی بیان راز بنیتەوە .

شـاعر ئـەتوانی بە پەندو آموژگاری ی خوی ، رەووشتو خووی ناشیرین لەدلان دەربینی و ریشەکیشیان بکا ، وەلە جیگای ئـەو

ڕەووشتو خووی جوان بڕوینی و آوی بدا تارڕیشە دا بکوێ .

شاعر ئەتوانی بە ووتاری دڵ فرێنی خوێ دڵی دڵ ڕەقان تەرم بکاو دەستی دەست فرو چاوان بکاتەوە بو هەموو جورە پیاوەتیو ئەرمە تیدا نیکی کومەڵایەتی .

شاعر ئەتوانی بە جادوو (سحر) ی حاڵانی خوێ مەردومی خەفەتبار بینیتە پیکەنین ، وآدەمیزادی کەیف خوش بینیتە گریان و چاو سرڕین .

شاعر ئەتوانی لە هەموو دەمیکا ، بە هەموو ڕەنگی ، وەلە هەموو ڕوویە کەوەکار بکاتە دڵ و دەروونی مەردوم وە بە آرەزووی خوێ هەڵیان سووڕڕێنی ، جا ئەگەر خواستی خوا وابوو بە گەلیك کە چاکیان بو بینیتە پیشەوە ، ئەوا چەن شاعریکی خویندەواری ، ووریای ، دوور ئەندیشی ، ژیری خاوەن بیری بەرزی ، بەرەووشتو خووی جوانیان ئەخاتە ناو ، وە بە شعری پەندو آموژگاری بەوزەوە پیشیان ئەکەوێن ، وەلە هەموو تەنگانە یەکا ریگایان بو دووناك ئەکەنەوە ، وە چرای زانیینیان بودا ئەگیرسینن .

قریحەی شعریە کە بچار لە کومەڵی آدەمیزادا سەرەتاو پیش ڕەوی حکمت و فلسفە ، وەمایەی سەر کەوتنیان بووە بو سەر پلەی شارستانی و خوشبەختی ، کەوابو هەر گەلی تاشاعری تی گەیشتووی زورتری بەختیارترە .

بەلی مەبەس لە شعرو شاعر ئەمانەن کەووتمان تەك ئەو شاعرە کونە پەرستانەی ، هەرزە گویانەی ، پی گیان و دەمارانەن ، کەلە شیوەیەکی

کوڵی هەزار ساڵ لەمە پێشدا فێری شعر ووتن بوون ، وە چەن تشبیەو واستعارەیەکی ناقولایان لە شاعرە کونەکانەوە بە کەلەیوور « میرات » بو بەجێ ماوە ، هەموو روژی لە کالایەکی کونی رزیوی ، ناشیرینی ، پێ کەلکا دەری ئەخەن ، وە بە مدح یازەم ، یا مێژووی لە دایك بوون ، یا مردنی ئەمو ئەو بە سەری ئەبەن ، کومەلە ئەبێ لە سرووشی بێ فەرری ئەم جورە شاعرانە چەبە هرەیەك وەرگری ؟! وەلە گوفتارو ووتاری پیچراوەی نادیاری ئەم هەر زەگویانە چەقازانجی بکا ؟!

شعر لە هەمووشتێك زیاتر نزیکترە بەگاندار لە دەستوری پێ گەیشتن و خەملین « تشؤ ارتقاء » دا ، هەمیشە ئەبێ لە گوررانو تازە بوونەوەدایی ، وە بەپێی روژ کالا لە بەرکا -

شاعر ئەوەیە کە بیری خوی بخاتە شعرەوە ، نەك بیری باوو باپیری ، شاعر ئەوەیە کە بیری ئەمرو بنوسی نەك بیری دوینی یا سبەینی ، چونکی بیری دوینی کەرووی لی نیشتوە ، بیری سبەینیش کالو کرچو بی نەگەیشتوە

شاعری ئەمرو ئاو سەربەستن ، لە کەس ناترسن ، شعری ئەمرو دیلی ئەوزانی خلیل و عروضی نیە ،

زورنرخی شاعرە کو نەکانمان تا چەن ساڵی لەمەپیش شعرەکانیان هەر لە باسی زولف و خال و چاوو بروو گەردنو بالاو ناو قەدا بووە ، نەنانەت پیاوە دینی یەکانیشمان هەر لەو بابەتەوە شعریان ووتوە ، وەك هیچ مسلە یەکی ترنەبووی وابووە ، زور سەیرە غزلی هەر کامیکیان ئەخوینینەوە لە

دلدار بدا ، ئەویش دلدارەکەی لە شەرمکدا لە وەلامدا شیرکانی بە ، وەلە
مامۆستا (رفیق حلمی) ئەلی ـ هەر وەک ئەمووکی بوویش وایە ، کەمەک
بەرچاو لە بەرئەوەیە کە هیچیان بەراستی عاشق نەبوون و دلدارەکە
بەبوونە ، هەموی لە رووی چاو لی کەریەوەبوو ، هەر دیوانی شاعیری
کەمالەکەی لە کەی لەم بەدواوە تا ئەو بەدواوی هەموی باس زولفو خال،
حاجی قادری کۆیی لاحقی نەبوو کە ئەلی : ـ (باس زولفی دریژە باوی
بە خەو ، نەبراوەبوو تۆزی خەمردا) .

ئاغانە شاعیری لە کوردەوەتا کە بەراستی شاعیرێکی گەیشتوو بووبێ ،
وەفێدبست ، واجب ، ی خۆی بەرامبەر بەخوا و بە نیشتمان و بە کۆمە-
لەی بەجێ هێنابێ لە پاش ئەحمدی خانی و هەلای جزیری حاجی قادری
کۆییە کە سەد سال لەمە پێش بووە ، ئەو سەبرە شەرکانی لە ستایشو
دلدارەکا هەر دیتوە بەر ئەو بیرەوەرێیەی کەوتۆتە ، چەل جوانە
ئەم شعرەی کە ئەلی : ـ (معلومە بوچی حاجی مدحت ئەکا بە کوردی،
تا کەس نەلی بە کوردی نەکراوە مدحی باری) .

ئەگەر راستت لەوی حاجی قادر شاعیری ئەوروژد نەبووە ، بەڵکو
شاعیری سەد سال پاش خۆی بووە ، ئەوروژد کەس نەی ناسیبوە ، ئەمرو
ئەناسری و شعرەکانی بەسەند ئەکری و چەپڵەی بۆلی ئەدری ، وەلە
فرمومی کەلە پاش هەزار سال ناسراو بەسەند کراو کۆرێ بۆ گیرا ،
بەڵام حاجی قادر لە پاش مردنی لەم چەپڵەریزانە چەندەرەیەک
وەرگرتا ، ئاخوا بە مەرجەلی خۆی گیانی ئەو بەبە هەشت خوشنود-
تو دڵی هاونیشتمانە کانیشی بە ئاوانی خۆیان شاد بکا ،

٤٩

بوکورره خوینده

واره کانمان

« له لاپەرره « ٥٩ » ژماره ـ ٤ ـ سالی « ٧ » ی
گەلاویژا ووتاریك له لایەن صلاح الدین قەفتانەوە
له ژیر عنوانی « بوکچه خویندەوارەکانمان » نوسرابو ،
منیش بە ناوی خوشکەکانمەوە وەرامی بو ئەنوسمەوە و
پیشکەشی گەنجەکانی ئەکەم بەتایبەتی هی خاوەن ووتار »

کچه خویندەوارێکی کورد

قازەنین ـ ب ـ خ

له پیش ئەوەدا دەست بکەم بە نوسین هیوادارم گەنجەکانمان لە قسەکانم
دلگران نابن، چونکە آمانجم پیشکەوتن و سەرکەوتنی نیشتمانە ، هەروەها
کە ئەلیم گەنجەکانمان مەبەسم ئەو گەنجانەیە کەریی راستیان نەگرتوە ،
دیارە هەمو بیزاویك چاك و خرابی هەیە . وادیارەکاك صلاح الدین زور
بە ووردی سەرنجی داوەتە خوو رەوشتی کچەکان و گەلیك لە کرداریان
ئەزانی ، ئەگەر منیش توزیك لە رەوشت و کردەوەی گەنجەکان بنوسم
اومید ئەکەم گەنجەکانیش و کچەکانیش بەندیکی لی وەرئەگرن وەلە
کرداری ناهەموار دور ئەکەونەوە کە ئەم کردارانە ئەبنە هوی
دوا کەوتن و سوکی نیشتمان و وولات .

گەنج پایەی وولاتە ئەگەر ئەم پایەیە راست و بتەو بیت وولاتیش

راست و ریك و بەرز ئەبیت خو ئەگەر چەوت و ناریکیش بیت دیارە وولاتیش لە هەموو کاتیکا لە سەر لیوی روخان و سەرەوژیری ئەبیت .

بانگی ئەکەمە گەنجەکانی و کوردو ئەلیم : گەنجەکانی کورد ، گەنجەکانی کورد ، ایوەن رزگار کەری کورد ، ایوەن هیزی سەر کەوتن ایوەن پایە بەرزەکەی وولات ؟... کوان ؟.. لە کوین ؟.. چی ئەکەن ؟..

گەنجەکان بەقسەو خوپیشاندان زور ئەواون . بوریك خستنی جەنو دەقی پانتول و جوانی یو بنیاغ و رون لە سەرداق زور ریك و پیکن ، پیچ پیچەکانی قژنان مویەکی خوارییە .. بەقسەو خوپیشاندان ئەلین : ایمە کورد لە ناکوکی و تاریکی و نەزانین و دوا کەوتن رزگار ، ئەکەین ، بەلام داخی گرانم وایزانم خوتان بواری نا کوکی و تاریکی و نەزانین و گەلی رەوشتی ناپەسەندی ترن .. ئەتانەوی کورد لە ناکوکی و تاریکی رزگار بکەن کەچی خوتان لە ناو خوتانا بوتەتە دوژمنی یەکتر ، هەموتان گەنجانی کورد هاورین .. کەچی دوژمنی یەکترن .. خوتان ئەمەتەر کەچی داوای لابردنی تاریکی و ناکوکی کورد ئەکەن .. ئەتانەوی رەوشت و کرداری ناشیرین ئەمینیت وەکاك صلاح الدین وونار ئەنوسیت « بو کچە خویندەوارەکانمان » ئەمە وەك ئەوەوایە کە پیاو خانوەکەی خەریکە ئەروخیت لەباتی چاك کردنی کەچی دیوارەکانی بویە ئەکات .

وولات و نیشتمان بە هەزاران دەلاقەی تی کەونوە و تیایە ، کەچی کاکە هیچی ئەدیوەتەوە الاوینە کوکردنەوە و دوستایەتی کچان ئەبیت .

مکانه‌ی ره‌وشت و کرداری پیس ئه‌کات و ئه‌نوسیت : « گیان و لجانی خوان خمتوه‌لاوه‌وه خوان داوه‌ته سه‌ر کردنه‌وه‌ی وینه‌ی ژن و پیاوه ده‌نگ خوش و سه‌ما گه‌ره‌کان وه خوستنه‌وه‌ی گرتن له گه‌ل ژنه معنه‌که‌کانیانا.. ه هاوه‌ر و دوار بهم جوره داوای لابردنی ره‌وشتی کرداری پیس و ناشیرین ئه‌کات که‌چی کرداری پیسی وه‌ک باران له گه‌نجانی وینه‌ی ئه‌و ئه‌بارێت .

کاکم خوم لام وایه کرداری ایمه ده‌نگه نوکیکه هرامبه‌ر به ره‌وشتی ایوه که ئه‌یوسکیه که ئه‌تویه کیکیت لبو گه‌نجانه که‌لافی اصلاح کردن لی ئه‌دهیت موازه‌ی ره‌وشتو کرداری ایمه له گه‌ل ناحیه‌ی اخلاقی خوتو هاوریکانا بکه ئه‌و وه‌خته سه‌رمان بسکیشه . هه‌روا چاوت بریوه‌ته ره‌وشتی ایمه لایه کیش له کردوه‌کانی خوت بگره‌وه آنه‌ی‌م که‌ئه‌ی گه‌یشتوه‌ته‌ی کورد که‌وا داوای اسلامی نیشتمان ئه‌که‌یت به‌لام تکا ئه‌که‌م بهر ـ ره‌یه‌کیش له خوت دادره چه اجتماعیه چه ئه‌فیا ..

ئه‌ی گه‌نجه نیشتمان پروه‌ره‌کان که‌ه سه‌رمیزی خواردنه‌وه نیشتمان پروه‌ریتان به‌تین ئه‌یت له پیش ئه‌وه‌ی دهست بده‌نه‌لا بردن تا کوکی و تاریکی و نه‌زانین له ناو کوردا له ئه‌وخوه‌تا لای بهرن ئیوه‌ده‌نه سه‌ر نیشتمان

ئه‌ی ئه‌و گه‌نجانه‌ی نیشتمان پروه‌ریتان کردوه به پاپوره و نه دهریای دلداریا ئه‌گه‌رین .. ئه‌ی ئه‌و گه‌نجانه‌ی نیشتمان پروه‌ریتان کردوه به غیرهت و پاره و کورسی پی‌پیدا ئه‌کهن .. ئه‌ی ئه‌و گه‌نجانه‌ی که‌ه ناوی نیشتمان پروه‌ری‌یه‌وه هه‌زاران جه‌رائم ئه‌کهن .. بسه ایتر هه‌لسن .. له پیش ئه‌وه‌ی هه‌ناسه هه‌لکیشن بو خوشی و سه‌عاده‌ت چاوی خوتان بکه‌ن، خوتان پاک بکه‌نه‌وه ایجا وه‌ره سه‌ر چاو کردنی نیشتمان.

گەلاویژ و خوێندەوارانی

گەلاویژ گوقاری خوتە

(نزارە ـ ن ٠ ع ٠) تکا ئەکەم ئەگەر ماوە بو وەرامی ئەم دو پرسیارەم بدەنەوە

١ ـ گەلاویژ بو تەرجومە بە سەند ئەکا بە سەر نوسینا ؟

٢ ـ لە دوای ئەوەی لە عیراقدا ئازادی نووسین و ووتن دراوەتەوە بە خەلك بوچی گەلاویژ لە گیرمەو کیشە ئیکونومی (اقتصادی) و کومەلایەتی یەکانی کوردستان نادویت ؟

(گەلاویژ)

(١) گومان نایەم هەبی بروا بەوە نەکات کە ئیمە گەلیکی لە هوزدوا کەو تووبی ، لە کاروان جی ماوین ـ ساهوی داو کەوتن و بەجی مانەکەمان هەرچی ئەبی بی ـ لە بەر ئەوە داری بزوتنەوەی ئەدەبی ، پیری و خوێندەوارمان هیشتا تەهاتوتە بەر . تیکرا ، ئەو نووسەرانەمان تیایی تەگەیشتوە کە هاوتای نووسەرانی گەورەی بیگانە بکەن ، لە گەلی رووەوە هیشتا ساواین . بو بە پیویستە ، وەك هەمو ئەو گەلانەی لەم پلەیەی ئیمە دان ، بوون ـ ئیمەش خومان بە خوێندەتەوە وئی وردبوونەوە ، ولی وەرگرتنی بیرو باوەرو نوسین و ئەدەبیاتی گەلانی پیشکەوتوو را بهینین و باشی باش و بە کەلکیان وەرگیرینە سەر زمانی خومان و

بنکەی ژین
www.zheen.org

بلاوی کەینەوە لە ناو گەلە کەماندا بو ئەوەی لە بەشی چاك و پـوختی سەقافەتی خوەمان موتوریە بکریت ، وەمە سەقافەتیکی کوردی ئەوتو پەیدا بی کە کەرەسەی هەموو سـەقافەتیکی زیندو و تەمری نیا بیت ؛ جا سەرزای ئەوەی تەرجومە کردنی شتی باشی بیگانە و نواندنەوەی لەبو ـ ئەی زانە کەماندا بناغەی پەیدا بوونی ئەم سەقافەتەیە هەر وەها ئەبی بە هوی بەهیز کردن و زوو پیکهیناندنی سەقانیکی وا کە ئامانجی گەلاویژە هەر لە یەر ئـەمەیە کە گەلاویژ تەرجومە کردنی لا باشترەلە لە (خووە — نووسین) ـ لە گەل ئەمە شدا ئامادەیە نووسینی باش بلاو بکاتەوە چونکە ئیمە ئەروانینە ئەوەی ئەنوسریت نەك ئەوی ئەنووسیت .

(٢) یەلای ئیمەوە گەلاویژ لەو روژەوە درچووە ، لە گیرمەو کیشە ئیکوتومی و کومەلایەتی یەکانی کورد ئەدویت ، لەوری یەوە کەبو خوی گرتویەتی بو لەم جورە باسە دواندن لاتیمان وایە سنووری کوڤاریکی (نا ـ سیاسی) لەوە زیاتری بە بەرەوە نیە .

(ئاوق : مەتارە ـ م ـ ج ـ بەندی روژنەیانی) :

« ئەم وتارە جوانەی ـ کوردستان ... پاش تازەوناپیان ـ م لە گوڤاری (المصور) دا دیی ... وەرم گیرایە سەر کوردی ، وتاردم بو گەلاویژ بو نووسینی ، ئەگەر چاپ نەکرا ، یا بومان بنیرنەوە ، خود لە لاپەرەی تایبەتی دا بنووسن کەلەبەر ... ئەوە نەنووسرا »

(گەلاویژ)

داخمان ناچیت قاترانین نووسراوی ناو براوتان لە چاپ بدەین ، نەك

هەر لە بەر ئەوەی وتارێکی سیاسییە ، لە بەر ئەوەش کە لەگەڵ ئامانجی گۆڤارە کەمان ڕێک ناکەوێت .

ئومێدمان نیە هیچ وتارەتان پە تاریکی چاک و ئەروەی گیان بەرزی ـ یەوە کردبێت بۆیە جێ ئەکەین چەند دێرێک لە بابەت وتارەکەوە بنووسین :

ڕاستە هیچ وتارەی (المصور) و هەزارانی تر کەلەم چەشنە مانگی جوانیدا بە هیچ لایەکەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دنیای پێ ڕەش نەکردبێت بەلای ئیمەوە ، هەروەها بەلای هیچ کەس و کەسانی ئازادی ویستەوە ، بەتاریکی چاک و دڵێکی پاک ، وڵە بەر هەڵوێی چاوی کاڵی کورد ناتوسێری یەکێکی نەبێت کە زۆری ئەوشتانەی بیستبێت ، ئیمە بە سەرهاتەی ئەی گیرفانەوە ، ئیمە قەرداوەی ڕۆژهەڵاتی ، و ئیمە کەسانەی بەقەدەر بالابێدا هەڵگەڕەوین لە گەڵ داستانەکانی (تأریخ) ، جوگرافیا ، و هەڵتێ پەیتیان تاڵان و ڕیسانە . و ئیمە (ڕۆژهەڵاتی) بلاوین نەکەوە و بەرهەڵی بلاو کردنەوەی هیچ جۆرە دەنگوباسە جیاوە پرۆفیشالانە نەدەین تەنێ هەر نیازی ساغی گرتبان هەبێ لە ئەوێ لێبدا ، ئەگەر خوشیان تاو لێبێ لە گەڵ یەکەوەی ساغی نیازی خۆیانی تیادا بکەن . ئەوی گۆڤارە سەرجەستە هەڵەیەکانی وەکو (ڕێگا) ی نوێنەی ، (شەپەقی ئوی) ی میسری ، بە گیەنی و (سوزی) ئیسڵامیتی و ڕۆژنامەکانی عیراقی وەکو (دەنگی ئەعمالی) ، نیشتمان ، ڕێی گەست خۆیانەوە زۆر باش ئی ئەگات کە ئەوانەی بەم دیوەخ زمانە گەلانی پێچەکی ڕۆژهەڵاتی هەرسپێ نیادبان چیە ! ئەگینا تۆخوا کا کە بەندی هەنوجار سەلاولای تۆرەی (جرتاوا داوای ئەان ،

٥٥

شەرەف

بیکەس و بەختیار کردویانە بە کوردی (١)

ووشەیە کە گەلی تیرە لە آدەمیزاد هاواری پیوە ئەکا ، بەلام گەلیکیان لە معنا راستە قینە کەی آگادارنین ، دەستەیەکیان لایان وایە شرف ئەوەتا لە دورست کردنی کوشک ، بلند کردنەوەی خانو ، وارانداوەی دیوار ، زوری نو کەرو دەس و پیوەند ، بەپا کردنی ئەسپ و سواربونی گالیسکەیە .

دەستەیەکی تریان لایان وایە شرف ئەوەتا لە لە بەر کردنی جلی ناوب ، وە هەم خوراز اندئەوەیەو خشل و زیرانە کە دار بژراین بە بەردی ترخوار وەکو الماس و یاقوت و زەروت و وینەی ئەمانە . وە دەستەیەکیان وادیت بە بیریانا کە شرف ئەوەتا لە دەس کەوتنی هەندی لقب و

---

(١) لە گوڤاری عروة الوثقای جمال الدینی افغانی وشیخ محمد عبدەوە ، وەر گیراوە .

روتی داوای بەرگ ، تەزاتی داوای خویندن و دیلی داوای ئازادی بکات تیم نا گەیینیت سەگی کونەماسی ئەم جەپەو مرەرە مرەرەی لەچیە ؟ ! هەر ئەوی خوی یە خویەوەیە ! ئیتر ئەبی ئیمان سووریت کە گوڤاریکی ئەدەبی ماوەی نیە لەوە زیاتری تیا بنووسریت .

رتبەدا وەکو بەگ و پاشا باخو لەو مەحالیانەدا کە ڕێی تێدا نیشان بدە وەزل زلانەوە کە هەیانە وەکو بە کەم لە فلان پول ، دوەم لە فلان پلە ، یا چاوت پێ تێکەوێ گەلێ پیاو مالی هاوڕێی خوێ ئالان ئەکا ، یا مالی خزم و ئەحوەی یا هی هوزەکەی و هاو ولاتەکانی ئەدزێ ، بەسو ئەوەی بەم مالە حرامە کەچکێکی کەوتوە کوشکێک دورست بکا ، یاخا تۆپەک بلند بکاتەوە یا مالێک براژنیتەوە کە دەور وپشتی بنەڕەتی تۆکمە وەیا مەوالی بۆ دابنێ لە خزمتکار ، وەوانی ئەکات بەسوە گەورەیی و شانازیکی بەسەری دەسگیر بوە ، وە ایتر دوروستە ڕێی بێن (خاوەن شرف) .

بەکێک تر ئەبێ بە ڕەنگێک دەس ئەداتە بارە پەیا کردن گەلێ لەهی پیشو جرائتر بۆ ئەوەی خوێ پۆشتە بکا بەجل نایاب ، وە خوێ براز - یلیتەوە بە جرائترین خەڵق ، یاخوە لەو شتانەی دەسگیری کە عادەتی پیوە بکا بە سەر هاو ڕێکانیا ، وەم وادیت بەیرا کە گەیشتوە بایەک کەس نایگاتێ ، خوێ بەم ئەوانەی خوێ ئەڵێت (شرفسەند) وە لای وایە گەیشتوە مەنزڵێک کەی ، هەندێکی تریش هەیە ئەڕۆنێ ئەکۆشێ و ڕۆژگار ئەبریت بۆ ڕۆژێکەوەی هوێرێک بۆ ئەوەی ئیبات کا لەبانەی دەس بکەوێ ، یاخوە مەحالیەکی چنگ بکەوێ ، یا بەرگێکی ڕەنگاو ڕەنگی بێنە دەست ، ایتر لەو هوێرەی هەمو بە لایەوە پەسەندە هەرچی بێ ، یاخوە ئەوەتا کەشتی پڕ و بار ئێ ، یا هوزەکەی پێ ڕەبون بێ ، یا هاو ولاتیەکانی پێ بارچە بێ وەلای وایە ایتر گەیشتوە (هەرە پۆپەی بەرزی شرف) .

ئەم بەیتە هەم خیالانە هەموی لەجێی راستی جێگیرە کە میشکی گەل ئاسدا ، بەلام لامان وایە چاوی راستی هەڵبڕ نەبوە کە ماستیانە ئەوان خۆیان کوێر کردوە لە بۆیەجێی هێنانی ئاخیان و لەری راستی لابان داوە .

چیرۆکەکات دەجێی ئەبێ ئەوەی شانازی بە کوشتن و تۆکمەو کارە کەرەکانیەوە بکات. ئایا بۆ ئازایی ئەگەر بیتو زیانێش لەوەی چنگ بکەوی کە بەپیرا بێت خۆی هیچ سودێکی لەکال وەرنەگرتوە ، وە ئەو هەموشتانە کە بەجێی کردوە بە خۆیش و بنگانەو دوژمنی وە هیچ بێ نابێت لەو دەردی سەربە زیانر کەبوی گیشتوە ، ئایا ئابێنی ئەوانەی گەیشتونە ئەو پایە و بڵندبونەوە ، چیە بگەرد هەموی لە چنگ دەر هێناون ، هەر ئەوەیان بۆ ماوەتەوە بەو خوردەوشت و سەر و سیماوە کە بوبان ، ئەگەر لەکاڵ ئەسڵی بەهرەبوبن چرتەنە ریزی دەستەی بێدڵ وە لە هیچ دڵ و دەروونێکدا جێگایان بەماوەتەوە .

چیرۆکەری ئەو کە سەی شانازی بە خشڵ و جلە کەیەوە ئەکات، ئەگەر ئەوانەی لە بەر دابکەنێت و بەرووتی بێنێتەوە ، لەگەڵ خۆی خەونی کردەوەی بەرزی بە ترخ و ماوەی جوانی بێگەیشتن نەبێ ، ئاخر ئەوە سوالکەرە دوت و قوتەکان لە ریزبکاین ؟ ئایا بۆ ئازایی ئەو کەسەی دڵخۆشی خۆی ئەداتەوە بەخوەهاڵکێشان ، هەمیشە لەگەڵ تیئاڕد و ئەرەنی خراپا لە کوردەکا دێن و دەجێ ئەچێ ئەبێت ئەوەی بەرتەکای ئەنازی و بە مەدالیەکەی بابێ بژە ، ئەگەر لە پێش ئەوەدا بگاتە ئەو مەدالیەوە یا بڵندبێتەوە بۆ ئەوبەرێ ، لە سەر ئەوالیەک نەبوبێ بە

گەورە زانراوی ، یا بێ گەشتیکی ئەوتۆ بە گەورە ژمێراوی ، بێ نازانی لە کار مەدالیە کەی لێ بسەنرێتەوە ، یا ئەو بەرگە رەنگاو رەنگەی لێ دابکەنرێت کە چیتەوە دوخی رسوایی جاران ؟ گریمان بەو لقب و نیشانەی کە مەبەستی لای هەندی نادان حرمتی بگیرێ ، ئایا ئەو حرمتە لە بەر لقبە ـ کەیە یا لە بەر خودی خۆیەتی ؟ کەواتە دیارە ئەمە وێنەیەکی ئاشکرایە کە هیچ دەخلێکی بە سەر نفسی خۆیەوە نیە .

یەکێ کەم لقبە بە ترشە ئەوندە هەیە بە راڤەیەک سەرێ پیاو بلند بکاتەوە ، کاتێ لە پێشەوە ایشیکی کردبێ کە هەمو کەس گەواهی بوبدا کە ئەو ایشەی شرفدارە ، وە ئەو لقبە بەلگەی ئەو ایشە بە شرفە بێت ، بە بێجوانەی ئەوەش نوشتی شکاندن و بەد ناوی ئەبێ کە گەر پێشەکی ایشیکی کردبێ خەلکی بە تاشیرێن پژمێرن بەیا ئەو مەدالیەیە یا ئەو لقبە ئەبێتە سەرەدوشتە بۆ ئەوەی عاوەنەکەی چی دەڵێ گوتوە یا ئەبێتە نشان بۆ ئەوەی چە خراپەیەکی لێ رووداوە .

سەرنجدەو وردە بەرەوە ئەوا عثمانی غازی) یەی کە دوشمنەکانی ناوبان نایە (شێری شەرزەکەر) گەیشتە رتبەو لقبی پی بەخشراوە چوە پایەیەکی بلند لە ناو دەستەی پیاوە گەورەکانی حکومەتەکەیا ، پاش ئەوەی گیانی خۆی هاویشتە گیژاوی مردنەوە بۆ پاس هوزە کەی وە هەولیدا بۆ بلند کردنەوەی دوشەی ئایینی خوی ، بە رەنگێک کە دوست و دوژمنی خـوی دانیان پیانا (هەندێکیش لە پیاوە گەورەکان لە ئاو اسلاما لقبی هەرزو ناپاپیان پی بەخشراوە ، لە بری ئەو ایشانەی کە کردویانە بۆ پێشەوی

سوپای دوژمنکانیان ، تا کو ئەو حکومەتە یەکانەیەیان لەولاتە گیانا جی ـ گیر کردوە ، ئیستاش زوری مسلمانان هەول ئەدەن و کوشش ئەکەن بو ئەوەی شتیك بدوزنەوە و دەریان بهێنن و ئەو حالە رزگاریان) یا ئەوجی نشانەی کە بەسنگی ئەیان پاشای ماری‌یەوە بو لە گەل ئەوجی‌نشانەی کەبە سنگی ئەو ئەفرە دراوانەوە ، وا ئەزانم بە ئەماشا کردیکی ئەم دوجی‌یە لیت ئاشکرا ئەبن کە ئیشان شرۆڤەی ئەبی بەو فرمانە بەزەوە کە بانگەیە بو ئەو ، ودبن ترخیش ئەبی بەبی ترس ئەو فرمانە ، چە شتیك ئەو گومرایانەی لەخوایی کردوە ؟ ئیا ناتوانن ئەو بەرگانەی خاك خاك و غاظان کراوەتە بەخوین و رەنگاو رەنگ کراون بە جراغەردی ، ئەوەیە ناوی چاکی پاراستوە بو خاوەنە کەی و ناریشەوە ، وەشوینکی گەوەی خوروست کردوە کەلە ئاو ئاچی ؟ ئەوانەی لەری‌ی هەول و کوشش کەبو باندی هەوزە کەیان داوە لەخوینی خویانا تلاوتەوە ، ئەوانەن کە باسیان کرا بەترس و سامەوە کوڵی‌یان ئی ئەگیری ، وەلە هەمو دلیکا بایە باندی‌یان جی گیربوە ، ئیا ئەیان بیستوە ئەوانەی سەدان لەکون و قوژبنی زیندانا ئاوەژیانیان کوتایی هاتوە لە تاریکی بەندیخانەدا لە پیناوی حقیکدا گیر کراوە ، یاخو پاراستنی گەورەیەك گەوبوە ، ئەوانەی ئاوجان بلندیوتەوە و گەیشتونەتە سەر روژی ئیمان وە ئاویان بە سەر گشت ئاویکا بەرزبوەتەوە .

وا ئەزانم ئەوانەی کەلە زوری کوشکی بلندیانا بون و ئەماشای باخ و بیستانەکانیان ئەکرد و ئەیانروانیە خەلکی لە سەربانی کوشکە بەرزەکانیانەوە

وە ژیانی خویان را ئەیوارد بە خوشی دەست کەوتیانەوە باسیان کوتایی هات ، وە لە ژیانیانا هیچیان دەس نەکەوت ئەنیا ئەوە نەبی کەلە چوار دیواری ماله کەیانا بویانە . هیچ جیاوازییکی ئەوتوی نیە لەگەل ئەوانا ، ئەوانەش کە جلەوی نازو نستیان را ئەکیشا و جلی آوریشم و دیبایان پەیا ئەکرد ، هەمو رویشتن بە خویان و جلیانەوە ، پاشەو پاش چونەوە بو ئەو جیی یەی کەلی هاتبون ؛ نازاتریت کەی هاتونە سەر ئەم زەمینە وە کەی کوچیان لی کردوە .

آیا بیسزاوە کەسیك ناو بریت لە ناو خلقا و بلین ئەمەنشانیکی وای وەرگرتوەو گەیشتونە پلەیکی ئەوتوی یەرز؟ نا : بەلام ئەلین ـ نی گەییوو ایشی کرد ، بەخشی و لە ناوی برد ، بلندی کردەوە و داینا ، نی کوشا و بەرهەلستی کرد ، لە ناوی بردو هیشتیەوە لەگەل ئەو ایشانەی کە هاوتایی ئەمانە بکات و شوینی بمینی ، ئەگەر باسی ئەسکەندەری گەورە بکریت آخو بەدولادیت کە کوشکی بوە پاتا ؟ . چە شیفیك هەیە نگەریت بو کردەوەی ناپولیونی یەکەم نە شوینی ئەو کوشکەی کەتیا دائەنیشت ، یا لەو جلە شروشیتالاانەدا کەلە بەری ئەکرد ، آیا گەورەکانی دنیا بەخانو کردن و خورازاندنەوە و نارو نست گەیشتونەتە پایەی بلندی شرف یاخو بە گەورەیی و ولات داگیر کردن و سەرکەوتن و زەبرو زەنگ چنگیان کەوتوە ؟ . هەندیك بە خەوی خوش ئەفرەی خواردوە و بابی بون بە خیالات ، وە دەست دریژیان کردوە لە ایشی نیشتمانە کەیاتا ، ئەو شرف و گەورەیی یە بلندەی کەبو یەتی فروشتویانە یەو ناو و ناتورانەی

گەر هیچ دانەڕاوەن وەک وانی گەیشتوون لەگەڕچی دڵسان بەدەری بێ
بکردوە کە گەیشتونەتە شەرف و گەورەیی لە پاش هەمە گەزانیەیانە لەو
ڕێبەو نشانانە لە سەوری خوێ ئی پەڕیوە وە جێگە تا کەس گوتوە ،
لەگەڵ هەوانە بێ و گوێی بگرێ لە وەی کە بەدایانادیت و لەو مەرزە ـ
نشانەی دایان پێیان ئەکات و چاو بگێڕێ بە چوار دەوری خوێدا و
ئەماشای هەوانە بکەڕ کە دەوری داون ، هەوسا لەوانی لە پێش‌ترین جێ و
سوکترین شوێنی بەدا ڕیان ، وە خوێان هەست ئەکەن کەلە مەنای مردنا
بە هەمە جۆرێ وە ئێ ئەکەن کە لەرێی ڕاست لایان دارە و دوور کەوتۆ ـ
نەوە . ئەگەر پێیانن وڵاتە کەیان خۆش بە چوار بێکی گەورەترە ، وە
چەپەڵەگی و شوورەیی یەک لاوە بەهەوکانیانەوە ، بەڵکە ڕەنگاو
ڕەنگ و بەدایەکانیان تۆز لەداو بەڵگی ڕەخیان لەوێ و بە کۆمەڵ
لە سەرخۆ ئەگەڕان بۆ دۆزینەوەی شوێنی ئاسایشتیە .

شەرف ڕاستیە کە ئاشکرا دیارە کە بێ نشانیداوە و بەری ڕاڕایی
زەمین سەوزی بۆداناوە ، وەرەزا تیە هیچ کەس لە ئەسپاد دەڵێ لە
تێگەیشتن زەحمەتەوە تەبی کە بەزدان دڵ مۆر کردی و بەدەی ناریکی
بە سەر چاو یا کیشایی) .

شەرف جوانی پیاوە ، هەمو چاوی لێی دڕە ئەیتەوە ، پڕ خۆراهشی
دڵان ڕوی تێ ئەکا ، جوانیەکە پێنەی لە بەر چاو و دڵان خۆشەویستە ،
ڕونا کی هەو جوانیەش ئیشیکە کە خاوە نەکەی یەکاو شوێنکی جوانی
بێ لە ناو هەوزەکەیا ، یانە ناو نەبەوەی هەوزەکەیا ، یا نیەکترا لە ناو

گشت آدەمیزادا وەکو رزگار کردن لە جورتم ، یا دەرخستن و لابردنی نەزانی ، یا وریا کردنەوە بو داوا کردنی حقیکی دا گیر کراو ، یا بیر خستنەوەی گەورەیەک کە لە پیشا بو بیت ، یا گەورەیەک کە دا گیر کرایی ، یا وریا کردنەوە لە هەل ئەنگوتن ، یا بیدار کردنەوە لەبی هوشی ، یا ری نشاندان بو چا کەیەکی گشتی ، یا پاراستن لە خرایەیەک دلتەنگی لە دوایی ، یا لە ئاو بردنی کردەوەی ناشیرین ، یا بیر روتاک کردنەوە ، یا هینانە بەرهەمی یەک قسەیی و تازە کردنەوەی دوستایەتی ، یا سەندنەوەی هیزیک و رزگار کردن لەبی دەستەلاتی ، یا هەلگیرساندنی دلیک لە سەر شورەیی ، یا هاتدان بو آزایی یەک .

کەوابو کەسیک ئەگەر ایشیکی کردو شوینیکی بو لەوانەی کەوتمان ، ئەوە (شریف) ـ بام لە ناو زنج و ژیر گەلادارا دانیشتبی و جلەکون و خەرقەشری لە بەرایی و سەوزایی دەشت خواردەمەنی بیت و شەو لە سەر گلی هەژاری روژ بکاتەوە و بەرد بکا بە سەرین و سەر بە هەمو دولیکا بکا ، وە هاتو چو بکا لە بەرزایی و نشیویدا . ئەمە خشتیکی هەیە لە کردەی خوی ، جوانی یەکی هەیە لە پیگەیشتن ، رەونقیکی هەیە لە کمالی ، رونا کی یەکی هەیە لە تیکوشینی ، ئەوانەی هوشیان لی گوم بوبی و دلیان پەریشان بی روی ئی ئەکەن ، خاوەنی بیری ورد ئەپانناسن و رویان لی وەرنا گیرن ، کومەلی دلانی پاک و آوارە دەورەیان لی ئەدەن و لی یان جوی نابنەوە ، لەو گیانەی کوشکی بلند و ژوری رەنگاورەنگ و دیمەنی جوان جوان و جوانی پرلە رونا کی و پرشنگی درەخشانی هەیە ، ووشەی

پیروزی دوو لەو ئەکا ، ایتی جوانیشی بلندی ئەکاتەوە بۆ بەرزترین پەرزی ، ژیانیکی پیروزی هەیە لە دلانا وە شکۆمەندی درەختی هەیە لە چاوی گەردونا (ئەوانەی کەنی‌ە گوشی بابوشتی وا بی بکوشن) .

بەلی زۆر جار قسەی ناشیرین و سەرزەنشتی روی لی ئەکا لە لایەن ئەوانەی کە دل و دەروونیان پیسە ، پلاری جوانجی لی ئەگرن و لومەی ئەکەن ، خۆ چەی کردارو گوپکەی درەختی باخەکەی لە بەر چاویان جوان نانوینی ، چونکە لە تیگەیشتنی ئەوانەوە دورە و عجائیبە لە لایان لە بەر ئەوەی هیندە بە سەر ئەوشە ناشیرینەدا گەوتون کە خویان بە شرینی نەزەیزن و بە گەورەیی نەتوانن خاتەیان پشان کرد کە چون ئەم ئاشکرای کردوە لە گەل چری بی گەیشتوان ، ئەوانە وەکو مالونجە وانە گەلە بۆی گول را ئەکاو ئەمینە ناوشی بۆ گەنەوە ، هیچ بە دوری مەزانە ئەوانەی کە کردارانی چوان ئیە گالتەیکەن بەزانای ایشکەر ، یا بیەوێت زیانی پی بگەیینن ئەوەی کە هیچ نایناسی ، بەلام گالتە بە خویان ئەکەن وە زان کە سوردی خویان ئەمەن گەردون ئەیەندە ملوەیان نادات لەو کوریەدا گەوی گەوتون ، بگرە خوشیان خویان ناگرن ، ئەگەر میوەی کرداری هاتەبەر بە گومەل را ئەکەن بۆ چنینی وە بەشی ئەوشی لی ئەمەن کە زیانی پی گەیاندوە ، ایتر هیچیان لە بارا نامینی ئەگەر هەر سوپاس ئەوە بکەن کە ئەو درەختەی ناشتوە و چاودیری چرەکای کردوە ، هەر چەند لەوان خوارتر پی لەوشتە پردیو جاەدا کە ئرخی نیە لای پیاوی تیگەیشتو ، جا لە توڵەی ئەو ایشە خرایانەدا کە

کردویانه هیچیان بو نامینیتەوە تەنیا ئەوە نەبی کە لە کردەی خویان پەشیمان بینەوە ، وە خەمی خرابی خویان بخون و دلتەنگ بن بەدل کاتی بە خرابی خویان بزانن وە بە تەواوی لە کەم و کورتی خویان بگەن ، ئە آوها چاودیری بەزداتی پاك ئەم گەورەیی یە ئەبەخشی بە خاوەنی ایش پیروز هەتا زیندوبی ، کاتی کە روژی ژیانی لە آسوی ئەم گیتی یەوە گوم بو ، ئەو پرشنگی روناکیەی ناشاریتەوە کە ساربژی کردوە بە سەر ئەستیرەی ری نشاندەرو مانگی شەوی چواردەدا ، بەلی ئەدریت و ئەچینە زیر پەردەی نەمانەوە بە لەش ، بەلام هەمیشە لە دلانا ئەمین وە بە زمان باسی ئەکری ، زیندوە و لای خوا خواردەمەنی ئەدریتی ، ژیانی ئەو شیرینترین ژیانە (وە ئەبی آدەمیزاد بو ئەم جورە فرمانانە هەول بداوتی بکوشی) .

بنکەی ژین

قسەی نەستەق

* ئەگەر نانیکی حەلالم دەست کەوتایە ئەم سوتان ، و لە پاشا ورد ورد ئەم کونا . ئنجا دەرمانیکم لی دورست ئەکرد ، هەمو نەخوشیکم پی دەرمان ئەکرد ـ
شیخ حسنی بەسری

* کەس لەوە کلول ترنیە ، کە بەزیندوی ، جەنازەی گەورەیی خوی بەری ئەکات .
فەرانسیس باکون

* ئەوی نان لە مالیا نەبیت پرسی پی مەکە ، چونکە ئەقلی بزر کردوە ـ
ئیمای شافعی

چیرۆکی ئەم مانگە

وەسیەت

کارل کاوسین
(ن . أ .) کردویە بە کوردی

جورج ئوزوالد چاویکی گیرا بە سەر لاشە پیاوە مردوە کەدا کە ، لەرادرەوی بەینی سالوئی میوان و ژووری ئوستندا فرێی درابو . گەلیکی بی‌خوش بو کەدی بە جورێکی وا ریت و پیک دوژمنەکەی کوشتوە کە ، کەس نەتوانی بزانی کی کوشتویەتی .

ئەوشیشە ئاسنەش کەپی‌ی کوشتبو کە تەنیشت لاشەکەوە کەوتبو ، سەرەکەی نەختیک چەمابوەوە وەک ئەو ئاسنانەی بو بەرر کردنەوەی ئوتمۆبیل بە کاردەهێزین .

ئوزوالد لە سەر کورسی‌یەک دانیشت ، دلنیاو روخوش ، دەستی کردە جگەرە کیشان گەلی سالی بە دوزینەوە و دانانی پیلانی ئەم سەندنەوە بە سەر بردبو . روژ بە روژ ، سال بە سال ، لی‌ی زیاد ئەکرد و لی‌ی کەم ئەکرد تا کردی بەم پیلانەی کە هیچ ناتەواوی‌یەکی ئیانیە بە هویەوە بتوانریت گومان بریتە سەر ئەم .

(بەلدیکس) ی دوژمنی زور بە ترس و لەرز ئەجولایەوە و خـــوی ئەشاردەوە ، تەنانەت هەر بەو نیازەش هاتبوە ئـــەم خانوە کە هیچ کەس ناتـــوانی لە ١٥ خانوەکەی دەوروپشتی جوی بکاتەوە بە چەشن و رەنگ و بویەیا .

ئوزوالد ، زەردە خەنەگرتی کەدی چون دوژمنەکەی بە دانیشتی لەمالیکی وادا بەردی بناغەی پیلانی کوشتنی خوی بو ئەم دانا وجەمسەری ئەم پیلانە ریك و پیکەی دایە دەستی .

بە دەنگی پیە کە نزیك ئـــەبوەوە لە درگای ماله کە ، ئوزوالد لەم بیرانە راست بوەوە ، لەبرز زەنگە کە لی دیا ، ئەمیش هەستایە سەرپی و چودرگا کەی کردەوە ، دی دو پیاوی بە کیکیان لی پرسی : توی میستەر جورج ئوزوالد ؟

— بەلی

— منیش پول ئامی (پشکنەری پولیسی تهینی) و هاوزری کەشم میستەر جونی یاریەدەرمە .

ئوزوالد ، ری ی کردن و بانگی کردن دانیشن ، بی ئەوەی ئەوەندەی توزی ترسی هەبی . پشکنەر وتی : بەوتەی چەژنی (هالوا) وە وامان ئەزانی مەسەلە کە گالەتەیە .

ئوزوالد سەری بادا ووتی : داخم ناچی گالەتەی تیـــانیە ، راستکە تەبیتەوە .

پشکنەر چاریکی گەڕا بە شوێنە کەدا لاشەکەی لە سەر ئەرز پارچە ئاسنکەی لە لاوە کەوتوە . ئیجا رووی کردە ئوزوالد و پرسی : ئیستەپیار بلی چی قەوماوە . چونکە بەتەلەفون زور بە کورتی باست کرد . ئوزوالد وتی : بەتەلەفون پیم وتن کە بە هەلە چومە مالیکی کەوە بە هینەکەی خومم زانی . منیش لەم خانوەی تەنیشتیەوە دام ، لە سینەما بروم ، گەڕامەوە ، لیم تیکچوو ، بە پی پیلکەی مالیکدا سەر کەوتم . وەکو ئەبینیت هەموو خانوەکانی ئەم ناوە لە پەك ئەچن کە گەیشتمە بەر درگا دیم کلیلەکان لە گیرفانما نین .

تەختی بیدەنگ بو ئنجاوتی ! گەڕامەوە گەراج ، وتم ، بەشکو لە ئوتمو بیلە کەما لیم کەوتبی . گەڕام تەمدوزیەوە . منیش لە پاسەوانی گەراجە کەم پارچەیەئاستم سەند کە ، شووشەی پەنجەرەی ژووری چیشت لینانی پی بشکینم و لەویوە بچمە ژووری .

پشکنەر وتی : دیارە ئەویش پارچە ئاسنەکەی دایتی ؟

— بەلی لیم وەرگرت و پەنجەرەی ژووری نوستنم پی شکان ، لی یەوە هاتمە ژوری .

باریەدەری پشکنەر وتی : وات زانی کە ئەم خانوە ، خانوەکەی خونە ؟...

— بەلی ، هەر کە هاتمە ژووری گویم لەخشیەیەك بو لە ژوورەکەی تەنیشتمەوە ئەهات کە درگاکەی کرابوەوە . بە تاریکی تاپوی زەلامیکم دی لە نزیك پەنجەرەکەوە ، لام وایە ئەویش منی دی بو ، چونکە لیم هاتە

پیشەوە هەڵی کوتایە سەرم . هیچم بو نەمابەوە ئەوە ئەبی کە بە ئاسنەکەی دەستم پیا ملم . کە لیمدا نەختی یەم لاو بەولادا کەوت بەلام ، دیسان بەلاماری دامەوە منیش ناچار ئاسلیکم لیدا کەوتە زەوی گورج ژوورەکەم روناک کردەوە . کە ئەرروانم بە هەلە چووم وە ئەم خانوە مالی من نیە . ترسم لی نیشت ، خیرا بانگی ئیوەم کرد ئەمە هەموو مەسەلەکەیە .

پول ئامی نەختی بیدەنگ بو چاوی بەدەوروپشتی خویا ئەگیررا ، وبیری ئەکردەوە لە پاشا رووی کردە ئوزوالد ووتی : هیچ روناکی لەمالەکە دا نەبو ؟

— نەأ . ئەگەر ببوایە ، زور رەنگە تووشی ئەم هەلەیە نەبومایە .

— لەگەڵ ئەمە شدا ، دو جار بە هەلە چوویت ! یەکەم کە هانوویتە مالەکەو دووەم کەبە پارچە ئاسنەکەوە گەرراویتەوە - سەیر ئەوەبە پیاو دو جار بە هەلە بچیت !

ئوزوالد یەم پرسیارە نەپەشوکا چونکە خوی بو ئامادە کردبو ، پیشەکی وەرامی بو هەموو پرسیاریک دانابو ، بویە زور لە سەرخو وتی : یەلی ئەمەم هەلەیەکی زور بە ناسورە ، سەیریش ئەوەیە کەدوو جار تیی کەوم - بەلام گوناهی منی تیانیە ، هەندی کەس ژمارەی خانوەکانیان گورریوە . وادیارە ئەمەش گالتەی جەژتی (هالوا) یە . باریەدەرەکەی پشکەر بە سەرسامی یە کەوە قیژاتی : چون ژمارەی مالەکان گورراوت ! ئەمە سەیرە ، ئەچم بزانم .

لی‌یدا روی ، دوای چەند دەقیقەیەك گەڕرایەوە وتی ! راست ئەکات ئەو تەنەکەیەی ژمارەی ئەم خانوەی یەوەیە تراود بە خانوەکەی دراوسی ، یەوە ، هەر وەها ژمارەی سەر هەموو خانوەکانی کەش یەك خراوتەنە شوینی یەك ، وەلە شوین ژمارە هەلکیشراوەکان جیی بەکارهینانی گازم بەدی کرد ، بەلام هیچ شوین ـ پەنجەم نەبینی .

ئوزوالد پیشەکی دانیابو لە ئەنجامی ئەم پشکینەی یاریەدەر . چونکە کە ژمارەکانی هەلکیشابو دەست ـ کیشی لە دەست کردبو کە شوین پەنجە جی نەهیلی .

پشکنەروتی : ئەبینم کوژراو جلکی نەواوی لە بەردایە ، وا دیارە هەر ئەو وەختە هاتبیتەوە کەنوی دیوە ، بوبە بە دووری نازانم بە تاریکی دانیشتبی . ئەمەش ئوزوالد خوی وای ریکخستبو کەلە وەختیکدا بیتە ماڵە کەوە کە خاوەن ماڵ تیادینەوە . تریکەی دومانگ لە دوورەوە چاودیری ئەکرد بو ئەوەی شارەزای هەلسان و دانیشتنی بی ، ئەزانی ، کەتیکرا ، هەمیشە سەعات نوونیو ، بە شەمەندوفەر ، دیتەوە لە (ئەندەن) .

ئوزوالد وتی : یەلی بی گومان لەو وەختەدا گەڕراوەتەوە ماڵی کەمن لە پەنجەرە کەوە هاتومەتە ژووری . بەلام سەرم لەوە سوڕ ئەمینی کە بوچ هەر کە هاتومەتە ژووری چرا کەی دانەگیرسانوە ! پول ئامی : وا بزانم گوی‌ی لەئوبوە کە پەنجەرە کە ئەشکینی و بەدزی زانیویت ، بوبە چرای دانەگیرسا ندوە . هیچی پی‌وتی ؟

بنکەی ژین
www.zheen.org

— نەأ هیچ قسەمان پێکەوە نەکرد .

— ئەم کوژراوە ناوی چیە ؟

— ناوی نازانم، ئەگەرچی دراوسێش بووین بەلام بە هیچ جوریك ناسیاوەمان نەبوە ! هەر بەر ستێش ئوزوالد نەی ویستوە لە کوژراوە کە نزیك ببێتەوە ، نەوەکو ، بەندیکس ، کە بەمی زانی بکەوێتە خوی .

ئەمانە هەردووکیان ئەم و بەندیکس برایەش بوون لە کانگایەکی زیرردا ، لە شویلیکی نەناسراوی ئەمەریکا . دوای چەند مانگێك بەندیکس ئەو زیررە کە بیکەوە ئەیدوزنەوە ئەی دزی و را ئەکات . لەو ساوە ئوزوالد بیر لە تولە سەندن ئەکاتەوە ، وعەودال ئەگەرری شارەو شار لە شوینی تالەم جیگایە ئەیدوزیتەوە و بەم جورە ئەیکوژی .

پشکنەر : کەوانە ئەبی ماله کە بپشکنین بەشکولە نوسراوەکانیا ناوەمان بو دەربکەویت .

بەلام ئوزوالد لەم لایەنەشەوە دلنیابو ، چونکە دوژمنەکەی بە ناویکی خواستەمەنی یەوە ئەژیا و زوو ناساقولە کە بەندیکس نوسراویکی وا لای خوی بهیلتەوە کە ناوی راستەقینەی لی دەرکەویت ، چونکە بەبونەی دزینی زیررەکەوە پوتیس بەو ناوەوە بە دوویا ئەگەررا .

پشکنەر ، لە قوژنی ژوورێکدا هەگبەیەك ئەدوزیتەوە یی کلیل - کە قفلەکەی ئەشکینی ، ئەبینیت پررە لە بانقەنوت ئەژمیریت (٤٠) هەزار دولار ئەبیت - ئەلی وا دیارە ئەم پیاوە کوژراوە دەولەمەندیش بوە - لەبنکی هەگبەکەدا نوسراویکی مورکراو ئەدوزنەوە کە لە بەرگەر

بنکەی ژین
www.zheen.org

کەی بەسراوە (دوای مردنم بسکریتەوە) کە پشکنەر گریەوە وتی:
سەربەستی هەلبژێرە. ڕووی کردە ئۆزوالد وتی: کەس ئەزانێ ناوی
(ئەندەرسن) بێت؟

ئەم پرسیارە لە ناکاو ئۆزوالد گرا، بەلام دیسان توانی خۆی تیک
نەدا و بە دەنگێکی لەسەرخۆ وتی:

ئەندەرسن؟ نەخێر بەڵکو ئەریتەوە ناوی وا بێت.

پشکنەر بە ڕەزامەندیەکەوە وتی سەیر ئەمەیە کە ناوی تۆو ئەو
پێکەوە هێزاون.

ئۆزوالد خۆی بە سەر سام پیشاندا وتی: ئا ئەمە زۆر سەیرە! ئا
پشکنەر وتی ئا تۆپیاویکی زۆر گەنجی، وێستەر ئۆزوالد، بەلام ئەجارە
زۆرێکی بە گەت دەستی کردی بە زاڵا، ئۆزوالد چاک و خێری وەکو پیلانی ئەم
کوشتنەت دا ناوە، بەلام لەبیرت چوە کە هەندێ عامیلی تا ئەمن لە ژێر
دەستی تۆدا ئین، بە پێی ئارەزووی تۆ ئەڕۆین، ئەگەر ئێمە گەیت و
پیلان دانەنیت بەلام دیگەوێش. پیلانی خۆی دانەنیت هێنەکەی تۆ
هەر چەندە دیکتیتێکی بەلام هێندەکەی دیکتۆت لێی تێک دایت. وەڵای
کرد کە کۆڕاوە کە ئەم نوسراوە دوای خۆی جێبهێلیت. ئا ئەمەیوت و
کاغەزەکەی دایە دەست ئۆزوالد، کە خوێندیەوە دی بەندیگەس تایا
نوسیوە لەو بابەتەوە کە زیرەکی ئۆزوالدی دزیوە و لە دوایدا ئەلی پاش
دڕێژ بەشە زیرەکی هاوبەشەکەم گەلێ بەشیان نەماوە لەم کارەدا ئێرێتە،
بڕە ئەم چل هەزار دۆلارەی لە پاشی بەجێ ئەهێڵێت هەمووی بۆ ئەوبێت

لە بریتی ئەو زیررەی لیم دزیوە، کە هەمووی بایی دە هەزار دولار پتر ئەبو.

پشکنەر وتی: ئەبینیت، میستەر ئوزوالد، کوژراوە کە هەموو سامانی خوی بویەجی هیشتویت، بەلام چونکە کوشتوئە لە هەموشتیکی یەش ئەبیت ئەنانەت لە ژیانیش، راستە زیرەک بوویت، بەلام ئەوەندە ئە کە پیویست بوو بو کوشتنی بەندیگس. ئەمەی وت و کەلەپچە کەی کردە هەر دو دەستی.

(وەرگیراوە)

ترساندن

گەلاویژ ... لە ژمارە — ٣ — مالی — ٧ — دا لە ژیر عنوانی «لە جوشی کوردی ...» چەند شریکت بلاو کردبوەوە کە بەر احکامی بەندی — ٤ — ی مادە «١٢» ی قانونی چاپ کردن ئەکەوی بەو بونەوە معالی وەزیری داخلیە فەرمانی دا بەترساندنتان.

تکایە یە پی ی قانونی ناو برلو لەم ژمارەیەدا ئەمە بلاو بکەنەوە.

وکیلی مدیری دعایەی عام

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەمی

رشید باجلان

لە خانقین و دەرەوەی هەمو جورە دەعوایەک ئەگری

شرکەی شمالی بازرگانی و کشتوکاڵ

ئەم شرکەتە لە سایانی دابڕاوە و ملیشی لە بەغدا ، سیحل ، هەنجە ، قلادزە و پینجوین هەیە . مەبەس ئیش کردن و دەست خستی قازانجی مادی و معنوی یە بو هەمو لواحکانی ژوورەوە ، چایەو بونەوە ئەدەبیە بو وەرگرتن هەمو جورە کەلوپەلیکی تجاری و وەکالەتی تجاریتی بە قومسیون بو هەمو تجارتک چە لە لقەکانی تر وە چە لە لای بەغدا کە ناوو نیشانی ئەمەیە :

فرع شركة الشمال التجارية والزراعية المحدودة .

شارع الرواق رقم ٣٣ بغداد .

بنکەی ژین
www.zheen.

مطعم الشرق

چاکترین خاوینترین لوقەشەیەکە لە بەغدا ، هەمو جورە خواردنیکی ناشتەی ئاناب وەکو کەبابی سایانی ، هیلکە ، تکە ، سەرەپی تیدایە ، هەروەها قەیماخ ، هەنگوین ، مربا ، چاوی و شیرینی .

شوینیکی باکو یاخت ، نوخیکی هەرزان و جزمەنیکی بەدلی تیدا ئەکری . هەر ئەنیا جاریک رەوت بکرد ئیتر دات ئایە بچیتە شوینیکی کە شوینەکەی ئەمەی خوارەوەیە :

نزیک جامع « حیدرخانە » بەتەباشت « صالون خلافة الشرق » ەوە

باوەڕ پێکراوەکانی گەلاوێژ

لە

کرکوک : محلەی امام قاسم : تکیەی شیخ خضر : شیخ طەشیخ سعید

خانقین : شەقامی گەورە : ملا عارف عطار

اربیل : مکتبەی هەولێر : شیخ محمد

سابلاخ : محمد صدیق حیدری

حمانە : ٨ کومپانی : عبدالله عزیز

رواندز : علی عبدالله ، مکتبەی پێشکەوتن .

کفری : صابر حاجی فتح الله عەتار

کویسنجق : عثمان عوفی حاجی ملا

موصل : محلة باب الجدیدة امامی مزگەوتی عمری : ملا صبغة الله مزوری

عقرە : شوکت طاهر

هەر کەس ایشێکی ئەبێ لە لایەن ئەوەوە کە پارەی آبونە بەدا یا ئاوزنیشانی بگوری یا بێ بە آبونە لە وولاتی خۆیەوە راستەو خۆ ئەم شوێنانەی سەرەوە آگادار بکا .

چاپخانەی معارف ـــ بەغدا

گەلاویژ

گۆڤارێکی ئەدەبی وشەڤانی یە . مانگی جارێک دەرئەچی

ژمارە — ٦ — ساڵی — ٧

١ـ زمانی کوردی ... لە کوردو کوردوستانەوە

١١ـ مەترسی شەرر .. لە ئینگلیزی یەوە

١٥ـ لە خلیجەوە تا آرارات . میستەر هابارد

٢٢ـ کوچی مصطفی مطهر . شیخ محمدی خال

٣٠ـ لە کارولینا ... ... رشید فائق

٣٣ـ دیوانی گەلاویژ ... ...

٤١ـ کالینین مرد ... ...

٤٩ـ بەغدای رابوردو ... قادر خفاف

٥٧ـ گەلاویژو خوێندەوارانی ... ...

٦٣ـ چیرۆکی ژمارە ... ... ف . ه

وەگەلی باسی خوشی تر ئەخوێنەوە

نوسراوە لە پوستە یە ژمارە «١٤٨»

بنکەی ژین
www.zheen.org

ناوونیشانی گردوێڵ

بغداد-شارع الرشید : قرب وزارة الشؤون الاجتماعية ٤٤٤/١

مدیری ادارە و نوسین :

علاء الدین سجادی

خاوەنی امتیاز ابراهیم احمد

مدیری مسؤل

محمود شکر داود

— آبونە —

	فلس	دینار
آبونەی سالانە بو هەموان	٠٠٠	١
« « بو مەلای مزگەوت و قوتابیان	٧٥٠	
دانەی بە	٨٥	

آبونە بەناوی مدیری ادارەوە ئەنیرری

پیشەکی آبونە ئەبی بدری

بنکەی ژین
www.zheen.org

گەلاوێژ

گۆڤاریکی ئەدەبی و ئەقافی مانگی کوردی‌یە

ژمارە — ٦ — ساڵی — ٧ حوزەیران ١٩٤٦

قسەو زمانی کوردی (*)

لەو باسانەدا کە دوکتور ؟ سیانزو لە بابەت زمانی کوردی‌یەوە کردو — بەنی وا دەر ئەکەوی کە چوار بەرەکانی زاگروس : لولو ، گوتی ، کاسای سوباری یا هوری شیوەی قسە کردنیان جوی بوە ، هەرچەندە هی واشیان تیدایە کە زور نیکەوە نزیکن ، هەندێ لە مستشرقەکان لەو باوەڕەدان

(*) ئەم باسە تایبە لە کتێبی « خلاصة تأريخ الكرد و كردستان » ی معالی امین زکی بەگەوە وەر گیراوە . لە بەر ئەوە زیادە آگاداریەکی تیدایی هینامان بەشی عەرەبی‌یەکەی — کە مامۆستا محمدعلی عوتی لە کوردی‌یەوە کردبوی بە عەرەبی وەهەندێ قسەی خویشی لە سەر نوسیبو لەگەڵ تعلیقانەکەی ئەوا — کردمانەوە بە کوردی و ئەیخەینە پیش چاوی خوێندەوارانی گەلاوێژ .

گه شیوه‌ی قسه‌کردنی ئەم چوار بنەماڵەیە هەمان بۆچوونی ئاری ـ ئاریانی‌یەکانیە، بەڵام هەندێک لە علەکانی ئەم ئیشانە هەر بە بۆچوونی تەواوی نەگرتووە لەگەڵ ئەم باوەڕانەشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن تا ئیستە ئەم ڕێیەی نەگرتووەتەوە بەڵکو ئیستەش بۆ ساغ بوونەوەی ئەم دعوایە پێویستیکی زۆر بەوتنی تاڕیخی هەیە.

ئەمە لە لایەکەوە بەڵایەکی تریشەوە ئیستە شیوەی قسەکردنی ئاریەکۆنەکان بە بەراوی نەزانراوە کەچی: چونکە وەچونکە بەڵگەیەکی نوسراو یا هەڵکەندراو بەم بۆنەوە زۆر کۆنەچنگ نەکەوتووە، تازەش نەواومیدە تا کرێت کە ئەم جۆرە بەڵگانە دەست بکەوێت چونکە تاڕیخی ڕیزوی خوێندن و نوسینی قسەوەڵەکانی ئاری تازیە لە ٥٠٠٠ ٦ ساڵ پێش میلاد زیاتر نەمری یا کەوێت.

ئیستە ئیتر دەست نەکەین بە باسی گرنگی شیوەی قسەکردنی بەشی دووەم لە اصلی کوردو باو ڕابەری کوردانی گەورەی و وەچەکانیان:

ئاخر گرنگی معلومات و تاڕیکی بنەڕاوی ڕاستی لایەنە کە پاش لە نوخنی میدیەکان و شیوەی قسەکردنیان بکات. هەر چەندە ٥ داڕمانی نیسبەتی پێش کەڵێت زەردەشت کتێبەکەی خوی ـ ئاوێستا ـ بە شیوەی قسەکردنی میدیەکان نوسیوەتەوە، بەڵام ئیستە شتێکی وا بەو نوخنە نەبیراوەتەوە هەتا بەرامبەری لەگەڵ ئاوێستادا بکرێت و ئەم حقیقەتەمان بۆ ڕوون بێتەوە کە ئەو کتێبە بەوزمانە نوسراوەتەوە[1]

(١) بەڵام هەیە کە دەڵێت: «من لەو بەرزەتام کە گەر ئاری نوسراو و هەڵکەندراوی دەوری میدیەکان بیبڕێتەوە ئەسمانە چی =

جوغرافی ڤانی کوئی یونان (امیرابون) ئه‌لیت: فارسه‌کان و میدی‌یه‌کان نه ودختی خویدا نه‌کانی قسه‌کردنا هه‌ندیکیان نه هه‌ندیکیان

= (ئاری هه‌ندیه‌تی یه‌کان ئه‌لیت چه‌ند شیوه‌دا چه‌ند نوسین . ئه‌وه‌ش نه‌ هیچی‌تر نی‌یه غیری ئه‌وه نه‌یت که‌ هه‌ردی دووری هه‌ندیه‌تی ـ کیانی ـ یه‌کان به‌شیوه‌ی قسه‌کردن و نوسین و ئیزانی‌تریان هه‌ر ئه‌مه‌ی میدی‌یه‌کانه‌وه‌ بون . وه‌ به‌ئی‌یه‌ری‌کردنی حکم نه‌ میدی‌یه‌کانه‌وه‌ بو (ئه‌خمانی ـ ئیزان) و نه‌ پاشایو (پارس) ه‌کان غیری خیزانی پاشایه‌تی نه‌بی هیچی‌تریان نه‌چو ـ پارس یا (پارسو) ه‌کان یه‌کی نه‌ هه‌ئیرشی یه‌ره‌بانی میدی‌یه‌کان نامراوه‌ چونکه‌ یه‌کگه‌ نه‌ دووره‌ی سامانی یه‌کان ئیتر نه‌ سه‌ر به‌خوی‌یان وه‌ نه‌ لوغه‌تگی یه‌کانیان به‌ خویانه‌وه‌ نه‌دیسوه‌ . که‌واتر لیره‌دا قه‌ومیکی‌ر نی‌یه‌ که‌ بیان بلی (فورسی نه‌وه‌ل ـ پارسی کون) یه‌که‌ چون له‌و ده‌وه‌نه‌ی‌یه‌ که‌ بیان بلی (پرت ـ له‌شکار) چونکه‌ ئه‌مانه‌ش وه‌کو نه‌وان یه‌ک‌ه‌ی‌کی بون له‌ ئیره‌کانی میدی و نه‌ پاش نه‌سکه‌ندوری مه‌قدونی ئیشیانه‌ته‌ سه‌ر تاخت . نه‌وه‌نده‌ هه‌یه‌ بیان وتون نه‌شکانی له‌ به‌ر ئه‌وه‌یه‌ که‌ دامه‌زرینه‌ری نه‌و ئیمپراتوریه‌تی (ئه‌شکان) ای نابوه‌ وه‌ پیشیان وتون پرتی نسبه‌تیان دراوه‌ به‌لای (پرشه‌خوراسان) نه‌ که‌ پاشانی ئه‌صل‌یان بوه‌ .

دلیل نه‌ سه‌ر ئه‌وه‌ که‌ مه‌ردی دووری که‌یانی‌یه‌کان به‌ هه‌مو ده‌وشت و مزه‌یه‌کیانه‌وه‌ هه‌ر میدی بون چونیه‌تی ئی‌یه‌ری‌کردنی حکم بو نه‌ ئاخر پاشای میدی‌یه‌کانه‌وه‌ ـ که‌ یه‌ (ئاختوویگو) وه‌کو نه‌ (ئاری) ئیونیه‌ (پادشای بابل) یا (ئیستیاخ) وه‌کو نه‌ (ئاری یونانیه‌ =

ئی‌لەگەیشتن، بەپێی ئەمە یا دەر لەکەوێت کە قسەی میدی‌یەکان تێری

= هەیە ـ بۆ نموونە کورش، وەکو لە ئاری یاداوەری داریوش، دا
لەپێزی، یا ئاخیروس ـ کەلکوەرموە، وەکو لە ئاری ئیسلامیدا ئەل،
کاربـ ـ دەستە گەورەکانی دەولەت و پیاوە بەناوبانگەکانی
میلەت هاتن ئەم حکمەیان هەر لە بەڵگەنامەی ئاشکرا جێنشینکردنی خستە بەرهەڵ ـ
هێکی‌تر بە ناوی نسبەی پیشەوەکان ئەمانەی دوایشیان بێبەش نەکرد،
لە بەر ئەوە کە جوێرازی رەگەزی لە بەینی ئەم دو تیرەیەدا بەو
تەپێچ، کەس دان بە وەهدا نانێت بڵێت ئەم جورە گۆڕانانە سەر گەوتنی
فەرمیکە بە سەر فەرمیکا وەتوانەوەی ئەمە لەوێدا بەڵکو تەوەی قسەلەم
باسەوە بکات هەر ئەلێت ئەمە گرنگەیەک بو لە ناو خویانا رویداو بو بە
هوی دروزنەوەی دەسەلاتی میدی‌یەکان وەگۆڕانێك بوە بوبە گەلی
بونی ئاریەنی ایرانی‌یەکان ـ

یونانی‌یەکانی هەرودەوری تەختیی‌یەکان چەند دەوریك لەو
قەومەی رۆژهەلاتی‌یەکان پیان ئەوتن ئاریەن ئەوەل ئەوان هەر پیان
ئەوتن « میدی » وە ئەوروشوردی بەینی ایرانیو یونانی‌یەکانیان بە
شەڕی میدی ناو ئەبرد . بە پیچەوانەی نوسراوی ئەمرەکان ئەوان
لە زەمانی کرن و تازەدا فارسیان هەر بە ایران وتوە .

ئەمەوا ، ئەی ئەوەش زانین کەلە زەمانی زودا بە میدی‌یەکانیان
ئەوت« آریانی ـ آری ـ ایرانی » مزەیەکی باشی پێچوبێت بە میدی ناوەن
هەر کرد . هەر لە بەر ئەمەش بو کە « داریوش » ی یەکەم لە آثارە
کەیا ـ دەشی : وەستەم ـ ئەیوت : « من هەخامەنشیم » یانی لە بنەماڵەی =

•

قسەی عەرەبەکان بوە هەر ئەوەندە هەبوە کە زور لێکەوە نزیک بون[1] « ایران قدیم ».

لێرەوا ، لە لایەکی کە شەوە ماموستا « سایس » ئەلیت : میدی ـ یەکان هەر هوزوتیرەی کوردەکانن ئەوانیش لە لایەن قسەکردنیانەوە آرین ـ هندو آوروپی ـ ... ، میرالا (ویلسن) کەلە سالی ۱۹۲۰ ی میلادی وکیلی مەندوبی سامی بولە عراق لە کتیبە نایابەکەیا ئەلیت : قەومی کورد مباشرة لە تەتەوەی میدی یەکانن وە شیوەی قسەکردنیان یەکیکە لە شیوەی قسەی آسیای روژاوا) (ج ـ ۲ ص ـ ۱۲۷) لەگەل ئەوە شامن لەو باوەڕەدام کە فیکرەکەی (دارمیس تیتر) نزیکترە

= ئەوان وە « پارسی کوری پارسیم » یانی تیرەی پارس وە « آریانی لە رەگەزی آری » یانی لە میدی یەکان) هرودوت ، مشیرالدولة ، الاخبار الطوال ، الآثار الباقیة)

وەرگێڕی عەرەبی یەکەی محمد علی عونی »

(۱) لەمەوە وا دەر ئەکەویت کە لوغەتی فارسی یەکێک بوبیت لە شیوەکانی لوغەتی میدی ، یعنی شیوەی هوزەیا تیرەی « پارس » کە ئەوانیش لە میدی یەکان بون ابتر وەنەبی لوغەتێکی سەر بەخو بوبیت بەم جورە هاتوە تا کەوتوتە دەورەی ساسانی یەکان لە زەمانی ئەوانا ئەم لوغەتە وردە وردە لە شوێن پەهلەوی یا میدی دانیشتوە .

(وەرگێڕی عەرەبی یەکەی)

«راستی و حقیقت» پەیوەندی بە کایەی لایەنی وایە کە (زەردەشت) خەلکی (میدیە) یە کەواتە دوژمنی بە کتێبە کەی ـ ئاڤیستا ـ بەتیوەی نیشتمانی خۆی هاتی میدی نرسیبیەوە.

خاوەنی (تاریخ ایران قدیم) ئەڵێت: (لەو بەڵگە نوسراوانە کە دەوری ئەخمینی بەکانیان پێشان ئەدا وەکو دراسەنامەی گەلە شیوەی قسەکردنی فارسەکانی ئەوسا کراوە وا دەردەکەوێ کە هەم لوغەتی دوایی بونەمیسی رسومات و فەرمانی پادشاهی بەکار هێنراوە. هەر لە عەینی دەختا لوغەتی پەهلەویش کەلەوەوە زۆر بۆ لە قسەو گوفتوگودا بەکار هەبێراوە لوغەتی فارسی ئەوسا و لوغەتی سانسکریتی ـ لوغەتی کتێبی پیرۆزی هندی ـ وە لوغەتی ئاڤیستا ـ لوغەتی کتێبی پیرۆزی زەردەشت ـ تەمانە هەموو لە لوغەتی ئاری هەتا شراون. بەڵام ئەبە با ئیستە لەم لوغەتە مقتزە کەوە مەعلوماتێکمان چنگاک نەکەوتوە.)

هەر لەم میژو نوسە گەلی ئاگادارێ بە بابەتی زمانی شیوەی قسە کردن هەتا پەهلەوی بوە بەس بەکار ئەلێت: لەو شانەوە کە وەرگیراوە وا دەردەکەوێت کە لوغەتی پەهلەوی لە دەوری دوایی ئەخمینی بەکانا وەکو دەوری پێش و ساسانی بەکان لوغەتی قسە کردنی هەموو گەلێک بوە. دیسان لە پاش دوایی هاتنی ساسانی بەکانیش هەر لە ابتدا ماوەیەکی زور خۆی را گیر کرد بە تایبەتی لە (تەبەرستانا) وەکو قسە کردنی رەسمەکی ئاگاداری مەرکەزی خۆی کرد.

لەم دوایی یەدا بەڵگەیەکی کۆنی نوسراوە بەم خەتی پەهلەوی یەوە (دەیوم) ی میسر یدایەوە (وێست) ی پەیوەر لەم لوغەتەدا ئەڵێت:

(وا دەر ئەکەوێت مزگێنی ئەم بەڵگەنامەیە بۆ سەدەی دوەمی هجری ئەچێتەوە) لە بەینی وەختا زەمانەوە آثاری دەوری ساسانی - یەکانیش هەمووی هەر بەم شێوەیە قەدکراون - دیسان هەر لەو بەشەوەیە لەیت : لەو کتێبانەی بە نوعێکی بەهلەوی نوسراونەتەوە یەکێکە لە کتێبی (آویستا) هەموەکی مزگەوتیان بۆ دەوری دوای ساسانی یەکان ئەچێتەوە - وە ئەم کتێبانەش ئەبن بەسە بەشەوە بەشێکیان وەرگێران و ئەرجی آوستان (۸۲ کتێب یانامانێک) بە بەشی دوەمیان کتێبی آیینی یە ، بەشی سەیەمیان غەیری دینی یە[1]

---

(۱) عنوانی ئەم کتێبانە پێوانی یە کەن کە بلێت زۆر نزیک نوعێکی بەهلەوی نانەی کوردی ایستە بوبێت ، چونکە گەلێ لە ووشەکانی بە نەوای لەووشەی کوردی ایستە ئەچێت ، مثلا کتێبی (دین کورت) کەلە سەدەی سەیەمی هجریدا دانراوە هەندێ شتی تیدایە باس لە آیینو ئەدەبیات و رەوشت و عادتی زەردەشتی یەوە ئەکات ایتسان وای ئسەکا کەزۆرا بەوە بسکا بێوەتیەکی تەواو لە بەین ئەم آیینی زەردەشتی و ئەلیەیا وەلە بەینی آیینی کورد و ئەوەی تیرەو مذهبەکانی کوردی لە سەرەتەیە ، گەرە ئەتوانین لە سەر ئەو بڵێین کە بەڵێ آیینی زەردەشتی هەر ئەو یێیەیە کە کوردی لە سەر بڕە پێش ئەوەی آیینی اسلام قبول بکات وە ووشەی (دین کورت) هەر عبارەتە لە دین کورد یان دینی کورد . هەر وەها کتێبی (دانەی دینیک) کەلە سەدەی سەیەمی هجریدا دانراوە چی ئەبێ ئەگەر عبارتێ لە (دانستانی دینیک) یان

وەختی خوی ووشە پەهلەوی زور گران بوە ، چونکە هەمو ووشەی تەنیایی (مجموع کلمات المفردة) ئەم رسالە لە نزیکەی هەزار تیپو نیشانە پیک هاتوە وە تەمانەش لە سەردەمی خویا لە ووشەی آرامی وەرگیراون .

خاوەنی کتیبی (لوغەتی فارسی و هەتیانو باوەوری آیینیان) کە ئەبەوی باسی شیوەی قسە کردنی پەهلەوی و لوغەتی (پازەند) بکا ئەلیت ، یا کۆبەکەی :-

ئەو لوغەتەی کە لە پاش ئەسکەندەری گەورە لە روژاوای ایرانا بیتراوەتەوە لوغەتی پەهلەوی بوەوە ئەم ووشەی پەهلەوی یە بوەتە ناو بو تەختە لەوح و پارەی ساسانی یەکان . لە ووشەی (پەهلەوی) زور دواون هەندیک ئەلین ئەم ووشەیە لە (پەهلەو) وەرگیراوە وە بە تایبەتی ناوی ئەوشیوە قسە کردنە بوە کە لە سەر سنورەکانا بە سەر لوغەتەکانی تری ئەو

= رازی آیینی ی بە لوغەتی کوردی ی ایستە ، ایجگار پیاوە بەوە زورتر ئەکەویتە تەماوە کە ئەبینی بە شیوەی کرمانجی ی ایستە نوسراوەتەوە .

خو کتیبی (شیگند گومانیک وی جار) کە بە تایبەتی بو ئەوە دانراوە دفاعی لە آیینی زەردەشت پی بکریت شیوەکەی بە ئەواوی ئەشوبهینە شیوەی قسە کردنی ایستە .

داتەر

شوینانەدا دال بوە ، عادة لە سەر سنور بەهری تێکلاوی و دابەشبوی هەمو جورە کەسێکەوە نوقەت زورە ، هەندێکیش ئەلێن نەخێر ، هەمە لە ووشەی د بەهلوان ، بوە وەرگیراوە ئەویش بەمانا پالەوانە ، بەشی سەهەم ئەلێن چی ؟ ئەلێن بەهلوی ناوی لوغەتی ولات یا شارەزا فردەوسی لێیت لوغەتی بەهلوی قسە کردنی لادێی بەکار بوە ، لە حقیقەتا خەلکی وولاتی ئەسفەهان ، ری ، هەمەدان ، ئازربایجان و نیاوەندیش وولاتی سەری کون هەمو بەم لوغەتە قسەیان کردوە بەڵام میژوونوسەکانی فارس و عەرەب کەسیان دانیان بەوەدا نەناوە کە ئەم وولاتانە پیشان وترا بن بەهلوی (١) .

---

(١) وادەر ئەکوی خوێنەر ئەم قسەیە کەو دارادە ئایا ئەی نەپشکنیبوە کە هەر لەوانەوە « الکتبة الجغرافیة العربیة » وەرگیراوە وە ماوەیەکی دوریش نی یە لە ئوروپا کە چاپ دراوە کەیە لەوانا هێنی وا هەیە کە قسە کەی کەو راو ئەی ، سەرنج دە چون ؟ : ـ

ا ن خرداذبە لە لاپەرە ٩٧ ی کتێبە کەیا « المسالك والممالك » ئەلێت : ولاتی بەهلوی بەکان : ری ، ئەسفەهان ، هەمەدان دینەوەر ، نیاوەندە مەرجانقد ، ماسبذان ، قەزوین ، بەر بەر ، ئەیلەسان و دەیلەمسە .. هەروەها لە بەرگی دوهەمی (احسن التقاسیم) ی مەقدسی لاپەرە ٣٨٤ لە اقلیمی کیوەکاندا ئەڵێت : لە هەندێ لە کتێبەکانا خوێندمەوە ئەبێم ، ری و قەسەبەی ئەسفەهان بە ولاتی بەهلوی بەکان ناوانی بەڵکو ئەڵێن هەر هەمەدان ، ماسبذان هەرجانقد ـ کەسێکەوە نیە ـ ملە البصرە ـ کە نیاوەندە ـ =

له قسه‌کانی دکارمس ٥ وا دهر ده‌که‌وی که تاریخ نوسه‌کانی یونان ،
ولاتی پرث ـ ئه‌شکان ـ یان به ئاری به‌هلوی‌یه‌وه ناو بردوه وه‌کو چـــون
میژوونوسه‌کانی ئه‌رمه‌نی ئه‌مانه‌ش ئه‌م ره‌گه‌زه‌ی به‌هلوی‌یه عنوانی پاشـــاکانی
ئه‌شکانی بوه . له حقیقه‌تیشا له ده‌ستپیکی قه‌ومه‌ روژ هه‌لاتی‌یه‌کانا لـــه‌م
ره‌گه‌زانه به قه‌ومیکی ئازا و خوشویستی خویاراستی له هه‌مو چه‌پو کیك ناو-
ده‌بـــرا ده‌رکردبو وه لوغه‌تی به‌هلوی‌یش به سه‌ر هه‌مو ولاتا بالاو بوبو
ته‌نانه‌ت پاشی بو هندیش هاویشتبو .

وه‌کو هه‌ندیك له‌ نوسینی تازه‌ی ئینگلیزی ئـــه‌گه‌ر به‌ی خولاسه‌ی قسه
ئه‌وه‌یه که لوغه‌تی به‌هلوی لوغه‌تی قه‌ومیکی به‌هیز له قه‌ومه‌کانی ایران بوه .
وه پیویسته بو پاس کردن له باغه‌ی ماقعانی دوشه‌ی به‌هلوی باسیك له‌دوو
دوشه‌ی (پارسیا و پارسوا) ی یـــونانی و رومانی‌یه‌وه بکریت ، واتـــه
ئه‌گه‌ری که (ثا) له (پارسوا) ی یونانی‌دا گراوه به (h) وه‌یـــی
(r) ی لی کوژراوه‌ته‌وه و بوه‌ته (پهوا) وه‌کو چون ئه‌مه له دوشه‌ی
(mithra ـ میثرا) که له بستاقا هه‌یه روی داوه ، هه‌ر ئـــه‌گه‌ی که

= وه‌ماه الـــکوفه ـ که‌ده‌یه‌وه ایتر هیچی‌تر نی‌یه له این التفسیرشا له
ژیر عنوانی (القول فی الجبل) دا هاتوه که ئه‌و ناوچه‌یه به‌ولاتی به‌هلوی‌یه‌کان
ناو ئه‌بات .

ئه‌م باسانه هه‌مو وا پیشان ئه‌دهن که کورد به خویه‌ولاتی نوغـــه‌ی
هه‌مو جوره ره‌وشتیکی فه‌ره‌یی و ره‌گه‌زی‌یه‌وه به‌هلوی و میدی‌یه .

وه‌رگیری ئه‌رده‌لی‌یه‌کی

گوناهی کی‌یه؟

مەترسی شەرر

(لە ئینگلیزیەوە)

ئیمرو لە هەموو دنیادا هیچ قەومیك و هیچ لە شکریك نیە کە شەرری بویت هیچ گەلیك نیە کە حەزنەکات ئەو گیرەو کیشە هەمەرە . نگانەی دوای شەرر کە لە ناو ـ دەولەتاندا هەن لەرێی ئاشتی‌یەوە چاریکرین .

ئەگەر مەترسی لە دواروژی دنیا بکریت ، لەم سەرچاوەیە هەلناقولیت .

مەترسی شەرر ئەو دەستە سیاسیانە ئەپخەنەوە کە فرمانی پەیدا کردنی مالیەکی بی ئاسایشی گشتی و ئانەوەی شەرریکی‌تریان گرتونە ئەستوی خویان .

هیراوەتە سەر زمانی فارسی بوە بە (مهر) ، بە کورتی لە هەموشت نزیکتر ئەوەیە کە ئەم لوغەتی یەهلەوی‌یە لوغەتی ئەو ئەشکانیانە بو بیت کە ئا پینج سەدە هەر لە گەل رومانی‌یەکانا شەرریان ئەکرد وە زور جاریش هەر ئەمان یە سەر ئەوانا زال ئەبون .

ماویەتی

ئەم دەستە سیاسیانە چین؟ لەچی ئازارین؟ لە ریکخستنی دنیای دوای ـ شەرردا چی‌یان بەدل نیە؟

دەستەی چاوراو کەران.

چاوراو کردن بو بەر یا کردنی شەرریکی‌تر لەگەل کونە پەرستی دەست لە بو دەستدا پیکەوە ئەررون. ئەو شەقامەی بە ئاشکرا کاروانی پیشکەوتنی دوای شەرر گرتوپەتی وەکە ئامانجەکەی، لە پەرەسەندن و جی گیروون و چەسپینی دیموکراتی و تەنینەوەی نەقەلا و زورانی میلەتە ژیر دەستەکان دا کەبودامالینی کوتەی دیلی و سەندنی ئازادی ئەیدەی خوی زور باش دەر ئەخات. گرینی ئەم شەقامە و روکردنە ئەم ئامانجە هەموو بەرەی کونە پەرستانی خستونە جرتوفرت و کەوتوونە بەر بەرەکانیان.

عەودالی ئەوەن کە دنیا هەر لە سەر سیاستی وەختی شەرر بروات. هەر مەترسی یەک لە دوا روژی دنیا دەکریت دەستی فرروفیلی بیوجانی ئەم کونە پەرستانە ئەیخاتەوە. هەرچی نوسینی روژنامەو گوفارەکانیان هەیە هەموو بەو نیازە ئەنووسرین کە دنیا کوت کوت بکەن بە سەر چەند کامپیکی دوژمن لەگەل یەکی ناحەز یە یەکدا.

ما پیاو ئەبیت ئا لەبەر ئەم روشنایی یە سەیری ئەو هاوار و بانگانە بکات کە ئەکرین بو دورست کردنی بەردی دەسکەری جوی جوی کە بە سەر زاری، گویا، لە سەر بیچینەی هاوزمانی یا هاو دەست کەوتی و هاو نیازی دائەمەرریزین. خو هەموو شتمان بە چاوی خومان دیمان کە

بنکەی ژین
www.zheen.org

چەرووە ئەو ناقانەی هەولی بەستنی پەیمانی عەسکەری یان ئەدا بوون بە بانگدەر بو شەرریکی تر . ئیستەش هەر ئەم ئاوانە هیزی هەمە چیزەی کونەپەرستانی بەکخستوە کەوا شیوەی پرروپاکاندە کردنی هەتلەریان بە میرات بو بەجی ماوە .

وە یەکەم نیازیان ئەوەیە کەلەبەر بخەنە بەرەی ئەو گەلانەی ئازادی یان ئەویت و نیکیان بدەن .

وەکو یەکی لە (چاودیر) هەکانی روژنامەی (P.M.) ی ئەمەریکا لەم دوایی یەدا وتویەتی : هەولی ئەوە ئەدەن (کومەلی گەلانی یەککەوتوو) کەبو چار کردنی گیرمەو کیشەی ناو دەولەتان دامەزریزاوە بیگوررن بە مایەی ناکوکی و هوی ناجەزی .

تووی ناکوکی

بنکەی ژین
www.zheen.org

روز جار گەلی لە روژنامە کونەپەرستەکانی ئینگلیز و ئەمەریکا داوای ئەوە ئەکەن کە لە بریتی ئەو سیاسەتی ئاشتی و برایەتی و وەك یەکی یەی هەیە لە ناو گەلاندا سیاسەتی بەکار هینانی هیزی دررندانە پەیرەوی بکریت .

تووی ناکوکی و نا ـ دانیایی چیزاوە . جا ، شتیکی دیارە کە ئەم یاریە ناشیرینە پەستەی هاندەرانی شەرریکی تر لە نیو گەلە ئاسایش و ئاشتی و پستەکاندا بی ئارامی و شپرزە بوو تیك ئەخاتەوە .

فرمانی راگرتن و پاراستنی ئاشتی و ئاسایش لە دنیادا پیویستی بەوە

هەیە کە بە هەمو لایەك و پێکەوە بەرهەڵستی هەموو ئەم جورە کونە پەرستانە بکەن کە ئیمرو وا بە سەر یەستی و بێ پەروا چاو وراو بو شەریکی کە ئەکەن و حەول ئەدەن وەکو شتێکی باشی پێویست بیخەنە پیش چاو . پێویستە هەمو قورر بدەین بە دەمی ئەم گیرەشیوێنانەدا . ئەم قوریە دەمەوەدانە چا کەو دەست کەوتی راستەقینەی هەموو میلەتانی تیایە ، چونکە ، هیچیان بە هیچ جوریك ئارەزووی شەررنا کەن ، وراری نابن هیچ کەسیك نەگیر ئەم ئاشتی و ئاسایشە بکات کە بەرخێکی نابیت گران دەستیان کەوتوە .

ئەمەیە فرمانی پێویستی هەموو ئەو گەلانەی ئازادیبان خوش ئەویت . سەر کەوتنی هەرە گەورەی ئەرخیان بە ئەوی ئاشتی یەوە دەسگیر بوە . بویە پێویستە یە هەموو هەزیان بدەن بە دەمی ئەم هەلەوەررو گیرەشیوێنانەدا کە چاووراو بو هەلکیرساندن ئاگری شەرریکی نوی ئەکەن .

بنەی زین
www.zheen.org

بوژانین

ووشەی قەرهەنگە کەمان ئەم جارە ئەوانەن کە بە « ف » دەست پی ئەکەن . بەویونەوە تکا ئەکەین هەر کەسەچی بوریك ئەکەوی بو ناردن بومان بنیریت زور سوپاسی ئەکەین .

سلیمانی: ابراهیم احمدی محامی

١٥

لە خلیجەوە تا ئارارات

— ٢ —

« چەند لایەرەیەك لە کتێبەکانی یەکەی (میستەر هابارد) یەکی لە ئەندامە ئینگلیزەکانی لیژنەی راکێشانی هێلی هنور لە بەینی ایران و تورکیادا لە ساڵی ١٩١٣ ـ ١٩١٤ . »

جەرگەی کوردوستانی خوارو

گول عەنبەر ـ ١١ حوزەیران

گەرما زور بەتینە . ایستا لە دەشتی شارەزورا بەرامبەر بە بناری شاخەکانی هەورامان ئەرروین . ئەم بەیانیە چاومان بە بلیسەی آگریکی گەورە کەوت وا بزانم کاروانچیەك بی پەروا آگری خستوە ناو پوشو درر کودالی ئەو دەشتەوە آگر بە هەر چوار لادا مسافەی میلیك تەشەنەی کردبو . بەلام لادی یەکان هیچ لە خەرمانەکانیان نە ئەترسان چونکە باش آگر بریان بو کردبو . یەکەم دی یەك کە هاتە ریمان گول عەنبەر بو کە ئەشی پی ی بگوتری (گەوهەری دەشتی شارەزور) . دویشکومارو میروی زوری لی دەرکەی کەم جیگا هەیە لە دونیادا لیرە جوانتر بی . خانوی دیکەمان لی دەرکەوت کە لە دەورو پشتی مزگەوتیکی کون بنا کراون ئەم مزگەوتە ئەلین لە زەمانی سلطان سلیمدا بنا کراوە . لە ناو

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەمانە داخانو کوشکیکی جوانانەدی کە لە قاپیەکەیەوە ئەچوینە
حەوشەیکی ڕەکانیاو داری چنارو بی زانیمان ئەمە مانی شیخ علی یە
کە شیخیکی ناودار و خاوەنی نفوذیکی گەورە بو لە سەردەی رویشەکانی
ئەودی بە .

ولەو پەروی دیکەوە گەلی کانی و سەر چاوەی آوی شیرین لە ژیر
داری چنارو شوورەییەوە ئەهاتە دەرەوە آوەکانیان ئەچونە گولیەکی
بچوکەوە کە چوار دەوری بە داری نی تەراو لە پاشا لە شکلی روباریکی
بچوکی جوانی پرلەماسی دا بە ناو چنارو شورەبی یەکاندا پیچ پیچ ئەکشاو
نەختی لەو لاوە پرەیکی نیوەروخاوو لە خوار یەوە سەر چاوەیەکی
گوگردی گەرم هەبو ، لە پاش کەمیک بونی ناخوشی گوگرد هات بەلوتماو
دیم ئەو بەردانەی لە کەناری جنورەکەن لە بانیری ئەو آوە هەموشین بون
ئەمەش بی گومان بە هوی تفاعلی کیمیاوی گوگردەوەیە

دەربەندی (چاکان) ـ ١٢ حوزەیران .

ئەم بەیانیە دو سەعات لە پیش روژهەلاتا لەوی دەرچوین بەریگا
یەکی نەلگەیەرا ئەرویشتین کەلە هەردولاوە بەدرر کو دال و گژوگیا
دەورە درابو کەلەم ریگایەدا چوار خیلی بەهیزو درر بە یەك ئەکەن کە
ناوبانگیان بە سەر کیش و راووروت رویوە کە گەیشتینە ئەو پەری
ریگا کە خیوەتمان هەلدا و بریارمان دا کە ئەو شەوە لەوی بە سەر
بەرین .

پیران ـ ۲۶ حوزەیران

پیران دێیەکە لە ناو شاخەکانی هەورامانا . ئەو دۆڵەی ئێستە
گیەی پیا تەروین جیایە لە دۆڵەکانی تەویلە و سارە چونکە ئیرە ڕاستو
ڕەوان و پیانترە و بە دارستانی بەڕوو تەڕاوە ڕووتڵەو دۆڵانە ئەچی
گەنانگە دروستی کردوە .

چەپاراو ـ ۲۳ حوزەیران

دێیەکی ناو شاخە . وەختی کەلە استمرنا بلی لە ئەسەدی سنوور
تەکرا لە سەر ئەم دێیە مناقشەیەکی گەرم ڕوی دا ئەری ئەم مسألە واز
لێهێنرا کە ئێمە ئیزنەای هەدوو دوایی بچین ئەم بڕیەش هەستی کرد
بە پرسیار کردن لە پیاوە پیرەکانی ئەم دێیە کەلە سالی ۱۸۸۸ میلادیا لە
ژێر دەستی کیداون ؟ آیا ژیانی منداڵیان لە ژێر حکمی سلطان و شاهی ایرانا
ڕابواردوە یاستوری بێنی بنارەسمە و ئیمە دێیە بە شاخەکانی زاغروسدا
ئی بەر تەکاو بە خطێکی پیچ پیچو کەی ٦٠ میل درێژ ئەبێتەوە لە پاشا
٢٠ میل ڕاستو ڕەوان ئەڕوا . ئەمە خطی بەش کردنی ئاوی کە دوو ماڵی
بچوکی لێجیا ئە بێتەوە یەکێکیان ئەڕژێتە دەریای قەزوینەوە ئەوی تریان ئەڕژێتە
خلیجی فارس ئەو ڕێگایەی کە پیا ئەڕۆیشتین پاتو و بەش زۆری بە
ناو زەوی و زاری پڕ لە کیاگەلەای ئەبەری ئەبەش هەر ئەو ڕێگایەیە
کە عشیرەتی جاف پیاتی پڕ ئەکا وەختێ کەلە قزڵەتەوە ئەچێن بۆ کوێستانی
دەربەندی سەقز و ئەم عشیرەتە لەم کۆچ کردنەدا ڕوو زیان لە ئەمالی ئەو
ناوە ئەکەن بەچەند گەڕی وڕاوڕوت و بە ئەواوی ئاسایش ئەشێوێن

٢٧ حوزەیران

ایستا کە خەریکی نوسینم سەعات شەشو نیوی بەیانیە . چادرەکەمان گراستونەوە جیگایەک کەشەش هەزاری (قدم) لە روی دەریاوە بەرزەو بە سەر ئەو کەژە بەرزانەدا ئەنواری کە هەندیکیان ٢٠٠٠ بی بەرزو لەم نزیکەوە روباریکی بچوک هەیە کە گویم لە خورەی آوەکەیەتی سەعات لە حەوتو نیو لە گەل ویلسن دا لە کاتیکا کە ایژتە خەریکی پرسوناسی مسألەی سنوربو هەڵمان بو هەنگوت لە چەمپاراوەوە ویستمان بچین بو یانە لە لە بەر ئەوەی هەتا ایوارە نەگەیشتین ئەو شەوە لە ریگ چادرمان هەڵدا . هەندی لە لادی یەکان هاتە لامان و دەورەیان لی داین عاجباتیان ئەهات لە خواردەمەنی و شتومەکەکانمان . ویلسن بەر سەر کردە کەیانی گوت وارداتت چەندە وتی روژی دەتومان .

ایشو کارت چی یە آیا چەنەیی و راوەروت ئەکەی یانا ؟ وتی نەخیر . ویلسن گوتی کەوایو تو کوردنیت . لادی یەکان لەم قسەیە دەسیان کرد یە قاقای پی کەنین .

روژی دوایی بو فاوەلتی تانوماستو هەنگوین یان بو هیناین کەلە عمری خوما لەوە خوشترم نەخواردوە . هەنگوین لەم ناوەدا پیخوریکی نایابە . ئەو روژە وەختی پیش روژاوا لە کاتیکا کە خەریکی ئاوە خواردنەوە بوین کومەلیک لە کوردەکانمان دی لە دوای یکی لە بەگزادەکانی بانەسەوە ئەرویشتن هەمویان مشکی و جامانەیان بە سەردەوە بو و هەمویان کلاشیان لە پیدا بو کە ئەم جورە پیلاوانە بو سەر کەوتن بە سەر شاخو

بنگەی ژین
www.zheen.org

ئەلانا لە گیتی دا وینەی تیە و هەمو رانکو چوغەیان لە یەرابو کە ئەم رانکە لە پانولی هولاندیەکان ئەچی ئەم پیاوانە بە شیوەو بالاپانـــدا وا دەر ئەکەوت کە هەمو بنیەیان بەهیزو خوپنیان خاوینە ٠

بانە ــ ٢٧ حوزەیران ٠

بانە شـاریکە کەوتوتە دولیکی پرلە کیلگەو آودار و جیگای ئـەم شـارە (٥٠٠٠ پی (قدم) لە روی دەریاوە بەرزە ٠ حـەوت سەد خانوو هەشت مزگەوتی تیایە ٠ ئەم شارە جوانترین وینەیەلەشا رەکانی کورد ــ ستان ٠ هەر چەندە بە ناو تابعی حکومتی ایرانە ٠ بەلام پولیك نادا بە خزینەی حکومتی ایران ٠ سەر کردەی ئەم شارە ناوی محمد خانە کەیکیکە لە بەگزادەکانی کورد ٠ ایران پی ی لە سەر کردەیی ناوە ٠ هەر چەندیکی لە موظفەکانی وزارتی خارجیە کە (کارگوزار) ی پی ئەلین لیرەدا هەیە بەلام بەراستی هـــەمو کارو باری شارەکە بە دەست محمدخانەوەیە تورك لە سەردارا خوازی محمد خان دە سال لەمەوبەر هاتنە ئەم شارەکە شورشو آژاوەی ناوخو بکوژینەوە کە ئەمەیان پەلشەینا شارەکەیان زەوت کردو سەر کردەی ناو براویان لابرد ٠ ایران ایتر هەتا شەش سالیتر دەسەلاتی لەم ولاتەدا نەما بەلام وەختی کە دەس کرا بە باس کردن لە مسألەی سنور بە ناو ئەم ولاتەی کەوتەوە ژیرچنگی ٠

دوی شەو کە چوین بوزیارتی محمد خان کاتیەکەی خوی و هـەندی پیاوماقولاتی لا دانیشتبو ٠ نوکەوە تـــایەبەتیەکەی خوی لە پشتیەوە وەستابو بو ئـــەوەی هەر وەختی جگەرەی ویست خیرا بیدائە دەستی و

نو کەرو دەستو پیوەندەکانی تریش بەریزە راوەستا بون . بە چاوێکی
عاجبانی تماشایان ئەکردین وایان مورز ئەبونەوە . وینەی جلو بەرگەرەنگینە
کانیانم زور لاجوان بو هەمو فقیانەکانیان لە زەوی ئەخشا چونکە ایرەدا
عادت وایە کەلە حضوری میوان و پیاوی ما قـــول و بەرزا فقیانە بەر
ئەدەنەوە وەلە وەختانی ترا ئەی پیچن بە قولیانەوە و لە ســـەر جومگەی
قولیان گری ئەدەن .

موسەك ـ ١ تەموزە

لە باتە گەرایندەوە بو چەمپاراو چونکە لیژنە کە چوبونەدی ی موسەك
ایمەش بەرەو موسەك رویشتین لە پاش ریگایەکی دورو دریژ گەیشتینە
ناودی و چونەوەلای لیژنەیەیی ئەم دی یە و ئەو شاخانە کە بریمان پرە لە
داوستانی بەرزە و بانانی تو و هەلوژە و قوخ و قەیسی و گەلی میوەهانی تر
کە ناویان نازانم . بەلام دی ی موسەك بە ئوتی چاك ناوبانگی هەیە
داخم ناچی کە بەشی زوری ئەم توتنە لە بەر آژاوە و شورش نـــاچینە
ولاتانی دەرەوە . ومن گومانم وایە کە ئیران پولیـــك رەسمی گومرك و
خەرجوباجی لەم توتنە دەس نا کەوی . ئەم ولاتە ئەگەر تـــوتی بچی
بو ولاتانی دەرەوە ئەوسا دەولەمەندی لە دنیادا تەواو آشکار ئەبو ئیمە
کە گەیشتینە موسەك شاخی (سورکیو) و ازی ی بچوك) کەوبوە
ناوەنـــدی ئیمە و چادرەکانی لیژنە سنور . لە بەر ئەوە ناچارماین
بەرگردیکا هەلگەررین کە حەوت هـــەزار بی لە روی دەریاوە بەرزە لە
پاشا لە نەوقە سەری ئەو گردەوە شورر بوینەوە بو دوایکی کیو

٢١

ئەزانیت ؟

---

* لە سالی ١٩٣٨ دا ٤٩٠ ملیون خەلووز لە ئەمەریکا (دەوڵەتە یەکگرتوەکان) دەرهێنراوە لە ئەرز

* لە ١٩١٣ دا روسیا تەنیا ٢٩ ملیون تەن رەژووی ئەهێنایە دەری لە زەوی و بەم یی یە شەشەمین بو لە دنیادا . لە ١٩٣٧ دا یەکێتی سوڤیات گەیاندیە ١٢٨٫٠٠٠٫٠٠٠ تەن و بوە چوارەمین . ولە پێش شەرری گەورەی دووەمدا ، لە ١٩٤٠ دا ، یەکێتی سوڤیت ١٦٦٫٠٠٠٫٠٠٠ تەن خەلووزی دەرهێنا کە ئەکاتە (٥) ئەوەندەرنوی پێش شەرری یەکەم بەلام ئیستە ستالین دایناوە ئەی سالی ٥٠٠٫٠٠٠٫٠٠٠ تەن رەژوو دەربهێنریت لە ژێر زەمین و بەم جورە خوی بگەیێنیتە ئەمەریکا .

* نووسەری هەرە گەورەی زیندووی ئەڵمان (توماس مان) ، کەلە ١٨٧٥ دا لە دایك بوە . لە ١٩٣٣ دا کە نازی هاتە سەرحوکم رایکردە چیکوسلوفاکیا و لە پاشا هاتە فەرەنسە ، گەلی وقارو نامیلکەی نووسی لە پیچەوانەی نازی یەنی لە ١٩٣٨ دا هەررای کردە ئەمەریکا .

* لە شەرردا کاری یە جاوەرەکان لە سوڤیتستاندا (٢٥) ملیون کەسیان بی لانە کردبو : ١٧١٠ شاری گەورە و بچوك و ٧٠٫٠٠٠ دی یان

تەنگت کە پانایی لە یی یەك زیاترنەبو انجا لە یەر ناخوشی و یەردەلانی ئەم ری یە هەنا سەعات دەی شەو نەگەیشتینە چادرەکان .

٢٢

کوچی دوایی مصطفی مظهر (١)

ـ بەقەلەمی شیخ محمدی خال ـ

مەرگو ژین مثلی سیبەروتاوە
ئەوی باقی پێنی هەر ناوە

---

(١) ئەم نوسراوە خوێنراییەوە لە روژی ٣١ـ٥ـ٩٦٦ وە لە حەوشی مکتبی گوێژە بەبونەی رابووردنی هەفتەیەک بە سەر مردنی مدیری معارفی لوای سلیمانی (مصطفی مظهر) وە هەر لەو کوررەدا (٢٠٠٠) دینارو کسورکو کرایەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەتەواوی یابەتیوەیی کاول کردبو. لەو ساوە دەولەت خەریکی دوورست کردنەوەیە ئەمسال ٤٠٫١٠٠٫٠٠٠٫٠٠٠ روبل تەرخان کراوە بو ئەوا کردنەوەیان.

* تەنیا (جی بلاو کردنەوەی دەولەتی بو هونەر و ئەدەبیات) بار: لە سوڤیتسیات، ٣٫٠٠٠٫٠٠٠ کتیبی لە چاپ داوە. و دانراوە کە ئەمسال ٦٫١٠٠٫٠٠٠ لە چاپ بدات و نووسینەکانی شکسپیر، گالسورتی، پریستلی و توماس هاردی و شیعرەکان کیتس، بارن، شیللی و نوسینەکانی کیپلینگت بە هەزاران نوسخەیان لی چاپ کراوە:

حیات و ژیانی جیهان وەك عملیاتیکی حسابی وایە ، بەلام ئەم هەمیشە نتیجەکەی صەرە ، یعنی نقطەیەکی رەش باسیی یە کە بەجی ئەمینی لە سەر رووپەرەی میژووی بە آدەمیزاد.

یەکی ئەمری بەلام لە ماوەی ژیانیا زمان دریژی کردووە ، ناوی مەردومی بە خراپە بردووە ، دلی شکاندوون ، پالی ناوە بە قازانجو سودیا ـ نەوە ، خوینی مژیون ، ئەم حورە کەسانە لە نتیجەی ژیانیا نقطەیەکی رەش بەجی ئەهیلن لە سەر رووپەرەی میژویان کەتا دنیا دنیایی هەل نا گیریتەوە ، وە بە آوی هەموو دەریای جیهان ناشوریتەوە ، وە ئەو نقطە رەشە ئەبی بە بەیداخیکی رەش لە سەر گورەکەی .

بەکیکی تر ئەمری ، بەلام لە ژیانی خویا ناوی کەسی بە خراپە نەبردوە ، دلی کەسی نەشکاندووە ، زیانی بە مەردوم نەگەیاندوە ، مالی نەخواردوون ، خوینی نەمژیوون ، وە بەپیی دەسەلاتیشی سوودی پی گەیاندوون و قازانجی بویان بووە ، ئەم حورە کەسانەش لە نتیجەی ژیانیا نقطەیەکی سپی بەجی ئەهیلن لە سەر رووپەرەی میژوویان ، کە بەدریژایی شەوو روژوسال و مانگ وەك ئەستیرەی بەری بەیان ئەدرەوشیتەوە وەك مرحوم مدیری معارف (مصطفی مظهر) کە بەراستی فریشتەیەکی آسمانی بوو ، بەلام لەوینەی آدەمیزادیکی زەمینیدا .

مرحوم لە سلیمانی لە سالی ١٨٨٨ م لە دایك بووە ، لە دارالمعلمینی ترکیا بی گەیبوە ، لە ٣٢٩ی رومیدا بووە بە معلمی مکتبی نجف ، لە دواییدا بو مکتبی خانقین و قەرەداغ نقل بووە ، لە ٩١٨ دابوە بە کاتبی مالیەی

بنگەی زین
www.zheen.org

سلیمانی ، له ٩٢١ دا بوه به کاتب و سگرتیری حاکمی سیاسی سلیمانی ، له ٩٢٢ دا بووه به کاتبی داخلیة ، له ٩٢٣ بوه‌ته‌وه به معلمی مکتبی ناصریه ، له ٩٢٤ دا نقلی مکتبی یعقوبه بوه ، له ٩٢٥ دا نقلی مکتبی قره حسن کراوه وه له مارتی ٩٢٥ دا بوه به محاسبی معارف کەرکوك ، له ایلولی ٩٢٥ دا بووه به مفتشی معارفی کەرکوك له ٩٢٩ وه‌تا ٩٣٣ له‌لوای هەولیر و موصل تفتیش کردوه ، له کانونی اولی ٩٣٤ دا بووه به مدیری متوسطه‌ی سلیمانی ، له تشرینی اولی ٩٣٥ دا بوه‌ته‌وه به مفتشی معارفی کەرکوك ، له تشرینی ثانی ٩٣٥ دا کراوه به معاونی مدیری معارفی کەرکوك ، له شباط ٩٣٦ دا کراوه‌ته‌وه به مفتش ، له نیسانی ٩٣٦ دا کراوه‌ته‌وه به معاونی مدیری معارفی کەرکوك ، له شباط ٩٣٧ دا به عینی وظیفه مرکزی له هەولیر بووه ، له آب ٩٣٧ دا بوه به معاون مدیری معارف له سلیمانی ، به مناسبه‌ی تشکیلی منطقه‌ی معارف له سلیمانی ، مرحوم له ایلولی ٩٣٧ دا به معاون مدیری نقلی لوای هەولیر کرا ، له ١-٤-٩٣٩ دا به مدیری معارفی منطقه‌ی سلیمانی نقل کرا ، وه هەتا نهایتی ژیانی لەم وظیفه‌ی دا مایه‌وه ، نزیکی (٣٢) سالی خدمه‌ئی معارفی بووه ، له زەمانی مرحوم دا صفی جوار و پینجی ثانوی کوردان و صنفی دووه‌ی متوسطه‌ی کچان و مسائی ابتدائی و ثانوی اهلی و مکتبه‌ی عامه و متوسطه‌ی هەلەبجەو قسمی داخلی له سلیمانی کراوه‌ته‌وه ، و ملاکی مکتبه ابتدائی‌یه‌کان توسعی کردو عددی معلمینی زیاد کرا ، وه ژمارەی معلمینی له سالی ٩٣٩ دا له (٩١) معلم و (٢٨) معلمه‌وه گەیه‌نرا به (١٦٢) معلم و (٤٦) معلمه بیجگه‌له ملاکی ثانوی ، وه له زەمانی مرحوم دا مکتبی کوردان

لە دێی اسولە ، مغاغ ، سورەدزە ، قـــەشـــان ، وە مکتبی کچان لە پێنجوین کرایەوە ، وە ژمارەی مـــکتبە شەش صنفی یەکان زیاد کرا ، وە ژمارەی طلبەی سلیمانی گەیەنرایە (٤٠٠٠) و کسور .

ئەم خواباش بو کردوە هەموو ژیانی خـوی بەخت کرد لە خزمەتی معارفا بەبی ئەمەی کە دلی یەکی بیەشینی ، یا روو پەرەی میژووی خوی چلکن و ناشیرین بکا ، آفەرین مصطفی ئەفندی بو خوت و مەردیت(٣٢) سال لە وظیفەی حکومتیدا بە کەچی ایستا خانویەکت نەبی کە مناله وورده کانت و کوررەناقانە بچکولەکەت تیادابنیش ، وە ســەری خـــویانی تیا کزیکرن ، هەزار رحمت لە گوررت لە پاش سیودوو سال وظیفە بینین انجا بەقەرزاری بمرە ، بەلام خەفەت نەخوی دلت لە قبرەکەتا تەنگ نەبی ، چونکە قەومە نجیبەکەت تقدیری ئەم اخلاص و نزاهتەیان کردی ، سە روژ لە تعزیەکەتا رادیوی چاخانەکان نەکرایەوە ، چاویان لە مناله جگەر گوشەکانە .

ئەگەر لە حیاتی خوتا خانویەکت بی دروست نەکرا ، ئـــەسرەهاو ـ زیاتە مەردەکانت ، وەهاو وولاتی یە دلیرەکانت نایەلن مناله کانت ســەر ـ گەردان بن .

وایە بزنەی رابووردنی حەفتەیەک بە سەر مردنتا حفلەی تأبینیان بو گرتووی ، یادی کردەوە جوانەکانت ئەکەن وە پاردی خانویەک بو مناله ـ کانت کو ئەکەنەوە .

ابتر هەربژی ئەم روح و شعورە بەرزە .

پەندی ئیمرو

لە دنیادا نەخرابە هەیە نەگوناه، ئەوی کە هەی تەنیا
بریتی یە، ئادەمیزاد بر بکەن ئەوسا داوای چاکەیان لی بکەن.
دستوفسکی

منالیکی کوویر پاریزگاری فروکەخانە ئەکات:

سەر بازیکی دەستەی چەتربازی ی سوپای سور ئەم چیروکە ئەگیرریتەوە:

لە تەنیشت فروکەخانەیکی دەرەوەی شاری اودیسا دابەزین و بو داگیر کردنی ئەکشاین، لە بەرەیەیانا گوویی مان لە دەنگی منالیک بو بانگی ئەکرد: دورکەونەوە هەی خائینینە! دورکەونەوە ... قسەکانی بە روسی بوو! لامان کردەوە بینی مان ئەوە منالیکی روسی یازە سالانەیە، نازنجوکیکی بە دەستەوەیە، هەورە شەمان لی ئەکاو ئەقیژینی: بگەرریتەوە ناپاکینە ... بگەریتەوە ئەی نازی یەکان.

چاوەشیکی ئازای روسی قیلی لە منالەکە کرد و لە پشتەوە گرتی، چەند سەرمان سورما کە دیمان منالەکە بی چاوە!... نیشمان پەروەری یەکەی هیناویەتی یە سەر ئەوەی خوی بو پاراستنی فروکەخانەیەک لە دوژومنان ئەرخان بکا.

منالەکە هەتیو بو، دایک و باوکی لە شەررا لە ناوچوبون، هەتا بەر دەروازەکانی بەرلین لە گەل خومانا بردمان.

بوپیکەنین

دوکاندارێك لیستەیە ئەنێرێتە سەر پەگت کەواشتی لی کرریوە و داوای پارە کەی ئەکات . پەگیش ناکاتە نامەردی لیستەکەی بو ئەنێرێتەوە دوای ئەوەی ئەم فسانە لە داوینە کەی ئەنووسیت :

« ئەم شتانە من داوام نەکردوون ، وە ئەگەر داوائم کردین ئوتەت نەکردوون ، ئەگەر ناردیشتن پیم نەگەیشتوون ، ئەگەر پیشم گەیین پارە کەیانم بو ناردویت ، خو ئەگەر پارە کەئم بو نەناردبیت ئەوە دیارە نیازم نیە بیدەم ئیتر خوشی سەری ئیوە . »

* * *

باوك بە کوررە کەی — هەستە پرورەدەری ، دەی : لەم مالەدا مەمینە !..

کوررە — بوچی مالی باوکی تویە یا مالی باوکی منە ؟

* * *

ماموستا — ٥ جار شەش ئەکاتە چەند ؟

قوتابی — ئەفەنی ئەکاتە ٣٥

ماموستا — کوررە کەرە (٣٠) ی ئەکات

قوتابی — ئەدەنی ئەوە پیش شەرر وابو !

* * *

بە تگکیش — ئەفەنی سەعات چەندە ؟

ئەفەتی — سەعات (٥) ی ئەوی بو (٥)

— کەواتە بی سەعات هیچەوبی بڕەوە .

* * *

قازی — کوڕە ئەوەتو کەری ، چون گوچان ئەگری بە دەستەوەو قسەم لەگەل ئەکەیت.

گوناهکار — بو حەزرەتی موسی کەقسەی لەگەل خوا کرد گوچانی بە دەستەوە بو .

قازی — ئنجا تو حەزرەتی موسایت ؟

گوناهکار — ئەی توش خوایت ؟

* * *

بەکی لەگەل مالی قسە ئەکا بە تەلەفون کە قازە تەلەفونیان هیناوە .

— هەلاو ..

ژنی ماوەن مال — من حەلاونیم ، پیروزم

* * *

هەرزەکار — دکتور من زور قازەبە دەر ئەکەم

دکتور — بچوژن بهینە .

هەرزەکار — باشە رەچەتەیەکم بەوی بولای باوکم

* * *

کرباو — ئەم گوشتە کونە هی دوسە روژە .

قەصاب — تەیە سەری تو گوشتی کاوریکە ئەم بەیانی بەمردار بوەوە

* * *

دولادی پی : ١ — چی تازەت کرریوە بو جەژن بومناتە کانت

٢ — دەرری و دەرویە جلە شررەکانیانی پدرووسەوە

* * *

دایك — روله سیوە کەت یە ئەنیا خوارد هیچ ئەوی خوشکت بەبیرا نەهات .

کورر — یە خوا دایە تەلە خواردنی بوەوە هەر لە بیرم بو لە بەر ئەوە زور بە پەلە خواردم وتم نەك بینەوە .

* * *

میوان — تو چون شاگردیکی لەم لوقەتەیەدا ؛ چاوت لەومیشە نی یە لە ناو باپی جیشتە کەدا ؟

شاگرد — مەترسە بی بەلایی خو هەمویت نەگەل ناخوا .

* * *

نەخوش — بەخوا حەقی ئەم عملیاتە زورە وایزانم پیم نادری

دوکتور — مەترسە خوشت نەتوانی لە پاش خوت کەسو کارت ئەبدەن .

* * *

دایك — کوررم ئەوا نیوەشەوە ، ایز بروبنو ، چاوت لە جوچکەکار نی یە هەمو هەلنیشتون ؟

کورر — چاوت لی نی یە ئەوان هەمو لەگەل دایکو باوکیانا نوستون ؟

* * *

٣٠

لە کارولینا[1]

« لە کارولینای جنوبی ، لە « ئەمریکا » ئەلاقیان هەڵگرتوە »

لەوا غونیکا کە ئەچو بو کارولینای جنوبی هاوریکم پێووتم لە کارولینا ئەلاق هەڵگیراوە ، لم پرسی چون ئەم ایشەواروی داوە ؟! ووتی چارە نەمایو چونکە لەوە پیش ئەلاقدان ئەوەندە زور بوبو ئەخلاقی خەڵکی وولاتەکەی تیک دابو ، بەلام ایستە هەمو کەسیک لە دانیشتوانی وولاتەکە تی گەیشتون وە لە کاتی ژن هینانا هەمو کوررێک هاوری یکی ژیان بو خوی ئەدوزینەوە وە لە پاش ریک کەوتن تەفسی خوی ئەگری و خوی را ئەگری بە کردەوەی باش بەرامبەر بەژنەکەی وەریگا نەهێنی بو ناخوشی پێنینیان .

ووتی دایکم هەمو کچو خیزانی ئەم وولاتەوە ئەو ئەحوالەی یە سەرە یاناهاتوە ئەیزانی لە بەر ئەوە داوای هەر کچیکم ئەکرد ئەیروت ئەم کچەکچیکی جوان و باشە بەلام بر روانا کەم بتوانی وەختیکی باش لە گەلتا رابویری ، لە آخریا ماڵە سەر پەسەند کردنی دایکم کچیکم مارە کرد ، هەر چەندە لە هەوەنەوە مەیلمان نەئەدایە یەک و جیای ی هەبو لە بەینمانا بەلام لە پاش ملومیەکی کەم لە نەفسیەتی یک تی گەیشتین و ئەو ئەخلاقە کە موجود بو تیامانا لە خویەوە نەملو ایستا زور بە خوشی پیکەوە ئەژین .

---

(١) نو سەری ئەم باسە « دوکتور یول یوبلیو » مدیری معهدی امریکا لە ایشو کاری خیزانی یە ، رشید نامق بە کوردی گوردیویەتی .

بنکەی ژین
www.zheen.org

که گەیشتمە ئارەزوی ئەوەی بە بیرستم زانی ئەم مسئەلەیە زور جار ئی بکەم لە بەر ئەوە جوان و پیر، گورو گیج هەر کەسم بدیایە لێم ئەپرسی، روژێك لە لایەن ژنێکەوە بانگیشتی کرابوم بو نادی؛ لە دانیشتا ئەم پاسەم هێنسایە مەیدان، خانە خوێ بە کەم ئی وتم من لە سەداحەی ژنومێردی ئی نەگەیشتوم تا ٥٣ ٤ سال بە سەرما ئیەوری، بە آشکرا پێت ئەلیم لەو ماوەدا جیای یەکی زور کەوتبوە بینیانەوە لە گەل تەلاق بوایە وەرم ئەگرت و دوایم بو حالە لەمێدا ٤ هیشتا قسە کەی لە دەمابو اشارەی ژنیکی کرد ـ کەلە داڵی کرمن ئەهاتەوە ـ وتی ئەم ژنە برازاوە ناوی ٤ سو یلا ٤ یە، ماوەیە لەمبو پیش شوێی کردوە ٤ کوری لە تەمەنی خویایەهیچیان نە دا بواردی خزانو ژیانی ژنومێردی آ گادار نەبون، وەکو ئەوانیرست ئەژیان، تەماشای ژیانی ئازیان نەئەکرد، هەر دوکیان وەکو منداڵی ساوا وابون گالتەیان بیکەوە ئەکرد، کورەکە هەرامبەر بە ژنەکەی نەیئەتوانی راچیانی خوی بکەچی بینی، زورترین وەختی لە گەڵ کچانیتر لە ئیشوو اونیلەکانا رائەبوارد، ژنەکەی کەلی ئەپرسی بوچی خیار نیت گوێی لە هەندی مەعلومەتی نەبوە مەعقول ئەبوو هیچیتر. ژنەایر ئەم حالەی پی هەلنەگیرا بزیاری دا بچێتە ٤ گورگیا ٤ ی جنوبی و ئەوە تەلاقی خوی وەرگری. بەلام کەسوکاری پەشیمانیان کردوە هەروەها بیاوەکیان هێنایەوە مەریی و لایان دا لەو کردەوە خراپانە کەبیوە هوی ئەم تاریکیەی بەیان، وا ایست ژنەکوتوێ زود جوان بە خوڕی بیکەوە ئەژین.

لێم پرسی آیا لە گورگیا تەلاق سەدەن سەدەوە ئەو حکمەی ناوی

بڕی دەستووری ئەم وڵاتە قبوڵ و تەقیدی ئەکات و ووتی بەڵی بەڵام ئێم ئەس عەید تەمە بکات ، جارێکیش بەرێکەوت سەرەکی ئەم شارە تەمەی کرد لە کاتی هەڵبژاردندا ئیتر خەڵکی وڵاتەکە ئەویان هەڵدە بژاردەوە وا ئیستا لە ژیانی سیاسی لاچوە و هەیاتێکی اعتیادی ڕاشبو ـ ری ئەمە دەبێ کە تەلاق بدەن لای ئێمە شتێکی زۆر خراپە،جاسازووی کارو ئینا دەڤاق کرن و ڕەوشی پیشوبان لا زۆر پەسەندە و بەکەورەی ئەگرن لە بەر ئەوە منداڵە کانیان هەر لە بیشکەدا میرێکان و عەلەقەی خۆیان تەختەنە میشکیانەوە تا گەورەبن ئیتر لە گەورەیی دا پەیرەوی لە کەن .

بە ووی بردام بەم شەتە نەکرد وپسم زیاتر لی بدوم هەتا چوم بە ئاسەرەکی یەکێی ژنان و گوت بە دەهزار ژن لەو بەکێتیدا ئیوە بوونە وەکە ٢٩٠ بەش بەش کراوین ئەم سەرو کەم پرسی . ئیا ئەی ئەم ڕەوشتو دەستورە بگوڕێت ئووی قبڵ نی یە کە هەر ٢٩ بەشە کەی جوی پرسی تەنها ٥٠ بەشی ئەیانویست ئەم دەستورە بگوڕێت باقی تر هەمو ئەرەسیاری مانەوەی بون ، داسان ووتی ئەگەر لە هەمو ئەندامی ئەم وڵاتە پرسیب ڕەنگە سەدکەیان جوار یەکیکی ئەم ـ زوی گوڕینی ئەم دەستورەی بێت . چونکە ئیمە منداڵەکانمان هەر لە بیشکەدا فێری ئەم عادەتە ئەکەین وەکە میشکیان نەقش ئەگری ئیتر بە گەورەیی لە میشکی دەر ناچێت و پەیڕەوی ئەکات لە سەر ئەم ئەدەبە هەر جورە دەوام کراوە گەوابو ئیتر هەر لە جوەوە تەلاق کەم ئەبێتەوە هەتا تەگاتە دەرەجەی نەمان .

دیوانی گەلاوێژ

دل وەداخەوە ...

(وەلی دیوانە)

دل وەداخەوە ؛ ... ...

ئەمشەو جەدووریت دل وەداخەوە ،

وە داخ ئەو شەم شەوچراخەوە ،

تا ئاما نەسیم جەلەیلاخەوە ،

تا ئاما نەسیم رەوزەی رێزوانی ،

قرمت بەخشی گیان سەدساله فاتی

نەسیم نەفەسی مەسیح ئاسایی

ئەمشەو تیشی زام دل شوناسایی

شارەزای یاتاغ شای شەم جەبین بی ،

دوستی پەروانەی خاتر خەمین بی ؛

شەمیمی نەعەتر زولفی (شەم) ئەو شەو ،

داش نەرووی دەماخ پەروانەی بی خەو ،

ئیحیا کەردەوە سفتەی حیرمانم ،

غارەت دا خەرمان خەیمەی خەمانم ؛

تو چونت زانان من ئەمشەو مانم
پەروانەی بێخەو بەندی زولمانم ؟
شەمیمی ئەعەتر (شەم) نەمانایت
ئەی بو هاوردت ، ئەسیم ، کی دایت؟
وا ئەش، پەروانەی ئەن خەستەی مال،
پەرسفتەی عەیام غوررەمی میسال
جەورا گوزەردا . . . . . .
یەك رو حەلەیلاخ ، جەورا گوزەردا
دیم شەم خوفتەبی جەسوب سەحەردا
ئەگەریجەوزولفان پەخش بین وەبەردا
ئەگریجە و زولفان توکی تاووس بال
پەخش بیەن نەدەور گونەی گول میسال
منیش پەی ئیحسان ئەوسا جەودەمدا
مەرغولەی زولفەش شانام وە هەمدا
هاوردم پەی تـــو وە دەوان و دەو
زانام سودەش هەن پەی بێخاوی خەو
وەفیدای ئەسیم بام عەتری شەم پیش بی؛
ئەو شەوزامایی یەك یەك ساریژبی
ئەسیم ! ناوە ردای دەوایەی دەردم ،
بیشك جەدووری ئەمشەو مەمردم .

بنکەی زین
www.zheen.org

وەتەن

وەتەن قوربانی شیرین جلوەکەی وەختی بەهارت بم
وەتەن حەیرانی سونعی دلرفینی کردگارت بم
فیدای روخساری ئارایشکرادی خوش نیگارت بم
بەلا گەردانی مەرزر بوومەکەی پر ئیفتیخارت بم

سەراسەر رەحمەت ولوتفی خودایە خاکی زەرخیزت
فەرەح ئەنگیزە هاوین و بەهار و فەسلی پایزت
ئەلی موشکی ئەتاری وا لە دەمدا بادی گول بیزت
بە قوربانی نەسیمی سافی بی گەرد و غوبارت بم

مەسەر رەحمەت بەخشی قەلی خەستەیە سەیرانی کیوسارت
لە نووباو لە کەوسەر چاترە ئەشجار و ئەتهارت
چە ئەلگیرو قەشەنگە دەشت و کیو و باغ و گولزارت
گوروفتار و ئەسیری حوسنەکانی بی شومارت بم

لەتەئسیری خیاتەت کردنی حەرکامی ناباکت
لە فیتنە پر بوە ئی کارە خوم ئەخاکی فەرەحناکت
هەموو بی دەسکراوە لاوەکانی چوست و چالاکت
بلی با هەر خەریکی شیبوەتی لەیل و نەهارت بم

وەتەن شەرتە هەتا ماوم خەریکی شیبنو رو رو بم
مەلوول و دل پەشیبو و عاجزی ئەحوالەکەی تو بم
لە جام و ساغری غەم ئاقیامەت مەست و بی خو بم
شەوبەکی میحنەتی ئەولادەکانی نار و مارت بم

هەتا کەی ایتە نەرمی ، خەسمی نا کەس ، توندو تیژی کا
هەتا کەی بو تەعەددی دوشمنی تو دەسدریژی کا
هەتا کەی چاوەکانی من لە حەسرەت ئەشکریژی کا
هەتا کەی تو زەلیل و من شکستەو سەر لەخوارت بم
لە گوفاری (کوهستان) ، وە

بەسەرهاتی ئەستیرەیەك

گوران

بانگی شیوان لە ئاسمانی خورنشین بە ئەستیرەیەك ئەجریوینی گەش و شین

دەورویشتی دەریای شینەو بەتەنیا ؛
سەرنج ئەدا لە ئیواری‌ی روی دنیا
لە پرشنگیا هەبە شیوەی چاوی کال ،
لە لە رزینیا زەردەخەنەی لیوی ئال !
وەك ئەو گولەی ئەیدا لە سەر ، نازداری ،
تیرتایی لی‌ی هەر چاوی بوی ئەتواری ؛
منیش بەکی لەو ئەماشا کەرانەم
دل گیرودەی ئەم جوانی ئیوارانەم .
لە سەر گردی ، بەرامبەری ئەوەستم ،
کەیلی بزەی ئەبی سەرنجی مەستم !
تاریك دایەت ، ئەستیرەی تر بەرەو دوا ،
فری ئەدەن چاوشیو لە عاشق دنیا .

بەلام ایستا ئەو سپایی بەرەوخوار
هەلئەخلیسکی کزکز ئەگاتە لیوار
لیوی تینووی کەل ،وەك دلوپ ئەیمژی ،
ئەی داخە کەم امەرگی نیشتن دەیکوژی
ئەم ئەستیرە ، بەسەرهاتی دا گیری ،
لەکام روحا نـــابزوینی زوبری ؟
لە (دیاری لاوان) ی ١٩٣٤ دوە (١)

---

(١) ئەگەر گوران پی ی ناخوشە شیعرە لە چاپ دراوەکانی بنوسینەوە ئی تازەمان بو بنوسیت ،

(گەلاویژ)

وردەکاری!

پیرەمیرد

دل خەملیوی خەم ، چەرك بە زام ئاوا
بەم جورە شـادم مالی جەور ئاوا
ئەمویست سالی ژین کە رابوردووە ،
بوم نایەتەوە و لە دەست دەر چووە ،
تـــایی لە زولفی مکەم یە کەمەند ؛
پی ی بگیرومـــەوە و پی ی بخەمە بەنـــد
ئەی هاوار پرچی و هیوام برراوە ، سەر چاوەی چاوم مووی لی رواوە ،

ئەترسم بمرم

قەرەداغ : جمال مصطفى

ئەترسم بمرم و غەم بی بدەربی ٭ منالی ناز پەروەر دەربەدەربی
ئەترسی غەم کە بی غەمخوارە دوای من
کە سەر گەردانو ویلی دەشت و دەربی

من و غەم هەمدەمو هەمرازی یەك بن
جەهنم گەر جهان زیر و زەبەربی
لە سەیرانی سەیارەم چی کە من وا
جگەر گوشەم ئەسیرو باریەربی

بە من چی باسی نەیارەی ولاتان ٭ کە من قەوم و برام بی بال و پەرربی
کە من هەر ژاری دەرد و غەم بنوشم
بە من چی روی زەمین شەهدو شەکەر بی
کە من محتاجی دانەی فلقەیە بم ٭ بە من چی جملە دنیا زیرو زەرربی
وتم وەك من وەتەن توش خوار و زاری
بە تو چی عالەمی گەر بەهرەوەر بی
هەتا کەی ریزەچین بی لاوی کوردان
هەتا کەی مل کەچ و دەستە و تەزەر بی ٭

چە سودیکی هەیە تحصیل و خویندن ٭ کە سینە لەوح سادە و بی اثر بی
امیدی چی دەبی بکری بە جمعی ٭ لە خیرو شەرزی عالەم بی خەبەر بی

بنکەی ژین
www.zheen.org

چاوت ناجیح ئەبی قەومی زەعیمی
کە چاوی هەر لە غەدر و جەور و شەرر بی
لە ریشەی دەر ئەکیشن دائی ایشاوە بررینە حقی داری بی ثمری
بەپوی تیدا ئەخوینی شوینی قەومی ٭ کە قەلیان پیشەواو راهبەر بی
خولامی همەتی مەردانەیی بن ٭ کە بو زیدو وەتەز سایەو سوپەر بی
وتی وایە بلیم جی شومە بەختم ٭ ئەترسم روژ یە روژ یوم البتر بی
قسەت جی ناگری بی مال واقبال
ئەگەر گفتەت دەمو دررر و گوهەر بی
کمال هەر مالە ٭ بی مال بی کمالە
سەراپای گەر هەمو فضل و هونەر بی
چە خاکی کەم بە سەردا رو لە کوی کەم
